# گلگونگی

## لەبارەی «خەڵاتی کارۆ» وە...

چاپخانەی کارۆ، چاپخانەیەکی کەرتی تایبەتە، (عەتا مەحمود) و (هاوژین مەحمود) خاوەندارێتی دەکەن. لە یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی چاپخانەکەدا، لە ساڵی ٢٠١٩دا (خەڵاتی کارۆ)یان ڕاگەیاند. خەڵاتەکە ساڵی جارێک لە یەکێک لە ژانەرەکاندا دەبەخشرێتە ئەو وەرگێڕ و نووسەرانەی کە خزمەتیان بە کتێبخانەی کوردی کردووە. لەگەڵ خەڵاتەکەدا، کتێبێک بە تیراژی (٥٠٠) دانە بۆ نووسەر، یان وەرگێڕەکە چاپ دەکرێت و لە مەراسیمێکی شایستەدا دەکرێتە دیاریی بۆی. بۆ ئەم هەنگاو و پرۆژەیەش، پرس و ڕا بە لیژنەیەک دەکرێت، نووسەرێکیش خەڵاتەکە دەبەخشێتە وەرگری (خەڵاتی کارۆ)ی ساڵ.

خەڵاتی یەکەم: ساڵی ٢٠١٩، لە بواری شیعر، بەخشرایە بەڕێز (فاتیح عیزەدین)، چاپکردنی دیوانە شیعری (زەمانی بزربوو). ئەندامانی لیژنەکە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (محەمەد کوردۆ، ئارام سدیق و کامەران سوبحان). (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر خەڵاتەکەی بەخشییە شاعیر.

خەڵاتی دووەم: ساڵی ٢٠٢٠، لە بواری چیرۆکدا، بەخشرایە بەڕێز (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، چاپکردنی کۆمەڵە چیرۆکی (خەونە بێ سەروبەرەکان). ئەندامانی لیژنە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (د. مارف عومەر گوڵ، بەیان سەلمان و بەختیار عەلی). (ماردین ئیبراهیم)ی نووسەر خەڵاتەکەی بە ناوبراو بەخشی.

خەڵاتی سێیەم: ساڵی ٢٠٢١، لە بواری وەرگێڕاندا بەخشرابە بەڕێز (عەبدولکەریم شێخانی)، چاپکردنی ڕۆمانی (کچۆڵەیەکی دۆزراوە)، ئەندامانی لیژنە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (بەکر شوانی، د. نەوزاد ئەسوەد و ڕێبین ئیسماعیل). مامۆستا (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) خەڵاتەکەی بە نووسەر بەخشی، هەروەها هونەرمەند (چێنەر نزار) خەڵاتی "کارۆ"ی ئامادە کردبوو.

خەڵاتی چوارەم: ساڵی ٢٠٢٢، لە بواری لێکۆڵینەوەدا بەخشرا بە بەڕێز (حەکیم مەلا ساڵح)، چاپکردنی کتێبی (نالی لە ڕوانگەیەکی ترەوە)، خولی (د. مارف عومەر گوڵ)، ئەندامانی لیژنە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (د.موحسین عومەر ئەحمەد، م.ڕێبوار حەمە تۆفیق، د. محەمەد مەنتک). پرۆفیسۆر (دڵشاد عەلی) خەڵاتەکەی بە نووسەر بەخشی، هەروەها هونەرمەند (زاهیر سدیق) خەڵاتی "کارۆ"ی ئامادە کردبوو.

خەڵاتی پێنجەم: ساڵی ٢٠٢٣، لە بواری ڕۆماندا بۆ بەڕێز (حسێن عارف) چاپکردنی کۆمەڵەچیرۆکی (گەلەگورگ)، خولی چیرۆکنووس (م. سەلام مەنمی)، ئەندامانی لیژنە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (ڕەئوف بێگەرد، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی)، هەروەها هونەرمەند (شوان کەمال) خەڵاتی "کارۆ"ی ئامادە کردووە.

پشتیوان بە خودا و نووسەرانی کورد، تا توانا و تەمەنمان مابێت (خەڵاتی کارۆ)ش ساڵانە بەردەوام دەبێت.

**عەتا مەحمود**

سەرپەرشتیاری خەڵاتی کارۆ

**پڕۆژەی کارۆ بۆ ڕێزلێنان**

**زنجیرە (٥)**

لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕێزلێنان و بەسەرکردنەوەی نووسەران و وەفاداریی بۆ قەڵەمە جوانەکان، چاپخانەی کارۆ کۆمەڵەچیرۆکی (گەلەگورگ) لە نووسینی: حسێن عارف چاپ دەکات.

ئەم کتێبە دیاری خەڵاتی کارۆیە بۆ نووسەر، لەسەر داوای نووسەریش دیارییە بۆ خوێنەران.

# گەلەگورگ

حسێن عارف

٢٠٢٣

ناوی کتێب: گەلەگورگ
نووسەر: حسێن عارف
بابەت: کۆمەڵە چیرۆک
تایپ: بەختیار ئەوڕەحمان
هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵڵا
دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: هەریم عوسمان
شوێنی چاپ: سلێمانی- چاپخانەی کارۆ
نۆبەتی چاپ: چاپی سێیەم- ٢٠٢٣
تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٤٣٢) ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێدراوە.

**سڵاو مامۆستا حسێن عارفی خۆشەویست...**

لێرەدا بە ناوی لیژنەی پێنجەمین خەڵاتی کارۆ (٢٠٢٣)وە سڵاو و ڕێز و خۆشەویستی خۆمانت پێدەگەیێنین.

لە ساڵانی ڕابوردوودا ئەدەبیاتی ئێوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کۆی ئەدەبیاتی گێڕانەوە و هونەری چیرۆکی کوردی هەبووە. هەوڵەکانی بەڕێزتان هونەری پەخشان و گێڕانەوەی کوردی، لە سەردەمێکەوە گواستەوە بۆ سەردەمێکی دیکە. کاریگەریی ئەدەبیاتی ئێوە لە پاڵ کارەکانی دیکەتاندا سەبارەت بە مێژووی ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردی، دەتانخاتە جێگایەکی ناوازەی ناو ئەم مێژووەوە. بە بڕوای ئێمە، ئێوە وەک بەشی هەرە زۆری داهێنەرانی دیکەی کورد مافی خۆتان لە ڕێز و بایەخ وەرنەگرتووە. ئێمە کە ئەمساڵ لەلایەن برایانی چاپخانەی کارۆوە سەرپشک کراوین، بڕیار لەسەر براوەی پێنجەمین خەڵاتی کارۆ بدەین و کەسێک بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دیاری بکەین، ئێوەمان بە شایستە زانی. دیارە خەڵاتە بچووکەکەی ئێمە بەرتەقای

ماندووبوونی ئێوە نییە، بەڵام وەک نیشانەیەک بۆ خۆشەویستی ئێمە و پێزانینمان بۆ مێژووی دوورودرێژی ئەدەبیتان، قەبووڵی بکەن. بەوە هەم ئێمەی لیژنەی خەڵاتەکە و هەم برایانی چاپخانەی کارۆ کە لە پشت ئەم خەڵاتەوەن، گەورە دەکەیت.

برایانی چاپخانە تەواوی وردەکارییەکانی خەڵاتەکە بۆ ئێوەی ئازیز ڕوون دەکەنەوە.

هیوای تەمەنی درێژ و تەندروستی باشت بۆ دەخوازین.

لیژنەی خەڵاتی کارۆ

ڕەئوف بێگەرد- شێرزاد حەسەن- بەختیار عەلی

وتاری لیژنەی پێنجەمین خەڵاتی کارۆ- ٢٠٢٣

خولی چیرۆکنووس (م. سەلام مەنمی).

## پێڕست


سەفەرێکی ئەفسووناویی ........................................................ ١١

تەتەر .......................................................................... ٤١

گەلەگورگ ................................................................... ٨٤

شالاوی دڵ ...................................................................... ١٧٤

چای شیرین .................................................................... ٢٦٧

# سەفەرێکی ئەفسووناویی

لە ڕاستە شەقامەکە لایان دا. خۆیان بە کۆڵانەکەدا کرد. ئەم دوودڵ بوو، حەزی لێ نەبوو. دەبوو بچێ بەلای کاری خۆیەوە. زۆر لە دوورەوە بۆی هاتبوو، شەش سەد و پەنجا کیلۆمەتر ڕێگای بۆ بڕیبوو، بەڵام ئەو نەیهێشت. وەک شەیتان چووبووە بن کلێشەیەوە. خۆی خرۆشابوو دەیویست ئەمیش بخرۆشێنێ، پێش ئەوەی بگەنە سەری کۆڵانەکە، لەگەڵ هەنگاو بەهەنگاودا دەیهێنا و دەیبرد. هانی دەدا و دەیهەژاند. تا وەختێ گەیشتن بە ناچاریی بۆی شل بوو. بە نابەدڵییەوە خۆیان بە کۆڵانەکەدا کرد. ئەو پێی گەشکەدار بوو. وتی:

– سەفەرێکی ئەفسووناویت پێدەکەم.

ئەم دەنگی نەکرد و دوای کەوت. وەک دەستەمۆکرابێ، هەنگاو بەهەنگاو شوێن پێی هەڵگرت، لەگەڵیدا ڕێگای سەفەرێکی ئەفسووناویی دەگرتەبەر!...

کەندڕێکە و خواروخێچ بەرەوخوار دەبێتەوە، کە پێی تێدەنێیت، دەبێ بەردەوام چاوێکت لە بەرپێی خۆت بێ، نەوەکو لە قۆقزییەک

هەڵنووتێیت، یا ڕەتبەریتە چاڵاییەکەوە. دەبێ چاوەکەی تریشت بەرز بڕوانێ، نەوەکو خۆت بە دیوارێکدا بدەیت و ڕۆبچیتە ئەودیو دەرگایەکەوە. هەم کەندڕە و هەم کۆڵان! بەڵام لەلای ئەم، کەندڕ نەبوو، کۆڵان بوو. نە پێویستی بەوە هەبوو چاوێکی بڕوانێتە بەرپێ و نە ئەوی تریان بڕوانێتە بەرزایی، چونکە بە چاوی ئەو دەیبینی و دەیزانی، کە پێویستی پێی نییە...

(... هەر دوای شەش حەوت هەنگاو، بە دەستەچەپدا و وەردەچەرخێم. کۆڵان خۆی وەرمدەچەرخێنێ. دەگەمە ئاستی، تەنەکەی خۆڵی بەردەرگاکە دێنم قلّپی دەکەمەوە و دەچمە سەری. لە دەلاقەکەوە دەست درێژ دەکەم. کلۆمەکە لادەدەم. دەرگاکە دەکەمەوە و دەچمە ژوورەوە. ئامە لەبەر بەلووعەکەدا قاپوقاجاغ دەشوا. کە دەمبینی بۆم پێدەکەنێ و دەڵێ:

– ئافەرم، ئەئاوا... ئیتر بۆ دەبێ هەموو جارێ من بێم دەرگات لێ بکەمەوە؟!

لەوەبەر کە دەچووم، لە دەرگام دەدا و ئامە لێی دەکردمەوە. جارێکیان گەیشتە تینی و وتی:

– ئۆی... خۆت دەستت شکاوە؟

کە بەدەم تەریقبوونەوەوە وتم:

– ئاخر دەستم نایگاتێ.

هات تەنەکەی خۆڵەکەی قلّپ کردەوە. بۆمی دانا و وتی:

– سەرکەوە.

ئینجا دەرگاکەی داخستەوە و وتی:

– دەستت درێژکە.

دەستم درێژکرد و دەرگام کردەوە. لەو وەختەوە ئیتر کە دەچووم، لە دەرگام نەدەدا، بەڵام ئێستا دەبێ لە دەرگا بدەم...).

ئەو وریای کردەوە، لێی پرسی:

– چی دەکەیت؟

ئەم دەتوت بەدەم خەوەوە وەرام دەداتەوە، وتی:

– لە دەرگا دەدەم.

ئەو وەک تێی بخوڕێ، وتی:

– مەکە... پێشم کەوە با بڕۆین.

بەقسەی کرد. پێشی کەوت و ڕۆیشتن...

(... ماڵی وەستا حەمەکەریم... ماڵی مام قادر... ماڵی سالە سنەیی... پێرار بوو، حەمەوەمینی کوڕیم لە بەغدا بینی. من نەمناسییەوە. ئەو دەستی پێشخست و وتی:

– شێوەت دەکەم، لەوە دەچێ بتناسم.

سەرنجم لێ گیرکرد. بیری خۆمم هەڵگوشی و بێ سوود بوو. وتم:

– بمبەخشە... جەنابت کێیت؟

وەرامەکەم گومانی پێ پەیداکرد. لەوەدابوو وازبێنێ و من وتم:

– ئەگەر ڕاستت دەوێ، من زەینم بۆ ناسینەوە کوێرە... لۆمەم مەکە.

ئەوسا وتی:

– من حەمەوەمینی کوڕی سالە سنەییم. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، کوڕی گەڕەکێکین، بگرە کوڕی کووچە و کۆڵانێکیش.

حەمەومین... مام ساڵح... فەیمەخانی ژنی و سەباوی کچیان. دایکم چووە خوازبێنیی سەباو بۆ کاکم. دایکی وتبووی گوایە، باوکی بۆ کوڕەمامێکی داناوە، بەڵام دوایی لای دراوسێییەکمان وتبووی کە کچەکەیان نادەن بە لەبرسامردوویەک. لەوەوە دایکم لەگەڵ دایکیدا و باوکم لەگەڵ باوکیدا نێوانیان تێکچوو، تا ئەو ڕۆژەی گەڕەکمان جێهێشت ئیتر یەکتریان نەدواند.

کاتێ لەسەر داوەتی ئەو چووین دانیشتین و من ئەم باسەم بە بیری هێنایەوە، ئەو شانبەشانی من دایە قاقای پێکەنین و وتی:

– چاکم دێتەوە یاد... منیش دایکم هەموو جار هەڕەشەی لێدەکردم کە نابێ قسەت لەگەڵدا بکەم. دەموت باشە و قسەی خۆمان بێ، بڕیارم دەدا کە قسەت لەگەڵدا نەکەم، کەچی کە دەکەوتینەوە ڕاکەڕاکەی یاریکردن، بەڵێنەکەم هەر لەبیریش نەدەما.

بەدرێژایی ماوەی دانیشتنەکە، باسمان هەر لە باسی گەڕەک بوو. کاتێ لە بارەی دوا هەواڵییەوە پرسیارم لێکرد، دەرکەوت لە منی زیاتر لێ نازانێ و وتی:

– منیش ئەوە حەڤدە ساڵە، لەوێ و لە شاریش دابڕاوم. منیش هەروا بەینا و بەینێکی دوور، یەکێکی وەک تۆ بەڕێکەوت دەبینم و من داوای دواهەواڵی لێدەکەم.

کە لێم پرسی:

– بەدرێژایی ئەو حەڤدە ساڵە، ڕێت تێی نەکەوتۆتەوە؟

وتی:

- نەخێر بەداخەوە!

وتم:

- چۆنە دووقۆڵی، سەفەرێکی تایبەتیی بۆ بکەین و بۆی بچینەوە؟ بە کۆڵانەکانیدا دەست بکەینە ڕاکەراکە و لە کەلاوەکەی بەر ماڵی خومساردا، تێر خۆمان بگەوزێنین؟

وەک لە باسێکی زۆر گرنگ بدوێین و لەسەری ڕێکبکەوین، دەستی درێژکرد و وتی:

- بێنە دەستت... وەڵڵاهی دێم و وەهاش دەکەم وەک وتت.

دەستم خستە ناو دەستییەوە و بەڵێنمان بە یەکتر دا. گەڕاینەوە ئوتێل و خەوتین، کەچی بۆ بەیانی کە لە خەو هەڵساین، هیچمان لە باسەکە نەدواینەوە و هەریەکەمان چوو بەلای کاری خۆیەوە. بۆ نیوەڕۆش کە یەکترمان بینییەوە، هەر نەهێنرایەوە کایەوە. تا لە دەمەدەمی عەسردا، ئەو بانگ کرا بۆ سەر تەلەفۆن و کە هاتەوە وتی:

- من دەبێ بڕۆم.

بەپەلە جانتای پێچایەوە و ڕۆیشت، منیش ئیتر باسەکەم فەرامۆش کرد. تا ئەم بەیانییە شەیتانەکە هاتە بن کلێشەمەوە و وتی:

- تۆ ساڵەهایە بە ئاواتی هەلێکی وەهاوەیت. تۆ پێرار لەگەڵ حەمەومیندا ڕێکەوتیت کە سەفەرێکی تایبەتیی بۆ بکەیت. ئێستا ئەوە هەلەکەیە و بە ئاسانی بۆت هەڵکەوتووە، لەدەست خۆتی مەدە.

چەندە ئیلحاحم کرد و وتم:

– ئاخر من بۆ کارێکی تر هاتووم.

ئەو وازی نەهێنا و وتی:

– فریای جێبەجێکردنی کارەکەشت دەکەویت. هەلێکە و بۆت هەڵکەوتووە، لەکیس خۆتی مەدە. بچۆ بە کۆڵانەکانیدا بکەوەرەوە ڕاکەڕاکە. یەکەیەکە لە دەرگای ماڵەکان بدە. بێ ترس خۆت بەژووردا بکە و وەرەوە دەرەوە. دواجار بچۆ خۆت لە خۆڵی کەلاوەکەی بەر ماڵی خومساردا بگەوزێنە. هەلێکە و هەڵکەوتووە و لەدەستی مەدە...).

ئەو وەختە منداڵێک لە دەرگای ماڵی سالە سنەییەوە هاتبووە دەرەوە. ماوەیەک بوو ڕاوەستابوو، سەیری دەکردن. کە لێی بەئاگاهات، لەوەدابوو دەم هەڵبێنێتەوە و پرسیاری لێ بکا. ئەو بەپەلە وریای کردەوە و وتی:

– بڵێ بۆ ماڵی حاجی مەحمووی عەلاف دەگەڕێم.

ئەم وەهای نیاز نەبوو، بەڵام بەقسەی کرد. چۆنی ڕاسپارد، وەهای وت. منداڵەکە وتی:

– کەسێ لەم کۆڵانەدا بەو ناوەوە نییە.

ئەم لە دڵدا شڵەژابوو. سوپاسی منداڵەکەی کرد و کەوتەوە هەنگاونان. ئەو سەرزەنشتی کرد، وتی:

– وا بڕۆیت تووشی گێچەڵمان دەکەیت.

ئەم وتی:

– تۆیت منت تووشی گێچەڵ کردووە. من وتم نایەم و بەزۆر بەکێشت کردم.

ئـەو درێـژەی پێ نـەدا. دەیـزانـی ڕاسـت دەکـا. دوایـکـەوت و هەنگاوی نا...

(... دەڵێیت دەرووی توونێلێکە. جاران وا نەبوو. هەزار جاری پێدا هاتووم و چووم، بەڵام نا... هەموو شت وەکو خۆیەتی. لەوە ناچێ پەنجەی تێوە درابێ. ئەوە ژوورە گەچکارییەکەی سەرەوە، ماڵی سەمەد ئاغایە. تەنیا هێندەی لێگۆڕاوە، کە ئەوسا دەتوت چوڕی شیرە و ئێستا بۆر و دێز. ڕۆژانی درووستکردنیم چاک لەبیرە. ژوورێکی ڕێکوپێکی سپی وەک چوڕی شیر و پەنجەرەلی. چاکیش دێتەوە یادم کە بە باوکمم وت:

– بابە... بۆچی تۆش ژوورێکی سپی و پاکوتەمیزی وامان بۆ دروست ناکەیت؟

باوکم لە وەرامدا؛ تەنیا دەستێکی سۆزی وەهای بە سەرمدا هێنا، کە مەگەر ئێستا بتوانم ماناکەی لێک بدەمەوە. دەنا ئەو ساتە دڵتەنگی کردم. بگرە دوایی کە پرسیارەکەم لە دایکم دووبارە کردەوە، ئەو دەستەکەشی بەسەرمدا نەهێنا. ئیتر تەواو خەفەتبار بووم و هەموو جار کە دەگەیشتمە ئاستی، پرسیارەکە لە مێشکمدا دەژیایەوە. ئەرێ بەڕاست بۆچی؟ ئایا بەغیلیم پێ دەبردن؟ حەزی چاولێکەریی هانی دەدام؟ لە دڵ و دەروونپیسیمەوە بوو؟ من قەت لەو بابەتە نەبووم. نە لە منداڵیمدا و نە ئێستاش بە گەورەیی. نا، نەوەڵڵا... من خۆم دەناسم، بەڵام ژوورێکی ڕێکوپێک و جوان و سپی، وەک چوڕی شیر بوو. هۆگری بووبووم و حەزم دەکرد، ئێمەش ژوورێکی وەهامان هەبووایە. ئەها سەیرکە ئێستاش چەند

خۆشە. تەنیا گەچکارییەکەی دێز و بۆر بووە. دەنا...).

چی دەکەیت؟

ها؟... دەنا...

ڕاوەستابوو بە ژوورەکەیدا هەڵدەڕوانی و سەرنجی لێ گیرکردبوو. سەرنجی لێ لادا و بینایی داگرتەخوارەوە بەلای دەستە چەپیدا وەرچەرخا. دیوارێکی خواروخێچ و بڵند بەرەو ژوور هەڵکشابوو. دەگەیشتە ئاستی دەمی کۆڵانەکە و ڕاست بەلای چەپدا لای دەدا. ژوورەکەی سەرەوەی ئەوبەر، سووچی دیوارە خواروخێچەکەی، ئەمبەری، شێوەی دەرووە توونێلەکەیان بە کۆڵانەکە دەدا.

ڕۆیشتن. چوون بەودیودا، پێیان نایە سنوورەوە، سنووری ناوجەرگەی کەلاوەیەکە. کەس خاوەنی نییە و هەمووش خاوەنین...

(... هێشتا وەک خۆیەتی مەیدانێکی بەرین و چوارسەرە کۆڵان، ئەو وەختە پێنج بوون. ئاگادارم پێنجەمیان چۆن کوژایەوە. چۆن خڕ لێمان داخرا. ژمارەی هاتوچۆم بەو کۆڵانەدا کەمتر نەبوو لەم کۆڵان، ئەوێ دەرگای ڕاستەوخۆمان بوو، بۆ سەر جادەی تازە. ئینجا لەوێشەوە، بۆ باخی گشتی و بۆ وەیس. هەروەکو لە شەڕە گەڕەکیشماندا، ئەوێمان دەکردە دەرگای سەرەکیی قەڵا. دەرگا بریتی بوو لە تەنیا درزێکی نێوان دوو سووچە دیوار. پانییەکەی لە مەترێک تێپەڕی نەدەکرد.

بەودیویدا سەرجادە بوو. بەم دیویدا سووچێکی سێگوشە بۆشایی و ئیتر مەیدانەکە بوو. یەکەمجار دیوارێک بە خشتی کاڵ

لەنێوان دوو سووچە دیوارەکەدا هەڵچنرا. بەوە ڕێگای هاتوچۆی پێدا بەسترا. دوای ماوەیەک، سووچە سێگۆشە بۆشاییەکەش پڕکرایەوە. دیواری بەسەر مەیداندا تێدا بەرزکرایەوە، زۆرم پێ ناخۆش بوو. لە حەمەجەزام پرسی:

– ئەوە بۆچی وایان لێکرد؟

ئەویش هیچی لێ نەدەزانی، شانێکی بۆ هەڵتەکاندم و هیچی نەوت. کۆڵانەکانی تر وەک خۆیانن. ئەوەی بەرامبەرم، ڕێگای هاتوچۆی ڕۆژانەی قوتابخانەم بوو، ئەوەی بە شاقووڵی لەگەڵیدا لەسەری ئەوسەری مەیدانەکەوە لە یەک دەدەن، ڕێگەی هاتوچۆی ناوجەرگەی شارم بوو. لەوێوە دەگەیشتمە بەر ئاشەگاوی. مەیدانی ماستفرۆشەکان، مەیدانی کافرۆشەکان، کووچەی خومخانەکان، سەراج و مزگەرەکان، لای حەوزەکەی بازاڕ و قەیسەریی وەسمان پاشا.

تا کوڕی دایکم بووم، بەو کۆڵانەدا تا لای حەمامی سوورەت بەولاوە نەدەچووم، بەڵام کە بووم بە کوڕی باوکم، بە دیوی حەمامی سوورەتدا هەڵدەکشامە سەر مەیدانی کافرۆشەکان و تا بەر ئەسحابەسپی بۆی دەڕۆیشتم. بە دیوی ئاشە گواویشدا، تا بەردەرکی سەرام دەگەیاند، لەکاتێکدا ئەوەی لای دەستە چەپم، تەنیا کۆڵانی ڕاکەڕاکەی ڕۆژانەم بوو. لە شێوەی کەوانەیەکدایە. ئەمسەری لە مەیدانەکە گیرە و ئەوسەری لەو کۆڵانەی شاقووڵی دێتە ناو مەیدان.

هەموو وەک خۆیانن هیچیان لێ نەگۆڕاوە، ئەوەتا دەیانبینم. ئەوەتا مەیدانی ڕمبازێنە دێرینەکەشم دەبینم، بەڵام بۆچی وا چۆڵوهۆڵە؟ بۆچی وا کپ و خامۆشە؟ ها... تۆ چی دەڵێیت؟

– من دەڵێم لە قوتابخانەن... بڕوانە سەعاتەکەت ئێستا کات نۆ و نیوی بەیانییە.

– نەخێر... ناڕوانمە سەعاتەکەم. ئێستا کات دەمەدەمی عەسرە و مەیدان جمەی دێ، هەموو وروژاوین، ئێمە مووشین. بەگم- قڕەیت- پاشبەگ- تیل کە- قرچ- گزییە- هەلووکێن؟ – نایکەم- مەیکە- سافسافێن – فیکانکۆ- خۆم یەکەم- فێڵت کرد- دیش کەم... من نایکەم- چش- چاڵچاڵێن- بە گوێز؟ نا... بە قەیسی- شیرین؟- شیرین- پێنجی بە گوێزێک – نا حەوت- باشە- تۆ- نا تۆ- نایکەم- ها بگرە قەیسییەکانت و گوێزەکانم بدەرەوە- نایدەمەوە- شەڕە- بەعز- چەرخوفەلەک- پوور خومسار- شەقێکی لە کەشکەئەژنۆی ئەحە کەللە هەڵدا و لە جێی خۆی گرمۆڵەی کرد. دایکی ئەحە ئاگر بەربووە جگەری. بۆ پوور خومسار هاتە دەرەوە، دایکم بەری لێگرت و نەیهێشت بچێتە بەر مەیدانی. لەگەڵ ژنانی تردا کردیانەوە بە ماڵدا، کاکیشم دەستی دایە بنباڵی ئەحە و لەگەڵ حەمەسەلیم و دوو سێیەکی تردا، بە شەلەشەل کردیانە ژوورەوە. پوور خومسار چۆوە بەلای چەرخوفەلەکی خۆیەوە. ئێمەش چووینەوە بەلای ڕاکەڕاکەی خۆمانەوە. کاکم دەبینم هاتۆتەوە دەرەوە. لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستاوە بانگم لێدەکا و دەڵێ وەرەوە. دەڵێ بەسە وەرە نانەکەت بخۆ.

دەبێ بە قسەی بکەم. ڕاستیش دەکا و برسیمە، دەڕۆمەوە...
نیازی چیت هەیە؟
دەڕۆمەوە... دەچم نانەکەم دەخۆم و دێمەوە.
– ڕۆشتنەوەی چی و نانخواردنی چی؟ هۆشت بە خۆتەوەبێ...).
ڕاوەستا. سێ چوار هەنگاوی مابوو بیگاتێ، سەرنجێکی خێرای دایە دەوروپشتی. کەسی نەدی. ڕوانییەوە پێش دەمی. چاوی بەسەر دەرگاکەدا ڕوا...

(... ئەمیش هێشتا وەک خۆیەتی، بەڵام زۆر زیاتر لە جاران، پەرپووتیی پێوە دیارە. جاران هێجگار وا خواروخێچ نەبوو. هێجگار وەهاش گرنج گرنج و دێز دانەگەڕابوو. ئەی ئەودیوی؟ هیچ گۆڕانێکی تێدا نابینم. ئا... حەوشەیەکی بچووکی خواروخێچ بە دەستە چەپدا هەیوانێکە. هەیوان پشتهەیوان و کەلەگییەکی لەسەرە. لە بنەوەی کەلەگییەکەدا گەنجینەیەکە. بەرامبەر هەیوانەکە هەیوانێکی تری بەربەرەڵایە. سەرتەنوورە، چێشتخانەیە، حەمامە، ئاودەستە، بێئەوەی هیچ تەیمانێکیان لەنێوانیدا هەبێ. تەنیا ئاودەستەکە نەبێ، کە تەنیشتێکی بەجنفاس گیراوە. دەمەدەمی عەسرێکە. لە دەوامی دوای نیوەڕوانی قوتابخانە گەڕاومەتەوە من پەلەمە. بە پرتاو خۆم بە ماڵدا دەکەم و بە فڕکان دەچمە ژوورەوە کتێبەکانم دەخەمە ناو تاقەکەی خۆمەوە و دەردەپەڕمەوە دەرەوە. دایکم بەگیرم دێنێ، بەناچاریی ملی بۆ دەدەم، دەمباتە سەر تەنوورەکە. ئەو ڕۆژە نان کراوە و تەنوور هێشتا پڕ لە ژیلەمۆیە. پارچە لەدوای پارچە جلەکانم دادەکەنم. دایکم یەکەیەکە،

دایاندەوەشێنێتە تەنوورەکەوە، چەند قرچەیەکم دێنێتە بەرگوێ، پێیان خۆشحاڵ دەبم، چونکە بۆ ڕۆژی دوایی، بەدڵنیاییەوە بۆ قوتابخانە دەچم. ترسی شیروانم لە دڵدا نامێنێ، تا مردن لەبیرم ناچێتەوە. من ئاگا و خەبەرم لە هیچ نەبوو، کپ و خامۆش و بەدڵ و دەروون، گوێم بۆ مامۆستا ڕایەڵ کردبوو. ئەو لە ناکاوێکدا هاواری کرد:

- ئای مامۆستا، ئەها ئەسپێ...

کە لێی بەئاگاهاتم و سەیرم کرد، بینیم پەنجەی بۆ یەخەی کراسەکەی من درێژکردووە. من لەو ساتەدا حەزم کرد ببم بە دڵۆپێک ئاو و بە ناخی زەویدا بچمە خوارەوە، کەچی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا کە تا مردن ئەویشم لەبیر ناچێتەوە زۆر لەسەرخۆ هات بەلامەوە. ڕوانیم بە ئەنقەست، شیروان کەلادەخا و خۆی بەلای مندا دەنووشتێنێتەوە. هەستم کرد بە هەردوو پەنجەی دەستی ڕاستی، ئەسپێکە دەگرێ و حەشاری دەدا، بە دەمیشییەوە لەگەڵ ڕاستبوونەوەیدا، دەستی چەپی بە سەروملمدا دێنێ و بە شیروانیش دەڵێ:

- کوڕم ئەوە مێشوولە بوو، نەک ئەسپێ.

من، ئەگەرچی لەوەبەریش مامۆستا شێخ عەبدوڵڵام زۆر خۆشدەویست و لە ناو مامۆستاکاندا دەستەگوڵم بوو، بەڵام لەو ڕۆژەوە لەلام بووە مرۆڤێکی پیرۆز، بۆیە کاتێک ڕۆژێکیان لەناکاو دیارنەما و بیستم گیراوە، بەدزییەوە چووم لە پەنایەکی حەوشەی قوتابخانەدا بە کوڵ بۆی گریام، بەڵام خۆزگە...

– ئاگاداربە... ئەوە سێیەم ڕێبوارە بەلاتدا ڕەتدەبێ و بە سەرسوڕمانەوە تێت دەڕوانێ، بجووڵێ...).

ئەو ساتە هێشتا ڕووەو دەرگاکە بووبووە بت. کە لە خۆی بەئاگاهاتەوە، پەشۆکا. سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد. ڕێبوارێک کە چەند هەنگاوێک لێی ڕەت بووبوو، هەر دەڕۆیشت و ئاوڕی لێ دەدایەوە. ئافرەتێکیشی بینی، هاتۆتە بەردەرگا و بە سەرسامییەوە سەرنجی دەداتی خۆی لێ گێل کرد و لەسەرخۆ بەلای چەپدا وەرچەرخا و کەوتەوە هەنگاونان. دەرگا و مەیدان کەوتنە پشتییەوە. دەمی کۆڵانێکی بەرین دەیگرتەخۆ... دەمی ئەو کۆڵانەی بەرەو ناوجەرگەی شاری دەبرد. دوای سێ چوار هەنگاوێک ئەو پێی وت:

– ئافرەتەکە چوو خۆی کرد بە ماڵی ئێوەدا.

ئەم وتی:

– دەزانم...

(... دەچێتە ژوورەوە، دایکم دەبینێ لە هەیوانەکەدا بە دیار لەیلێی خوشکمەوە زۆر بە کەساسییەوە دانیشتووە. لەیلێ چوار قامیشە و ڕاکشاوە. بە ئاستەم نووزەی لێوە دێ. لەڕێوە لە دایکم دەپرسێ:

– لەیلێ چۆنە؟!

دایکم بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە وەرامی دەداتەوە:

ئەوەتا دەیبینیت.

من ئانوساته لە قوتابخانە گەڕاومەتەوە. لە ژوورەوەم و کتێبەکانم، خستوونەتە تاقەکەمەوە. بەدوای ئەو قسانەدا، کپەگریانێکی دایکمم دێتە بەر گوێ. هەست دەکەم کپەگریانەکەی ئەو، گەرووی منیش دێنێتە سوێ. دەزانم لەیلێ ئەوە مانگ و نیوێکە لە جێگەدا کەوتووە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە گریانی لە دایکم بۆ دەبیسم.

لە ژوور دێمە دەر و لە هەیوانەکەدا دەوەستم. دەبینم دایکم سەری خستۆتە کۆشییەوە و دەکڕووزێتەوە. دەڕوانمە پوورە خەیری. فرمێسک چۆڕاوگەی بەستۆتە چاوی. سەیری لەیلێ دەکەم و سەرنجی دەدەمێ خەریکم بدەمە پڕمەی گریان و لەناکاوێکدا، هەڵدەبڵووقێمەوە و ڕادەکەمە دەرەوە، لەگەڵیدا لووتم دەبێ بە لووتی ڕەوەژنێکەوە. ئەوان خۆیان بەژووردا دەکەن و من، خۆم دەگەیەنمە ناو کۆڕی ئاسایی یاریکردنی ئێوارانەوە. کاتێ دەگەڕێمەوە، قەرەباڵغییەک دەبینم. نازانم مەسەلە چییە، تەنیا هێندە تێدەگەم کە دایکم بەکوڵتر دەگری و ژنان دەورەیان داوە، باوکیشم دەبینم کشوماتە، سێ چوار پیاو لێی کۆبوونەتەوە و بێدەنگ دانیشتوون، خوشکە بچکۆلەکەم وەک تەواو بێخەبەر بێ. حۆلحۆل بە ماڵەکەدا دەسووڕێتەوە. من نازانم چی بکەم و دۆش دادەمێنم. لە قوڕنەیەکی حەوشەکەدا دادەنیشم و خۆم کزۆڵە دەکەم، لەپڕ زریکە و هاواری دایکمم دێتە بەر گوێ و بە دوایدا قیژە و هاواری ژنان. ئینجا دەبینم باوکم و کاکم و پیاوەکان ڕادەپەڕنە سەر پێ، دەشڵەژێن و بەیەکدا دێن. خوشکە بچکۆلەکەم

هێشتا هەر حۆلحۆل دەسووڕێتەوە، بەڵام ئێستا بەکوڵ دەگری، باوکم و کاکیشم یەکی دەستەسڕێکیان بە چاوەوە گرتووە و بەبێدەنگ دەگرین، ئێستا منیش زیڕەی گریانم گوێ کەڕ دەکا. ناو حەوشەکە تەواو قەرەباڵغ بووە. باجی ئەجێ دەبینم، پەلی خوشکەکەمی گرتووە و بۆ لای من دێ. کە دەگاتە ئاستم، پەلی منیش دەگرێ و لە ماڵ دەمانباتە دەرەوە. دەمانکا بە ماڵی خۆیاندا و بە نەزیری کچیمان دەسپێرێ. نەزیریش دەگری. دەستەخوشکی لەیلێیە...

– ئەوەتا ئافرەتەکە لەگەڵ پیرێژنێک و لاوێکی هەرزەکاردا هاتوونەتە بەردەرگاکە و تێت ورد دەبنەوە!).

ئەو، ئەم ئاگادارییەی دایە، کەچی ئەم تەنیا ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە و هیچ وەرامێکی نەبوو...

(... شەوان کە لەیلێ دەچوو بۆ لای نەزیر، منی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. ئەوان خەریکی کڵاودروونی خۆیان دەبوون و منیش لەگەڵ حەمەجەزادا تا سەعیمان دەکرد سەعی و ئینجا کە باوکی دەهاتەوە، هەموومان بە دەوریدا بۆ گوێگرتن لە پاشماوەی هەقایەتەکەی شەوی پێشوو، یا بەشی یەکەم لە حەقایەتێکی تازەی دادەنیشتین.

خاڵە مەجی!... دیمەنی سەر و سیمای هەرکەسێکم بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لەبیر بچێتەوە، هی ئەو هەرگیز نا. دوو بڕۆی زۆر ڕەش و زۆر چڕ و لە شێوەی ژمارە چوارێکدا، لەسەر باری ئاسۆیی چەسپێنرابێتە دامێنی ناوچەوانییەوە.

دوو چاوی گەورەی زەق لەنێوانیاندا. چوار چرچی ئەستوور بە سەروویانەوە. دوو لێوی هەڵتۆقیو و چەناگەیەکی پان. لووتێکی قنج و لەنێوان، دوو ڕوومەتی گووپندا هەڵواسرابێ. ئینجا ئەمانە هەموو بە سەرێکی قژنەوەبن و سەرەکە بەسەر ملێکی کورتەوە ڕاگیرکرابێ و ملەکەش داکوترابێتە نێوان دوو شانی پانەوە. ئا... دیمەنەکە لەبەرچاو سامناک و ترسێنەر بوو. دیمەنی پیاوکوژێکی دڵڕەقی جەربەزە! بەڵێ... بۆ ئەو کەسەی لە نزیکەوە نەیناسیایە و یەکەمجاری بووایە ببینێ، بێ سێ و دوو وەهای تێدەگەیشت. بگرە ئەو خۆیشی لە ئەنجامیدا تووشی زۆر کارەساتی پڕ سەیروسەمەرە بووبوو. خۆی باسی نەدەکردن. خەڵکەکە دەیانگێڕایەوە. منیش لە باوکم و کاکمم دەبیستن یا لە دایکم و دایکی حەمەجەزا کە لە قسەوباسیاندا دەیانهێنایە کایەوە، بەڵام من سەرم لێیان سوڕدەما. لە دڵدا دەموت: کوا وایە؟ من خاڵە مەجیم وەکو خۆم و حەمەجەزا دەبینی. برادەرمان بوو. وەک لە تەمەنی خوماندابێ وەهابوو. جیاوازیمان تەنیا هێندە بوو، کە ئەو لە ئێمە زیرەکتر و قسەزانتر و دنیادیدەتر بوو. هەقایەتی خۆشخۆشی زۆر دەزانی. هەر کە پێی دەنایەماڵەوە، ئێمە شاگەشکە دەبووین، خێرا دەفتەر و کتێبمان دەپێچانەوە و دەکەوتینە دەوروخولدانی. تا ئەو ساتەی دەهات دادەنیشت، بەدوایەوە دەبووین و ئەوسا، ئەملاو ئەولامان لێدەگرت. بە دواماندا نەزیر و لەیلێ، بە خۆیان و کڵاوەکانی بەردەستیانەوە، دەهاتن و هەموو دەورمان دەدا. ئینجا ئەو دوای خواردنەوەی

چایەک، یا خواردنی تۆزە میوە، یا کەمەکێ مێوژ و گوێز، ڕووی تێدەکردین و دەیپرسی:

– ئادەی بزانم دەزانن دوێنێ لە کوێدا کۆتاییمان پێهێنا؟

ئێمەش خێرا وەراممان دەدایەوە. قەت لێمان تێک نەدەچوو، ئەوسا بە دەنگێکی فریشتەیی و بە هەستونەست و سۆزی فریشتەیەکەوە، دەکەوتەوە گێڕانەوەی پاشماوەی هەقایەتەکە و ئێمەش بۆی کڕوکاس دەبووین.

ئای خاڵە مەجی، من پێرارەکە هەواڵی مردنەکەتم بیست. ئەو کاتە شەش ساڵ بوو، تۆ ئەم دنیای فانییەت جێهێشتبوو. حەمەجەزا پێی ڕاگەیاندم و ئەویشم بە ڕێکەوتێکی سەیر بینی. بۆ ئیشێکی فەرمانگەکەم، ڕێم کەوتە دیوانی وەزارەت. بە ڕاڕەوی بەردەمی بەشی بەڕێوەبردندا هاتوچۆم دەکرد، کاتێ ڕووبەڕووم بۆوە، هەر لە دوورەوە شێوەیم کرد و بەڵام دوودڵ بووم. شازدە ساڵی ڕەبەق بوو، یەکترمان نەدیبوو، دەرکەوت بیری ئەو لە من تیژتر بوو. هەر هێندەی بینیمی، باوەشی بۆ کردمەوە. ئینجا منیش دڵنیابووم کە خۆیەتی. یەکەم پرسیارم لە بارەی باوکییەوە بوو، کە وتم:

– لە چیدایە؟

ئەو زۆر ئاسایی وتی:

– شەش ساڵە فەرمایشتی خودای بەجێهێناوە.

من بە دەروون شڵەژام. دەتوت هەواڵی مردنی کەسێکی زۆر نزیک و زۆر خۆشەویستمم پێ ڕاگەیەنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا وتم:

- زور بەداخەوە... ئێستا لە تۆی دەبیسم.

حەمەجەزا باسەکەی لەلا کۆن بووبوو. دیسان ئاسایی وتی:

- ئەوە چارەنووسی هەمووانە.

بەڵام من...

- ڕاوەستانەکەت سەرسامی کردوون. گومانت لێدەکەن... بەسە و بکەوەرەوە ڕێ).

ئەو وەهای ئاگادارکردەوە، ئەم پێی پەست بوو، وتی:

- باشە، باشە... تۆ خەریکیت ناخۆشی دەکەیت.

ئەو وتی:

- من بۆ خۆتمە. تۆ بڕوانە، ئەوەتا پیرەمێردێکیش هاتۆتە بەردەرگاکە ڕاوەستاوە و سەرنجت دەداتێ. فەرموو ئەوەتا لە ماڵی خاڵە مەجیشەوە دوو منداڵ هاتوونەتە دەرەوە و تێت ورد دەبنەوە.

ئەم هێشتا تووڕە بوو، وتی:

- بۆ خۆمت نەبێ. من چ کردەوەیەکی ناشیرین دەکەم؟ گەڕەکی خۆمە و بەسەری دەکەمەوە.

ئەو لەسەرخۆ وتی:

- من ئەوە دەزانم، بەڵام ئەوان نایزانن. دەفەرموو من وا هەست دەکەم، کوڕە لاوەکە لێوت لێ دەکرۆژێ. ئەوە دوو منداڵەکەش چوون، دایکیان هێناوەتە بەردەرگا. ئابڵووقەدراویت، چۆنی لێدەردەچیت؟ چ وەرامێک دەدەیتەوە؟

ئەم پەستی و تووڕەییەکەی نیشتەوە و شڵەژا. ویستی هەنگاو بنێ و بکەوێتەوە ڕێ و هەستی کرد کارلەکار ترازاوە. لەجێی خۆی چەقی...

(... دەچم بە فڕکان خۆم بەماڵدا دەکەم. هەموو لەشم نیشتۆتە سەر ئارەق. دەچم دەم بە بەلووعەی حەوشەوە دەنێم، تێرتێر ئاو دەخۆمەوە. دایکم و لەیلێ لە هەیوان دانیشتوون. بەلایاندا قەڵەمبازد دەدەم و دەچمە دەرەوە. هەڵماتەکانم لە تاقەکەدان. لە کیسەیەکی خامداو لە ژێر کتێبەکانمدا حەشارم داون. پڕی پێدا دەکەم و دەیخەمە گیرفانمەوە. بەلایاندا قەڵەمباز دەدەمەوە و دەردەفرتێمە دەرەوە. دێتە بەرگوێم دایکم هـاوارم لێدەکا. تێناگەم چی دەڵێم و چیی لێم دەوێ. بە پڕتاو لە دەرگای حەوشە بەدەردەکەوم. نەنە عەتێ و حەمیدەخان، هاتوون بۆ لای دایکم بچن. خۆم بە بەر ورگی نەنە عەتێدا دەدەم، بە گـازی پشتدا دەکەوێ و دەبوورێتەوە. حەمیدەخان، دەیکاتە هاتوهاوار، دایکم و لەیلێ بە دەنگەوە دێن، دراوسێکانیش بەدوایاندا و من هەڵدێم...

* هاوینە و چیغ و سەربان... من و کاکم و لەیلێ لەم چیغدا دەنووین و باوکم و دایکم و نەسرینی خوشکە بچووکمان لەو چیغدا، بەیانییە، هەموو لە خەو هەڵساون و چوونەتە خوارەوە، منیش تازە خەبەرم بۆتەوە و چاوم هەڵهێناوە. دەبینم کاکم باوەشی بە نەزیردا کردووە و ماچی دەکا. من خێرا چاو دەنووقێنمەوە. نابینم و نابیسم. دەنگیان زۆر نزمە و نازانم چی دەڵێن. نازانم باسی چی دەکەن. وا هەست دەکەم کە نەزیر تووڕەیە. چاو دەکەمەوە بزانم چییە و دەبینم، نەزیر دەیەوێ بڕوا و کاکم نایەڵێ. چاوم نووقاندووە. تەپەتەپی پێی نەزیرم دێتە بەرگوێ دەڕوا.

ئەوسا خۆم دەبزوێنم و هەندێ جووڵەجووڵ دەکەم. دەڵێم با کاکم نەزانێ کە لێی بە ئاگابووم، خۆم وا نیشان دەدەم کە ئانوساتە خەبەرم بۆتەوە، کەچی ئەو هەر لە بنەڕەتەوە لێم بێئاگایە. دەڕوانم هەڵساوەتە سەر پێ و لەگەڵ چیغەکەی ماڵی نەزیردا فەلەمە دەکا!

* زستانێکی سارد و تووشە. بەفرێکی زۆر باریوە. باوکم بیست و پێنج ڕۆژە لە جێگەدا کەوتووە، کاکم بێ ئیشە. لەیلێ لە ژێر خاکدایە، نەسرین لە کلاودروونەکەدا جێگەی گرتۆتەوە. دایکم دووبرالەیەکی بە بەرمەمکانەوەیە. زستانێکە و یادی لە دڵ و لە قووڵایی بیروهۆشدا، هێجگار سارد و تووشترە... هێجگار سەخت و ستەمترە. باوک بەردەوام دەناڵێنێ... دوو سەرە دەناڵێنێ، کاک بەردەوام دەڵێیت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە، نەسرین ڕۆژی دە جار، دڵۆپە خوێنی ئاڵ لە نووکی پەنجەگەورە و پەنجەی شایەتمانی دەستی چەپییەوە هەڵدەقوولێ و ناڵێ ئۆف. جووتە کۆرپە بەردەوام دەکڕووزێنەوە. دایکم بە گریانێکی کپ، بۆیانی دەسێنێتەوە. منیش... ئای زستانە ساردە تووشەکە!... منیش بە کەساسییەکی دڵپڕوێنەوە هێشتا هەر بەیانیان لە خەو هەڵدەستم، پاک پاک دەست و دەموچاوم دەشۆم، سەرم دادێنم و قژم ڕێکدەخەم، سەیری پشتی دەستم و نینۆکەکانم دەکەم و دڵنیا دەبم پارچە متیلە سپییەکەم لە گیرفاندایە. پاکوتەمیز و سپییە وەک چوڕی شیر. دەچم بەلای تاقەکەمەوە. سەرنج لە خشتەی دەرسەکان گیر دەکەم، کە بە سرێش بە دیواری

تاقەکەوەم هەڵواسیوە. پەنجەی دەخەمە سەر. یەکەیەکە کتێبەکان و دەفتەرەکانیان جیادەکەمەوە. قەڵەم و قەڵەمدادان و لاستیکی خەتکوژانەوەکەش لـەولاوە دایاندەنێم. دایکیشم بەرامبەر چاو وشکەنانە ڕۆژانەکە دانیشتووە. هیچ ناڵێ و ورتەی لە دەم دەرنایە. پیاڵەیەک چام بۆ تێدەکا و دەمداتێ. من بەتام و کامەوە پاروو دەگلێنم. ئەو بە چاوێکی پڕ لە پەژارە و خەفەتەوە تێم دەڕوانێ و هیچ ناڵێ. ورتەی لەدەم دەرنایە. من هەڵدەستم و دەچمەوە بەلای کتێبەکانمەوە. دەیانخەمە ناو جانتا تەنەکەکەمەوە. دەیخەمە بن دەستم و بەرەو کۆلانی پڕ لە بەفری تا سەرئەژنۆ هەنگاو دەنێم.

* لەناکاوێکدا کاکم لەگەڵ باوکمدا، لێیان بوو بە جەنگی مەغلووبە. بـەدوایدا کاکم لە مـاڵ چـووە دەرەوە و هاتنەوەی نەبوو. بۆ ماوەی دوو مانگ، کەس نەیزانی کوێ چووە و لەکوێیە! تەنیا زانرا کە لە شاردا نەماوە، چونکە ماڵە خزم و کەسوکار و ناسیاو نەما بۆی نەگەڕێن و بێ سوود بوو. سەروسۆراخی دیار نەما. ئەوسا جەنگی مەغلووبەکە کەوتە نێوان دایکم و باوکمەوە. ئەو ڕۆژانە ماڵەوەمان لێ بووبوو بە دۆزەخ، دایکم تۆرا، هاتەوە و تۆرایەوە و هاتەوە باوکم لەنێوان دوو ئاگردا دەسووتا، تا ئاگری جگەر بەسەریدا زاڵ بوو. چوو بۆ پێنجوین و قەڵادزێ و ڕانییە و قەراخ و هەر بێ سوود بوو، کەساسی و پەژارەیەکی سەخت ڕوویان تێکرد. خەو و خۆراکی لەبەر هەڵگیرا، لەولاشەوە دایکم بەردەوام دەیبووغزاند و نەیدەدواند. بەردەوامیش بۆ خۆی دەکڕووزایەوە و دەیلاواندەوە، تا ڕۆژێکیان پوورم بە هەڵەداوان

پەیدابوو، هەر لە ڕێوە بە دایکمی وت:

– مژدە... مژدە...

دایکم ڕاپەڕییە سەر پێ و زمانی لاڵ بوو. پوورم خێرا وتی:

– لە کەرکووکە.

دایکم هێندەی بڵێیت یەک و دوو، خۆی پێچایەوە. پەلی منی گرت و دوای خۆی خستم، سواری پاسێکی تەختە بووین. دەمەدەمی عەسر گەیشتین و ڕاستەوخۆ لە بەرماڵەکەدا دابەزین، دایکم وەک شێت خۆی بە ماڵدا کرد. سەلامی نەکرد و حاڵ و ئەحواڵی خێزانەکەی نەپرسی، تەنیا پەیتا پەیتا دەیوت:

– کوا؟... کوا؟...

پیرەژنێک و ژنێکی سەرە هاتن بە دەنگەوە، حەپەسابوون. ڕەوەیەک منالی سەرسوڕماویش دەوریان داین. دیم پیرەژنەکە باوەشی بە دایکمدا کرد و ئەملاو ئەولای ماچ کرد و ژنە سەرەکەش، کەچی دیم دایکم هەر بە پەرۆشەوە دەڵێ:

– کوا؟... کوا؟...

گوێم لێبوو پیرەژنەکە هەر بەدەم حەپەساوییەکەیەوە، وتی:

– چی بووە؟ چی قەوماوە؟

گوێم لێبوو دایکم سەرلەنوێ بەوپەڕی پەرێشانییەوە وتی:

– کوڕەکەم، کوا کوڕەکەم؟

گوێم لێبوو پیرەژن، وەک لە نهێنیی باسەکە تێگەیشتبێ، خێرا وتی:

– لە دووکانە، لە دووکان... لەسەر هاتنەوەن.

ئەوسا دایکم بەلادا هات و بووڕایەوە. پیرەژنەکە بۆی دانیشت و سەری خستە کۆشی خۆیەوە، ژنە سەرەکە چوو پارچە پەڕۆیەکی هێنا سووتاندی و لە لووتی نزیک کردەوە، دایکم بەئاگاهاتەوە و ئانوسات کاکم پەیدا بوو. یەکەمجار منی بینی و حەپەسا. دواجار کە دایکمی بینی، ڕاچەنی و بەرەو ڕووی ڕایکرد. باوەشی پێداکرد و بە قورگی پڕ لە گریانەوە وتی:

- دایکە!

دایکە سەرلەنوێ بووڕایەوە و سەرلەنوێ بە بۆنسۆ بەئاگا هێنرایەوە. ئەمجارەیان وردە وردە تا دەهات دەبووژایەوە. تا دەهاتیش دەگەشایەوە و ڕووی لە خنانەوە دەکرد. بۆ بەیانی بەڕێوەبووین بچین سواری پاسە تەختەکە ببینەوە و بەرەو شار بگەڕێینەوە، کاکم لەبەر دووکانێکدا ڕایگرتین و بە منی وت:

- کام جانتات بۆ کتێبەکانت پێ جوانە تا بۆتی بکڕم؟

* ڕۆژی عارفەیە، هەموو شتێکم تەواوە، تەنیا لە پێڵاوم کەمە، باوکم بە دایکمی وت:

- پێڵاوەکانی زۆر شڕ نین، نییە، ببووایە بۆم دەکڕی.

پێڵاوەکانم شڕ نەبوون، بەڵام کۆن بوون. لە قسەکەی باوکم زۆر دڵتەنگ بووم، لەگەڵ ئەوەشدا هیچم نەوت، چووم لەولاوە بە کزۆڵەیی دانیشتم، باوکم ڕۆیشتە دەرەوە. دایکم هات بەلامەوە. ماچی کردم و وتی:

- دڵگران مەبە خۆت دەزانیت ئەگەر لە توانایدا هەبووایە بۆتی دەکڕی.

کاکم بەسەردا هاتەوە، کە پێی زانی، دەستی بە گیرفانیدا کرد و هەرچییەکی پێبوو دەری هێنا ژماردی و وتی:

– تێیدا دەبێ و بەشی خۆشمی لێ دەمێنێتەوە. هەڵسە با بڕۆین بۆ بازاڕ.

* جەژنە... خاڵە مەجی بەیانی زوو هات و پەنجا فلسی دامێ، باوکیشم دوو پەنجایی. ئەی نەچم سەرێکی ماڵی پوورم بدەم؟ چووم و دەستیانم ماچ کرد. مامە سالەش پەنجاییەکی دامێ و گەڕامەوە ماڵەوە، چوار پەنجاییم پێیە، لەگەڵ حەمەجەزادا دەچین سواری عارەبانە دەبین. دەگەڕێینەوە ماڵەوە بۆ لای چەرخوفەلەکەکەی پوور خومسار. ئاخۆ پوور خومسار چی بەسەرهاتبێ؟ عەجەب شەقێکی لە کەشکەئەژنۆی ئەحە هەڵدا. ئەحە چوختی بوو. لەناکاودا گزیی دەکرد.

بەردەوام شەقی دەخوارد و کەچی عاری نەدەنا. خولەی براشی وێنەیەکی دەقاودەقی ئەو بوو. ئەمیان لە تەمەنی ئێمەدا بوو، بەڵام گاڵەی پێدەکردین، بەتایبەتی لە شروب شکاندندا. دەمویست جارێک تەنیا جارێک پشتی لە زەوی بدەم و بە مەرام نەدەگەیشتم، بەئاشکرا من حەوتم دەشکاند و ئەو چوار، کەچی من دۆڕاو دەبووم و ئەو براوە! ئا... ئەشەمبیلا حەمەجەزا باش لە عۆیەی دەهات.

سمەسووریش دووقۆڵی باشیان بیراز دەکرد. بە ڕاست ئاخۆ سمەسوور چی بەسەرهاتبێ؟ سەیرە!... ئێستا و ئەوسا نە دیمەوە و نە هیچ هەواڵێکیم بەر گوێ کەوت! ئەی باوکی؟ تاقانە بوو، بە

دوای سێ کچدا هاتبوو، ئەی خوشکەکانی؟ ئەو وەختە عازەب بوون، نا... ئا... گەورەکەیان تازە شووی کردبوو بە... بە... نازانم. ناوەکەیم نایەتەوە بیر، شاییەکەیانم لەبیرە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گەڕەکیان خرۆشاند. من و حەمەجەزا و سمە بەدرێژایی سێ ڕۆژەکە پیشەمان ئەوە بوو بچین لە کاتی هەڵپەڕیندا لکی دەسماڵی ژنەکان بەیەکەوە گرێ بدەین. ئینجا کە یەکێکیان دەستی بەردەدا و خەڵکەکە بەو حاڵە دەیاندایە قاقای پێکەنین، ئێمە پێی گەشکەدار دەبووین. من لە سەیرانەکەی ئەو ساڵەی مشیراوادا، وام لە کاکم و نەزیر کرد. کاکم دەستی ڕانکوچۆغە و کراسێکی فەقیانەداری لەبەردا بوو. ئەو سەرچۆپی گرتبوو. نەزیریش لە دەستی چەپیدا بوو، دیمەنەکەی ناو چیغەکە هانیدام بەیەکیانەوە ببەستم، پڕبەدڵیش حەزم دەکرد بۆ هەتاهەتایە بەیەکەوە ببەسترێن، کەچی ئاواتەکەم نەهاتە دی. داخ... خۆزگە دەهاتە دی.

* پاسێکی تەختەی شەقوشڕ. سەرەوەی قەڵا پەچن لە کەلوپەلێکی پەرپووت و شەتەک دراوە. ناوەوەی شوفێرێکە و حەوت ئادەمیزادی سەرهەڵگرتوو، کە بەرەو ئاوارەبوون دەچن. چەندین دەشتودەر و دۆڵ و چیا و لێڕەوار دەبڕن. دەڕۆن... دەگەنە ئاستی شاخێکی سەخت و بڵند و پێچاوپێچ و سەردەکەون.

پاسە تەختەکە لە پێچێکیاندا لە تین و توانای سەرکەوتن دەکەوێ، شوفێرەکە پێ بە ستۆپدا دەنێ و هاواری لێهەڵدەستێ:

– خێراکەن... بەردێک بخەنە بەر تایەکەی دواوە.

کاکم و باوکم بەپرتاو خۆیان دەهاونە خوارەوە. هەر یەکەیان پڕ دەکا بە گاشەبەردێکدا و دەیانخەنە بەر دوو تایەکەی دواوە. من لە جێی خۆم دانیشتووم و دەڕوانمە شوفێرەکە، لە سەرەتادا خراپ پەشۆکابوو، ئێستا دەبینم لەسەرخۆیە. ئەوەتا دادەبەزێ و دەچێ لەگەڵ باوکم و کاکمدا قسە دەکا. گوێم لێ نییە چی دەڵێن. دەبینم باوکم ئیشارەت بۆ ئێمە دەکا و ئینجا بۆ سەرەوە. وا تێدەگەم کە دەبێ ئێمە دابەزین و بە پێ سەربکەوین و شوفێرەکەش ئوتومبێلەکە سەربخا. کاکیشم هەر وا دەڵێ. باوکم و شوفێرەکە ڕاوەستاون دەدوێن و کاکم بۆ لای ئێمە دێ، من پیشم خواردۆتەوە، چاوەڕوان بووم باوکم و کاکم دەست بدەنە یەخەی شوفێرەکە و بڵێن:

– ئەگەر تۆ و ئەم ئوتومبێلە لەعنەتییەی تۆ نەبوونایە، چی ئێمەی هەڵدەفریواند؟ چی ئێمەی لەو مەڵبەندە هەڵدەکەند و ئەم ڕێگەی هاتونەهاتەی پێدەگرتینە بەر؟

ئینجا بڵێین:

– دەی لەکوێوەت هێناوین، بمانبەرەوە ئەو شوێنە. دەی چۆنت هێناوین، وەهاش بمانگەڕێنەرەوە.

من وەهام چاوەڕوان دەکرد، کەچی ئەوەتا کاکم دێ و دەڵێ:

– دابەزن... ئێمە بە پێ سەردەکەوین.

من لە ناکاوێکدا تەقیمەوە و هەڵمەتم برد. هێندەی بڵێیت یەک و دوو، خۆم گەیاندە پشت سوکانەکە. ئوتومبێلم خستە کار، ئوتومبێلم لە سەربەرەوژوورەوە وەرچەرخاندە سەربەرەوخوار. دەستی

چەپم درێژکردە دەرەوەی. باوکم و ئینجا کاکمم سەرخستنە ناو ئۆتومبێلەکەوە. بە هەموو هێزێکمەوە پێم بە بەنزیندا نا، ئۆتومبێل لە زەوییەوە نیشتە ئاسمان. دەشتودەر و شاخ و دۆڵ و لێڕەوار، کەوتنە ژێرمانەوە. تیژ بەسەریاندا تێدەپەڕین. لە کولفەیکوونێکدا دەگەینەوە بەرماڵەوە و دادەبەزینەوە. بە تەنیا خۆم لە ماوەی جگەرەکێشانێکدا هەموو کەلوپەلەکان دەبەمەوە ژوورەوە، هەر یەکەیان لە جێی خۆیدا دادەنێمەوە. هەر کەسەشمان دەکەوێتەوە سەر هەوای لەوەبەری. هەوای لەوەبەری من، ڕاکەڕاکەی ناو کۆڵانە.

لە ماڵ دەردەفرتێمە دەرەوە، حەمەجەزا دەبینم و بەرەو ڕووی ڕادەکەم بانگی لێدەکەم:

– حەمەجەزا!...

– تۆ وڕێنە دەکەیت... حەمەجەزای چی؟ هۆشت بێنەرەوە بەرخۆت!).

ئەو بوو ڕایچڵەکاند و وای پێ وت، ئەمیش کە هۆشی هێنایەوە بەر خۆی و هەڵیڕوانی، سەیری کرد لاوە هەرزەکارەکە گەیشتۆتە ئاستی و دەڵێ:

– مامۆستا بمبەخشە لـەوە دەچـێ بۆ ماڵێک بگەڕێیت و نەچیتەوە سەری، من ئامادەم یارمەتیت بدەم.

ئەو دڵی حەوایەوە و خۆی خامۆش کرد، ئەم شڵەژا. نەیدەزانی چ وەرامێکی بداتەوە. کەمێ ڕاما. سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد. پیرەمێردەکە، ئافرەت و پیرەژنەکە، دوو منداڵەکە و دایکیان هەموو

سەیریان دەکرد و لە چاوەڕوانیدا بوون. ئەوسا ڕوانییەوە لاوەکە و بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– کاکی برا... من لەم گەڕەکەدا، لەم کۆڵانەدا... ئا لەو ماڵەدا لەدایک بووم و ساڵانی منداڵیمم تێدا بەسەر بردوون. ئێستا دوای بیست و پێنج ساڵ، ڕێم تێی دەکەوێتەوە و پیایدا ڕادەبـوورم. مەسەلە تەنیا ئەوەندەیە. من سوپاست دەکەم. نازانم تێم دەگەیت دەڵێم چی، یان نا؟

لاوەکە وەرامـی ئەوی نەدایەوە. وەرچەرخا و ڕووی کردە پیرەمێردەکە، دەستێکی بۆ هەڵتەکاند و بانگی لێکرد:

– بابەلە... وەرە.

کاتێ پیرەمێرد گەیشتە ئاستیان، لاوەکە قسەکەی ئەمی بۆ دووپات کردەوە.

پیرەمێرد لـەگـەڵ بیستنیدا، هەنگاوێک لێی کشایە دواوە، سەرنجێکی وردی بە سەر و ڕووخساریدا گێڕا. ئینجا وتی:

– تۆ حەمەعەلی حاجی قادر نیت؟

ئەم سەرسام بوو، بیست و پێنج ساڵە چۆنی ناسییەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– بەڵێ ئەوم.

ئەوسا پیرەمێرد لێی هاتەوە پێشەوە. باوەشی بە سەر و ملیدا کرد. دووبارە و سێبارە، ئەملاو ئەولای ماچ کرد. بەدوایدا پەلی گرت و وتی:

– وەرە!

ئەم نەیدەزانی چی بکا و چی بڵێ. ئەو پەردەی خامۆشیی خۆی دڕی و وتی:

– بچۆ... فرسەتە و بۆت هەڵکەوتووە. تۆ خەریک بوو بێ فەرموولێکردنیش خوت بەژووردا بکەیت.

بە قسەی کرد و بەدوای پیرەمێرددا هەنگاوی نا. ئافرەت و پیرەژنەکە سەریان سوڕمابوو، کە گەیشتنە ئاستیان، پیرەمێرد بە پیرەژنی وت:

– حەمەعەلی کوڕی حاجی قادرە.

پیرەژن وتی:

– کام؟

– حاجی قادری شەربەت.

پیرەژنیش گەشایەوە. هەموو پێکەوە چوونە ژوورەوە و دانیشتن. پیرەمێرد هێمایەکی بۆ ناو خانووەکە کرد و وتی:

– هێشتا وەکو خۆیەتی، چۆنم لە باوکت کڕی، وەهام هێشتۆتەوە. تەنیا ئەوبەر نەبێ کە وەک دەبینیت گۆڕاوە.

دەیبینی... سەر تەنوورەکە کرابووە مەدبەق و حەمام و ئاودەستێکی ڕێکوپێک. سەیری کرد بەر بەلووعەکەش دەسکارییەک کراوە، وتی:

– بەر بەلووعەکەش... جاران بەردڕێژ بوو. ئێستا حەوزێکی کۆنکرێتییە... ئاوەڕۆکەشی.

پیرەمێرد بۆی پێکەنی، وتی:

– بیرت تیژە. باوکیشت وەها بوو، کە دادەنیشتین و باسمان دەبردە سەر باسی سالانی منداڵیمان، دەتوت دەفتەرێکی لە سینەدایە و دەیخوێنێتەوە.

ئەوی ڕاستی بێ پیرەمێرد خۆیشی دەفتەرێکی لە سینەدا بوو. وەک فرسەتێکی دەگمەنی بۆ هەڵکەوتبێ، کەوتە خوێندنەوەی لاپەڕە بە لاپەڕەی بۆ ئەم. ئەمیش ئەو کارەی پشتگوێخست، کە لەو ڕێگا دوورەوە بۆی هاتبوو. بە دەستووری ئەو، کەوتە گوێلێگرتنی.

(١٩٨٠)

# تـــەتـــەر

**(١)**

(... کەس نازانێ چۆن دەکەوێتەوە! بە هەر بارێکیدا دەخەیت، هەرچۆنێکی لێکدەدەیتەوە، هەر خۆی بەدەستەوە نادا. هەزار و یەک سەری هەیە. لەملا دەیبڕێنیتەوە، لەولا سەرهەڵدەداتەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانەوەشیدا دەتەقێتەوە. خۆزگە پیاو بیری ئەوەندە تیژ دەبوو، کە تەنانەت یادگاریی ڕۆژانی سەرپشتی بێشکەشی لەبیر دەما. ئاخۆ چیم کردبێ، چۆن گریابم. چۆن خنابمەوە، چۆن گڕوگاڵم کردبێ؟

ئاخو قسە و هەڵسوکەوتە تایبەتییەکانم چی بووبن؟ نایەتە یادم دایکم هیچی بۆ گێڕابمەوە، بەڵام من (ئالان)م لەبەر چاوە، کە چۆن خۆی ناشیرین دەکرد؟ بە چی پێی گرت؟ بەپێوە ڕامانگرتبوو هەنگاوی پێ بنێین و لەو ساتەدا قالۆنچەیەکی بەدی کرد و کەوتە ڕاکردن بەدوایدا. سەیر بوو! ئای... ئالان کوڕەکەم، ئاخۆ... نانا... بڕوا ناکەم پشتیان پێ دەبەسترێ. خەزوور و خەسوویەکی نموونەییم هەن. لەوەدا بەختەوەرم لە زۆر شتدا بەختم ڕەش بووە- چی؟ بەخت؟ یانی باوەڕت پێیەتی؟

– ها؟ وەڵڵا چووزام! کورە ئیتر قسەیە و دەکرێ، دەنا بەخت کوا هەیە. بەخت نییە. ڕێکەوت هەیە. – ئێ ئاخر ڕێکەوت بەختە. نا... ڕێکەوت بەخت نییە. – چۆن؟ – با بۆتی باس بکەم. من دەبووایە کەی بکەوتمایەتەڕێ؟ سەعات نۆ وا نییە؟ ئێ چاکە... خۆ کەوتیشمە ڕێ، هەر چاکە... کەچی حەمەسەلیم بە هەڵەداوان هات و وتی: مەڕۆ... وەرە ئیشیان پێتە. ئەوەبوو گەڕامەوە و دوای سێ چارەکە سەعات، ئینجا کەوتمەوە ڕێ، وا نەبوو؟ دەباشە... دوای سەعاتەوەختێک ڕێکردن بەسەر چیدا چووم و لە چ وەختێکیشدا ڕووی دابـوو؟ بینیت؟ تەنانەت خەریکبوو خـۆم لەبیر بکەم. حیرسێکی سەیر گرتمی چاک بوو زوو لە خۆم بەئاگاهاتمەوە، بەڕاستی ئادەمیزاد زۆر دڵڕەقە. وابزانم چاکم نەکرد. دڵڕەقیم نواند. دەتوت باسەکە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. دەتوت تەنیا بازرگانێکی مەڕومالاتم و بەلای قەسابخانەیەکدا ڕادەبوورم. ڕاستە وەهـام لێ داواکرابـوو، بـەڵام دەبـوو بموتایە بۆ خۆیان وت. سۆفی ڕەحمانیش ڕای وابوو. وتی: کوڕەکەم... ئادەمی بە بەزەیی و سۆزی ئاقڵانەی لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە، ئاژەڵیش لە بەزەیی و سۆز بێبەش نییە، بەڵام لای ئادەمیزاد دەبێ ئاقڵانەبێ. دەنا هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نامێنێ. سۆفی ڕەحمان... تۆ پیاو سەرسام دەکەیت. یا بەلایەنی کەمەوە منت سەرسام کرد. هەر هێندەی من وتـم: سـەلام مامە سۆفی. تۆ وتـت: سەر ئەم چاوانەم هاتیت و فەرموو کوڕی کاکی مامە سۆفی. کوڕی کاکت هێجگار ماندوو بوو. زۆر بە زەحمەت هەنگاوی بۆ دەنرا. بە نقەنق

جەستەی بۆ بەکێش دەکرا. مەسەلە لەوە نەبوو کابرایەکی تەپۆ بووبێ و بۆ یەکەمجار ڕێگایەکی وەها دووری بە پێ گرتبێتەبەر. ئا... مەسەلە لەوەبوو کە ئادەمیزادە و لە خوێن و گۆشت و ئێسقانە. تۆ دەسپێشکەریت کرد و وتت: دەتبینم خراپ کەنەفت کەوتوویت. دەتبینم لەوەدایت لە جێی خۆت بەلادا بێیت و جوولەت لێ ببڕێ. دڵ لە دڵ مەدە و تەریق مەبەرەوە. ئادەمیزاد لە خوێن و گوشت و ئێسقانە، ئەوە جێگا و ڕاکشێ و جوولە لە خۆت ببڕە. تا دەتوانیت جەستەت بحەوێنەرەوە. دەزانم دەبێ سبەینێ زوو بکەویتەڕێ. دەشزانم من دەبێ کارێکی وەها بکەم، کە بتوانیت سبەینێ زوو بکەویتەڕێ. سۆفی ڕەحمان تۆ کێیت؟ پرسیارێکی بایەخدارە و دەبێ بکرێ. ئەوا تۆ پێش ئەوەی دەم هەڵبێنمەوە و بدوێم، منت ناسی، بەڵام تۆ کێیت؟ خۆت وتت: عەبدێکی خوام و لە دێرزەمانەوە بڕیارم داوە تا مردن خزمەتکاری ماڵی خوابم- بۆچی؟ لە وەرامدا وتت: هەقایەتەکە دوورودرێژە. من لەسەری نەڕۆیشتم. زۆر ماندوو بووم، بەڵام لە گەڕانەوەدا پەلەم نابێ. دەتوانم شەوێک و دووان بمێنمەوە و گوێت لێبگرم، دەزانم مجەورێکی ئاسایی نیت و قسەت زۆر پێیە. دەزانم دنیات زۆر دیوە. تۆ باوکمم لێدێنیتەوە یاد. باوکە... یادت بەخێر، باوکە تۆ عەجەب باوکێک بوویت، من دوای مردنت ئینجا پێم زانی. دوای مردنت ئینجا پێداچوومەوە، بە کردار و ڕەفتارتدا، بە قسە و باسەکانتدا، بە ئارەقڕشتن و کۆششی مەردانەتدا لە پێناوی ئێمەدا، چوومەوە. ئا... باوکێکی نموونەیی بوو. هەرکات دەهاتەوە یادم،

کسپەی داخێکی لە ناخمدا شریخە پێدەدا. ناخۆشە کوڕ بەرامبەر بە باوکێکی نموونەیی، هەست بە قەرزاریی بکا. بە تایبەتی کە لە ژیاندا نەمابێ و ببڕای ببڕ، ڕێگەی قەرزدانەوەکەی لێ ببەسترێ، تا ئەو ساڵانی دواییەش هەر کە هەستەکەم لێ دەهاتە سوێ، سکاڵای حاڵی خۆم لای دایکم دەکرد. دایکم لە هەموو جارێکدا دەیوت کوڕەکەم تۆ ئەمە چییە داوێتی لە کەللەت... کەی شتی وەها ڕوویـداوە؟ من تا دواهەناسەی ژیانی، لێم نەبیست هیچ گلەییەکی لە تۆ هەبووبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، سەد جارم لێ بیستووە کە دەیوت: لەبەرئەوەی سەردارتان هەیە، من هیچ خەمم نییە. جا بەڕاستی سەردار، دایکت ڕاستی دەکرد تۆ ئەو وەختەی باوکت مرد، تەمەنت حەڤدە ساڵان بوو. زوو تێگەیشتیت کە چیتان لێقەوماوە و خێرا شانت دایەبەر خوت و دایکت و سێ خوشک و برایەکی ساوا. هەستکردن بە قەرزدانەوەی باوک لە ژیانیدا ناخۆشە، بەڵام گەشکەی چوونە ژێر ئەو بارەی جێی هێشتووە، پارسەنگی دەداتەوە. خوا هەڵناگرێ دایکم زوو ئەم ڕاستییەی پێ سەلماندم. لەو وەختەوە ڕزگارم بوو. بگرە خۆم وا دەبینی کە بوومەتە باوکم. دایکیشم لەلای خۆیەوە ئەوەندەی دەوتەوە، تا وای لێهات سەروەر پێم بڵێ بابە. سەیرە! تا ئەو ڕۆژەی بردیشم لە قوتابخانە ناونووسی بکەم، هەر وەهـای پێ دەوتـم. سەیرم کرد بەڕێوەبەری قوتابخانەکە سەرسام بووە. ناچار مەسەلەکەم تێگەیاند. کە هاتینە دەرەوە، بۆ سەروەریشم ڕوونکردەوە. لەگەڵ دایکمدا بەزەحمەت توانیمان بابەی لەلا بکەین بە کاکە. لە دوانامەیدا

نووسیبووی بابە- کاکە سـەردار گیان تۆش بە دەسـتووری قسەکەی، باوکت کە جێتهێشتن بە دایکتت وت: سەروەرتان هەیە، هیچ خەمم نییە. ئا... هیچ خەمت نەبێ. خەزوور و خەسوویەکی مەردانە و برایەکی باوکانە. بڕۆ... هەنگاو بنێ و تیژ ڕێگا ببڕە. تیژ بە تووولەڕێی قەدپاڵی شاخدا هەڵزنێ، خێرا خۆت بگەیەنەرە جێ. پێشوەخت خۆتی بگەیەنەرێ. دوو ڕۆژ و شەوێک... ئەمڕۆ تا ئێوارەیەکی درەنگ، وەختت لەبەر دەمدایە. دەبێ بگەیتە (لانجێ). لەوێ شەو لە مزگەوتەکەیدا بەسەر دەبەیت، دەبیتە میوانی سۆفی ڕەحمان، پشت بە سۆفی ڕەحمان ببەستە، لە هەر شوێنێک بووبێ دەستی بە ڕوومانەوە نەناوە و پشتی هیچ کەسێکمانی لە زەوی نـەداوە. دەبێ بۆ بەیانی تاریک و ڕوون بکەویتەوە ڕێ. دەبێ ئەو ڕۆژە پێش بانگی خەوتنان بگەیتە شوێن مەقسەد. لەیادت نەچێ، ئەگەر گەیشتیتە سەرەمەرگیش، ئەم فەرمانە هەردەبێ بەجێ بێنیت، ئا بەڵێ... ئەو (دەبێ)یە باڵی پێگرتیت و هاتیت. بەسەر کارەساتێکی دڵپروێندا کەوتیت و خۆت نەکرد بە خاوەنی. هاتیت... تووشی کۆچوبارێک بوویت کەلایان دابووە سەر کانی و ئاوێک، کۆچ و بار هەم دەحەسانەوە و هەم گۆڕێکیان هەڵدەکەند، لاتدایە لایان. پرسیت: چی بووە؟ وتیان: هیچی وا نییە. منداڵێکە و قەزاوبەلای تۆی بردووە. لەوە زیاتر ڕانەوەستایت و هاتیت. شانبەشانی زێ ڕێگات دەبڕی، ئەو بەرەو خوار ملی دەنا و تۆ بـەرەوژوور زۆر ماندوو بووبوویت، قۆناغی یەکەمتە و دەبێ بیگەیتێ. بە هەر نرخێک بێ بیگەیتێ. تۆ وای بۆ دەچوویت کە

ناگەیت. پەست دەبوویت. پەستبوونەکەت شێتگیری دەکردیت. لە دڵدا دەتوت: دەست دەکەمە ڕاکردن. دەدەمە چوارناڵە و نایەڵم بکەومە شەو. ڕێکردن بە شەو، بەتایبەتی ئەگەر تاریکەشەو بێ، کارێکی ئەستەمە. بە چ ڕێگایەکیشدا؟ قەت مەپرسە! من مارانگازم. مانگ و نیوێکی ڕەبەق قاچم لە گەچدا بوو. هەر بە دەستووری ئەمجارە، لەبەرئەوەی تاریکەشەو بوو، ئامۆژگارییان کردم کە نابێ بە شەو ڕێ بکەم. ئامۆژگارییەکەم نەگرتە گوێ و بەو دەردە چووم کە چووم. جگەلەوەی کە ئەرکەکەی سەر شانیشم بەجێ نەهێنا و وەختابوو ببمە هۆی ڕوودانی کارەساتێکی گەورە. سۆفی ڕەحمان وتی: سەرکێشیکردن بۆ ئێوەومانان خراپە، دەبێ هەموو شتێکتان بە پێوانە بێ و لە هەموو کردارێکیشدا ئەقڵ بەکاربێنن. ئینجا دوای ئەوە خواتان لەپشت دەبێ، ویستم بەرپەرچی بدەمەوە و نەیهێشت. وتی: خوا پشتی مرۆڤێک ناگرێ کە لەو ئەقڵەی پێی بەخشیوە، ئیشی پێ نەکا و کاروباری ژیانی خۆی بەڕێکوپێکی پێ مەیسەر نەکا. کە پێم وت: من ئەمە یەکەمجارمە بەم ڕێگایەدا دێم و حەز دەکەم بزانم ئامۆژگاریت بۆ سبەینێم چییە. وتی: بۆ سبەینێت زیاتر پێویستت بە بەکارهێنانی ئەقڵ دەبێ وەک لە ئەمڕۆت. بۆ سبەینێ دەبێ زۆر زوو بکەویتەڕێ. (مارانێ) بە قسە دوور نییە و ئائەوەتا لەودیو ئەو شاخەوە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر دوورە، چونکە شاخێکی گەلێ سەختی بۆ دەبڕیت. ئەگەر سەختیی شاخەکەش بخەینە لاوە، گرفتی ڕێگاکە یەخەت دەگرێ، ڕێگا نییە و پێی دەوترێ ڕێگا. لەساڵێکدا مەگەر چەندانێکی وەک

تۆ بیگرنەبەر، دەنا بە ڕێگا لە قەڵەم نادرێ، من بەشبەحاڵی خۆم تەنیا یەک جار پیایدا هاتووم و ئیتر ڕێم تێی نەکەوتۆتەوە. سۆفی ڕەحمان ترساندمی. هێجگار وا نییە. ئەو وتی ڕاستە ورچەڕێیەکە و لە هەندێ شوێندا بە ئاستەم شوێنەواری دەمێنێ، بەڵام فەرموو. ئەوەتا وا نزیکی چێشتەنگاوە و خەریکم دامێن کۆتایی پێدێنم، کەچی زۆر ئاساییە. قسەی خۆمان بێ پیرەمێردەکەش سەرسامیی پێوە دیاربوو، وتی: زەلام کێیت؟ وتم: خۆمانین. وتی: خۆتان کێن؟ وتم: دە تۆ ئەو گەماڵەم لەکۆڵ بکەرەوە. کە وتی: دەتۆ پێم بڵێ خۆتان کێن و کە وتم میوانی سۆفی ڕەحمان بووم و بەرەو ئەودیو شاخ دەچم. ئەوسا گەماڵەکەی لێ دوورخستمەوە و لێم هاتە پێش. بە سەرسامییەوە لێی پرسیم: بەرەو ئەودیو شاخ دەچیت؟ کە وتم: بەڵێ. وتی: سۆفی ڕەحمان ئاگادارە؟ وتم: بەڵێ. ئەوسا دوای کەمێ ڕامان. وتی: فەرموو... بڕۆ خوات لە پشت بێ، بەڵام وریابە... سۆفی ئاگاداری کردیت کە وریا بیت؟ ئەمجاریش کە وتم: بەڵێ. وتییەوە: بڕۆ خوات لە پشت بێ، ئیتر تۆ پشت بە خوا و ئامۆژگاریی سۆفی و بوارپێدانی پیرەمێرد هاتیت. لە ئاوایی دەرچوویت و ڕێگات گرتەبەر. تازە سپێدەی دەدا. گەیشتیتە سەر یاڵێک. دەتزانی یاڵەکە بەسەر ئاواییدا دەڕوانێ، ڕاوەستایت.

وەرچەرخایت و هەڵتڕوانی، دیمەنێکی دڵگیر بوو. هەستت کرد گەشکەیەک لە ناختدا بروسکە دەدا و بە هەناوتدا دەگەڕێ، ئاوایی لەبەردەمتدایە و بە باخاتێکی چڕ دەورە دراوە. خوارتر زێیە و بەخوڕ بەرەو خوار دەبێتەوە، تۆ تەنیا پێچێکی لێ بەدی

دەکەیت. لە پشت چیایەکی بڵندەوە سەرهەڵدەدا و خێرا خۆی بەودیو چیایەکی بڵندتردا دەکا، سەر بەرزدەکەیتەوە بەلای ڕاست و بەلای چەپدا دەبینیت هەر لوتکەی شاخە و قووچ بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە. هێشتا سپێدەیە. هێشتا پەردەیەکی تەنکی لێڵاییان بەسەرەوە ماوە و تا زیاتریش بینایی بەرەو خوار دابگریت، پەردەکە ئەستوورتر دەبێ. گەشکەکە زۆر خۆش بوو. حەزت دەکرد چوار مەشقی بۆی دابنیشیت و درێژەی پێ بدەیت، کەچی نەتکرد. ماوەت بە خوت نەدا و وەرچەرخایتەوە ویستت هەنگاو هەڵبنێیت و بکەویتەوە ڕێ، لەناکاو بەئاگا هاتیت. وتت: بۆ بەوردیی سەرنجێکی نادەیتێ؟ ئێوارە کە گەیشتیت، تاریک داهاتبوو. هیچت لێ بەدی نەدەکرد. بەیانیش کە کەوتیتە ڕێ، تا گەیشتیتە سەر یاڵ، هیچی وات لێ نەکەوتە بەرچاو. ئادەی... سەیرێکی بکە. کە سەرم بۆ هەڵبڕی، بە تەواوی بەژن و باڵایەوە کەوتە پێش چاوم. ناڵێم دڵم داخورپا، بەڵام قسەی خۆمان بێ حەپەسام. ئەوە چییە؟ من بەکوێیدا سەردەکەوم؟ ئەگەرچی شاخم لەمە بڵندتر نەدیوە، بەڵام حەپەسانەکەم لە بڵندییەکەی نییە، بەڵکو لە سەختییەکەیەتی. دیوارێکە و بەرەو قووڵایی ئاسمان هەڵچووە، دیوارێکە و نە کۆتایی ئەملای بەدی دەکەم، نە ئەولای. لەگەڵ ئەوەشدا نەمهێشت هەستی حەپەسانەکەم زۆرم بۆ بێنێ و گیرم بدا. لە دڵدا وتم: مامۆستا خدر زوو پێشم کەوت و ئاگاداری کردم، کە شتێکی وەهام دێتە ڕێ، هەروەکو وتی: تۆ سۆفی ڕەحمانت هەیە. چۆنت بۆ باس دەکا، وەها بڕۆ و ئیتر ئاسانە.

دەسا ئیتر حەپەسانی بۆ چییە؟ سۆفی وتی: کە لە ئاوایی دەردەچیت، دوای کەمێ ڕێگا دەبێ بە سێ. ئەوەی لای ڕاست بۆ گوندی (زێکەڵە) دەچێ. ئەوی لای چەپ بۆ (بنارە) و تۆ ناوەڕاستیان بگرە، کە لەو ساتەوە دەبێتە توولەڕێیەک و ئیتر لەوە بەدوا، توولەڕێ نابێتەوە بە دوو. تەنیا هێندە هەیە کە دەبێ وریابیت دەبێ هەنگاو بە هەنگاو لێی بەئاگابیت، چونکە لەوانەیە شوێنەواری ون ببێ. بە تایبەتی کە وەرز بەهارە و زستانێکیشی بەسەردا ڕابووردووە. هەروەها وتی: تەنیا سەرکەوتنی ئەمدیوت زەحمەتە. دەنا شۆڕبوونەوە بەودیودا. ئاسانە. دەی چاکە... ئامۆژگارییەکانی سۆفی لەسەر سەرم. ڕاستە کە شوێنەواری توولەڕێم دووجار لەبەرچاو کزبوو، بەڵام تووشی زەحمەتی نەبووم و بە ئاسانی شوێنپێم دەدییەوە، بە تایبەتی شوێن سمی وڵاخ. ئاخۆ ئێستا سەعات چەند بێ؟ ئێ باشە... هەقی خۆیەتی بناری دیوارەکەیە. کانی و ئاوێکی کێویش دایکوتە. بە مەرجێ تەنیا بۆ یەک چارەکە سەعات بێ. دەسکاریی قوتووەکان مەکە. با بمێنن. چارۆکەکەی سۆفی بکەرەوە. دوو هێلکە، سەلکێ پیاز، تۆزێ خوێ لە پارچە کاغەزێکدا و تۆپەڵێکیش خورمای خەستاوی. سۆفی تۆ چ جۆرە مرڤێکیت؟ چ مەردێکیت؟ هاتیت وەک باوکێک بەخەبەرت هێنام. هاتیت وتت: کوڕەکەم هەڵسە... شەوێ پێش ئەوەی بخەویت، داوات کرد زوو لە خەوت هەڵبستێنم. سۆفی، ئەم قسەیەت وای لێکردم، وەک کێچ ڕاپەڕمە سەر پێ، لە ماوەی جگەرەکێشانێکدا خۆم ئامادەی کەوتنەڕێ کرد، پێش

خواحافیزیلێکردنت، چارۆکەیەکی گچکەت هێنا و وتت: ئەوە بەرچاییەکەی ئێرەتە. لە کوێدا هەستت بە برسێتی کرد، دانیشە بیخۆ و بەبیرت بێتەوە، کە دەستی ئەم عەبدەی خوات لەسەر شانە... کە لە خودات بۆ دەپارێتەوە، بگەیتە جێ و ئەرکی سەرشانت بەجێبێنیت سۆفی... کانی و ئاوێکی کێویی جوانە. تۆ هیچت لە بارەیەوە بۆ باس نەکردم. هیچ هێمایەکت پێ نەدا. تۆ بڵێیت لە ڕۆژانی پێداڕابووردنەکەی تۆدا نەبووبێ؟ ناشێ... کۆنە کانییە، ئەگەرچی کێوییە. با نانەکەم بخۆم، دەسکارییەکی دەکەم. گوناحە. خۆ هیچ نەبێ جار ناجارێ یەکێکی وەک من ڕێی تێی دەکەوێ. بە چەشنی سەرداراوای لێدەکەم. کەس چاوەڕوانی نەدەکرد، ببێ بەوەی کە بوو. حەوزێکی کۆنکرێتی لەبەر دەمیدا و لە سێ جورنەوە ئاوێکی ساردی سازگار فڕێ بداتە دەرەوە. ئەویش کانی و ئاوێکی کێوی بوو. بە سێ کیسە چیمەنتۆ و بەردی مەعافی دەوروپشتی خۆی و پاچ و خاکەنازێکی دەستی من، کردمە سەرداراوا، من نا، برادەران ئەم ناوەیان لێنا. ساڵ وەرنەگەڕایەوە، بامێ و تەماتە و باینجان و خەیار و شووتی و کاڵەکم بۆ لێ مسۆگەر کردن. گەلێ نەمامیشم بەدەوردا ناشتن. جوتیار نەبووم و ئەو جوتیارییەم زۆر پێخوش بوو، باخەوان نەبووم و ئەو باخەوانییەم زۆر حەز لێبوو. ڕاستە حەزەکەم لە زووەوە لە دڵدا هەبوو، بەڵام قەت فرسەتی بەدیهێنانیم بەخۆمەوە نەدیبوو، نەچووبووینە هیچ خانوویەکەوە باخچەی تێدابووبێ هەتا خومی پێوە خەریک بکەم. یا حەوشەیەکی گەورەی هەبووبێ و

بیکەمە باخچە. هەردەم خانووە کونەگورگەکانی کۆنە گەڕەکەکان بەشم بووە. حەوشەیەکی قنگەجنۆکە و هەیوان و پشتهەیوان و کەلەگییەک، سەرتەنوور و ئاودەستیش بەوبەرەوە. ئەوپەڕەکەی دارتوویەک و لەبەر بەلووعەی حەوشەکەدابێ و زل و زەبەلاح ئاسمانی داپۆشی بێ. تەنیا جارێک فرسەتم بۆ هەڵکەوت، ئەویش لە خانوویەکی قەراغ شاردا بوو. خانووەکەی پوورە عەتێم. تازە تەواو بووبوو. دروستی کرد خۆی بچێتە ناوی و نەیوێرا. وتی: منێکی بێوەژنی تەنیا باڵ، بچمە ئەو چوڵەوانییە، چی بکەم؟ دایکم ئـەگـەرچـی حـەزی نـەدەکـرد لێی جیاببمەوە، بـەڵام پـوورمـی خۆشدەویست. بە تایبەتی کە چاکەی زۆر بەسەرمانەوە هەبوو. دوای مردنی باوکم یارمەتیی زۆر دابووین. بڕیاری دا من بەماڵ و منداڵمەوە بچم و لەگەڵیدا دانیشم. ئەو وەختە تەنیا ئالانمان هەبوو کە بەرمەمکانە بوو. چووین خانووەکە لەسەر تەرزی لای خۆمان دروستکرابوو، تەنیا جگە لە دەستەی ئاسایی بەرەوژووری، هۆدە و هەیوانێکیشی لە خوارەوە هەبوو. هەر زوو بیرم بۆ ئەوە چوو، کە دەشێ حسابێکی بۆ ئێمە کردبێ، ئەویش من و دایکی ئالانی زۆر خۆشدەویست. جارێکیان ئەمەم لەلا درکاند، کەچی پێکەنی و وتی: جا چاکم نەکرد؟ من دەمویست ئێمە لە هۆدە و هەیوانەکەدا بین و ئەو لەسەرەوە. ڕازی نەبوو، وتی: شتی وا نابێ. ئێوە لەسەرەوە دەبن و من لە خوارەوە، ساڵ و نیوێکی تێدا مامەوە. شتێکم لە حەزەکەی ناخم تێدا بەدی هێنا، باخچەیەکی قەشەنگم لە حەوشەکەیدا ڕازانـدەوە، زیاتر چیمەن و گوڵ و

گوڵزار بوو. چەند نەمامێکیشم تێدا ناشتن، کە ئێستا چوار جار و پێنج جار لە بالآی خۆم بەرزترن، بەڵام من تا لە تەکیاندا بووم، نەگەییم بیانبینم لە ناوقەدم تێپەڕ بکەن، پوورم شووی کردەوە. دایکم لەبەر مەسڵەحەتی من، گلەیی لە شووکردنەکەی هەبوو. من گلەییم نەبوو. هێشتا گەنج بوو. بەلامەوە ئاسایی بوو، ئەگەرچی دەمزانی کە من دەبێ بگەڕێمەوە، ناو کونەگورگەکەی لەمەڕ دایکم، خواهەڵناگرێ ئەو ئێستا و ئەوسا هیچی نەوت. مێردەی لە هۆدە و هەیوانەکەی خـوارەوەدا خستە تەک خۆی، بەڵام هەر دوای دوو سێ مانگ هەستم کرد جارجارە لێیان دەبێتە دەمەقاڵە. سەرنجم دا پوورم دەرگاکە لەسەر خۆیان دادەخا و دەمەقاڵەکە دەئاخنێتە ژوورەوە. من قەت نە گەمژە بووم و نە مفتخۆر. کە زانیم مەسەلە چییە؟ خێرا بڕیارم دا، کەلوپەلمان پێچایەوە. پوورم بە هەڵەداوان هات. وتی: ئەوە چییە؟ وتم: پوورێ گیان... دڵ لە دڵ مـەدە. هـەر پـووره خۆشەویستەکەی جارانمیت. چاکتر وایە بگوێزینەوە، پوور دایە پڕمەی گریانێکی بەکوڵ و هەڵات. سەیرە! ئادەمیزاد شتێکی سەیرە! دوای سێ ڕۆژ هات بۆ لای دایکم. بەپەرۆشەوە پەلاماری منی دا و ماچی کردم. بەپەرۆشەوە ئالانی گرتە باوەشی و نووساندی بە سنگییەوە. زۆری پێ نەچوو ڕووی قسەی کردە دایکم و وتی: حەمەسالّح دەڵێ حەزدەکەم سەردار بکەم بە شەریکی خۆم. دایکم دڵی لێی شکابوو. خۆی لە قسەکەی گێل کرد و وەرامی نەدایەوە. تا کاتێ بۆ جاری دووەم دووبارەی کردەوە و بەدرێژیی باسی کرد، ئەوسا دایکم وتی: ئەوە سەردار و

لە خۆی بپرسە، بزانە چی دەڵێ. من زانیم دایکم لێی پەستە و حەزناکا، بەڵام بەزەییشم بە پوورمدا دەهاتەوە. وتم: پووری... من سوپاسی تۆ و کاک حەمەساڵحیش دەکەم. ئیشەکەی خۆم باشە و نامەوێ دەستی لێهەڵبگرم. پوورم ئیتر لە سەری نەڕۆیشت. تەنیا وتی: تۆ بیرێکیشی لێ بکەرەوە. بیرم لێکردەوە. ئاوی کانییەکە سارد نییە. پێم سەیرە! نازانم. من تەنیا هێندە دەزانم، کە دەبێ مەتارەکەمی لێ پڕبکەمەوە، زۆرم لێ نەخواردۆتەوە. ڕاستە، دوو سێ جار و هەر جارەی، قومێک و دەم و قوڕگمم پێ تەڕ کرد. هەر ڕاستە، بەڵام ئامۆژگارییەکەی مامۆستا خدرە و جارێکی تر فەرامۆشی ناکەم، دەیوت: تەنانەت ئەگەر یەک قومیشت لێ خواردبۆوە، یا نینەیەکی لێ بەتاڵ بووبۆوە، هەر کاتێ ئاوت هاتەڕێ لە بیرت نەچێ پڕی بکەیتەوە، چونکە ئەو قومە و ئەو نینەیە لە کاتی خۆیدا بایەخی پڕاوپڕی مەتارەکەی هەیە. لەمیشیاندا مارانگازم. ڕاستە لە تینوواندا نەخنکام. کەس لە ڕێگاوبانی ناو شاخ و داخدا، لە تینوواندا ناخنکێ، بەڵام ئازارێکی جەرگبڕم بە دەستییەوە چەشت، لە چاویدا مردنم بە ئاوات دەخواست. تۆ وەرە کێوێکی ڕووتەنی سەخت و پیایدا هەڵزنێ و بەودیویشیدا بەبێ ئاو ڕۆبچۆرە خوارێ. بۆچی؟ چونکە ئامۆژگارییەکەم فەرامۆش کردبوو. سۆفی و مامۆستا خدر لە زۆر شتدا لە یەک دەچن، سۆفیش وتی: ڕێگاکەت بێ ئاو نییە، بەڵام لە هەر شوێنێکدا ئاوت دی، مەتارەکەتی لێ پڕبکەرەوە. لە وەختی خۆیدا بەکەڵکت دێ. ئا... با بەڵێنەکەم بەجێبێنم. یەکێ کە بەڵێنی دا دەبێ بەجێی

بێنێ، با بەسەر زمانی ناخیشدا هاتبێ. شکاندنی ئەم بەڵێنیان ستەمترە، لەوەکەی سەر زمانی ناو دەم. ئەویان لەڕووەو ڕاستەوخۆ سزای دەنۆشرێ و دەبڕێتەوە. لە کاتێکدا ئەمیان شاراوەیە و سزاکەی لە قووڵایی دەروونندا یەق دەداتەوە. من ئەمەم لە تاقیکردنەوەی خۆمەوە بۆ دەرکەوتووە، بە ئاسانی دەتوانم بەو حاڵەتانەدا بچمەوە کە بەسەرم هاتوون. لە دڵی خۆمدا بەڵێنم دا، هەروا بەسەر پێوە لابدەمە لای حەمەسەعی و ئاگاداری بکەم کە بەدەستەوەیە بیکوژن. هاوڕێی منداڵیم بوو. ئەگەرچی چەند ساڵێک بوو لە یەکتر دابڕابووین، لەگەڵ ئەوەشدا نەدەچووە ئەقڵمەوە ئەو تۆمەتەی دابوویانە پاڵی، ڕاست بێ. بۆ ئاقیبەتیش، کەس نەیدەزانی، کەچی بەلای قەلەندەرخانەکەیدا تێپەڕیم و لام نەدا. ڕۆژی دوایی هەواڵەکەم بیست لە سەرەتادا سست بووم و وام هەست کرد کە ئیفلیج بووم. دەبوو بۆ ناشتنەکەی بچم بۆ سەرقەبران و نەمتوانی لە جێی خۆم ببزوێم. حەمەومین هات بۆ لام و بە تەوسەوە وتی: نایەیت بۆ ناشتنی هاوڕێکەی منداڵیمان؟ وەرامم بۆ نەدرایەوە، تەنیا دوو چاوی پڕ لە فرمێسکم بۆ هەڵبڕی و خێراش شۆڕم کردنەوە. هەستم کرد ئەو پاشەوپاش دەکشێتەوە. هەستم کرد لە دەرگاکردنەوە و ڕۆیشتنیدا بۆ بەشداربوون لە ناشتنی حەمەسەعید دا، دەرگای دۆزەخ لە من دەخاتە سەرپشت، شەو خەو نەچووە چاوم. ڕادەکشام بنووم و هەرهێندەم دەزانی هێڵنجێک لە ناکاوێکدا، وەک بۆمبایەک لە هەناومدا دەتەقێتەوە. شەپۆل بەرەو سنگ و قوڕگ و ناو دەمم دێنێ و بەدەم یۆعێکی

پووتی خنکێنەرەوە، ڕامدەپەڕێنێتە سەر پێ، بەدوایدا لە ژوور دەردەفرتێمە دەرەوە بۆ حەوشە. لە هەموو جارێکیشدا، دایکی ئالان بە دوامدا ڕادەکا. ڕاهاتبوو بە دەنگی بەرز نەگری. بەدیارمەوە کپ دەگریا و دەکڕووزایەوە. ئەو نەیدەزانی باس چ باسە! من خۆم دەمزانی. هەموو جار بەدەم کڕووزانەوە دڵ پڕ وێنەکەیەوە دەیپرسی: چی بووە؟ چ خێرتە؟ حەزم دەکرد وەرامی بدەمەوە و بڵێم: قێزم لە خۆم دێتەوە، لە خۆم دەڕشێمەوە. حەزم دەکرد بڵێم من کوشتم... ئا من کوشتم و نەمدەتوانی، لە بەرەبەیاندا کار گەیشتە پەنابردنە بەر دوکتۆر و دوکتۆرکاری، دوکتۆر وتی: دەبێ بحەوێیتەوە. حەوامەوە، ئاسایی بوومەوە و مانگێکی پێ نەچوو، وتیان: بەبێ گوناه کوشتمان، شاڵا نەیانوتایە. خراپتر. هەستەکە تیژتر لێم هاتەوە سوێ. کەوابێ هەر بە ڕاستی من کوشتم، دەردێکی گرانە. زۆر کەس لەلایەن زۆر کەسانی ترەوە، چرای ژیانیان دەکوژێنرێتەوە، بێئەوەی هێندەی نووکی دەرزییەک خراپەیان کردبێ!... وا تێدەگەم ئێستا باشە. با ئاوەکەی ڕوون ببێتەوە، ئەوسا دەکەومەوە ڕێ، ئەگەرچی دوای ماوەیەک تێکدەچێتەوە، بەڵام من حەزێکی خۆمە و بەجێم هێنا. پێم ناخۆشە کانی و ئاو ببینم و دەستی پێدا نەهێنرابێت. هەرچەندە بینینیشی دەگمەنە. مەگەر کانییەکی تەریکی وەک ئەمە، کە هاتوچۆی بە سەرەوە زۆر کەمە. دەنا کانی و ئاو بەبێ دەستپێداهێنان نامێنێتەوە. ئەگەر لای من تەنیا حەزێک بێ، لای خەڵکی لادێ ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانە. مام فەتاح بۆی گێڕامەوە، وتی:

ساڵێکیان شەڕێکی گەورە لەنێوان دوو ئاواییدا، لەسەر ئەم مەسەلەیە قەوما. زەلامێکی تێدا کوژرا و دووی تێدا بریندار بوون. دوایی باش بوو مەلا و ڕیشسپییانی ئاواییەکی تەنیشتیان کەوتنە بەینەوە و هەراکەیان کۆتایی پێهێنا. پێم وایە بە دەستپێداهێنانەکە، ئاوەکەشی زیادی کرد. وای دەبینم. وتم چارەکەسەعاتێک و وا بووە بە بیست دەقیقە. پێنج دەقیقە زیادە. چاکت نەکرد. باس لە پێنج دەقیقەکە نییە. ماوەکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. بایەخ لە مەغزاکەیدایە. ئەگەر بتوتایە بیست... بتوتایە نیو سەعات، ئاسایی بوو، بەڵام چارەکەسەعاتێک... بینیت؟ دەبینیت؟ تەواو بندەستی. لە ئێستەوە ئیتر هەنگاو بە پیلکانەدا سەردەخەیت. دامێن تەواو، حسابەکەی سۆفی زۆر ڕاست دەرچوو، وتی: بڕینی دامێن بۆ ڕێبواری ئاسایی هەتا چێشتەنگاوە. لەکاتێکدا بۆ تۆ کە پیشەتە و بەپەلەیت، زووتر دەگەیت. ڕاست بوو. ئەی شاخ خۆی؟ وتی: ئەویش بۆ تۆ تا دەمەدەمی عەسری پێدەوێ. – بەبێ ڕاوەستان؟ – بێگومان نا... ئەوە لە توانای هیچ ئادەمییەکدا نییە. سێ حەوانەوەی سێ چارەکەسەعاتیم بۆ داناویت تۆ بڵێیت ئەم سۆفییە تەنیا مجەورێکی خواپەرستی ئاسایی بێ؟ قەت لەوە ناچێ، سێ حەوانەوەی سێ چارەکەسەعاتیی بۆ داناوم. سەیرە! هەست دەکەم بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، ئەوەی وتویێتی بیبەمەسەر، چۆنی ئامۆژگاری کردووم، وەها بکەم، بۆچی؟ هەر سەیرە! بەیانی کە هاتم بکەومەڕێ و خواحافیزیی لێ بکەم، بە سۆزێکی بێوێنەوە ئەملاوئەولای ماچ کردم و بەڕێی کردم. سۆزێکی بەجۆشتر لەوەکەی مامۆستا خدر.

لەبەر ماڵی پیرەمێردەکەشدا وەختێ وتم: میوانی سۆفی ڕەحمان بووم و بەدەمییەوە ئاوڕێکم بۆ خوارەوە دایەوە، وام هاتە بەرچاو کە دەیبینم، لە سەربانی مزگەوتەکە ڕاوەستاوە و ڕووەو من دەڕوانێ!... گەماڵەکە تەنگەتاوی کردبووم، بە منداڵی زۆر لە سەگ دەترسام. تا ئێستاش ئەو ترسەم لە کۆڵ نەبۆتەوە، هەر هێندەی لە ئاواییەک نزیک دەبمەوە، لە ناخمدا سەرهەڵدەداتەوە و دان بە خۆمدا دەگرم وەها هەنگاو دەنێم، وەک سەربازێک بم و بەرەو ناوجەرگەی شەڕێک بچم. قیروسیای لێ دەکەم و ملی پێوە دەنێم، زۆری پێ ناچێ دەدرێمە بەر شێلگەی حەپەحەپ. دەڵێیت تۆپباران دەکرێم. لە ئەنجامیشدا سەلامەت دەردەچم. خۆ من نە لە منداڵیمدا و نە بە گەورەیی، هیچ سەگێک نەیگەستووم. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر دەترسم. دەزانم دەبێ لە گەستنی سەگ نەترسم. دەزانم دەبێ لە گەستنی سەگی دوو پێی وەک ئەحەی گوڵناز بترسم. تۆ ئەوەت لە بیرچووبۆوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە کۆڕێکی برادەراندا بە درۆت خستۆتەوە و تەریقت کردۆتەوە، کەچی ئەو لە عۆیەیدا وەختابوو وەک مار پێتەوە بدا. تۆمەتێکی وەهای دایەپاڵ، کە ئەگەر ماموستا خدر بەفریات نەکەوتایە و پووچی نەکردایتایەوە، خراپ تووش دەبوویت. ئەو سەلماندی کە بوختانە و ئینجا بوختانکاریشی بە سزای خۆی گەیاند، ویستیان سزایەکی قورسی بدەن، من خۆم شەفاعەتم بۆ کرد. حەزناکەم ببمە هۆی ئازاردانی هیچ کەسێک، تەنانەت ئەگەر بووبێتە هۆی ئازاردانیشم. دەزانم ئەمە سیفەتێکی باش نییە، چونکە زۆرم

لەسەر کەوتووە و زۆریشم لەسەر دەکەوێ. تووشی گەلێ گێچەڵ و گرفتی کردووم، بۆم بۆتە هۆی زۆر ئەرک و ئازار و بەدەست خۆم نییە وەها خوڵقاوم. دەزانم ئەگەر بە زیرەک و وریا و کارامە نەناسرامایە، ئەم سیفەتەم لەباتی دڵپاکیی، وەک گەلحۆیی دەدرایە پاڵ. ئەمەش قسەی خۆم نییە. جارێکیان ئازادی مام برایم گەیشتە تینی و بە گوێمیدا دا. وتم: دەتەوێ وا نەبم؟ وتی: وا تێدەگەم. وتم: دەبێ بچمەوە سکی دایکم و جارێکی تر لەدایک ببمەوە، دەکرێ؟ وتی: هیچمان لە هیچ، چۆنیت هەر وەها بەو گرنگ ئەوەیە کە گەلحۆ نیت. تۆ بڵێیت گەلحۆ نەبم؟

خوا هەڵناگرێ سۆفی وەهای نەوت. سۆفی وتی: کە دەبێ وریای ڕێگاکە بم و بزری نەکەم، بزرم نەکردووە، شوێنەواری ئاشکرا و ڕوون دیارە. بەرەکەتم لەسمی وڵاخە، دەنا توولەڕێ بە ئاستەم توولەڕێیە. هێندەم نەماوە دامێن بنبڕ بکەم. ئەی لە کوێوە سەردەکەوم؟ دەشێ لەو ئاودڕەوە بێ؟ لەوە ناچێ. ئاودڕ وا ڕووەو لای شانی ڕاستمە و ڕێگا بەرەوپێش دەڕوا، ئێ ئاخر بەرەوپێش دیوارێکە ڕووە و ئاسمان هەڵکشاوە. بەکوێیدا سەردەکەوم؟ ئا... دەرسەکەی منداڵیت... ئەویان بە پێچەوانەی ئەمیانەوە بوو. لەگەڵ مامە سالەتدا لە سەگرمە، ڕێگاتان لێ بزر بوو. وەرز بەهار بوو وەک ئێستا. بۆ کربچنە دەچوون، نزیک لوتکە بووبوونەوە. ئەو بڕیاری دا بگەڕێنەوە دواوە و لەگەڵ شارەزایەکدا ڕێگا بگرنەوەبەر، تۆ سەرت سوڕما. وتت: ئەوەتا ئێمە نزیکی لوتکەی شاخین. بۆچی سەرنەکەوین و لەوێوە دانەبەزینە خوارەوە؟ ئەو

بۆت پێکەنی و وتی: ئاخر بابەگیان... کێ دەڵێ بەودیودا وەک دیوارێک نییە؟ من لە دڵدا باوەڕم بە قسەکەی نەبوو، گەڕاینەوە خـوارەوە، بۆ بەیانی لەگەڵ کەر و بارێکدا کەوتینەوە ڕێ، کە گەیشتینە جێ، مامم وتی: بڕوانە... ئەگەر دوێنێ بە قسەی تۆ بهاتینایە، دەبوو بەو دیوارەدا شۆڕببینە خوارەوە کە دەیبینیت، دەمانتوانی؟ ئێستاش وا ڕێگا ڕوو لە دیوار دەکا. من دەبێ جڵەوی خۆم بدەمە دەست ڕێگا. کێ دەڵێ بە پلیکانەیەکدا بە دیوارەکەدا سەرم ناخا؟ گرنگ ئەوەیە ڕێگا ون نەکەم. لە ڕێگا لانەدەم. لە ناو شاخ و داخدا ئەنجامی لە ڕێگا لادان خراپ دەشکێتەوە. باوکم جارێکیان بۆی باسکردم وتی: ئەوەی بۆتی دەگێڕمەوە، لە باوکمی ڕووداوە و لە زاری خۆیم بیستووە. وتی: وەختێ بەخۆدا هاتم و فامم کـردەوە، ڕوانیم بە شێوەیەکی سەیر شێت و شەیدای شاخم. ڕوانیم هەر هێندەی ڕۆژم لێدەبێتەوە، لە ماڵ دەردەفرتێمە دەرەوە و دەکەومە هەلزنان بە کێوەکانی چواردەوری ئاواییدا. تا وای لێهات ئەوە بووە پیشەی شەوانیشم، بە تایبەتی شەوانی مانگەشەو، کە زیاتر فامم کـردەوە لە خۆم کەوتمە گومانەوە، ڕووی پرسیارم لە دایکم کرد. وتم: دایکە من بۆچی وەهام؟ دایکم بۆم پێکەنی، وتی: بۆچی کەس لەسەر ئەم کردەوەیەت تانووتی لێداویت؟

وتم: نا... بەڵام خۆم سەرم لە خۆم سوڕماوە، کە بۆچی وەها شەیدای شاخ و کێوم! ئەوسا دەستێکی سۆزی بەسەرمدا هێنا و بە زەردەخەنەیەکی گەشەوە وتی: کوڕە شیرینەکەم، باوکیشت،

باپیریشت، باپیرەگەورەشت... هەروەک تۆ بوون. ئەم شەیداییەت لە باووباپیرانەوە بۆ ماوەتەوە، کوڕی شاخیت. دەزانیت یەکەمجار لە کوێدا چاوت بە ژیاندا هەڵهێنا؟ ئا لەسەر ئەو لوتکەی پیرەمووژەیە. لە ژێر کانییەکەی ژێر داربەڕووەکەدا. مامە کەریمت ژنی دەهێنا. باوکت زۆری لێکردم کە منیش دەبێ لەگەڵیاندا بچم. وتم: من مانگی خۆمە و چاکتر وایە نەیەم، بێ سوودبوو، بردمی. لەوێدا ژان گرتمی و تۆم بوویت. من هەقایەتەکەم زۆر جار دەهاتەوە بیر. بەتایبەتی کە بۆ سەفەر، یا بۆ سەیران ڕێم دەکەوێتەوە ناو شاخ و داخ. ئەوسا ئەو گەرایەی لە باپیرانمەوە بۆم مابۆوە، لە دڵمدا چرۆی دەکردەوە. حەزم دەکرد بەرەڵڵای دامێن و قەدپاڵ و ترۆپکەکانیان ببم و بست بەبستیان بە پێ تەی بکەم، بەڵام بۆم نەدەلوا، تا ڕۆژان هاتن و ڕۆژان تێپەڕین و خوا کردی ئەوەی حەزم لێدەکرد و بۆم نەدەلوا، بووە ئەرکێکی سەرشانم و بووە پیشەم. خۆشە مرۆڤ ئەرکێکی وەهای بخرێتە ئەستۆ، کە عەشقێکی لە دڵدا بەرامبەری هەبووبێ. ئا... ئەوەشم فەرامۆش نەکرد، کە لەگەڵ هەڵکەوتنی یەکەم فرسەتدا، لابدەمە سەر ترۆپکی پیرەمووژە و ماوەیەک لەسەر ئەو کانی و ئاوە دابنیشم، کە باپیرم لە تەنیشتییەوە بۆ یەکەمجار چاوی بە دنیادا هەڵهێنابوو. یەکێک بوو لە ساتە هەرە شیرینەکانی ژیانم. وەختێ هاتمەوە خوارەوە بۆ ناو ئاوایی، ویستم بچمە سەر گۆڕەکەی و مزگێنی بدەمێ، کە وەجاخی ڕوونە و شوێنی حەزەکەی کوێر نەبۆتەوە، بێ سوود بوو. باوکم هەر لە هەرزەکارییەوە خۆی و سەرجەمی خێزانە

بچووکەکەی کردبووە شاریی. دوو سێ خزمی دایکمم دۆزینەوە، ئەگەرچی بە ناسینم زۆر پێخۆشحاڵ بوون، بەڵام لە ناسینەوەی گۆڕی باپیرمدا بێخەبەر بوون. زیاد لە پەنجا ساڵ بەسەر مردنیدا ڕابووردبوو، تا ئێستا هەر کە ڕێم دەکەویتە ئەوێ تەقەلا دەدەم سەرێک لە پیرەمووژە و لە کانییەکەی ژێر داربەڕووەکەی بدەم. هەر کە دەیگەمێ و دادەنیشم، ساتە هەرە شیرینەکەم لەلا دووپات دەبێتەوە، مەست دەبم، گەشکەیەکی ئەفسووناویی سەراپای دڵ و دەروونم داگیر دەکا. ئەوە لە ساتی حەوانەوەدا ڕوو دەدا، دەنا من قسەی خۆمان بێ، شاخ زۆر ماندووم دەکا. بگرە زۆرجار ڕاز و گلەییشمان دەکەوێتە بەینەوە. هیچ دوور نەڕۆین ئێستا ئەوەتا فەرموو... خۆ خۆت چاک دەزانیت من چەندم پەلەیە، خۆ کفر نابێ تۆزێ خۆتم بۆ نزم بکەیتەوە و ئەوەندە ماندووم نەکەیت، کەچی نایکەیت، ئێ باشە بۆچی؟ ها؟ چۆن؟ مەراییت بۆ بکەم و لەبەرت بپاڕێمەوە؟ ئینجا چییە!... زۆر باش دەیکەم، چونکە دەزانم خۆم پێی سەربەرز دەبم، فەرموو گوێبگرە... (دلۆلۆ ئەمان دلۆلۆ ئەمان ئەم چیایەم گەلەک سەخت و بڵندە. ئەمن ئەوڕۆ لە سبینانێوە نواڵە بەنواڵە لێم گرتیتە بەر ڕێی کەشکەلانێ. لێم لەبن نایە خەرەند و ڕژد و ڕەوەز و هەڵەمووتانێ. ئەمان چیایۆ لە منت نەکەوێ. ئەمن عیشقی تۆ لەسەرمیدایە و لە بۆ سەربڵندیی تۆ گرتیمەبەر ڕێی هاتونەهاتێ. ئەمن تەنێ گورێکم لە باخێ و لە درمدایە ئاخێ. کەنگێ چیایۆ کەنگێ دەمکەیە تاجی سەری خۆ. ئەمان لەمنت

نەکەوێ، دەبرێ بەو تروپکی سەر لە کەشکەلانەی... دەبرێ بەو عاشیقەی بەم دەرە بوارەی هاتیتە بەر دەرکی مە... دەبرێ...).
دەبڵێ... ئای! ڕێگا! کوا ڕێگاکە؟... کوا؟

**(٢)**

کە بەئاگاهات، لە جێی خۆی قاچی بە زەوییەکەدا داکوترابوو. حەپەسانەکەی لە ڕادەی وڕبووندابوو. وڕبوونی مرۆڤێک و لە شیرینخەودا بەسەر کارەساتێکی سامناکدا ڕاچڵەکێنرابێ. هەستی دەکرد تەمێک کەوتۆتە سەر چاوی و بەری بینایی لێلێڵ دەکا.

لێڵاییەکەی زۆر بە زەحمەت و بە هێواشی، لێ ڕوون دەبۆوە. لای ستەم بوو باوەڕ بە چاوی خۆی بکا. ئاواتێ لە دڵیدا دەبریسکایەوە و ئەو هیوایەی پێ دەبەخشی، کە ئەوەی بە چاوی دەیبینێ، ڕاست نەبێ و بێ سوود بوو. لەو ساتەدا بینایی ئاڕاستەی بەرپێی بوو. زۆر بەڕوونی دەیبینی. هیچ شوێنەوارێکی ڕێگای پێوە دیار نەبوو، بست بەبست بە شێنەیی بینایی بەرەوپێش خستەڕێ. هەنگاوێک و دووان و دە و هیچ دیار نەبوو. بەدوایدا بەخێرایی تێیپەڕاند. هەر زوو لەگەڵ دیوارەکەدا یەکدگیربوونەوە. وازی هێنا و بەپەلە بۆ دواوە وەرچەرخا. بەوردیی لەبەر پێیەوە بۆ بەرەوخوار هەڵیڕوانی. تا ماوەی بیست سی هەنگاوێکیش، هیچ شوێنەوارێکی بەدی نەکرد. لەوێ بەولاوە ئیتر شانی ڕەوەزێک بەرچاوی دەگرت و ئینجا بەودیویدا، بە قەدپاڵی هەورازێکەوە، جەمسەری بەدی دەکردەوە. لە دڵدا بە مەزەنە وردی کردەوە و

وتی: (زۆر دوورنەکەوتوومەتەوە. ئەودیو ڕەوەزەکە ئەنجامم دەداتێ... دەمخاتەوە سەر ڕێگا).

وەک بڵێیت حەپەساوە وڕەکەی ساتەکانی پێشوو، ئانوسات مزگێنیی ناڕاستیی کارەساتەکەی درابێتێ، بەرەوخوار تەکانی بە جەستەی دا. بە چەند قەڵەمبازدێک خۆی گەیاندەوە ئەودیو ڕەوەز. هەروا دەپازدە هەنگاوێک بەولاترەوە، شوێنەواری توولەڕێی بەدیکردەوە. بە بینینەوەی گەشکەیەک دای لە هەناوی. گەشکەکە هەستی شڵەژانەکەی، لە دەروونـدا ڕەوانـدەوە. لەو ساتەدا لە گرتنەوەی جەمسەر بەولاوە، هیچ باسێکی تری لە بیروهۆشدا نەبوو. بە دوو سێ قەڵەمبازدی تر گەیشتەوە سەری. هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. دەتوت سەری خۆی ونکردووە و پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ، سەرلەنوێ دۆزیویێتییەوە. بۆی دانیشت. هەناسەیەکی پڕ لە حەوانەوەی دا.

تەواو خۆی هێمن کردەوە. کە هەستی کرد چۆتەوە دۆخی ئاسایی، ڕاپەڕییەوە سەر پێ، لە دڵدا وتی: (لەم ساتەوە بیر و هۆشم لە هەسان دەدەم. هەر چاوێکم دەکەم بە هەزار. هەنگاو بەهەنگاو ئامۆژگارییەکەی سۆفی ڕەحمان لە مێشکمدا دەجوومەوە. دەبێ زۆر... هێجگار زۆر ئاگاداربم).

کەوتەوەڕێ، بەڵام وەها هەنگاوی دەنا کە دەتوت بۆ دەرزی دەگەڕێ. چاوی بە زەوییەکەدا دادەچەقاند، چاک تێی ورد دەبۆوە. تەواو دڵنیا دەبوو، ئینجا قاچی بەرزدەکردەوە و هەنگاوی دەنا. لەم وریاییەی خۆی دڵخۆش دەبوو.

تا له ناكاو به خۆی وت: (جا ئەگەر وەها بڕۆیت، بۆ سبەینێ ناگەیتەجێ!). لەوەدابوو تەكان به هەنگاوی بدا و نەیهێشت. خێرا جڵەوی خۆی گرتەوە. وتی: (نەكەیت... با له چورتمەكه ڕزگارت ببێ، ئەوسا هەیپێی لێ بكە).

ڕۆیشت، چوارده پازده هەنگاوێك ڕۆیشت و له جێی خۆی چەقییەوە، شوێنەوار دیسان دەكوژایەوە، خورپەیەك دای له دڵی، باش وردبووەوە بست بەبست دەیگرت و چاوی پێدا دادەچەقاند. نەبوو. سەری بەرزكردەوە، ڕوانییه ئەولاتر و ئەولاتریش. بێ سوود بوو. هەر نەبوو. هیچی بەدی نەكرد بەلای شانی چەپ و شانی ڕاستیشدا تا چاوی بڕی دەكرد هەڵیڕوانی و وردبۆوە، هەر نەبوو. تەوژمێكی پەژاره و خەفەت له هەناویدا قوڵپی دا و ڕژایه دەروونییەوە، بەدەمییەوە به دەوری خۆیدا كەوته سووڕانەوە و هەڵڕوانین و وردبوونەوەیەكی بێهوودە، دوو جار گەڕایەوە دواوه و پێداچووه و هەر به هەمان ئەنجام گەیشت. به دوایدا له جێی خۆی داڕمایه سەر زەوی. چوارمەشقی دانیشت و دەستی خسته ژێر چەناگەی. تەواو ورەی بەردا. له دڵدا دەیوت: (ئێستا من چی بكەم؟ ها؟ چی بكەم باشە؟).

بۆ ماوەیەك بەو جۆره ڕاما، جارێك و ده و سەد، پرسیاره بێ وەرامەكەی له خۆی كردەوە تا لەناكاو له تەپەتەپی دڵی بەئاگاهاتەوە. ئەوسا تینی دایه بەر خۆی و وتی: (نامەردت نەكەن... خۆ ئەمه یەكەمجارت نییە، تووشی گرفت دەبیت. دەبێ چارەسەرێكی هەر بۆ بدۆزیتەوە. هیچ گرفتێك نییه چارەسەری نەبێ). بزەیەكی خاوی

کەوتە سەرلێو، ڕاپەڕییە سەرپێ. چاوێکی تری بە دەوروپشتیدا گێڕاو وتی: (ئێ خۆ لە بیاباندا نیم!... ئەو تاشەبەردە). بەدەم پێکەنینێکی متەوە هەنگاوی ناو هەمدیس وتی: (هەر دەیدۆزمەوە، ماوەیەک دوا دەکەوم با دوابکەوم. ناچارییە. گرنگ ئەوەیە پێش بانگی خەوتنان بگەمەجێ و ڕاسپاردەکە ڕابگەیەنم).

شێتانە بەرەوپێش هەنگاوی نا سەدو پەنجا شەقاوێک ڕۆیشت و بە هیچ ئەنجامێکیان نەگەیاند. بەلای چەپدا بەرەوخوار داگەڕا. بەدەمییەوە تا چاوی بڕی دەکرد، بەڕاست و چەپدا هەڵیڕوانی. پتر لە دووسەد شەقاو ڕۆچووە خوارەوە و هیچ شوێنەوارێکی توولەڕێی نەدییەوە. لەوێوە جارێکی تر بەرەو ژوور هەڵگەڕایەوە، گەیشتەوە هەمان شوێنی پێشووی، شەپۆلێکی تری ورەبەردان زۆری بۆ هێنایەوە. تەمێکی خەستی پەژارەواری سەر و ڕووخساری داگرتەوە. بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا. دەیزانی پتر تەنگەنەفەسی شلەژان و پەشۆکانە، نەک ماندووبوون. ماوەیەک بە وڕ و کاسی لە جێی خۆی ڕاما، دوو چاوی گێژ و وێژی بەبێ هودە بە چواردەوری خۆیدا دەگێڕا. ئارەقێکی گەرمی لینج، چۆڕاوگەی بەستبووە ناوچەوان و لاملی و بە پشت و سنگیدا ڕۆدەچووە خوارەوە. لە ناخدا زۆر تەنگەتاو بووبوو. ڕوو لەوەبوو داڕمێتە سەر زەوی و چوارمەشقی بۆی دابنیشێ. نەیکرد. تاشەبەردەکە سەرنجی ڕاکێشا. خۆی بۆ بەکێش کرد، سەرکەوتە سەری، وەهای لە دڵدا نەبوو بچێ لەوێوە هەڵبڕوانێ و بۆ شوێنەواری ڕێگا بگەڕێ. بۆ ئەوە چوو لەوێ دابنیشێ کەمێ

بحەوێتەوە و بیرێک لە وەزعی خۆی بکاتەوە، بەڵام بەبێ ئاگا، هەر چاوێکی کردەوە بە هەزار و سوورێک بەوردیی بە دەوری خۆیدا گێڕاینییەوە. هەمدیس هیچی لێ هەڵنەگڕاند، تەنانەت کە ڕووەو ئاوایی ڕاوەستا و تەقەلای دا بە بینینی ئاهێکی پێدا بێتەوە و بۆی ببێتە تروسکەی ڕێنماییەک، هەر بێ سوود بوو، چونکە نەک تەنیا ئاوایی، بەڵکو هیچ شوێنەوارێکی ئاوەدانیشی بۆ بەدی نەدەکرا.

ئەو ساتە تەوژمی شڵەژان و پەشۆکانە دەروونییەکەی لێ خاو بووبووەوە. چۆڕاوگەی ئارەقە گەرمە لینجەکە گیرسابۆوە و بە سەراپای جەستەیدا، ڕووی لە ساردبوونەوە و مەیین کردبوو، بووبووە بەڵغێک بەسەر پێستی لەشیدا و هەستی دەکرد پێست گرژ بووە. ئەمەی بەلاوە ئاسایی بوو. گوێی نەدایە. دانیشت. هەگبەکەی لە پشتی داماڵی و لە تەنیشت خۆیەوە داینا. دەستی برد بۆ کەمەری و مەتارەکەی لێکردەوە. نای بەدەمییەوە و تێر ئاوی خواردەوە. مەتارەی خستەوە لاوە و بەتام و کامەوە دەمی مڵچاند. بەدوایدا دەستی برد بۆ بەرباخەڵی پاکەت و شقارتەکەی دەرهێنا، جگەرەیەکی داگیرساند و بە پەرۆشەوە کەوتە مژلێدانی. سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. بە دەمییەوە تاس بردییەوە بۆ خۆی و خوای خۆی دەدوا، دەیوت: ( ئێستا من چی بکەم؟ من دەبێ چی بکەم؟ تا ئێرە سێ سەعات و نیو ڕێگام بڕیوە. ئایا بگەڕێمەوە ئاوایی و لە نووکەوە پێدا بچمەوە؟ ستەمە! سێ و نیو گەڕانەوە و سێ و

نیوی تر هاتنەوە! واتە حەوت سەعات. یانی لە دەوروبەری عەسردا دەگەڕێمەوە. ئێرە! باشە ئەی کەی دەگەمە جێمەقسەد؟ نزیکی نیوەشەو؟ مامۆستا خدر وتی: پێش بانگی خەوتنان. من دەبێ پێش بانگی خەوتنان بگەم، بەڵام بەم پێیە ئەگەر خۆشم بپڕووکێنم هەر ناگەم. کەواتە دەبێ گەڕانەوەم بۆ ناو گوند تەواو لە حساب دەربکەم. ئەمەیان هیچ).

بۆ ماوەی چەند ساتێک مێشکی لە کار کەوت، هیچ بیروڕایەکی تێدا نەدەبزوا. وشک هەڵاتبوو، کە کەوتەوە کار، لێوی مڵچاند و سەرێکی لە خۆی بادا... (ئەرێ چی بکەم؟ چەند ساتێک لە پرسیارەکە ڕاما و لەناکاو سەری بەرزکردەوە و قیت ڕایوەستاند... (بەڵکو شوانێک، جوتیارێک، ڕێبوارێک، بەدی بکەم، چەندە دووریش بێ بە ڕاکردن خۆمی دەگەیەنمێ، با سەعاتێک یا دوو سەعاتی پێ بچێ، باشترە لە گەڕانەوە بۆ ئاوایی).

بە دڵی بوو. ڕاپەڕییە سەر پێ. هەر چاوێکی کردەوە بە هەزار و لەسەرخۆ، ورد ورد بە چواردەوری خۆیدا کەوتە سووڕانەوە و هەڵڕوانین. هێندە بە پەرۆشەوە بوو کە جارناجار چاوی ڕێشکە و پێشکەی دەکرد. تارمایی هەر شتێکی لە دوور بەدی بکردایە لەسەری دەوەستا و سروەی هیوا دەیدا لە ناخی. چاوی بۆ دادەپچڕی و دەیویست هیوای لێبێنێتە دی، کەچی سروەکە خێرا ڕادەبوورد و بەدوایدا وتەی (نییە!) کسپەی لە دەروونی هەڵدەستاندەوە.

دوای دووجار سووڕانەوە بە دەوری خۆیدا، بە کەساسییەکەوە لە جێی خۆی دادەنیشتەوە. سەرێکی سەعاتەکەی دەستی کردەوە. بێئەوەی بزانێ سەعات چەندە، دەستی دانەواندەوە. ئانیشکی دەستی ڕاستی نیشاندە سەر ڕانی. چەناگەی لێنایە ناو لەپ. بە جەستە مت و خامۆش بوو، بەڵام بە ناخ دەقرچا... (گەڕانەوە بۆ گوند بێ سوودە. شوان و جوتیار و ڕێبواریش هیوایەکی پووچە! ئەی چار چییە؟).

چەناگەی لە ناو لەپ لادا. ناو دەم و قوڕگی وشک هەڵاتبوون. دەستی بردەوە بۆ مەتارە و نای بەسەرییەوە. قومێکی لێ خواردەوە و قومێکی بچووکیشی لە دەمیدا هێشتەوە، بۆ ماوەیەکی زیاد لە پێویست غەرغەرەی پێکرد. ئەوسا بە ڕقەوە پفی کردەوە بەردەمی و بە دەنگی بەرز وتی:

- چار چییە؟

چاوی بە شاخەکەی بەرامبەریدا ڕوا. چاوی لە بینین کەوت و مێشکی لە کاردا بوو... (دەبێ چارەیەک هەر بدۆزمەوە. دەبێ ئەگەر باڵم بە خۆم گرتووە، لە وەختی خۆیدا بگەمەجێ. ئا... چۆنە باڵ بەخۆم بگرم؟)

بە دوایدا سەری بەلای چەپدا وەرچەرخاند و لەگەڵیدا چاوی کەوتەوە بینین. ئاڕاستەی ئاودڕەکە بووبوو. چاوی زۆر لەسەر ڕانەگرت. زوو ڕووی لێوەرگێڕایەوە. حەزی نەدەکرد بیری بەلایدا بچێ. لە دڵدا وتی: (کێ دەڵێ سەرم دەخاتە سەرەوە! یا وا سەریشی خستم، کێ دەڵێ بەودیویدا ڕێگای چوونە خوارەوەم

دەبێ! نایکەم دەبێ چارەسەرێک بدۆزمەوە کە گەیشتنم مسۆگەر بکا).

دۆش داما. مێشکی خۆی زۆر هەڵووشی و گرفتەکەی بە گەلێ باردا هێنا و برد. نەگەیشتە ئەنجام. بایدایەوە سەر ڕێکەوتی بینینی شوان و جوتیار و ڕێبوارەکە. هەڵسایە سەر پێ. سەرلەنوێ بەدەوری خۆیدا، جارێک و دووان و سیان خولایەوە و ورد هەڵیرِوانی هەر بێ سوود بوو. وازی لەوە هێنا. بەلای ڕاستیدا وەرچەرخا و کەوتە چاوگێڕان بەدوای شوێنەواردا.

ئەم تەقەلایەشی ئەنجامی نەبوو، ئەوسا هەستی کرد مێشکی خەریکە دەتەقێ.

چوارمەشقی لە جێی خۆی دانیشتەوە، بەدانیشتنەوە ئۆقرەی نەگرت. قاچی لێ ڕاکێشا و لەسەر گازی پشت پاڵکەوت. هەستی کرد حەزدەکا بچێتە شیرینخەوێکەوە و لەو ئازارە دەروونییە ڕزگاری ببێ، بەڵام بۆی نەلوا لە دڵدا هەر دەکوڵا مێشکی دەجەنگا و بۆ چارەسەر دەگەڕا...

- (چار چییە؟ چی بکەم؟).

پرسیارەکەی لێ بووبووە پەپکوڵێک و دەچەقییە گوڵمی مێشکی. هەستی کرد سەری بەسەر ملییەوە هەڵدەئاوسێ و قورس دەبێ. هەستی کرد لەوەدایە شریخە بدا و وەک بۆمبایەک بتەقێتەوە. لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا. هەڵسایەوە و دانیشت. لای کردەوە بەلای چەپدا و سەرنجی دایە ئاودڕەکە. ئەمجارە سەرنجی لەسەر ڕاگرت. بۆی شل بووبوو. بیر و هۆشی ڕوو لەوە بوو لەنگەر

وەها بگرێ، کە چارەسەر تەنیا لای ئەو بێ. وەک بییەوێ ڕێگای دۆستایەتیبەستن لەگەڵ حووجێکدا بگرێتەبەر، بۆی ڕاپەڕییە سەر پێ و ڕووبەڕووی ڕاوەستا. بە سەرتاپایدا بەوردیی هەڵیڕوانی. لە دڵدا وتی: (بەسەر زاری پشتی پێدەبەستریێ. جەستەی لە ڕووە. حووجێکە و بێوەی، بەڵام بۆ ناوەوە، چارم ناچارە دەبێ بیدەمە دەست ئانوساتی خۆی. ئەگەرچی باوەڕیش ناکەم هیچی تێدا شاردبێتەوە. بە چاوی قودرەتیم دەبینم).

ئەو ساتە تەواو هێور بووبۆوە چاوی گەش دەیڕوانی. مێشک و بیروهۆشی ڕوون فەرمانیان دەدا... (تاقە چارەسەرێکە، چاکتر وایە لەوە زیاتر لەسەری نەوەستێت و کات بەفیڕۆ نەدەیت). سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. هەگبەکەی لەپشتی چەسپاندەوە. مەتارەکەی لە کەمەری تووندکردەوە و ملی پێوەنا.

(٣)

(... هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو بۆ دواوە! دیارە لەوەی لێ ڕووداوم. کە ئەم پێ دادەنێم، تا ئەویان هەڵدەگرم و پێشی دەخەم، ئەمیان ڕۆدەچێتەوە شوێنی ئەویان. هەقایەتی مێشە. بابە خوام بەهەقە و ڕزگارم بکە. دەڵێیت بە تایبەتی و بە هەڵبژاردە، کۆکراونەتەوە و بە سەدان گەلابە هێنراون و لێرەدا هەڵڕێژراون! ئاخۆ بە مەزەنە ژمارەیان چەند بێ؟ دە ملیۆن دەبێ– چەند؟ دەی دەیکەمە گرەو سەد دەبێ و زیاتریش. تۆ بڕوانە... سێ کوچکەیەک و بە دەمی ئاودڕکەدا شۆڕبۆتەوە. دەی باشە... دووسەد هەنگاو

بەملادا و دووسەد بەو... ئەی ئەریٚ بەڕاست، تۆ بۆچی خۆت خستە داوییەوە؟ خۆ دەتتوانی پێچێکی پێدا بدەیت و لەو تەرتە لەعنەتییە خۆت لابدەیت. چاوت لێیە تەماع چۆن تووشی کردیت؟ وتت چارەکە سەعاتێک کاتم بۆ گل دەداتەوە، کەچی ئەوەتا دوو چارەکە سەعاتت لە کیس دەدا. ئەمە هێشتا سەرەتاتە. خوا دەزانیٚ تووشی چیی تریش دەبیت. – یانی مەبەستت چییە؟ دەتەویٚ ورەم پیٚ بەربدەیت و پاشگەزببمەوە؟ نابمەوە. بڕیارێکە و داومە. بەناچارییش داومە و لێی پاشگەز نابمەوە. هەر لێی دەردەچم و کۆتایی پێدێنم بۆ کویٚ دەچیٚ؟ خۆ سیحر نییە. تەرتە و تاتەبەرد. وا ڕۆیشتنم بەمیشدا تاقیکردەوە. تاقیکردنەوە ئەگەر ئەقڵی لەگەڵدا بەکارهێنرا، دەبێتە مامانی داهێنان، داهێنانیش خستنەکاری هەر چوار پەلە. ئا... ئەئاوا... من سەر لەو تێکدەدەم. دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و هەنگاوێک بۆ دواوە. قاچ گیر نابیٚ، ڕاستە، بەڵام خۆ چنگ و نینۆک گیر دەبن. بڕۆ... گرەوت بردەوە. خۆت گەیاندۆتە ناوەڕاستی ئاودڕەکە، تەواو ماندوویت. دەزانم سەراپای جەستەت نیشتۆتە سەر ئارەقێکی گەرمی لینج، دەزانم لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گویٚ مەدەریٚ لەم ساتەوە ئیتر بە ئاودڕەکەدا هەڵدەزنییت. ستەم لێرەوە دەست پێدەکا. تۆ بەلاڕێدا سەردەکەویت. سەرکەوتنیش بەلاڕێدا، لە بابەتی شکاندنی تەلیسمێکی ڕۆژگاری تەلیسم و تەلیسمکارییە. مام برایم وەهای تێگەیاندیت. پیاوێکی سەیرە، نەخوێندەوارێکی بلیمەتە. بلیمەتییەکەی لە دنیادیدەییەکەیدایە. ژیانێکی هێندە پڕوچڕ لە کارەسات و بەسەرهات ژیاوە، کە مرۆڤ

سەرسام دەکا. من ئەوە دوو ساڵ و نیوە دەیناسم و پێکەوە تەتەرین. دوو ساڵ و نیوە بە زنجیرە بۆمی دەگێڕێتەوە و هێشتا لەبن نەهاتووە. دەستێکی باڵاشی لە هەقایەتخوانیدا هەیە. دەیخاتە قاڵبی هەقایەتە کۆنەکانی گوێئاگردانەوە. سەرنجیشم داوە کە تەنیا بۆ منی دەگێڕێتەوە. هەرهێندەی لە ژوورەکـەی بارەگادا یەکدگیردەبینەوە و شەو دادێ، ڕیزی پێوە دەگرێتەوە.

هەمووجار مەلا سمایلم دێنێتەوە یاد. چاخانەیەکی تەنگەبەری سەر جـادەی سابوونکەران. کورسی و مێزێک لە بنەوەیدا بە بـەرزەوە دانـراوە. کتێبێکی گـەورەی قەبارە ئەستوور لەسەر مێزەکەیە. ناو چاخانە سیخناخە لە خەڵک و بەڕیز دانیشتوون. منداڵانی گەڕەک بەردەرگاکەیان تەنیوە. من لە ڕیزی پێشەوەیاندا جێی خـۆم گـرتـووە. هەموو بە پـەرۆشـەوە چاوەڕوانـیـن. مەلا لە وەخـت و سەعاتی خۆیدا سەردەکەوێتە ســەرەوە. هەموو دەزانین لە کوێدا ڕاوەستابوو، ئەویش هەر دەزانـێ و لەوێوە دەست پێدەکاتەوە. لە سەرەتاوە لەسەرخۆ بەدوایدا وردە وردە دەنگی لێهەڵدەبڕێ. تا لەناکاو دەگاتە پۆپەی دیمەنێکی کاریگەر. مشتەکۆڵەیەکی توون بە مێزەکەدا دەدا و دانیشتووان هەموو ڕادەچڵەکێنێ، منیش ڕادەچڵەکێم. ئینجا بۆ ڕۆژی دوایی. منیش مشتەکۆڵە بە تەنەکە خۆڵەکەی بەردەممدا دەدەم و هاوەڵەکانی کۆڵانەکەی خۆمان ڕادەچڵەکێنم. ڕۆژانێکی خۆش بـوون. مەلا سمایلێک بووم بۆ خۆم. ئەو لە کتێبدا دەیخوێندەوە و من لەبەر دەموتەوە. دواییش بە کردار پێم دووپات دەکردنەوە. قالەی مام

ڕەسووڵ دەبوو بە ڕۆستەمی زاڵ. ئاخۆ ئێستا کوێ کەوتبێ؟ لە ڕۆستەمییەوە بۆ پولیسی و ئیتر نەمزانی چی بەسەرهات. جارجار کە بەلای دووکانەکەی باوکیدا ڕادەبووردم، هەواڵیم لێ دەپرسی، کە ئەو مرد، ئیتر هیچم لە بارەیەوە نەبیستەوە. فەتەی وەستا ڕەحیم دەبوو بە زۆراب. زۆراب دوایی بوو بە پیاوێکی زۆر زل! بکوژ و ببڕ هەر خۆی بوو، کەچی دواییتر، بە تەنیا یەک گوللەی هێندەی ناوکە خورمایەک، کۆتایی بە ژیانی هات. ئەم دنیایە زۆر سەیرە! مچەکۆڵ هەردەم پەڕدەکرا. زۆر لەڕ و لات و لاواز بوو. زۆریش ڕووتەڵە و شڕ و وڕ بوو. جاشکەوشەکانی زیاتر لە هەر شتێکی تر، سەرنجمانی ڕادەکێشا و دەبووە مایەی گاڵتەپێکردنی، بەڵام دوایی هەر ئەو مچەیە، بوو بەڕابەر و ڕێنیشاندەر بۆ من. لە پڕێکدا لە گەڕەکدا گۆڕی گوم بوو. کەسمان مەبەستی نەبوو بزانێ بۆچی و چۆن؟ تەنیا هێندەمان بیست کە بە خاوخێزانەوە باریان کردووە و لە گەڕەکدا نەماون، ساڵان هاتن و تێپەڕین. چۆن لە پڕێکدا لە یەکتری دابڕاین، ئاوەهاش لەناکاودا یەکدگیربووینەوە. لە نۆبەتی پاسەوانیکردنی بەردەرگای بەندیخانەکەدا بووم، کە بە کەلەپچەکراویی هێنایان، لە سەرەتادا سەرنجم نەدایە سەر و سیمای لەلام بووبووە پیشە.

نێچیرێکی ترە و کەوتۆتە داویانەوە. چیمە بەسەرەوە. من کارم ئەوەیە دەرگا واڵا بکەم و ئاودیوی ببێ و خڕ دایبخەمەوە. ماوەی سەربازییەکەم ساڵێک و نۆ مانگە. من ساڵێک و چوار مانگم لێ بەسەربردووە. چیمە بەسەرەوە. پێنج مانگم ماوە و

خواحافیز. دەرگام کردەوە و وەرچەرخام. ئەو ساتە پشتی لێم بوو. ڕووی کردبووە سەربازەکەی تەکی و کەلەپچەکەی لە دەست دادەماڵی. هەر ئەو ساتە لایەکی کردەوە بەلامدا و سەرنجی دامێ. کە ڕووخساریم کەوتە بەرچاو، خورپەیەک بە هەناومدا تیسکەی کرد. لەگەڵیشیدا ناوەکەی وەک بروسکە لە مێشکمدا شریخەی دا... مچەکۆڵ! ئەو بزەیەکی کپ و خاوی پێ نیشاندام و ڕووی وەرگێڕایەوە. من بزەکەم لە ناخدا لیتەقییەوە. وتم: ئەوەش بەڵگە. کەلەپچەی لەدەست دامالْرا. بەرەو ڕووی دەرگا وەرچەرخا. ڕووخساریم لێ کەوتبووە سەرلا. هەستم کرد تیلەی چاوی لەلای منە و بزەکەشی ڕووی لە دەرگایە، مچەکۆڵ دەبوو هەنگاو بەرەو دەرگا بنێ و بچێ بەودیودا، کەچی نەینا و لە چاوەڕواندا مایەوە. ئەوسا ئانوسات بڕیارم دا شانی چەپیم گرت و بەلای خۆمدا وەرمچەرخاند. ئەو هیچی نەوت. تەنیا بزەکەی هەر بەسەر لێوەوە بوو. منیش هیچم نەوت، تەنیا بزەیەکی گەشم بە ڕوویدا دا و دەستم لێ بەردا، ئیتر ئەویش وەرگەڕایەوە و ئاودیوی دەرگا بوو. ئەو دوو مانگ و نیو مایەوە و بەربوو. تۆمەتەکەیان لە سەری بۆ نەکرا بە ماڵ. لە یەکەم ڕۆژانی بەندییەکەیەوە، هەستم کرد مچە ئەو مچەیەی تەمەنی منداڵی نییە. وای پێ سەلماندم کە بڵێم جیاوازییەکە بەینی ئاسمان و ڕێسمانە. وەختێکیش بەربوو، بووینە دوو برادەری گیانیبەگیانی. بەدوایدا پەیوەندی لەنێوانماندا سەرباری برادەرێتییەکە، بووە پەیوەندیی نێوان سەرکردە و سەربازێک. ئێستاش هەرچەندە مامۆستا خدر هیچی لەو کەمتر

نییە. حەزم دەکرد لەگەڵ ئەودابوومایە، بەڵام حەزکردن شتێکە و بەدیهێنانی شتێکی تر، ئێستا من حەزم دەکرد ڕێگاکەم لێ بزر نەبووایە و ئەم لاڕێیەم نەگرتایەتە بەر. دەڵێیت چی ناچارییە و وا کەوتەوە. ئەوەتا بوومەتە بزن. ئەوەتا هەرچوار پەلم خستوونەتە کار و ئینجا دەتوانم بەرەوژوور هەنگاو بنێم. ئەرێ خۆ بەڕاست کە لە خوارەوە لێی وردبوومەوە، وەهام نەهاتە پێش چاو، تۆ بڕوانە دەڵێت بە پیلکانەیەکی داڕووخاوی کووڕدا سەردەکەوم. کە سەرکەوتمە سەر ئەو تاشەبەردە پشوویەکی بۆ دەدەم، هەناسەم بۆ نادرێ.

زمانم لە دەممدا لێبۆتە مشار. سەرباری هەمووی ئەم ئارەقە لینجەش ئارەق نییە و سرێشە، کراس و دەرپێکەمی لێکردووم بە لەزگەی جۆنسۆن. لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا، لەملاوە دەدرێ بەسەر پێستی لەشمدا و لەولاوە لێی هەڵدەکەنرێتەوە. بەوەی باشە موو لەگەڵ خۆیدا هەڵناکەنێ، هەر باشە. دەنا وەکو مریشکێکم لێدەهات کە بەزیندوویی ئاوەڕووت بکرێ. ڕەنگە زۆر ناخۆش بێ، بە تایبەتی شوێن مووی ئەستوور. کاکە مچە بۆی باسکردم وتی: لەگەڵ ڕاکێشانی هەر دەسکەنەیەکی مووی سمێڵمدا، دۆزەخم بە چاوی خۆم دەدی. لەگەڵیدا پارچەیەک لە پێستی لێوم هەڵدەپچڕێنراو، خوێن چۆڕاوگەی دەبەستە ناو دەممەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجۆرە ئازاردانە لەچاو ئازاردانی ڕاستەقینەدا، پێی دەوترێ بەرکوڵ. ئا... من خۆم نە بەرکوڵ و نەڕاستێکەم نەچەشتووە، بەڵام لەوە دڵنیام کە لەوانەی تا

دواهەناسە خۆ ڕادەگرن، مرۆڤی ئاسایی نین، چونکە مردنەکەیان ئاسایی نییە. مام برایم بۆی گێڕامەوە، وتی: لە بەندیخانە کوڕێکی گەنجی زۆر ئازا و بەجەرگمان لەگەڵدابوو. کە کردیان بە ژووردا، سەیرمان کرد گوللەیەک داوێتی لە لای ڕاستی سنگی و لە پشتییەوە دەرچووە، برین بە جامانەکەی سەری پێچرابوو، بە دەستی خۆی پێچابووی، تەنیا ڕۆژی یەکەم و دووەم لە جێگەدا بۆی کەوت، لە ڕۆژی سێیەمەوە کەوتەوە سەر پێ و دەتوت هەر برینداریش نەبووە. ورەی هێندە بەرز بوو، کە ئێمە لێی سەرسام دەبووین، کەچی دوای سێ هەفتە کە بردیان بۆ لێکۆڵینەوە، دوای نیو سەعات بەڕووخاویی گەڕایەوە. لە سووچێکەوە دانیشت. سەری نایە کۆشییەوە و دایە گریانێکی بەکوڵ، من زۆرم بەزەیی پیایدا هاتەوە. چوومە تەنیشتییەوە و دڵیم دایەوە. ئەو بەدەم کوڵی گریانەوە وتی: وازم لێبێنە مام برایم... خۆزگە گوللەکە دەیکوشتم. بۆ نەیکوشتم... بۆ؟ ئا... دیارە خۆڕاگرتن لە ژێر ئەشکەنجەداندا، تا دوا هەناسە بە هەموو کەس ناکرێ. بەتایبەتی ئەگەر پشووی نەدرێ. من پشوویەکی باشم داوە. چارەکە سەعاتێکە دانیشتووم بەسە. چاکتر وایە بکەومەوە ڕێ. هێندەی لەبەرچاومە و دەیبینم، سەرکەوتنی ئاسانە. تەنیا هێندە هەیە کە دەبێ چنگ و پەلیشمی لێ بخەمە کار. قەیچێکە... گرنگ ئەوەیە بگەمە سەرەوە. بە دوو سەعات بە دوو سەعات و نیوی تریش بێ هەر باشە. بڕوا ناکەم لەوە زیاتری مابێ. ئیتر بۆی ناوەستم. لەوێ... لەسەرەوە پشوویەکی باشی بۆ دەدەم و لە دابەزیندا، باڵ بە خۆم دەگرم.

سەرکەوتن سنگ و قورِگ دەپچرێنیَ، بەڵام دابەزین ئەژنۆ دەشکێنیَ، ئاسانە. گرنگ ئەوەیە من لە وەختی خۆیدا بگەمە جیَ. جارەهایجار سنگ و قورِگ و ئەژنۆم کەوتوونەتە بەر ئەم تاقیکردنەوەیەوە. ئەمە بووە بە پیشەم. تەنیا یەکەمجارم... یەکەم تاقیکردنەوەم زۆر ستەم بوو. کە ئالان و دایکیم جێهێشت و لە ماڵ هاتمەدەر، من... ها؟ بەڵام ئالان... شەونم... ئاخۆ ئێستا ئێوە چی دەکەن؟ من ئەوەتا بەلارِێدا، بە شاخێکی سەختدا هەڵدەزنێم. ئەی ئێوە؟ ئێوە چی دەکەن؟ شەونم... دەتبینم سەری مەنجەڵەکە هەڵدەدەیتەوە و خوێی دەچێژیت. ئەوە چیت لێناوە؟ سیوجگەر بە ترش؟ ئای چەندی حەزلێدەکەم. ئالان... ئەوە خەریکی چیت؟ وەرە... وەرە لای بابە... وەرە باوەشی بابە... من؟.. نا... وای لێهات؟ باشە باشە... شەونم درەنگمە دەرِۆم پێنەگەیشت؟ جا تۆ کەی درەنگت نەبووە؟ - ئاخر پەلەمە و ئیشم هەیە. - تۆزێکی تر سەبر بگرە، سەبر دەگرم. هێشتا بەدەمییەوە ماوە. مەسەلە نەریمانە و پەلەپەلە بەتاڵ و بێماناکەی، هەمیشە لە خۆرِایی سەری خۆی و ئێمەشی قاڵ دەکرد. دەتوت جەنەرِاڵێکە و لە کۆرِی شەرِدا فەرمان بە سەربازەکانی دەدا. دواییش کە کەمیَ هەوا گورِا. دەرکەوت هەمانەیەکی بەتاڵە. ئیَ... لەگەڵ ئەوەشدا لە ئازادی عەلییە فەنی باشتر بوو. ئەویان پاشەکشەی لێکرد و گۆشەگیر دانیشت. ئەمیان بووە ئاگرێک و هاتە گیانمان. بەرِاستی ئادەمیزاد شتێکی سەیرە باشە خۆ ئەمیش دەیتوانی وەکو ئەو بکا. نە گوڵ بیَ و نە درِک، کەچی وای نەکرد و بوو بە درِک، بۆچی بوو بە

دڕک؟ سەیرە! مامۆستا خدر دەبوو بڕیار بدا عەزەی حاجی بکوژرێ. لەبەر کەمتەمەنییەکەی نەیدا و تەنیا وتی: بڕۆ بەر لەعنەت بکەویت. عەزە بەر لەعنەت کەوت و خۆی لە بەردا ڕانەگرت، هاتەوە و چوو شێرانە خۆی بەکوشت دا. من زۆرجار لە خۆم دەپرسم: دەشێ ڕۆژێک لە ڕۆژان تووش ببم؟ وەرام... هەرگیز نا. بۆم نایەتە بەرچاوم. دیمەنەکەم بۆ نایەتە ناو بیر و هۆشمەوە. باشە کەوابێ ئەوانە چۆنی دەکەن؟ چۆنی تووش دەبن؟ سۆفی وتی: هەرکەسێک دەتوانێ چاکەش بکا و خراپەش. بگرە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکەکە لە ژیاندا وەها کردار دەکەن. لە کاتێکدا لەوانەی بە درێژایی ژیانیان، تەنیا چاکە دەکەن و خراپە ناکەن، زۆر کەمن، بگرە هەر تەواو دەگمەنن، ئاخۆ من کامیانم؟ با بیربکەمەوە... بیر مەکەرەوە. باسەکە ئاڵۆزە. کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە، هەر سۆفی خۆی وتی: زۆربە خۆی بە کەمە تەواو دەگمەنەکە دەداتە قەڵەم. لەکاتێکدا ناسینی کەمە تەواو دەگمەنە ڕەسەنەکە کارێکی هێندە ستەم و ئاڵۆزە. کە مەگەر هێزە ستەم و ئاڵوزە نادیارەکە، خۆی بیزانێ چۆن هێزە ستەم و ئاڵۆزە نادیارەکە؟ وەهای وت؟ ئا... ئا دڵنیام ئێستا دێتەوە بیرم، نا دڵنیام وەهای وت لە ساتی خۆیدا ویستم بە گیری بهێنم و پرسیاری لێ بکەم و قسەی بەسەردا هات و پشتگوێ کەوت. ئەو قسەی بەسەردا هێنا و وای لێکردم لەبیری بکەم. ئێستا چاکم دێتەوە یاد. هۆ هۆ سۆفی... لە گەڕانەوەمدا ئەمە یەکەم پرسیارم دەبێ و لەسەری بەگیرت دێنم. یەکەم باسم دەبێ و لەگەڵتدا لێی دەدوێم.

سۆفی تۆ مجەورێکی ئاسایی نیت. زۆر لـەوە دەچـێ تۆش خواپەرستێک بیت، لە بابەتی باپیرم. باوکم، کە باسی ئەوی بۆ دەکـردم، وێنەیەکی وەک ئـەمـەی تـۆی دەخستە پێش چـاوم. سـەرلەنوێ زمانم لە ناو دەممدا بۆتەوە پەڵاس، گەرووم هاتۆتەوە یەک و بـواری هاتوچۆی هـەوای بۆ ناو سییەکانم لێ تەنیوم. هەناسەم تەواو سواربووە. هەست بە ئازارێکی تیژ لە قەفەزی سنگمدا دەکـەم، ئارەقە لینجە سرێشییەکەش وەڕس و بێزاری کردوومەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پشوو نادەم بڕیارێکە و داومە و پاشگەز نابمەوە. هەروا بەسەر پێوە بۆ ماوەی چەند ساتێک بۆی دەوەستم. قومێک ئاو لە دەمم وەردەدەم. دوو قومیش دەخۆمەوە و بەری گەروومی پێ بـەردەدەم، ئەوسا دەکەومەوە ڕێ و تا سەر لوتکە بۆی ناوەستم، ئەمیان خۆیەتی، هەرچۆنێکی تێدەڕوانم دڵنیا دەبم کە ئەمیان دوا لوتکەیە... سەرەوەیە و بەدوایدا. بەودیودا شۆڕدەبمەوە. کەوابێ چاکم کرد ماندووی کردم. خراپ ماندووی کردم. لە خـوارەوە وەهام نەدەهاتە بەرچاو، بەڵام خۆ من زاڵ دەبـم. خۆ بە ئەنجام دەگـەم، ماندووبوون شتێک نییە بۆ من نائاسایی بێ، پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتردا کۆنە، زۆر کۆنە. ناسیاویمان لەگەڵ یەکتردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەی بەردی بناغەی بوونم دانرا، بۆ من ئاساییە. هەر هێندەی گەیشتمە جێ و ڕاسپاردەکەم ڕاگەیاند، دەچم لێی ڕادەکشێم و دەحەوێمەوە. من ئەگەر لە گیانەڵڵاشدا بم، بۆ بەیانی کە ڕاست بوومەوە، وەکو گوێزی ساغم لێ دێتەوە. کاکە مچە یەکەم کەس بوو، ئەم سیفەتەی

تێدا ئاشکرا کردم. خۆم لێی بێئاگا بووم. ئەو ڕۆژێکیان لەناکاو وتی: ئەرێ تۆ لە گۆشت و ئێسقان دروستکراویت، یا لە پۆڵا و ئاسن؟ سەرم سوڕما. پرسیم بۆچی؟ وتی: تۆ قەت ماندوو نابیت؟ وتم: با... چۆن! وتی: کوا؟ پێتییەوە نابینم، بەدوایدا کەوتمە سەرنجدانی خۆم و ئینجا ئەو ڕاستییەم بۆ ئاشکرا بوو. ئاخر خۆ سیفەتێکی خراپیش نییە. لە سەرەتادا جۆرە گومانێکم لە دڵدا لەلا پەیدابوو. وتم: تۆ بڵێیت کەموکووڕییەک نەبێ لە مندا؟ کە ئەمەم بە کاکە مچە وت، بۆم پێکەنی. وتی: هەرگیز نا... ئەمە سیفەتێکی دەگمەنە و زیاتر لە ئێمەوماناندا دەردەکەوێ. بۆیە دەبێ وەک چۆن جێگەی شانازی پێوەکردنی ئێمەیە، جێگەی پێخوشحاڵی خۆشت بێ. ئێستا تەواو ماندووم، بەڵام مەگەر لەپەلوپۆ بکەوم و بەلادا بێم، دەنا حسابم لەگەڵ ڕاوەستاندا نییە. ئەو ڕێگا نەگریسە بۆچی خۆی لێ ونکردم. هێجگار وا ماندوو نەدەبووم. ئازارەکەی قەفەسەی سنگم تیژتر بووە. بەلامەوە سەیر نییە. لەوەبەر بەسەرم هاتووە. ئەنجامی هەناسەبڕکێکەیە. ئەی ئەمیان چۆن؟ دیارە دەبێ بە چنگەکرێ پیایدا هەڵزنێم. قەیناکە... ئەگەر بەریش ببمەوە بەرەو خوار تلۆر نابمەوە. ئا ئەو تاشەبەردە گلم دەداتەوە. هەر قاچ شکاندنەکەی جاری پێشووی تێدا نەبێ. من باشتربووم لە نەجمەدین. ئەو ئێستا و ئەوسا نەبۆوە بە نەجمەدینەکەی جاران. یاهوو، عەبدول عەجەب کەرپیاوێکە، لە دەمەقاڵەیەکدا لەگەڵیدا پێی وت: ئەگەر لە کۆڕی شەڕێکدا وەهات لێبهاتایە، دەتخواردین. نەجمەدین لە خەفەتدا قوڕگی پڕ بوو لە گریان، من چاوم پەڕییە

پشتی سەرم. دەستم لێدایە دارشەقەکەی نەجمەدین و وتم: ڕۆح لە دەستم دەرناکەیت، نەیانهێشت مامۆستا خدر بە سزای خۆی گەیاند. سووکە ترسێکم هەبوو، بەڵام چنگ و نینۆک و نووکی پێی بە ئاسانی لێ گیر دەبێ. ئەم کۆسپەشمان فت. لەوە دەچێ زۆرم نەمابێ. ئەوەشی ماوە وا دێتە پێش چاو، بێ کۆسپ بێ. دەم تەڕکردن و خواردنەوەی قومە ئاوێکی تر پێویستە. هێشتا مەتارەکە ئاوی زۆر تێداماوە. دوو قاپ ئاو دەگرێ. سەروەر بە تایبەتی بۆی پەیداکردبووم. سەروەر... پشتم پێت ئەستوورە. دەزانم ئەگەر بە ئاگری من نەتسووتێنن و وازت لێبێنن، پیاوانە بەڕێیانەوە دەبەیت. کە گەڕامەوە نامەیەکیان بۆ دەنووسم، دەمێکە نامەم بۆ نەناردوون بەهۆی مەلا ڕەسووڵەوە دەینێرم. ئا ئەوەیان باشترە. عەبەکەڕ جێگەی گومانە. خۆ هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە. تەنیا شێوە گومانێکی لێدەکەم و نازانم بۆچی وا تێدەگەم زوڵمی لێ دەکەم، لە دڵدا خۆشم ناوێ، ڕەنگە هەر لەوەوە هاتبێ. باشە بۆچی خۆشم ناوێ؟ وەڵڵا سەیرە!... ناشزانم بۆچی خۆشم ناوێ، ئێ دەڵێیت چی! وا وایە!... بەرامبەر بەو وەها و کەچی هەر لەخۆمەوە، بلەی دەروێش کەریمم چوو بە دڵدا. زۆرم خۆشویست و دواییش مرۆڤێکی بلّح دەرچوو. خۆ نەک تەنیا من، مامۆستا خدریش ڕێزێکی تایبەتی لێ دەنا، بگرە تا ماوەیەکیش بڕوای نەدەکرد. تا کاتێ هەواڵەکەی لەلا بوو بە ڕاست، زۆر پەست بوو. ئاخۆ سەعاتمان بە چەند کردبێ؟.. خراپ نییە چاک هاتووم... ئەوەش لوتکە، ئەمجارەیان گومانی تێدا نییە و خۆیەتی، ئەمیان

وەک لوتکە ساختەکانی پێشوو نییە. بە هەردوو شانمدا ئاسمانم تـەواو لێ بـەرفراوان بـووە. پێویستیم بە بەکارهێنانی چنگ و دەستیش نەماوە. ئەوەتا کەوتوومەتەوە سەر هەردوو پێ، دەڵێیت بە تەختانیدا هەنگاو دەنێم، تەختانی نییە. سووکە هەورازە، بەڵام سـوور دڵنیام کە ڕووەو تەختانی هەنگاو سـەردەخـەم. ئەوەتا دەبینم لە چل پەنجا هەنگاوی تر زیاتر نییە. تەواو ترس ڕەوییەوە. ناو دەروونی ئادەمیزاد جیهانێکی سەیرە! لە خوارەوە وەها لێم هاتبووە ژەنگوژار، کە دەتوت تەنوورێکی تێدا داخراوە، کەچی ئێستا دەڵێیت بۆتە شوێنی نێرگزەجاڕێک. لەوێ خۆم لە بۆتەی خاکەساریدا دەبینی. لێرە دەڵێیت، ها ئێستا، ها ساتێکی تر، دەچمە سەر تەختی پادشایی، ئا بەڵێ تەختی پادشایی، ئەی بۆ نا! ئەوەتا بەلاڕێدا دەستم دایە یەخەی شاخێکی سەرتونکردوو لە کەشکەلانی فەلەک و پیایدا هەڵزنام، ئەوەتا خۆم گەیاندۆتە سەر تەوقی سەری، ئەوەتا گومانم لە دڵدا نەماوە، کە لە وەختی خۆیدا دەگەمە جێ و ئەرکە پیرۆزەکەی سەرشانم بەجێ دێنم، ئەی ئەرێ بە ڕاست ئێستا با دوو قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین. من گلەییم هەیە. زۆرت ماندوو کردم، بۆچی وەهات لەگەڵدا کردم؟ ها؟ بۆچی؟

دەی گوێ مەدەرێ من لەباتی تۆ وەرام دەدەمەوە، بۆئەوەی ماندووبوونەکە حەڵاڵ بێ، بۆئەوەی جێی خۆی بگرێ و قەتوقەت دەستت لێ بەرنەدەم. کەوابێ تۆش ئێستا پێخوشحاڵیت کە بەسەر تەوقی سەرتەوەم، کە لەسەر تەوقی سەرت دانیشتووم و دوای ئەو ماندووبوونە گورچکبڕە، دەحەوێمەوە. دەی باشە... گونجاین.

ڕێککەوتین بمبەخشە کەمێ لێت پەست بووبووم و هەندێ قسەشم لە دڵدا پێ وتیت، بەڵام لێم ببوورە، لێم دەبووریت؟ ئێ... سوپاس. ئاخۆ بە تەواویی سەعات چەند بێ؟ با بزانم زۆر باشە، زۆر کۆکە. پێنج دەقیقە... یا ئەوپەڕەکەی دە دەقیقە لەسەر گازی پشت بۆی پاڵ دەکەوم. بوارم دەدەیت؟ چۆن؟ دوادەکەوم؟... نانا... ترست نەبێ. تۆ خۆش بیت، پێشوەخت دەگەمە جێ. ئەودیوت ئاسانە. ئەوەتا دەبینم ترسی ئەوەم هەبوو ڕێگەی چوونە خوارەوەم نەدەیت و وا ئەو ترسەم لە دڵدا نەما. سوپاست دەکەم. وا نەبووایە خراپ لێت زویر دەبووم. بمبەخشە کە وەها دەڵێم، چونکە ناچار دەبووم بڵێم: وەرە بۆ بۆرەپیاو... ئای!... بەڕاست من ئەم قسانە لە خۆڕایی دەکەم. تکایە لێمی مەگرە. بەدڵەوە وەرە با ماچت بکەم. چۆن؟ چیت فەرموو؟ هەڵسم بکەومەوە ڕێ؟ بەسەرچاو. فەرمایشتت بەجێیە. هەر ئێستا هەڵسە کوڕە... هەڵسە دەی بکەوەرەوە ڕێ. شاخ... شاخە دڵ و گیانەکەت وەهات فەرمان پێدەدا. خێراکە دەی... بەسەرچاو. وا دەکەومەوە ڕێ... کوا! ئەو هەنگاوە کورت کورتانە چین؟ ئێ ئاخر دەبێ ئاگام لە خۆم بێ. دەترسم هەڵدێرێم... دەترسم ڕیسەکەم لێببێتەوە بە خوری. مەترسە... ڕیسەکەت لێ نابێتەوە بە خوری. بڕوانە، تۆ بڕوانە و وردبەرەوە. تۆ باش سەرنج بدە. ئای!... چی دەبینم؟ ڕێگاکەیە... ڕێگاکە!... خۆیەتی، چوومەتەوە سەر ڕێگاکە!

(١٩٨٠/١٠/٢٨)

# گـــەلـــەگـــورگ

## زریان

زۆپاکە جارێکی تریش سووربووبۆوە و نێڵەنێڵی گەیشتەوە لوتکە، لەوەدا نەما خۆیانی لەبەردا ڕابگرن. بەرودوا لێی کشانەوە و خۆیانیان لێ دوورخستەوە. ئایش چۆوە وێزەی درووومانەکەی. منداڵەکان کەوتنەوە یاریکردن. بارامیش چوو پاڵیدایەوە و قاچی لێ ڕاکێشا.

زریـان، زریـان نەبوو، بـەڵای خوا بـوو. بە قسەی بـارام نا، ئەوەیان هەر هیچ کە بارام بەدرێژایی تەمەنی بیست و شەش ساڵەی، بەبیری نەدەهات لە هیچ زستانێکی تردا زریانێکی وەهای دیبێ، بەڵکو بە قسەی پیرانی ئاوایی گوایە سی و پێنج ساڵ لەوەبەر زریانێکی تری لەم بابەتە ڕووی داوە و بۆ ماوەی پازدە ڕۆژی ڕەبەق نەیهێشتووە کەس سەر لە کون بباتە دەر.

هەر چاکە!... ئەمیان لە ڕۆژی هەشتەمیدا هێندەی بوار دا کە بتوانم بۆ ماوەی سەعاتەوەختێک، سەر لە کون دەربێنم. بارام لەو سەعاتەوەختەدا فرسەتی هێنا و خۆی گەیاندە ئاوایی. پێش لە ماڵ بەدەرکەوتن بە ئایشی وت:

– ئاگاداری منداڵەکان بە... مەیەڵە پێ ببەنە هەیوانەکەوە، هەروەها خۆشت پێ لە هەیوان مەبەرە دەرەوە.

کە کەوتەڕێ، زۆر بە زەحمەت هەنگاوی بۆ دەنرا، ئەو تووڵەڕێیەی لە ئەنجامی هاتوچۆی خۆیاندا بۆ ئاوایی دروست بووبوو، بە باڵاپیاوێک بەفر داپۆشرابوو، بەڵام ئەو کە ئەمە ڕێگای هاتوچۆی هەشت مانگی لەوەبەری بوو، لەوە بەدوور بوو لە هەنگاونان و قاچدانان بە بست بەبستیدا، هەڵەی تێدا بکا. بۆیە زەحمەتیی هەنگاونانەکەی لێ نەدەبووە کۆسپێکی ئەوتۆ کە گەیشتنە ئاوایی لەلا بکاتە کارێکی زۆر ستەم.

ئاوایی تەنیا بە دووکەڵی لوولەی زۆپاکانیدا دەزانرا کە ئاواییە، دەنا بە ورتە و جووڵە و بە دیمەن هیچ نیشانەیەکی تری پێوە دیار نەبوو.

کە خۆی بە ماڵی مامیدا کرد، ئامۆژنی سەری لە ژوور بۆ دەرهێنا و بەپیرییەوە هات، بەڵام کە سەیری کرد بە تەنیا خۆیەتی، بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

– ئەی ئایش و منداڵەکان؟

ئەم خۆی لە سەرسوڕمان و تەنگەتاوییەکەی گێل کرد و وتی:

– لە ماڵەوەن.

– ئەی بۆ نەتهێنانەوە؟

– ئامۆژن تۆ قسەی سەیر دەکەیت!... ئەمە ڕۆژی ئەوەیە؟

– ئەی ئەمە ڕۆژی ئەوەیە ئێوە لەو چۆڵەوانییە بمێننەوە؟

لەم ساتەدا مامیشی کە دەنگەدەنگیانی کەوتبووە بەرگوێ، هاتە دەرەوە. ئەویش بە سەرسامییەوە پرسی:

– ئەوە چییە؟ چی قەوماوە؟

ئەم خێرا لە وەرامیدا وتی:

– هیچ نییە مامە... هیچ نەقەوماوە. تەنیا هێندەیە کە نەوتمان نەماوە. منیش فرسەتم هێناوە و هاتووم، کەمێ نەوت ببەم و بەپەلە بگەڕێمەوە.

مامیشی وەک، ئامۆژنی، بەڵام بێ تووڕەبوون و لەسەرخۆ وتی:

– ئێ ئاخر کوڕم، وەک خۆت فرسەتت هێنا و هاتیت، دەبوو بە هەر کلۆجێک بووایە منداڵەکانیشت بهێنایە و لێرەبوونایە تا ئەم غەزەبە کۆتایی دەهات.

ئەم هیچ وەرامێکی تری نەدایەوە، تەنیا هەندێ خۆی تەکاند و لە چاوەڕوانیدا ڕاوەستا، ئەوسا مامی سەیرێکی کرد ویستی قسەیەکی تر بکا و کە ڕوانی ئەو ڕووی وەرگێڕاوە و گوێی بۆ بیستنی قسەی تر هەڵنەخستووە، وەرچەرخا و چووەوە ژوورەوە. بەدەمییەوە، وتی:

– ماتەڵی مەکە نەوتەکەی بدەرێ با بڕوا.

بە دوایدا ئامۆژنی بە بێدەنگ چوو گالۆنێکی پڕ لە نەوتی بۆ هێنا و دایە دەستی، ئەم کە لەو ساتەدا سەرنجێکی خێرای ئاراستە کرد، گلەیی و نارەزاییەکی تێکەڵ لە خەفەتباریی لە ڕووخساریدا خوێندەوە، بەڵام لەسەر پیشەی لەوەبەری، خۆی لێ گێل کرد، گالۆنە نەوتەکەی لێوەرگرت بەپەلە کشایەوە و بەرەو ماڵ و هەیپێی لێکرد.

گەڕانەوەکەی ئاسانتر بوو لە چوونەکەی. ڕاست بە شوێنی درپێدانەکەی ئەوسەری بە بەفرەکە دا و بە لۆقە ڕێگاکەی بڕی، کە گەیشتەوە ماڵەوە، بوارەکە هێشتا بەردەوام بوو، ئایش وتی:

– فرسەتە، بۆ ناچیت سەربانەکەش بماڵیتەوە؟

قسەکەی بەلاوە بەجێ بوو، هەشت ڕۆژی ڕەبەق بوو، ڕۆژی سێ جار دەچوو بۆ سەربانماڵین و دەکەوتە زۆرانبازییەکی سەخت و ستەمەوە، بەڵام ئەمجارەیان فرسەتە دوای کەمێ خۆگەرمکردنەوە، دەچێ بە ڕەحەت و سەحەتی و بێ ئەو زۆرانبازییە بەفرەکە دەماڵێ. وەهاشی دەماڵێ کە تۆزقاڵێ پێوە نەهێڵێ و تەقەللابدا لە گوێسوانەکانیشی دوور بخاتەوە.

سەعاتەوەختەکە بۆی بەنرخ بوو، چوو گاڵۆنێ نەوتی هێنا و چوو سەربانیشی پاک پاک وەک سەری بە گوێزانتاشراو ماڵی. ئەوسا ئیتر هەر هێندەی ئەم پێی نایەوە ژوورەوە و لەبەر زۆپاکە دانیشت خۆی گەرم بکاتەوە و بحەوێتەوە، زۆری نەبرد، زریان وەک بییەوێ تۆڵەی سەعاتەوەختەکە سەدقات بکاتەوە، بە گەردەلوولێکی ئەوتۆ دەستی پێکردەوە، کە دەتوت بەنیازە بەفر و بەستەڵەکی هەموو دنیا دابڕژێنێتە ئەو ناوچەیەوە! ئایش کە ئەوەی دی، هاواری لێهەڵسا و وتی:

– بارام، کار وا بڕوا دارەکەشمان بە زەحمەت بو دێتە ژوورەوە، چاکتر وایە چەندمان پێدەکرێ لە ئێستەوە بیهێنینە ژوورەوە.

بارام بە تەواوی نا، نیوە و نیوەچڵ ئەم قسەیەشی پەسند کرد، بێئەوەی هیچ بڵێ چوو سێ باوەشی چاک داری لە هەیوانەوە هێنایە ژوورەوە، ئینجا لەبەرخۆوە وتی:

تۆ بڵێیت وەها قوڕی پێدا بدا کە نەتوانم بچم دارەکەش بهێنمە ژوورەوە؟ جارێ ئەوەندەمان بەسە.

ئایش زۆر قسەی لە قسەیدا نەدەکرد، دەستی برد چوار پێنج بڕی لێخستنە زۆپاکەوە و کەوتە خۆشکردنی ئاگرەکەی، زۆپا زۆری پێنەچوو سەرلەنوێ سووربۆوە و نێڵەنێڵی پێکەوتەوە. لەوەدا نەما خۆیانی لەبەردا ڕابگرن. بەرەودوا لێی کشانەوە و خۆیان دوورخستەوە. بارام چوو پاڵی دایەوە و قاچی لێ ڕاکێشا. جگەرەیەکی ئاگر دا و بە پەرۆشەوە کەوتە مژلێدانی.

## بـــارام

(... من پەشیمان نیم... قەت پەشیمان نیم، زریانە زریان نییە، چش! سەختە سەخت نییە، چش! چیمە بەسەریەوە. بۆ من نە زریانە و نە سەخت. من بەلامەوە زۆر ئاساییە. گوایە لە زریانەکەی تر سەختترە؟ هەرگیز نا... قەت نا! ئەمیان ئەوپەڕەکەی ئەگەر هەر بەگیری هێنایت و کەنەفتی کردیت، بە بێمنەت دەتکوژێ و کۆتاییت پێدێنێ.

لە کاتێکدا ئەویان دەتداتە دەم گەردەلوولێکی ئازار و هەر دەتبات و دەتبات، هەتا پڕ بە دەریایەک ئەشکەنجەت پێ دەنۆشێت و ناشتکوژێ! من پەشیمانم نیم. نەک سەختە زریان،

بەڵکو سەختەمردنی دەم کەڵبەی زریانیش پەشیمانم ناکاتەوە. جا بۆچی بیرم بۆ مردن بچێ؟ گوایە نیازی وایە چەند ڕۆژی تر دەوام بکا؟ سێ... پێنج دەی تر؟ خۆ لەوە زیاتر نابێ؟ مەگەر بییەوێ تەواو قوڕی پێدا بدا و بۆی بڕوا بۆ بیست ڕۆژ و سی و چل ڕۆژی تر!... دەنا ئاردە هەمانە، برنج و ساوەر و نیسک و نۆک و ڕۆنە هەمانە. شەکر و چایە هەمانە، نەک بەشی دە ڕۆژ، بەڵکو کامیان زۆر کەممان ماوە، کە شەکر و چایەکەیە، بەشی زیاتر لە سێ دە ڕۆژی دەکا. تەنیا نەوتەکەیە کە زۆر کەمە و ئەویش ئەگەر ئەوەی هەیە تەواو بوو، ئیتر چرا ناسووتێنین و بڕایەوە، خۆ دەتوانم فرسەت بێنم و بچم هەندێکی تر بێنم، بەڵام ناچم، ئیتر ناچم، ئەگەرچی مامم و ئامۆژنم لە گورگە دووپێییەکان نین و لە دەستەی تاک و تەراکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوویان لێ نانێمەوە. یەک جار بەسە. دەترسم ئەگەر کردم بە دوو جار، گەرای گورگایەتییەکەیان تێدا ببزوێ و بچنەوە ڕیزیان. منیش بکەومەوە تف و لەعنەتکردنی خۆم، تف و لەعنەتێک کە هەشت مانگە خۆم لێ بەدوور گرتووە. من بۆ ئەو یەک جارەش نەدەچووم، ئایش زۆری بۆ هێنام. ئەوی ڕاستی بێ زۆر نا، خوا هەڵناگرێ ئەو قەت تەقەللا نادا زۆرم بۆبێنێ و ئەم شتم پێ بکا، یا ئەوم پێ نەکا، بەڵکو دەمهێنێتە ژێربار. قسەکەی بەجێ بوو. هەم فرسەتەکە هەڵکەوتبوو، هەم منداڵەکانیش بە تاریکییەکەی دوێنێ شەو تەواو تەنگەتاو بووبوون. بگرە تا خەو بردنییەوە بۆمان بوونە دەردیسەری، لەگەڵ ئەوەشدا ئیتر ناچم، خەتا خەتای خۆمە

و دەبێ شانی بدەمەبەر. نازانم چۆنم لەبیر چووبوو، خەتای ئایشیشی تێدابوو. دەبوو ئاگادارم بکا. ئەمە ڕاستە، بەڵام خۆ منیش دەبووایە پرسیارم بکردایە. وایە... من ئەم تەرزە ژیانەم بۆ ئەو هەڵبژاردووە. هەر منیش بە درێژایی هەشت مانگەکە، ئەوم وەها ڕاهێناوە کە هیچ شتێک لەبیر نەکەم. لە هیچ شتێک غافڵ نەبم و هەموو پێویستییەک لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکەم. ئێ بەڵام تۆ ڕاوەستە. خۆ ئەمە یەکەمجار نییە گرفتی وەهات دێتە پێش دەم؟ هەمووجار چارەسەرێکت هەر دۆزیوەتەوە. ئەمیش هەر وەها دەبێ. وازی لێبێنە بۆ وەختی خۆی، گرنگ ئەوەیە تۆ هەشت مانگی ڕەبەقی پڕاوپڕ لە ئاسوودەگیت بردۆتە سەر. هەشت مانگی دوور لە گورگ و گورگایەتی! ئا بەڵێ... لە سەرەتادا کە بەدەم دەمەتەقێوە لە کۆڕ و کۆمەڵدا وەک بیروڕایەک باست لێدەکرد، دەیانوت: بە خەیاڵ شتێکی خۆشە، بەڵام بە کردار قەت ناهێنرێتەدی. وەختێکیش هاتیتە سەر بەکردار بەدیهێنانی، هەموو وتیان: کابرا تۆ شێت بوویت! تەنانەت کەسوکاریش و لە پێشیانەوە مام و ئامۆژن، ڕاست و ڕاست وتیان: کورە تۆ ئەقڵت لە گرێژەنە چووە. ئا وایە!... کەم و زیادی نییە... ئەقڵم لە گرێژەنە چووە! لە بێخەبەران کەشکەک سەڵەوات. من تەنیا هێندە وەرامم بوو، ئەویش لە دڵی خۆمدا دەنا بە قسە هیچ وەرامێکم نەدایەوە. من لەوسەری هاتبوومەوە دەمزانی بەبێ گرفت و دەردیسەریی نابم، بەڵام دەمزانی کە لە جۆر و بابەتێکی تر دەبن و جیاوازییان لەگەڵ ئەوەکانی ناو ئەواندا ئاسمان و ڕێسمان دەبێ. هەشت

مانگی ڕەبەق و ئەمە گرفتی هەرە گەورە و سەختە کە تووشی دەبم. لەوێ بوومایە بە تەنیشتی ماڵی مامەوە دەبووم. هەر پێویستییەکمان ببووایە، بەسەر چەپەرەکەی نێوانماندا دەستم درێژ دەکرد و وەرم دەگرت، ئەگەرچی دەشیا لەگەڵیدا، سێ گرفتی سەختتر لە جێی، بەدەستمەوە بهاتایە و بئاڵانایەتە مێشکم، ماڵی مامم نا... با ئەوانی لێدەرچن، ماڵەکەی تەنیشتی ئەولام... ئەوەکەی ئەولاتر... ئەوەکەی سەرپەڕی ئاوایی!... ئا... دەشیا لەملامەوە دەردێکم چارەسەر بکرێ و لەولاوە، سێ دەردم تێبئاڵێنرێ. نا... هەرگیز نا... من...).

## گفـــتوگـــۆ

ئایش وتی:

– چییە ئەوە؟ خەوت دێ؟

بارام ڕاچەنی. سەری بۆ هەڵبڕی و سەیرێکی کرد. تەنیا لە دەنگەکەی بەئاگاهاتەوە. دەنا نەیدەزانی چی وتووە. بە دەمییەوە خۆی خستە سەرباری دانیشتن و بێ هیچ وەرامدانەوەیەک، سەرنجی لێ لادا و خۆی بە تەزبیحەکەیەوە خەریک کرد. ئایش سەرلەنوێ وتی: – ئەگەر خەوت دێ، با جێگات بۆ ڕابخەم.

ئەوسا تێگەیشت کە قسەکەی پێشوو چی بووە. بۆ ماوەی ساتەوەختێک، لە خۆی کەوتە گومانەوە، وای بۆچوو کە دەبێ خەو بردبێتییەوە، بەڵام کە خێرا سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و منداڵەکانی بینی وا لەولاوە

خەریکی یاریکردنن، بە سەرسوڕمانەوە وتی:

- خەو؟ خەوی چی؟

ئایش بۆی پێکەنی باسەکەی گۆڕی و وتی:

- هیچ... هیچ!... دە هەڵسە ها... هەڵسە لەپێی بکە بزانم چۆنە؟

دروومانەکەی دەستی، دەرپێیەک بوو بۆ ئەو. هەر بە دانیشتنەوە لێی وەرگرت. تۆزێک ئەمدیو و ئەودیوی پێکرد. ئینجا بۆی هەڵسایە سەرپێ. بەسەر شەڕواڵەکەیدا، لە کەمەر و ئاستی پشتێنەوە بە قەد خۆی گرت. ئایش وتی:

- وانابێ... لەپێی نەکەیت، دڵم ئاو ناخواتەوە.

دانیشتەوە و دەرپێکەی خستە لاوە. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- جارێ داینێ تا دەچم سەربانەکە دەماڵمەوە و دوو سێ باوەشی تریش دار دێنمە ژوورەوە، ئینجا ئەوسا...

- ئینجا ئەوسا چی؟

- منداڵەکان نوستوون و ئێمەش زۆپاکە ئاگردەدەینەوە و...

- ئێ ژوورەکە دەکەینەوە بە حەمام و...

- ئێ منیش کورتەک و شەڕواڵ و دەرپێی کۆن دادەکەنم و...

- دەرپێ تازەکەش لەپێ ناکەیت و... وانا؟

- نا... نا... بۆ تاقیکردنەوە لەپێی دەکەم.

- تەنیا بۆ تاقیکردنەوە؟... ها؟

بەدوایدا هەردووکیان باوەشیان بە یەکتردا کرد و دایانە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ. منداڵەکان لێیان بەئاگا هاتن. وازیان لە

یاریی و گەمەی خۆیان هێنا و هاتن خۆیان ئاخنییە باوەشیانەوە، چوارقۆڵی بۆ ماوەیەکی زۆر یەکتریان بەخۆوە هەڵلوشی و سەر و ڕووخساری یەکتریان ماچ کرد. تا وەختێ لە خۆیان بەئاگاهاتنەوە، هەردوو منداڵ وەک دوو فریشتە خەو بردبوونییەوە، یەکەمجار بارام وریابۆوە. وتی:

– نوستوون... هەڵسە جێگەیان بۆ دابخە و بیانگوێزەرەوە.

ئایش ڕاپەڕییە سەر پێ. جێگای ئەوانی ڕاخست و گواستنییەوە شوێنی خۆیان، بە دوایدا جێگای خۆیانیشی ڕاخست و چوو لە سەری پاڵکەوت. لەگەڵ پاڵکەوتنیدا باوەشی بۆ بارام گرتەوە. ئەویش چوو بە پیرییەوە و باوەشی پێداکرد. دەمی خستە ناو دەمییەوە. ماچێکی مزری کرد و هەر زوو هەڵسایەوە و کەوتەوە سەر پێ. خۆی گورج کردەوە و قاپووتە عەسکەرییەکەی لەبەرکردەوە. سەر کڵاوەکەی چەسپاندەوە سەری و ڕووە و دەرگاکە هەنگاوی نا، بەڵام ئایش ڕاچەنییە سەر پێ و وتی:

– چی دەکەیت؟

بارام بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە خۆشنوودییەوە وتی:

– سەربان... دەبێ بچم سەربانەکە بماڵمەوە و کە هاتیشمەوە، دوو سێ باوەشی تر دار بێنمە ژوورەوە.

ئایش دەیزانی سەربانماڵینەکە لە بۆتەی ئەو زریانەدا چەندە بە ئەرک و ئازارە. تەمێکی خەفەتباریی نیشتە سەر ڕووخساری، وتی:

– ناکرێ وازی لێبێنیت؟ بیخەرە سبەینێ بەیانی زوو.

- دەکرێ، بەڵام دەترسم خانووەکەمان بەسەردا بتەپێنێ.
- هێجگار وا؟
- نازانم من بە چاوی خۆم نەمدیوە، بەڵام ئامۆژگاریی باووباپیرانە و ڕێی تێدەچێ.
- بۆ خانووی پەرپووت و کۆن، نەک ئەمەی ئێمە.
- بەهەرحاڵ چیم لەکیس دەچێ؟
- چۆن چیت لەکیس دەچێ؟ بو من نازانم کە نیوەمردنێکە؟
- هێجگار وا؟
- نا... یەعنی...
- خەمت نەبێ... نامناسیت؟

ئەوسا بارام ئیتر بەدەم بزەیەکی گەشەوە بەرەو دەرگاکە هەنگاوی نا و بەپرتاو دەرپەڕییە دەرەوە.

## بۆتـــەی زریـــان

هەر هێندەی پێی نایە دەرەوە، ڕیزە گوێزانی دەم زریان بەلێشاو دایان بە تەختی ڕوومەت و ناوچەوان و سەری لووتیدا و کسپەیان لێ هەڵساندن. کسپەکە هێندە کتوپڕبوو، کە بۆ ماوەی ساتەوەختێک لەبەردەرگاکەدا گیری دا. لەو ساتەوەختەدا قسەکەی ئایش وەک بروسکەیەک بە مێشکیدا ڕابوورد، بەڵام خێرا خۆی وریاکردەوە و کەوتەوە هەنگاونان، هەستی کرد توێژاڵێکی تەنکی سەهۆڵ، لە ژێر پێیدا خرمەی دێ، لەمە سەرسام بوو. ئەم لەو ڕۆژەوەی زریانەکە دەستی پێکردبوو، هەموو شەو

درەنگ، یا زوو سەربانی دەماڵی، بەڵام ئەمە یەکەمجار بوو، هەست بە توێژاڵە سەهۆڵەکە بکا، چونکە هەر لە زووەوە... لە سەرەتای زستانەوە، بە تەختە و دار و نایلۆنێکی ئەستووری قایم، نایلۆنبەندی کردبوو، کە لە تەنیشتی لای چەپییەوە دەرگایەکی بچووکی تێخستبوو. سەرەتا وای بۆچوو کە دەبێ بایەکە پەتی قایمکردنی دەرگاکەی پچڕاندبێ. یا لە شوێنێکەوە نایلۆنەکەی دڕاندبێ و بەفر بەدەم باوە هورووژمی هێنابێتە ناو هەیوان، بەڵام کە چووە پێشترەوە سەیری کرد نە ئەویانە و نە ئەمیان، بەڵکو سەختیی زریان گەیشتۆتە ڕادەی گەیاندنی شاڵاوی سەهۆڵبەندانی خۆی، بۆ ناو هەیوانەکەش. ئەوسا لەناکاو بیری بۆ سێ سەر بزن و گوێدریژەکەیان چوو، کە ئەوانیشی لە سەرەتای زریانەکەوە، لە تەویلە پەرپووتەکەیانەوە گواستبۆوە بۆ ژوورەکەی بەرامبەریان.

گەڕایەوە دواوە و چوو لەبەر دەرگاکەیدا هەڵوێستێکی بۆ کرد، ویستی بیکاتەوە و سەرێک بکێشێتە ژوورەوە و لێیان دڵنیاببێ. بە پێویستی نەزانی. وەرچەرخایەوە و لە هەیوان بەدەرکەوت لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا، تەوژمی گەردەلوولێک شاڵاوی بردە هەیوانەکەوە بەپەلە دەرگای قایم کردەوە. دەستی دایە بەفرماڵەکە و ویستی بەرەو سەربان هەنگاو بنێ و سووکە حەپەنازێکی بازە گلیدایەوە. لە گچکە کوختەکەیەوە سەری هێنابووە دەرەوە و دەتوت لەنێوان بەجێهێنانی ئەرکی بەوەفایی و شاڵاوی بێئامانی زریاندا گیری خواردووە. بارام لەویش غافڵ نەبووبوو. لە ڕۆژی دووەمی زریانەکەوە، ئەو کوختە گچکەیەی ڕاست لەودیو

نایلۆنبەندەکەوە بۆ دروستکرد و لە ڕووی زریانەکەدا بۆی کردە سەنگەرێک.

بۆی دانەوییەوە و دانیشتە سەرچۆک، دووسێ جار دەستی سۆزێکی پڕ بەدڵی بەسەریدا هێنا. لەبەرخۆیەوە وتی: دەزانم بەرگە دەگریت و هێندەت بۆ پاراستنت لە شاڵاوی زریان بەسە، دەنا دەمبردیتە هەیوان. بگرە دەمبردیتە ژوورەوە بۆ لای خۆمان. کە هەستایە سەر پێ و کشایەوە، هەستی کرد بازە هاتۆتە دەرەوە و دوای کەوتووە. وەرگەڕایەوە و وتی:

– نا... پێویست ناکا، تۆ مەیە، بچۆرەوە کوختەکەت و بەڵام وریابە، ئاگاداربە.

بەدەم قسەکانییەوە دەستێکی تری بە سەریدا هێنا و بەرەو دواوە بە هێواشی پاڵی پێوەنا، بازە زوو تێگەیشت کشایەوە و خۆی ئاخنییەوە ناو کوختەکەی و گوێقوڵاغ نیشتەوە سەر زەوی. ئەمیش پشتی تێکرد و بەرەو سەربان ملی نا.

بارستایی بەفری سەر زەوی و شاڵاوی گەردەلوولی دەم ئاسمان هەر هەنگاو هەڵهێنانەوەیەکیان لێدەکردە هەنگاونان بە دەریایەکی قیروزفتدا. بەو باریاندا کە قاچی دادەنا، تا سەروو پشتێن ڕۆدەچووە خوارەوە و هەنگاونانی لەلا دەکردە کارێکی زۆر بە ئەرک. بەمباریشیاندا گەردەلوولەکە، چوارچاوی دەکرد و هێرشی کلووی بەفر، کە بەپێچوخول لە هەر چوارلاوە پەلاماری ڕووخساریان دەدا و هەرچۆنێکی وەرچەرخاندایە پێیدا دەچزان، دەیکردە ژیشکێکی واقوڕماو.

سەرجەمی ماوەی نێوان بەرهەیوان و سەربان، لە کاتی ئاساییدا بە گشت پێچ و پەناکانییەوە، واتە یەکەمجار شەفتوول بۆ ئاستی دەرگا تەنەکەکەی حەوشە و تەیمانییەکە و لەوێوە بەرەوژوور تا ئاستی تاشەبەردەکەی پاڵ دیواری ژوورەکەی خۆیان و ئینجا سووڕانەوە بە تەنیشتیدا تا پشتەوەی سەربان، کە ئەویش لە کاتی ئاساییدا هەروا باڵاپیاوێک بەرز دەبێ، لە سی هەنگاوێک زیاتر نابێ، کەچی بۆتەی زریان لێی کردە سەرکەوتنی کێوێکی هێجگار سەخت.

کاتێ گەیشت تەواو کەسیرە بووبوو. ئەو یەکەمجاری بوو، خۆی ئاوەها لە ڕووی زریانەکەدا بە کەنەفتی ببینێ. بەفرماڵەکەی بەزەحمەت بۆ بەدەستەوە دەگیرا، چ جایە بەکارهێنان و بەفرپێماڵینی کە تا سەرئەژنۆی تێدا ڕۆدەچووە خوارەوە. لەناکاو وای زایە مێشکەوە، کە واز لە ماڵینی سەربانەکە بێنێ و خۆی بگەیەنێتەوە کونی ژوورەوە، بەڵام خێرا بە خۆی وت: نامەردت نەکەن!... گوایە لەوە دەترسیت بەلادا بێیت و ڕەق ببیتەوە؟ شتی وا ناشێ ڕووبدا، دەمێنێتەوە سەر ئازارەکەی... ژانە دڵ پڕ وێنەکەی نووکی پەنجەی دەست و پێ و پۆپەی لووت و پەڕەی گوێچکەوا!... ئێ... دەبێ شانی بدەیتەبەر. کەوابێ شانی بدەرەبەر و لەسەری مەوەستە.

لەسەری نەوەستا. مشت و شان و باهووی لە بەفر خستەکار، خەمی ستەمیی بەفرماڵینەکەی لە دڵدا نەما. ترسی کەوتنەخوارەوە بە دیوی حەوشەدا، مێشکی داگیرکرد. ترس لەوە نا گوایە لە

کەوتنەخوارەوەکەیدا ئازاری پێ بگا، بەڵکو لەوەی کە یا دەبوو ئازاری سەرکەوتنەوە بۆ سەربان بچێژێتەوە. یا واز لە سەربانماڵینەکە بێنێ.

بە هەرحاڵ ساربانی ماڵی و ئەوە ڕووی نەدا. ئەوسا دوا تین و توانای دایە بەرخۆی و بەهەمان ڕێگەی سەرکەوتندا، بەرەو حەوشە و هەیوان خۆی بەکێش کردەوە. لە هەیوانەکەدا دەنگی ئایشی کەوتە بەرگوێ کە دەیوت:

– باش خۆت بتەکێنە، ئینجا وەرە ژوورەوە.

## شێرەبەفرینە

کە خۆی کرد بە ژووردا بە دیمەن پتر لە شێرەبەفرینەیەک دەچوو وەک لە مرۆڤ! ئایش لە سەرەتادا لێی بێئاگابوو. خەریک بوو زۆپاکەی بۆ ئاگردەدایەوە. کە وەرچەرخا و بەو شێوەیەی بینی، خێرا وتی:

– نەموت خۆت...

بەڵام خێراش قسەکەی قووت دایەوە و ڕاچەنییە سەر پێ. تیژەسەرنجێکی ساتەوەختیی دایەوە و بەرەوڕووی قەڵەمبازدی دا. بە پەشۆکاوییەوە وتی:

– بارام... چیتە؟

تەقەللای دا وەرامێکی بداتەوە و دەمی گۆی نەدەکرد، تەنیا کزە خەنینەوەیەکی بەڕوودا داو؛ دەستی بەرزکردەوە سەر کڵاوەکەی لەسەری بکاتەوە و ئایش نەیهێشت. لە پاڵ دەرگاکەدا

داینیشانده سەر زەوی، سەر کڵاوەکەی لەسەری لادا. پاڵتۆکەی لەبەر داکەند، پێڵاوەکانیشی لە هەردوو پێی هەڵپچڕین و خستنییە پەنا دەرگاکەوە. ئەوسا هەڵیسانده سەرپێ و بردی بەرامبەر زۆپاکە داینیشاند و پاڵی بە دیوارەکەوە پێدایەوە. ئینجا ڕایکردەوە بەلای زۆپاکەوە، کە سەیری کرد زۆپا ئاسایی ئاگری خۆش بۆتەوە، وازی لێهێنا و چۆوە بەلای بارامەوە. سەرنجی دا چەندین تنۆکە ئاو، نیشتوونەتە سەر ناوچەوان و برۆ و برژانگەکانی و بەڕوومەت و لاجانگیدا ڕۆدەچنە خوارەوە. هەر زوو زانی قەتماغەی بەفرە... سەهۆڵە و دەتوێتەوە. پەلاماریدایە خاولییەک و کەوتە سڕینی دەموچاوی. بەدەمییەوە سەرنجی دا پێڵووەکانی، دەنیشنە سەریەک و چاوانی دەنووقێن. خورپەی ترسێکی لەناکاو دای لە دڵی. بە قوڕگی پڕ لە گریانێکی تاساوەوە هاواری کرد:

– بارام... بارام گیان... چ خێرتە؟

لە هاوارەکەی بەئاگابوو. تینیدایە بەرخۆی و هەردوو چاوی بەزۆر زەقکردنەوە. بەزۆریش خۆی قیت کردەوە و دانیشت، بەڵام چەندە تەقەللای دا بە زمان وەرامی بداتەوە، لە بڵمەبڵمێک بەولاوە هیچی تری بۆ دەرنەبڕدرا. ناچار ئەمجاریش تەنیا، بەکزە خنینەوەیەک وەرامیدایەوە و کەوتەوە سەر باری پاڵدانەوە.

ئایش کەوتە خۆی. پشتێنەکەی لە کەمەری کردەوە. پووزەوانە و گۆرەوییەکانی لەپێ داماڵین و ڕانکی لێداکەند، کە دەتوت لە ئاو هەڵکێشراون. چوو لێفە و بەتانییەکەیانی هێنایە پێشەوە. ویستی بیاندا بەسەریدا و لە دەرپێکەی بەئاگا هات. ئەویش تا سەرئەژنۆ

لە ئاو هەڵکێشرابوو. ئەویشی لێداماڵی و فڕێیدایە لاتەنیشت. بەتانی و لێفەکەی بەسەردا دا. وازی لەو هێنا و چۆوە بەلای زۆپاکەوە، زۆپا کەوتبووە نێڵەنێڵ. لەوەدابوو وەرچەرخێت و بچێتەوە بەلای بارامەوە و پاڵتۆ و سەرکڵاو و پێڵاوەکانی کەوتنەوە بەر چاو. گچکە جۆگەلە ئاوێکیان بۆ ناو ژوورەکە لێ بەرەوخوار دەبۆوە. چوو پڕی پێداکردن و هاویشتنییە سەر دارەکان. ئینجا وەرگەڕایەوە و خۆی گەیاندە پاڵ بارام، کە ئەو ساتە لەوەدابوو زمانی بکەوێتەوە گۆ. پچڕپچڕ وتی:

– لە زۆپاکەم دووربخەرەوە!

جێگەکەی بۆ دوو سێ شەقاو دوور لە زۆپاکە گواستەوە. باش داپۆشی و بەدیارییەوە دانیشت. ماوەیەک لەسەر ئەو بارە تێیڕوانی. دوایی نووشتایەوە بە سەریدا و ڕوومەتی نا بە ڕوومەتییەوە. ڕوومەت ڕووی لە گەرمبوونەوە کردبوو. دڵی پێی حەوایەوە. بۆ زیاتر حەوانەوەی دڵ، قاچی درێژکردنە ناو جێگاکەوە و نووساندنی بە قاچییەوە. قاچ وەکو ڕوومەت نەبوو. هێشتا دەتوت پارچە سەهۆڵن.

بنی پێی بە خشاندن بە پووز و ڕانیدا سەرخست، ئەوانیش هێشتا دەتوت سەهۆڵن. ئەوسا دەستی برد دەرپێی لە لەشی خۆی داماڵی و فڕێیدایە لاوە. کراسیشی هەتا سەرسنگ هەڵماڵی. چووە ناو جێگاکەوە و توووند خۆی تێوەئاڵاند. هەستی دەکرد وا هەر تۆزقاڵێکی لەشی بارام، وەک دەمەگوێزان بە لەشیدا دەچزێ، بەڵام بە خوشنوودییەوە خۆی لەبەر ئەو چزەی ئازارەدا ڕادەگرت و پێی گەشکەدار دەبوو.

## ئایش

(وتم مەچۆ... وتم وازی لێبێنە بۆ سبەینێ، بە قسەی نەکردم. چی لێ بکەم... سەرسەختییەکەی لەوەدا نییە، کە قسەیەکی کرد، ئیتر هەر ئەوەیە و هەر دەبێ بیباتە سەر. لەگەڵداوتنی بێ سوودە. ئەو ئێوارەیە کە هاتەوە و وتی:

– بکەوەرە پێچانەوەی کەلوپەلەکان!

ورتەم لە دەمم نەهێنایە دەرەوە و چۆنی داواکرد، وام کرد. تەنیا هێندەم لە دەسەڵاتدا بوو، بچم باوکمی لێ هان بدەم کە هەوڵێکی تری لەگەڵدا بدا. باوکم وتی:

– هەرچەندە دەزانم سوودی نییە و قسەکەم دەدۆڕێنم، بەڵام لەبەر خاتری تۆ دەیکەم.

خۆ من خۆشم دەمزانی سوودی نییە. ئەو لە مانگێک لەوەبەرەوە، دەستی کردبووە دروستکردنی خانووەکە و لەو ماوەیەدا باوکم و دایکم و هەرچی دۆست و ناسیاوان هەن، تیایدا کول و کافر بوون و هەر کۆڵی نەدا و پاشگەز نەبۆوە. ئێ چی بکەم؟ وتم بەڵکو ئەم دواجار لەگەڵداوتنە کاری تێبکا، کەچی هیچ، بگرە لە وەرامی باوکمدا تەنیا وتی:

– مامەگیان... من پڕ بەدڵ تۆم خۆش دەوێ و حەزدەکەم ئامۆژگاریت بگرمە گوێ. زۆر بە تەنگەوەم دڵت لێم نەیەشێ و لێم عاجز نەبیت، بەڵام تکات لێدەکەم لەم مەسەلەیەدا، لێم ببوورە، کە ناتوانم بە قسەت بکەم و لە بڕیارەکەم پەشیمان ببمەوە. ئەمەیان باسێکە و لە دەمێکەوە، بڕیارم لێداوە و وا ئێستا دەیبەمە سەر.

باوکم لە زووەوە تێگەیشتبوو، کە نیازی چییە و چی دەوێ لەگەڵ ئەوەشدا دوا تەقەلای دا بە گیری بێنێ و بیبەستێتەوە، لە وەرامی ئەو قسانەیدا وتی:

چاکە زۆر چاکە، بەڵام با من پرسیارێکت لێ بکەم!... باوکم بەدوایدا خۆی بێدەنگ کرد. ئەو بە پەرۆشەوە بوو بزانێ پرسیارەکە چییە. خێرا وتی:

– فەرموو.... فەرموو مامە... زۆر حەزدەکەم بیزانم.

باوکم وتی:

– ئایا تۆ هیچ بیرت بەلای ئەوەدا نەچووە کە مەسەلەکەت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سێ ئادەمیزادی ترەوە و بە دوو منداڵی ساوا و ژنێکەوە هەیە، کە وەک ژن و منداڵی تۆن، کچ و کچەزای منیشن؟

بارام لە ئاستی پرسیارەکەدا خامۆش بوو. دوایی سەری بەرزکردەوە و ڕوانییە من و منداڵەکان. ئینجا سەیرێکی باوکمی کرد و سەرلەنوێ خامۆش بۆوە. من لەلای خۆمەوە دڵم بۆی گوشرا و تەنگەتاو بووم. سەرنجێکی پڕ لە پاڕانەوەم لە باوکم گیرکرد. باوکم زوو تێگەیشت هەڵسایە سەرپێ و ویستی، بێ وەرگرتنی وەرامی پرسیارەکەی، جێی بێڵێ و بڕوا. ئەو لێی بەئاگاهات. لەگەڵیدا هەڵسایە سەر پێ. بە دەنگێکی پڕ لە خەفەتبارییەوە وتی:

– مامە... ئەگەر تۆ وات پێباشە کە ئەمان...

باوکم نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا. وتی:

– نا... ئەوەم پێباش نییە. تەواو... بڕیمانەوە... بڕۆ خوات لە پشت بێ. تەنیا ئاگات لێیان بێ و بە سات لێیان غافڵ مەبە.

من قسەکەی باوکمم پێ خۆش بوو. لەوساتەدا ترسی ئەوەم لێنیشتبوو بڵێ: (ئا... وام پێباشە ئایش و منداڵەکان لێرە جێبێڵیت و خۆت بە تەنیا بچیتە خەڵوەتە نەگریسەکەتەوە). نەیکرد... شوکور ئەو قسەیەی نەکرد و بۆ ڕۆژی دوایی گواستمانەوە بۆ ئێرە. ئێ بە ڕاست ناخۆشییەکەی لە کوێدا بوو؟ ئەشەدوبیللا هیچ!

ئەم شەش حەوت ڕۆژەی لێدەرچێ، کە زریانە پیسەکە تۆزێ هەراسانی کردووین، دەنا ئیتر دەتوت لە بەهەشتێکداین. بە درێژایی ئەو هەشت مانگی پێشووە لە چیمان کەم بووە؟ ژیانێکی بێ قڕە و بڕە و بێ گێچەڵ و سەریەشە. نە کەس هەقی بە سەرمانەوەبووە و نە ئێمەش بەسەر کەسەوە، هەر وەختێکیش بیری دایک و باوک و کەسوکارم کردبێ، هەمووی چارەکە سەعاتێک ڕێگایە و بە ئاسانی لەگەڵ منداڵەکاندا چووم و هاتوومەتەوە. بۆیە منیش زوو تێگەیشتم بارام چی دەویست و بە ئاواتی چییەوە بوو.

تا وای لێهات کە من هاتنەکەم بۆ ئێرە لەو پێخۆشتربێ. ئێستەش با زریانی بەفر و باوبۆران، نەبێ، زریانی خڕکەبەرد و کوچک و کەڵەک بێ. خۆ تا ساڵی تەقیانووس دەوام ناکا. وا شەش حەوت ڕۆژی تر و بگرە وا دوو ئەوەندەی تریش دەوامیکرد. لە هیچمان کەم نییە. هەموو شتێکمان هەیە و خۆشمان ئاخنیوەتە ژوورەوە و سەری لێنابەینە دەرەوە تا بەسەردەچێ. بۆ من ئاوهێنانەکە و بۆ ئەو بەفرماڵینەکە، تۆزێ بە ئەرک و ئازارە. دەنا خوا دەیکرد

بەردی دەباراند. خۆزگە کانییەکەم کەمێ لێ نزیکتر دەبوو. با لەوێدا نەبووایە و هەروا دە پانزە هەنگاوێک سەرووتر بووایە. خۆ کفر نەدەبوو، ئەوسا بە ئاسانی بە جۆگەلەیەک، ئاوەکەی بۆ دەگەیاندمە ناو حەوشەکە، ئێستا دەبێ چل پەنجا هەنگاو بۆی برۆم. هەرچەندە ئەگەر ئەم زریانە نەگریسە نەبێ، چل پەنجا هەنگاو هیچ نییە. خۆ بۆ ئەمیشیان زوو وتی:

– تۆ ئەم هاتوچۆیەی سەر کانی لە خۆڕایی دەکەیت. ئەوە بەفرێکی زۆر و بیتوێنەرەوە و ئاوەکەی بەکاربێنە. قسەکەی لە هەوەڵەوە نەدەچوو بەگوێمدا. کە زریانەکە درێژەی کێشا، ئینجا ناچاربووم وا بکەم، ئەویش بۆ خواردنەوە نا، بۆ خواردنەوە تامی خۆش نییە و هەردەبێ بچم ئاوی کانییەکە بێنم. ئێ ئەوەش ڕۆژی یەک جار چوونی زیاتر پێناوێ، گوایە خۆ...).

## شەوچەرە

بارام لە ژێر جێگاکەوە جەستەی بەرەوژوور هەڵکشاند و خۆی خستە سەرباری دانیشتن و پاڵی دایەوە. ئایشیش لەگەڵیدا بەئاگاهاتەوە و وەک ئەوی کرد. بە دەمییەوە وتی:

– گەرمت بۆوە؟

– زۆر باش... دەڵێیت قەت من ئەو بارامە نەبووم.

– پێم نەوتیت وازی لێبێنە بۆ سبەینێ؟ من دەمزانی کە لەوەدا نەماوە، سەر لە ژوور ببرێتە دەرەوە.

– بۆ گوایە من نەمدەزانی؟ من خۆشم هەر کە پێم نایە ئەودیو هەیوانەوە، هەستم کرد جیاوازیی لەگەڵ جارەکانی تردا زۆرە.

– دەبوو وازت بهێنایە و بگەڕایتایەوە ژوورەوە.

– نـەدەبـوو... ئـەوەم لە منداڵییەوە لە مێشک چەسپیوە و بڕایەوە. دەترسام خانووەکەمان بەسەردا بتەپێ!

ئایش بێدەنگ بـوو، تەنیا قـاچ و قۆڵی لێئاڵاندەوە. سەری نیشاندە سەرسنگی و خۆی خامۆش کرد. بارام دوای ماوەیەک بێدەنگی وتی:

– ئەم جارەیان هیچ... دەترسم ناچار ببم لە نیوەشەویشدا بچم بیماڵمەوە.

– ناچیت... دەڕووخێ بە سەرماندا، ناڕووخێ قیروسیا. ناچیت و پێ لە ژوور نابەیتە دەرەوە.

ئایش قسەکانی بە تووڕەییەکی تێکەڵ لە هەڕەشەوە کرد. ئەو ناچار بۆی پێکەنی، دەستێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیی بەسەریدا هێنا. ناوچەوان و دەمولێوی ماچ کرد و وتی:

– ناچم... بابە ناچم و قیروسیا چی دەبێ بابێ.

بە دوایـدا خۆی لە ژێر جێگە دەرکێشایە دەرەوە. هەڵسایە سەرپێ و چوو بەلای زۆپاکەوە ئاگرەکەی کزبووبۆوە. وەرچەرخا بەلای دارەکاندا. سەیری کرد کەمبوونەتەوە. وازی لە زۆپاکە هێنا. چوو دەرپێکەی لەپێ کردەوە. کەمێ خۆی گورج کردەوە و وتی:

– دەچم هەندێ دار دێنمە ژوورەوە. تۆش زۆپاکە ئاگر بدە.

ئەو چوو بۆ دارهێنان ئایشیش ڕاپەڕییە سەر پێ و چوو بەلای ئاگردانەوەی زۆپاکەوە. لە هێنانە ژوورەوەی باوەشی چوارەمدا، ئایش وتی:

– بەسە.

بارام وەک گوێی لە قسەکە نەبووبێ، دەرفرتایەوە دەرەوە و چوو، باوەشێکی تریشی هێنا. ئەوی دانا و وەرچەرخا بچێتەوە و ئایش هاواری لێکردەوە:

– بەسە... چی دەکەیت؟

ئەوسا ئاوڕێکی لێدایەوە بە دەم زەردەخەنەیەکەوە تەنیا وتی:

– بەس نییە... با یەکژەمی بێ.

ئیتر بەپرتاو چووە دەرەوە.

وەختێک دووقۆڵیی بەرامبەر یەکتر دانیشتنەوە، زۆپا کەوتبۆوە نێڵەنیڵ و سووچی بنەوەی لای دەرگاکەش، بە بڕەدار قەڵاپەچن بووبوو. بارام بە خۆشنوودییەوە وتی:

– شەوچەرەیەک ئێستا یەکاویەکە. سوودی تۆیشی تێدا دەبێ!

ئایش تریقایەوە. بە گەشکەدارییەوە شەوچەرەی هێنا و خستییە بەردەمی، قاپێکی پڕبوو لە مێوژ و گوێز و بادەم، دوو قۆڵی نیشتنەسەری. بارام بەدەمییەوە سەیرێکی منداڵەکانی کرد. وتی:

– بەشت دان؟

– ئایش وتی:

نەوەڵڵا... هۆشم لەلای تۆ بوو. من لەبیرم چوو بیاندەمێ و خۆشیان داوایان نەکرد. دەزانیت سێ جار هاتمە دەرەوە و سەرم لە دەرگای هەیوان کێشایە دەرەوە؟ ئیتر کە لە خشەخشی بەفرماڵینەکەت دڵنیا دەبووم، دەگەڕامەوە ژوورەوە.

– دەترسایت؟

– زۆر...

– لە چی؟ لەوەی نەوەکو گورگ خواردبێتمی؟

– ئا... بەڵام گورگی سەرما. ناهەقم نەبوو، زۆرت پێچوو. خۆ کە خۆم یەکەمجار سەرم کێشایە دەرەوە و ئەو گورگە هارە دوو سێ گاز و نوقورچی لە دەموچاوم گرت، تەواو بۆ تۆ ترسم لێنیشت.

– جا بە ڕاستی خۆشم وردە وردە ترسی ئەوەم لێنیشت، کە وام لێبێ ڕەق هەڵبێم و نەتوانم خۆم بگەیەنمەوە ژوورەوە و تۆش هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەم بکەیت.

ئایش بە نیمچە گاڵتە و گازندەیەکەوە وتی:

– ئێ... ئێ... باشە... یانی وەهات خستبووە دڵەوە، کە من لێت ناپرسمەوە و گوێت نادەمێ؟

بارام باوەشی پێداکرد و دەستی کردە ملی. بە پێکەنینەوە وتی:

– حاشا... حاشا... مەبەستم ئەوە نەبوو... بۆ وەهای لێکدەدەیتەوە؟

– ئایش خۆی بۆ باوەش پێداکردنەکە شلکرد. ئەمیش بە پێکەنینەوە وتی:

- گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم، بەڵام بە ڕاستی جاری سێیەمیان خەریک بووم بێم بە زۆر بتهێنمە خوارەوە.

شەوچەرە خورا، بارام سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. کات خۆی دابوو لە یازدە. ئاوڕێکی لە منداڵەکان دایەوە لە شیرینخەوی خۆیاندا بوون، چوو بە لایانەوە. کەمێ لێیان وردبۆوە، لەبەرخۆیەوە وتی:

- ئاگایان لە هیچ نییە و هەقیان بەسەر هیچەوە نییە. خوا دەیکرد دنیا سەرەوژێر دەبوو. هەقیان چییە؟

ئایش لەولاوە هەڵیدایە. ئەویش وەک بۆ خۆی بدوێ وتی:

- خۆزگەم بە خۆیان.

بارام سەری نووشتاندەوە بەسەریاندا. بە سۆزەوە هەردووکیانی ماچ کرد. وازی لەوان هێنا و هاتەوە بەلای ئایشەوە. باوەشی پێداکردەوە و وتی:

- دڵ لەدڵ مەدە... نیمچە بەهەشتێکت بەدەوردا بۆ دروست دەکەم. ئەوەی هەتا ئێستا کردوومە، جارێ تەنیا بناغەکەیەتی. خۆم دەزانم چیم لە مێشکدایە و چۆنیشی جێبەجێ دەکەم. با زستانەکەمان لێ بەسەربچێ، ئینجا دەبینیت چۆن پووز و بازووی لێدەخەمەکار. خەونە دێرینەکەمە و بەدیم هێناوە.

## خەون

(... کانی و ئاوێک و لەبن دارگوێزێکەوە، هەڵبقوڵێ. لە بەرەوژووریدا پانایییەک بێ و جێگەی خانوویەکی فراوانی تێدا ببێتەوە،

حەوشەکەی وەهابێ، بکرێتە باخچەیەکی قەشەنگی ڕازاوە، هەم بە گوڵ و گوڵزار و هەم بە دار و درەختی بەردار. وەهابێ کە پێویستیم بەوە نەبێ، یەک دەنک هەڵووژە، یا قەیسی، یا سێو، یا هەر میوەیەکی تری باخەکانی ئاوایی، بێتە ناو ماڵمەوە. ئینجا لە بەرەوخواریدا، تەنیا یەک دۆنم زەویی بە پیت بێ و ئاوی کانییەکەی بە ڕاست و چەپدا بەسەردا بگەڕێ... ببڕای ببڕ پێویستیم بەوە نەبێ، کە لە بامێ و باینجان و کوولەکە و تەماتە و ترۆزی و خەیاری بێستانەکەی خۆم بەولاوە هی بێستانی هیچ کەسێکی تر، تووخنی ناو ماڵم بکەوێ. هەروەها بەرەو خوارتر، لە ملایەوەبێ، یا ئەولا، هەروا تەنیا سی چل دۆنمێک زەویی دێمەکارم هەبێ، تا هێندەی بۆ ساڵێکی خۆمان پێویست بێ، گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و ماشی لێهەڵبگرم و زیادەکەشی بۆ فرۆشتن بێ، یا چاکتر وایە بڵێم بۆ گۆڕینەوەی بە شەکر و چا و قوماش و بۆ پێویستییەکانی تری ژیان، دیارە بۆ شیر و ماست و پەنیرەکەش، پێنج شەش سەرێک مەڕ و بزنم دەبێ و لە سنوورە پان و بەرینەکەی مەملەکەتەکەمدا، تێروتەسەلتر لە هی هەر کەسێکی تر، بۆ خۆیان دەلەوەڕێن، بەڵام بەڕاست مەملەکەتەکەم شوورەداربێ چاکترە، یا بێ شوورە؟ یانی بیەڵم بێگانە پێی تێبنێ، یا نەیەڵم؟ دیارە من خۆم مەگەر بەناچاریی، بۆ کڕین و فرۆشتن بەیناوبەینێک ڕێگام بکەوێتە ئاوایی، دەنا قەت ناچم. من خۆم وەها... ئەی ئەگەر ڕێبوارێک بەلای مەملەکەتەکەمدا تێبپەڕێ؟ ئەمیان چۆن دەبێ؟ دەکرێ قەدەغەی بکەم؟ ستەمە! دەکرێ کە

هاتە بەردەرگای ماڵەکەم و وتی: سەلاموعەلەیک، من بڵێم: نە عەلەیکەسەلام و بڕۆ وەلبە؟ هەر هێجگار ستەمە. بەو بارەدا من دەبمە کێویی و جانەوەر و ئەوان مرۆڤ. نایکەم... ئەمەیان ناکەم... دەڵێم عەلەیکەسەلام و سەرچاوان هاتیت و فەرموو گەورەمان بکە. ئیتر ئاسایی ئەرکی سەرشانمی بەرامبەر بەجێدێنم و بەدوایدا خواحافیز و بەخێر بچێت. خۆ ئەمە هەموو ڕۆژ و وەخت و سەعاتێک ڕوونادا. کە ڕووشی دا، ئەوە باجێکە و دەبێ بیدەم و بە ناچاریی دەیدەم. ئەی ئاخر... ئاخر تۆ ڕاوەستە!... ئەی ئەگەر بێتامیان کرد، ئەی ئەگەر سەیریان کرد وا تۆ بەهەشتێکت بۆ خۆت دروستکردووە و دەنگوباسی بە ناوچەکەدا بڵاوبۆوە و خەڵکێکی بێشومار بە نیازی هەروا بۆ سەعاتەوەختێک دوورکەوتنەوە لە دۆزەخەکەی خۆیان و حەوانەوە لە بەهەشتەکەی تۆدا، ڕۆژانە کەوتنە ڕێچکەبەستن بۆ لات، چی دەکەیت؟ دیارە هیچ ڕیسەکەت لێدەبێتەوە بە خوری و بەهەشتەکەت دەبێتەوە بە دۆزەخ و ئاو بێنە و دەست بشۆ! دە کەوابوو دەبێ هیچ بەلامەوە ستەم نەبێ کە بڵێم نەعەلەیکەسەلام. ئا... وای لێدەکەم. نایەڵم کەس پێ بنێتە ناو مەملەکەتەکەمەوە. شوورەیەکی بۆ دەکەم. شوورەیەکی لە بابەتی شوورەی کۆنە قەڵاکانی بەدەوردا بۆ دروست دەکەم. من دەمەوێ نەیەڵم میکرۆبی کوشتوبڕ و دزی و درۆزنی و فرتوفێڵ و زۆر و جەور لە مەملەکەتەکەمدا گەرا بکا. من لەتاو ئەو کار و کردارانەیان هەڵدێم و بە خۆم و ماڵ و منداڵمەوە گۆشەگیر دەبم. ئیتر چۆن بیەڵم بەو هەموو میکرۆبانەیانەوە کە لە ژمارە

نایەن، پێ بنێنە مەملەکەتەکەمەوە؟ کەی ئەوە کاری کردەیە، من لەبەرئەوەی گوایە عەیبە بڵێم نەعەلەیکەسەلام و برۆ بەڕێی خۆتەوە، بەهەشتێک بکەمەوە بە دۆزەخ؟ بۆچی ئەوان کۆ لە عەیبە دەکەنەوە، تا من بیکەم؟ کامیان لە پیاوچاکیدا شایەکەیانە، ڕۆژی سەدویەک عەیبەی لێدەوەشێتەوە و کەچی شەو کە سەر دەکاتە سەر سەرین، دەڵێیت نە بای دیوە، نە باران، کامیان لە پیاوچاکیدا شایەکەیانە، لەگەڵ هەر هەناسەیەکیدا لالەوێچێک خراپەکاریی هەڵدەمژێ و لالەوێچێکی لێ فڕێدەداتەوە دەرەوە. یانی من بیەڵم بێت و لەمسەرەوە هەوا پاکە بێگەردەکەی مەملەکەتەکەم هەڵمژێ و لەوسەرەوە دوو هۆقە میکرۆبی خراپەکاریم بۆ دەربفرتێنێتە دەرەوە؟ نا... هەرگیز نا... ئەمە بۆ وەختی خۆی، بڕیارێکی ببڕای ببڕ دەبێ و وازلێهێنانی بۆ نابێ...).

## بارام

(... ڕاستە وەهام بەدی نەهێناوە وەک لە مێشکمدا بوو. کانی و ئاوەکە لەبن دارگوێزدا نییە و لە قوڵتێکی ڕووتوقووتدایە. ڕەنجی فەرهادم لەگەڵدا دا، تا کردمە بلبلەکەی مەلای مەزبوورە. خانووەکە کوشکە فراوانەکە نییە و دوو هۆدە و هەیوانێکی قوڕینی تەنگەبەرە. حەوشەکەشی ڕازاوە نییە، بە گوڵ و گوڵزار و دارودرەختی بەردار و تەنیا هێندەی جێخەرمانێکە و تەیمانێکی پڕ لە دەلاقەی بە دەوردایە. دۆنمە بەراوەکەی خوارووی کانییەکە، سێیەکە دۆنمێکە و سی چلە دێمەکارەکەش، هاتە سەر تەنیا دە

دۆنم. نەخێر نا... خەتا لەماممەوە نەبوو. ئەو خوا هەڵناگریێ وتی: کوێت پێ باشە بچۆ بە ئارەزووی خۆت هەڵیبژێرە. لەوەی هەمانە کامی بە دڵی تۆیە دەستی بخەرە سەر و من بڵێم بەسەرچاو. ئەو وای وت و من خۆم ئێرەم هەڵبژارد، بەڵام دەڵێیت چی کە لەوە زیاتری بە بەرەوە نییە. تەقەللام دا لەگەڵ کوڕانی مام وسوودا بە کانی مامزانی بگۆڕمەوە. تەنیا ئەوێ هەیە لێرە باشتربێ بۆ من. بێ سوود بوو. نەیانکرد. تەنیا وەیسەیان تێم دەگەیشت چیم دەوێ و ئەو وتی: بابە من بە هەر دەپەنجە بۆتی مۆردەکەم و زۆریش پێخوشحاڵ دەبم. هەوڵێکی زۆریشی بۆ دام براکانیم بۆ قایل بکا و قایل نەبوون. قسەی خۆمان بێ ئەویش لە مرۆڤە دەگمەنەکانە. لە منداڵییەوە دەیناسم، بە درێژایی خوێندنمان و هەتا ئامادەیی کشتوکاڵیمان تەواوکرد، هەر پێکەوەبووین. لە بەوەفاییدا بۆ برادەرێتی بێهاوتایە. یادت بەخێر وەیسە... دەتوت و هەر دەتوتەوە، گوایە ئەوەی دەیلێم خەیاڵێکی ڕووتە و هیچ کەس ناتوانێ بە کردار بیهێنێتەدی، لە سەرەتادا زۆر بە سادەیی وەرامت دەدامەوە و هەردەم من تۆم بە گیر دەهێنا. تەنانەت جاروبار وات لێدەهات ئەوەی دەموت، بە ئاسانی بۆمی مۆربکەیت، کەچی کە کەوتیتە داوی سیاسەتەوە، ئیتر نەعووزوبیللا! لێم بوویتە فەیلەسووفێک و بە چەشنێ فێری ڕاووڕێوی هێنانەوە بوویت، کە ئینجا تۆ من بەگیر بێنیت. منیش ناچار پشتم بە تەنیا ڕازە مەزنەکەی ناو دڵم... ئاگرە سوورەکەی ناو دەروونم دەبەست، کە لە ئاستیدا هیچت بۆ نەدەکرا و هەڵدەهاتیت. وەیسە یادت بەخێر،

تۆ ئێستا کادرێکی حیزبایەتیت و تا بینەقاقات نووقمی سیاسەتە. منیش گۆشەگیرێکی هەڵاتوو لەو کۆمەڵەی، کە تۆدەتەوێ گوایە بە سیاسەت چاکی بکەیت، لە مرۆڤە دەگمەنەکانیت و بەوەی باش بوو تۆ نەک یەکێکی تر، یەکەم کەس بوویت ڕێت کەوتە مەملەکەتەکەمەوە. تۆ ناچارت کردم... نا باشتر وایە بڵێم تۆ قایلت کردم، کە لە بڕیارەکەم پاشگەز ببمەوە و بیگۆڕم. تۆ بوویتە یەکەم کەس و هاتیت وتت: سەلاموعەلەیک. ئەو ساتە بۆ من گەلێ ستەم و سەخت بوو. زمانی ناو دەمم و زمانی ناودڵمت، خستە بەر زۆرانبازییەکی گەلێ تووندوتیژەوە. من وەرامم بۆ نەدرایەوە تۆ بەدەم بزەیەکی شەیتانانەوە، زۆرانبازییەکەت بە ئەنجام گەیاند. وتت: یەکێکیان بڵێ یا... عەلەیکەسەلام و دادەنیشم. یا نەعەلەیکەسەلام و پاشەوپاش دەگەڕێمەوە. کورە هەی وەیسەی ئیبلیس!... ئەم وتەی عەلەیکەسەلام و نەعەلەیکەسەلامەی خەونەکەمت، چۆن لەبیرمابوو. یا کە تۆ دەتزانی ئەوە بڕیارێک بوو دابووم. ئیتر چۆن هاتیت؟ بەڵام نا نا... ئیبلیسیت... بە تایبەتی لەو وەختەوەی دەستت دایە سیاسەت. سوور دەتزانی چ وەرامێکی تۆ دەدەمەوە، گوایە بە تۆ بڵێم نەعەلەیکەسەلام و بڕۆ وەلبە؟ وەیسە... قسەی خۆمان بێ زۆر حەزدەکەم، زووزوو سەر لە مەملەکەتەکەم بدەیت و دانیشین پێکەوە دوو قسە بکەین. قسەکانی تۆم بەدڵن و حەز بە بیستنیان دەکەم.

من ئەو جارە تەنیا هێندەت لێ حاڵی بووم کە هاتیت وتت: پیرۆزباییت لێدەکەم و کە ڕۆیشتیت وتت: بزانم چۆنی دەبەیتەسەر!

بۆ گوایە واتدەزانی نایبەمەسەر؟ خۆ زۆر زۆرم پێخۆشە. ئێستا هەر ئێستا گوێم لە تەپەتەپی پێت بێ و هاوارت ببیستم بڵێیت: هۆ هۆ بارامە خەیاڵاوییەکە... دەرگام لێبکەرەوە... ئەوە منی برادەرە دێرینەکەتم و هاتوومەتە دیدەنیت... هاتووم جارێکی تر لە خەیاڵە پڕ سەیروسەمەرەکەت بدوێین، بەڵام وەیسە کوایت؟ چی دەتگەیەنیتە ئێرە؟ مەگەر حیزبەکەت فەرمانت پێ بدا. ئەمەیان دەبێ. فەرمانی حیزب لەلای ئێوەمانان ڕەتکردنەوەی بۆ نییە. سەیرە! کە دەڵێ بمرن، دەمرن! وەڵڵاهی سەیرە! نا... نا... زۆریش سەیر نییە. ئەی ئەوە نییە منیش حیزبێکم هەیە؟ ئەوە نییە حوکمی مەملەکەتێکیشی پێدەکەم. یا...).

## بـــازە

– بارام... بارام... نوستوویت؟

– ها!... من!... نا...

– گوێت لێیە؟ بازە...

بارام تەواو بەئاگاهاتەوە، دەستی لە ئایش بەردا و قیتبۆوە، بازە بەوپەڕی حیرس و تووڕەییەوە دەوەڕی.

– لە خۆڕایی نییە!... شتێکی بەدی کردووە.

ئەمەی وت و ڕاپەڕییە سەر پێ. خۆی گورج کردەوە و پەلاماری پاڵتۆکەی دا و لەبەری کرد، جامانەکەی لە سەر و ملییەوە پێچا و بەرەو دەرگا قەڵەمبازدی دا. پێش ئەوەی دەست بۆ دەرگاکە بەرێ، وەرچەرخایەوە و چوو پڕی بە دەمانچەکەیدا

کرد. بەپەلە لە ژوور دەرپەڕییە دەرەوە و خۆی گەیاندە ئاستی نایلۆنبەندەکە. بازەی بینی لە کوختەکەی چۆتە دەرەوە و کلکی خستۆتە سەرشانی. وەڕینێک دەوەڕێ کە ها ئێستا، ها ساتێکی تر، پەلامار دەدرێ و پەلامار دەدا. هەر هێندەی ئەم گەیشتە پشت نایلۆنبەندەکە، ئەو زوو هەستی پێکرد و دوو سێ جار، بە دەم وەڕینەوە ئاوڕی بۆ پشتەوە لێدایەوە. لەوە دڵنیابوو کە شتێک لەئارادا هەیە. دەرگای نایلۆنبەندەکەی کردەوە و هەنگاوی نایە دەرەوە، لەگەڵ چوونە دەرەوەیدا بازە توندتر دەستی کردە وەڕین و چەند هەنگاوێکیش چووە پێشتر، کە بەرەوڕووی وەڕینەکەی بازە هەڵیڕوانی، لە دوور چەند تارماییەکی لە ناو بەفرەکەدا بەدی کرد، کە بە پێچوپەنا دەبزوان و بەیەکدا دەهاتن. لە دڵدا وتی:

- دەشێ گورگ بن!

تەقەللای دا بیانژمێرێ. کارێکی زەحمەت نەبوو. ئەوساتە بەفر نەدەباری و ئەوانیش لە بەفرەکەدا ڕەش دەچوونەوە.

- یا حەوتن، یا هەشت، لەوە زیاتر نین.

- بارام... بۆچی چوویتەتە دەرەوە؟ مەسەلە چییە؟

ئایش سەری کێشابووە دەرەوەی ژوور و بانگی لێدەکرد. ئەم ڕاستەوخۆ وەرامی نەدایەوە، گەڕایەوە ناو هەیوانەکە و بە هێمنی وتی:

- چەند تارماییەک لە دوور بەدی دەکەم، لەوە دەچێ گەلەگورگێک بن. ترست نەبێ. تۆ بچورەوە ژوورەوە، با سەرمات

نەبێ من و بازە چاریان دەکەین.

ئایش دڵی داخورپا، وتی:

– گەلەگورگ؟ دڵنیایت؟

– ئا.

– چەند دەبن؟

– حەوت هەشتێک.

ئایش تەنگەتاو بوو، وتی:

– چی دەکەیت؟ نیازی چیت هەیە؟

– لە خۆتی مەکە بە غەیلە. تۆ بچۆرە ژوورەوە و هەقت نەبێ.

ئایشی بە ژووردا کردەوە و دەرگای بەدوادا ڕاکیشایەوە، خۆیشی چووە دەرەوە. بازەی بێدەنگ کرد و خۆی مەڵاس دا، گەلەگورگ زۆری پێ نەچوو گەیشتنە بەرەوە. بازە خۆی پێ ڕانەگیرا. دەستی کردەوە بە وەڕین و تەکانی دا هەڵمەت بەرێ، کەچی هەر دوای چەند هەنگاوێک لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا و لەسەر وەڕین بەردەوام بوو. ئەوسا ئەم هەڵسایەوە سەر پێ، سەیری کرد گەلەگورگ تەواو نزیکبوونەتەوە و هیچ سڵێک لە وەڕینی بازە ناکەنەوە. خێرا دەمانچەی لێخستنە سەر پێ. نیشانی لە نزیکترینیان گرتەوە و زرمەی لێهەڵساند، بەڵام نەیپێکا و گەلەگورگیش پەرتوبڵاو، هەریەکە بەلایەکدا هەڵاتن. ڕاوەستا و چاوەڕوانی کرد، تا هەموو لە چاوی ون بوون. بە دوایدا کشایەوە هەیوان و دوای قایمکردنەوەی دەرگا، خۆی بە ژووردا کردەوە.

خێرا ئایش لێی پرسی:

- چیت کرد؟

به پێکەنینەوە لە وەرامیدا وتی:

- نەمپێکا...

- ئەوەندە لێتەوە دوور بوون؟

- نەوەڵڵا... بەڵام دیارە نیشانشکێن نیم.

- بەڵامی پێ ناوێ... پیلکەت خوارە. ئەوەیان هیچ... دەترسم نەتویستبێ بیپێکیت! دەنا گورگێکی زل و زەبەلاح و ئەوەندە لە نزیکەوە، چۆن لێنادرێ؟

ئێ ئێمە چیمان دەوێ؟ هەڵاتنیان و لێمان دووربکەونەوە... تەنیا ئەوەندە نییە؟ ئێ وەهایان کرد. با بچنە ناو ئاوایی و لەوێ لەگەڵ گورگە دوو پێیەکانی هاوەڵیاندا دەست بدەنە یەخەی یەکتری.

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. ئایش بەدەم پێکەنینەکەیەوە وتی:

- ئەی باوکم و دایکم، ئەی کاکم و...

- نا... ئەوان نا... ئەوانی لێدەردەچن.

دووقوڵی بە تەنیشت یەکەوە بەرامبەر زۆپاکە دانیشتنەوە. بۆ ماوەیەک خامۆشییەکی قووڵ باڵی بەسەریاندا کێشا. هەردووکیان بیر و هۆشیان ئاڵاندبووە یەک کێشە و ئایش لە دەربڕینیدا دەستی پێشخست و وتی:

- زۆر هەقایەت و سەرگوزشتەم لە بارەی گورگ و گەلەگورگەوە لە دایکم بیستووە. بەتایبەتی لە ساڵانی وەک لە مەی ئێمەدا. تۆ بڵێیت...

بارام قسەکەی پێ بڕی، وتی:

– سەیرە! منیش بیرم لە هەمان باس دەکردەوە. بەڕاست تۆ بڵێیت شەڕیان لێلادابین و ڕۆشتبن بەڕێی خۆیانەوە؟

– تۆ وەک ئەوەیە، باسی حەوت هەشت گورگی دووپێی خاوەن ئەقڵ بکەیت و گوایە لە ترسی دەمانچەکەت شەڕت لێ لابدەن!

– ئەشەدوبیللا... بگرە گوایە لەبەرئەوەی نەمپێکان، بە سوپاس و ستایشەوە شەڕم لێ لادەدەن.

– خۆ دەشێ وەها بکەن، بەڵام ئەی ئەگەر وەهایان نەکرد؟ ئەگەر وەهایان نەکرد، دەردەکەوێ کە بێئەقڵن، نەک ئاقڵ و ناچار دەیانپێکم، ئەوسا ئەوانیش ناچار دەبن شەڕمان لێ لابدەن.

دیسان دایانەوە قاقای پێکەنین (ئالا)ی کوڕە گەورەیان بەوە لە شیرین خەوەکەی بەخبەرهات. دایکی خێرا چوو بەلایەوە و کردییەوە خەو، ئینجا هاتەوە بەلای بارامەوە، ڕاستەوخۆ وتی:

– من وای بەچاک دەزانم ئەمشەو نەنووین.

بارام وتی:

– ئافەرین... منیش وەهام نیاز بوو. بە مەرجێک تۆ نەگرێتەوە. تۆ تەنیا بچۆ چایەکی خەلیسم بۆ دەم بکە، ئینجا بەبێ هیچ ترسێک و وەک هەر شەوێکی تری لەوەبەرمان لەپاڵ منداڵەکاندا ڕابکشێ و خەوی خۆت بکە تا بەیانی بەئاگات دێنم و ئەوسا من لێی دەنووم.

ئایش هەڵسا و چوو کترییەکەی پڕ لە ئاو کرد خستییە سەر زۆپاکە و هات لە تەنیشتییەوە دانیشتەوە. قۆڵی کرد بە قۆڵیدا و بە خۆیەوە نووساند، وتی:

ئەوە چایە خەلیسەکە و زۆری پێناچێ پێدەگا. بۆ نووستنەکەش، من تا بەیانی لەگەڵتدا دادەنیشم و ئەوسا تۆ دەنوویت، تا تێرخەو دەبیت و ئینجا من...

بارام لێوی بە لێوییەوە ناو قسەکەی پێ بڕی، کە لێوی لە لێوی بەردا، ئیتر نە لەم قسە و نە لەو قسە، بەڵکو چاوەڕوانکردنی پێگەیشتنی چایە خەلیسەکە و بەدەمییەوە دوو قۆڵیی ئێشکگرتن.

## گــورگ

ئایش خەریکی شتنی قۆری و پیاڵەکان بوو، کە بازە مرەمرێ لێهەڵسایەوە. دەستی بە پیاڵەکانەوە وشک بوو، ئاوڕی دایەوە و ڕوانییە بارام، ئەویش لەلای خۆیەوە قیت بووبۆوە و گوێقوڵاغ بووبوو. وتی:

– لەوە دەچێ بەڕێوەبن بێنەوە. دیارە شەڕمان لێ لانادەن.

بەدوایدا هەڵسا و بە دەستووری جارانی تری، خۆی پێچایەوە و پڕی کردەوە بە دەمانچەکەیدا، ئەوساتە مرەمرەکەی بازە ڕووی لەوە دەکرد ببێتەوە وەڕینە پڕ لە حیرس و تووڕەییەکە. تەکانی دا لە ژوور دەرپەڕێتە دەرەوە و ئایش وتی:

– ئاگات لە خۆت بێ... گەلەگورگ ئامانیان بۆ نییە. لەبەر هەیوانەکە دوورنەکەویتەوە.

– ترست نەبێ.

تەنیا هێندەی وت و چووە دەرەوە. خۆی گەیاندە بەرهەیوانەکە. بازە وەڕینێک دەوەڕی، کە دەتوت وەختە لەگەڵ هەر حەپەیەکدا جەرگ و هەناوی خۆی دەربهاوێتە دەرەوە، بەردەوامیش تەکانێکی دوو سێ هەنگاویی دەنا و پاشەوپاش دەگەڕایەوە. خۆ کاتێ ئەم گەیشتە ئاستی، هەر تەواو پێی لێ هەڵبڕی و بگرە تەکانی دا و بە دوو سێ قەڵەمبازد خۆی گەیاندە ناوەڕاستی حەوشەکە.

لەبەر هەیوانەکەدا ڕاوەستا و کەوتە هەڵڕوانین. ئەمجاریش لە دوور، تارمایییانی لە بەفرەکەدا بەدیکردەوە، کە پەرتوبڵاو بە دزەدزە دەهاتن، بەڵام هەرزوو ژمارەیان سەرنجی ڕاکێشا، لە دڵدا وتی: (لە جاری پێشوو زیاترن! سەیرە! یانی چوون دەستەیەکی تریشیان هێنا؟ یانی نەک هەر شەڕیان لێ لانەدام، بەڵکو دەیانەوێ شەڕم لێ بکەنە جەنگی مەغلووبە؟ ئێ چاکە ڕاوەستن بۆم!).

ئەوسا بانگی بازەی کرد و بۆ لای خۆی بەکێش کردەوە. یەک دوو جار دەستی بەسەریدا هێنا و بێدەنگی کرد. ئینجا دەستێکی قورسی نیشاندە سەر پشتی و وتی:

– وسبە و خۆت مەڵاس بدە... نامەوێ ورتەت لێوەبێت.

بازەی لەسەر چوارچەمۆڵە دانیشاندە سەر زەوی. خۆیشی لە پاڵ بارستایی بەفری ماڵراوی ساربانداا، کە هەتا نزیک گوێسوانەکە کەڵەکە بووبوو، خۆی مت کرد و دەمانچەی لێ خستنە سەر پێ. ئایش لەو خامۆشییە سەرسام بوو. ئۆقرەی نەگرت و سەری کێشایە دەرەوە، کە گوێی هەڵخست و هیچ ورتە و جووڵەیەکی

بارام و بازەی نەبیست، دڵی داخورپا. بێ خۆپێچانەوە دەرپەڕییە دەرەوە بۆ هەیوان. لەوەدا بوو دەنگ هەڵبڕێ و بانگ بکا، بارامی بەدیکرد، کە بە چیچکانەوە خۆی مەڵاسدابوو. کەمێکی تر چووە پێشەوە و بە دەنگی نزم لێی پرسی:

– ئەوە خەریکی چیت؟ بۆ وا بێدەنگن؟

ئەو وەرامی پرسیارەکەی نەدایەوە، بەڵکو بەچرپە وتی:

– کچێ بۆچی هاتوویتە دەرەوە؟ ڕەق دەبیتەوە نەگبەت... ڕاکەرەوە ژوورەوە.

– ئەی نابێ بزانم چییە و چی نییە؟

– خۆمان بۆ ناونەتەوە. خەریکن دێنە بەرەوە، ڕاکە بچۆرەوە ژوورەوە.

ئایش خۆی بەژووردا کردەوە. ئەوان لە چاوەڕوانیدا مانەوە و گەلەگورگ تا دەهات نزیکتر دەبوونەوە، بازە دوو سێ جار سووکە مڕەیەکی بە نیازی دەسپێکردنەوەی وەڕین لێ بەرزبۆوە و ئەم خێرا بێدەنگی کرد. بڕیاری دابوو ئەمجارەیان پەنا بەرێتە بەر ئەو پەندەی لە بارەی گورگەوە باوە، واتە بە گۆشتی لاشەی یەکێک لە خۆیان تێریان بکا و خۆی لە شەڕیان بپارێزێ، بۆیە لە دڵدا وتی: (کەوابوو دەبێ وازیان لێبێنم تا تەواو نزیک دەبنەوە).

ئەو هەتا ئەوساتە، ئەگەرچی ئەم قسەیەی بە چەندین جۆر و لە چەندین هەقایەت و سەرگوزەشتەدا بیستبوو، بەڵام تەنیا وەک قسەیەکی ڕووت وەری گرتبوو. لەبەرئەوە گومانێک لەناکاو لە دڵیدا سەریهەڵدا و وتی: (ئەی ئەگەر وا نەبوو؟ ئەگەر وا نەبوو؟

ئەوا من دەبێ هەتا بەیانی خەریکی گورگ کوشتن بم!) زۆر لێی ڕانەما و وتی: (جا بێنەوبەرەی بۆچییە؟ ئەوە گەلەگورگ و ئەمەش گەلەگوللەی مەرگ بەدەستمەوە و درۆ و ڕاستیی قسەکە ساغ دەکەینەوە).

گەلەگورگ تەواو هاتنە بەرەوە. لە تەیمانی حەوشەکە نزیک بوونەوە. بە دەستووری پەلێک چەکداری پەلاماردەر و بیانەوێ هێرش بەرنە سەر سەنگەریکێ دوژمن، بەرەوڕووی ئەمان ڕیزیان بەستبوو. بازە خۆی پێ ڕانەدەگیرا. لە یەکبینا کلک و گوێچکە و چوار چەمۆڵەی دەبزواندن و پەیتا پەیتاش ئاوڕی لەم دەدایەوە. ئەمیش بەردەوام تەقەللای دەدا، هێمنی بکاتەوە و نەیەڵێ لە جێی خۆی ببزوێ. گەلەگورگ گەیشتنە ئاستی تەیمان. ئینجا زۆر بە هێمنی و زۆر ورد، نیشانی لە یەکێکیان گرتەوە. پەلەپیتکەی هێنایەوە یەک و زرمەی لە دەمانچە هەڵسان گورگە قورسکەی کرد و ڕەتی برد. ئەوانی تر سڵەمینەوە و هەریەکە بەلایەکدا بەرەو دواوە هەڵاتن. بازە لەگەڵ تەقەکەدا چەند هەنگاوێک بەرەوپێش تەکانی داو دەستی کردەوە بە وەڕین و حەپەحەپ. ویستی بەدوایاندا هەڵمەت بەرێ و ئەم نەیهێشت، وتی:

– تۆ عەزێت مەکێشە پێویست ناکا... یەکێکیانم پێکاوە و چۆنی نۆش دەکەن ئارەزووی خۆیانە.

هەر لەو ساتەدا گورگی پێکراو، وەک تین و توانای حەوت گورگی ساغوسەلیمی پێبەخشرابێ، ڕاستبۆوە و کەوتە دڕدان بە بەفرەکە و هەڵاتن. پێوەی دیاربوو کە پێکراوێکی کوشندەیە و

کەچی بە جۆرێک دڕ بە بەفرەکە دەدا، کە دەتوت تەنانەت نووکە دەرزییەکیش نەچەقیوەتە لەشی. بازە سەرلەنوێ تەکانی دایەوە هەڵمەت بەرێ و ئەمجاریش نەیهێشت. لە دڵدا وتی: (ئەگەر قسەکە ڕاست بێ، تەنیا بریندارکردنی و بگرە تەنیا دوو سێ دڵۆپ خوێنی پێوەبێ، کاری لە کار دەترازێ).

ئایش بەدوای تەقەکەدا، هەمدیس سەری کێشایەوە دەرەوە و بانگی لێکردەوە. ئەم لێی پەست بوو. لە وەرامیدا وتی:

– پێم نەوتیت سەر لە ژوور مەهێنەرە دەرەوە؟ تۆ خوا گرتووتی؟

ئایش کە هەستی کرد بە تووڕەییەوە قسە دەکا، کشایەوە و چووە ژوورەوە. ئەویش بازەی خستە تەک خۆی و بەرەو حەوشە هەنگاوینا. لەوە دڵنیابوو کە گورگی پێکراو، دەبێ لەو نزیکانە لەگەڵ گەلەگورگی هەڵاتوودا یەکدگیر ببنەوە و ڕاستی و ناڕاستیی قسەکە بسەلمێ. نیازی ئەوەی نەبوو لە تەیمانەکە بچێ بەودیودا و لە ماڵ دووربکەوێتەوە بگرە نەگەیشتە ئەوەی پێویستی پێی هەبێ و هەر زوو ئەنجام بەدەرکەوت. گەلەگورگی لە دوور بە قەدپاڵی گردۆڵکەیەکی لاتەنیشتەوە بینی، کە وەک گێژەنێک لوولیان بدا بەیەکدا دەهاتن و بە ئاشکرا دیاربوو، کە نیشتوونەتە گیانی گورگی پێکراوە و ونجڕ ونجڕی دەکەن. ماوەیەک بە دیمەنەکەیدا هەڵڕوانی و وردبۆوە. ئەوسا سەرێکی بادا و بەرەو ژوورەوە کشایەوە.

## دەمانچە

هەر کە پێی نایە ناو ژوور، ئایش بە پەرۆشەوە وتی:

– بۆ ناڵێیت ئەمجاریش نەتپێکا!

– با... ئەمجارەیان پێکام.

– ئادەی بۆمی باس بکە... بزانم چۆن بوو؟

لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە. بەوەش کۆتایی پێهێنا، کە وتی:

– دەمانچەبۆر کاری خۆی کرد.

ئایش سەرنجێکی بە مەغزای دایە و بەدەم بزەیەکی توانجئامێزەوە، لە وەرامیدا وتی:

– یانی باوەڕت هێنا کە شتێکی پێویست بوو؟ باشە ئەو دەمانچەیە نەبووایە چیت دەکرد؟

– بە تەور، بە بێڵ... بە تێڵا.

– ئا بەڵێ، ڕۆستەمی زاڵیت بگرە ڕۆستەمی زاڵیش بوویتایە، ئەوەت لەگەڵ یەکێک، یا دوواندا پێدەکرا، نەک گەلەگورگێک، یا وەک خۆت دەڵێیت دوو گەلەگورگ. وا نییە؟

– ئۆباڵ بە گەردنم وایە.

– باشە لەباتی دەمانچەکە، تفەنگ بووایە چاکتر نەبوو؟ وتم وەک دەمانچەکە دەکڕیت، هەندێ پارەی تری بە قەرزوقۆڵە بۆ پەیدا بکە و بیدە بە تفەنگێک، بەقسەت نەکردم.

بارام هیچ وەرامێکی ئەوی نەدایەوە و خۆی بێدەنگ کرد. ئەو وەختە سەرلەنوێ گەرمی بووبۆوە و کشابۆوە پاڵ دیوارەکە، سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کردەوە. نزیکی دوازدە و نیوی

نیشان دەدا. لە دڵدا وتی (تۆ بڵێیت بێنەوە؟). کەمێ لە پرسیارەکە ڕاما، ماوەیەک تاووتوێی پێکرد. بە وەرامدانەوەی پەست دەبوو، چونکە دەیزانی کە وەرام دەبێ چیبێ: (ئـا... دوور نییە... هیچ دوور نییە. گەلەگورگە و برسییە و بۆنی هەشت نێچیری ناو خانوویەکی تەریکی دوور لە ئاواییان کردووە و جارێک و دووان و دە شاڵاویان بۆ دێنن. شەوگاریش هێشتا زۆری بە بەرەوە ماوە.

ئایش ڕاست دەکا، ئەگەر لەبری دەمانچەکە تفەنگێک بووایە، کێشەکە بە جۆرێکی تر دەکەوتەوە.

بە دوایـدا دەمانچەکەی لەبەر پشتێنی دەرکێشا و گرتی بەدەستییەوە. شانەی لێدەرهێنا، فیشەکەکانی لێ بەتاڵکردن و ژماردنی پێنجی تێدا مابوونەوە، شانەی یەدەکیشی هێنایە پێش. ویستی فیشەکەکانی لێ بەتاڵ بکا و نەیکرد: (پێویست ناکا... حەوتن... ئەوە دوازدە!). لای کردەوە بەلای ئایشدا. لە تەنیشتییەوە نەمابوو. خەریکی چراکە بوو دایبگرێتە خوارەوە و پڕی بکاتەوە لە نەوت. ئەمیش لەلای خۆیەوە هەستیکرد، کە شەوقەکەی تەواو کز بووە لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

- فیشەکەکانی ترت لە کوێ داناون. بۆمیانی بێنە.

- با چراکە پڕبکەمەوە لە نەوت، ئاگامان لێی بڕابوو. خەریکبوو دەکوژایەوە.

ئەم لە دڵدا وتی: (وا بزانم هەشت فیشەکی ترم هەن. ئێ ئەوە بیست... بەسە... خۆ شەڕەسەنگەر نییە!).

ئایش چرای گەڕاندەوە شوێنی خۆی، چوو فیشەکەکانی تری هێنا و خستنییە بەردەستی. خۆیشی لە تەنیشتییەوە دانیشتەوە و کەوتە سەرنجدانی. کە سەیری کرد وا دەیانژمێرێ و دووانیان لێ دەخاتە ناو یەکێک لە دوو شانەکە، وتی:

– تۆ بڵێیت بێنەوە؟

بارام یەکسەر وەرامی نەدایەوە. یەکێ لە دوو شانەکەی چەسپاندەوە دەمانچەکە و دەمانچەی نایەوە بەرپشتێن. شانەی دووەم و فیشەکەکانی تری خستنە گیرفانییەوە. ئینجا ڕووی تێکرد و ئاسایی وتی:

– دوور نییە بێنەوە.

– ئەی چارچییە؟ چی بکەین؟

– چار؟ ئەوە دەمانچە و گوللە و ئەوە من و بازە و ئەوەش ئەوان و هێرش و پەلاماریان بە کەڵبە و نینۆک، ئێمە لە سەنگەرداین و خۆمان ئامادەکردووە و ئەوان هێرش دێنن، خۆ تۆپ و نارنجۆکیان پێ نییە هەڵمانتەکێنن. ئەوان هەیانە کەڵبە و من هەمە گوللە. پێش ئەوەی ئەوان کەڵبە لە من گیر بکەن، من گوللە دەسرەوێنمە ئەوان و بڕایەوە. ئایش بەم قسانە دڵی حەوایەوە. پێشتر لە دڵدا زۆر تەنگەتاو بووبوو. سەدویەک پرس و ڕا لە مێشکیدا گینگڵیان دەخوارد و دەیویست دەریانببڕێ، بەڵام ئەو قسانە ڕەواندنییەوە. بەدەم زەردەیەکی شادییەوە وتی:

– لێت ناترسم... ڕاستە تا ڕادەیەک کەمتەرخەمیت، بەڵام کاتێ خەمخۆریی بۆ شتێک یەخەت دەگرێ، بۆی دەبیتە شێری بەرمەیدان.

ئەویش هەر بەدەم زەردەخەنەکەیەوە وتی:

– ئەمە ستایش بوو، یا تانووت؟

– تانووت؟ حاشا...

– ئەی تۆ نالێیت من کابرایەکی کەمتەرخەمم؟

– با... بەڵام یەکەم ئەوە تانووتلێدان نییە و سیفەتێکی ئاسایی خۆتە. دووەمیش وتم کە لە وەختی پێویستدا دەبیتە شێری بەرمەیدان.

بارام سەیری کرد وا دیسان ساکاریی و خۆشبڕواییەکەی، گاڵتە گلەییەکەی ئەمی وەک هەموو جارەکانی تر لێکردۆتە ڕاست. جارەکانی تر لەگەڵیدا دەیدا بە دەمییەوە و بۆ ماوەیەک درێژەی پێدەدا و لە ئەنجامدا، دەیکردەوە بە گاڵتەوگەپ و پێکەنین، بەڵام ئەمجارەیان زوو هەستی کرد کە دۆخەکە هی ئەوە نییە بدا بە دەمییەوە. بۆیە بە نەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– هەمدیس تێکەوتیتەوە! کچێ تانووتی چی و تەڕەماشی چی! ئەشەمبیللا وایە و خۆم لە تۆ باشتری دەزانم، کە کابرایەکی کەمتەرخەمم تەنیا ویستم...

ئایش قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– جا ئەمە وەختێتی؟

– نا... هەقتە. بۆیە منیش وا زوو وازم لێهێنایت.

– جا باشە تۆ بە تەواویی واز لەم خووەت بێنیت و لە کۆڵم ببیتەوە باشتر نییە؟

– تۆ ئەوەیان بخەرە لاوە... بابێینە سەر باسی کەمتەرخەمییەکە.

– دەست پێدەکەیتەوە؟

– نا... نەوەڵڵا... بەڕاستمە. دەمەوێ بۆتی ڕوون بکەمەوە، کە ئەو سیفەتی کەمتەرخەمییەم لە چییەوە هاتووە. جارێ دەبێ نەوترێ کەمتەرخەمی، بەڵکو کەمهەڵپەیی و بگرە بێهەڵپەیی. یانی من هەڵپە بۆ ژیان ناکەم. بە هەرچوار پەل شالاو نابەم و پەلامار نادەم بە تەنگ کەڵەکەکردنی ماڵ و موڵک و سامانەوە نیم. تەنیا هێندەم لا مەبەستە ئاسایی پێی بژین. تۆ چاکت وت. ئەوەی بۆ ژیانەکەمان پێویست بێ، بۆی دەبمە شێری بەرمەیدان. ئەوەشی پێویست نەبێ، بە هیچ کلۆجێ گوێی نادەمی و لە ئاستیدا کەمتەرخەمم. من قێزم لەو بابەتە کەسانە دێتەوە، کە هێندەی کێوێک سامانیان کەڵەکە کردووە و کەچی هێشتا هەڵپەی زیادکردنی دەکەن. من بە دەستم بێ دێم هەرچی سامانێکی ئەوانە هەیە، زەوتی دەکەم، ئینجا یەکەمجار بەندیخانەیەکیان هەر لە بناغەوە هەتا سەربان لەو سامانە لە زیو بۆ دروست دەکەم. هەریەکەیان کۆتوپێوەندێکی لە زێڕ دروستکراوی لە مل و دەست و پێ دەخەم و دەیکەمە میوانی یەکێ لە ژوورە زیوینەکانی بەندیخانەکە. دواجار هەرچیمان لە سامانەکە پێچایەوە دەیکەمە لیرەی ڕەشادی و هەرکامیان هەر هێندەی وتی: برسیمە. ئانوسات یەکێک لەو لیرانەی دەخەمە دەمەوە، ئیتر قووتی دەدا، یا نایدا، ئارەزووی خۆیەتی خۆراکیان هەر ئەوە دەبێ. بۆی هەیە نەیخوات و بۆشی هەیە لە ڕۆژێکدا هەزار... دە هەزار... سەد هەزار لیرە بخوات. تێم گەیشتیت چیم وت؟

ئایش کەمێک بۆ وەرام ڕاما. ئەمە یەکەمجاری نەبوو لەم بابەتە قسانەی لێ ببیستێ، بەڵام یەکەمجاری بوو وا بەڕوونی و بە ئاسانی لێی تێبگا چی دەڵێ، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەزانی چ وەرامێکی بداتەوە.

– تێم نەگەیشتیت؟ دووبارەی بکەمەوە؟

ئەوسا بە ناچاریی تەنیا وتی:

– نا پێویست ناکا... تێتگەیشتم.

ئەویش ئیتر لەسەری نەڕۆیشت. باسەکەی گۆڕی و وتی:

– چاکتر وایە تۆ سەرخەوێک بشکێنیت.

– پێم وتیت نانووم و شانبەشانت ئێشک دەگرم. ئیتر ئەم قسەیە مەکەرەوە.

وەرامدانەوەکەی نیمچە تووڕەبوونێکی پێوە دیاربوو. بۆیە بارام بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی:

– دە کەوابوو چایەکە لێبنێرەوە.

## لـــوورە

بێدەنگی و خامۆشییەکی قووڵ هەردووکیانی لەئامێز گرتبوو، کاتێ زۆر لە دوورەوە لوورەیەکیان بە ئاستەم کەوتە بەر گوێ. پێکەوە لە یەک ساتدا ملیان قوت کردەوە و گوێقوڵاغ بوون. ئانوسات بازەش دەستی کردەوە بە وەڕین و بینی پێوەگرت و ئیتر زۆری پێ نەچوو لوورەی گورگ و وەڕینی بازە تێکەڵ بە یەکتری بوون.

ئایش سەرنجێکی تێکەڵ لە وڕبوون و شڵەژانی دایە بارام. وەک لەبەر خۆوە بدوێ، بە دەنگی نزم وتی:

– هاتنەوە!

بارام هەستی بەو شڵەژانەی کرد. بەلایەوە بەناهەق نەبوو. ئەم خۆیشی هیوایەکی بەوە هەبوو، کە دوای دوو جار تەقەلێکردن و کوشتنی یەکێکیان و خواردنی لەلایەن ئەوانی ترەوە، ئیتر هاتنەوەیان نەبێ و ڕوویان لەلایەکی تر کردبێ، لەبەرئەوە ئەگەرچی بەدەم و زمان تەقەللای دا ئەو دڵنیا بکا و ترسی لە دڵدا نەهێڵێ، بەڵام خۆی بە بیروهۆش ئالابووە گرفتەکە و وردی دەکردەوە، بەر لە هەموو شت بە بوونی دەمانچەکە و بیست فیشەکەکەی، خۆی بە پشتئەستوور دەبینی. لەگەڵ ئەوەشدا، سووکە ترسێک لە ناخدا تەنگەتاوی دەکرد و هەستی پشتئەستوورییەکەی بە دەمانچەکە لێدەشڵەقاند. تەقەللای دەدا بچێتە بنج و بناوانەوە، کە ئەوە لەبەر چییە و بۆ چییە و زەفەری پێ نەدەبرد. بۆ ماوەیەکی زۆر خامۆش بوو. تا ئایش بەئاگای هێنایەوە و وتی:

– ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بۆ وا مت و خامۆشیت؟ گوێت لە بازە نییە؟

ئەوسا ڕاچەنین و گوێهەڵخستن و خۆسەرپێخستنی تەنیا یەک ساتەوەختیان خایاند. دەستبەجێ هەستی کرد، بازە بەرهەیوانەکەی جێهێشتووە و چۆتە بەر تەیمانی ئەوپەڕی حەوشەکە. بازە بەلایەوە تەنیا سەگێکی بەوەفای پاسەوانی بەردەرگای حەوشە نەبوو، بەڵکو ئەندامێکی خیزانەکە بوو. زۆری لا مەبەست بوو بە

دەستووری پاراستنی خۆی و ژن و منداڵەکانی لە دەمی گورگ، ئەویش بپارێزێ، بۆیە ڕاستەوخۆ ڕووەو دەرگا قەڵەمبازدی دا و دەرپەڕییە دەرەوە. گوێی نەدایە بانگ و هاواری ئایش هەڵمەتی بردە دەرەوەی هەیوان، زۆر بە تووڕەییەوە دەنگی لە بازە کرد و کشاندییەوە. کە گەیشتەوە ئاستی ئەم، وەکو یەکێک لە منداڵەکانی تەمێ بکا، دەستی دایە گوێچکەیەکی و لەبەردەمی کوختەکەیدا، لەسەر چوار چەمۆڵە نیشاندییە سەر زەوی. دوو سێ سووکە لەپە دەستیشی کێشا بە تەوقی سەریدا، ئەوسا جێی هێشت و کشایەوە، بەڵام هەر کە پێی نایەوە هەیوانەوە، لووتی بوو بە لووتی ئایشەوە.

لێی پەست بوو، وتی:

– هەمدیس...

ئایش وەرامی نەدایەوە پشتی تێکرد و گەڕایەوە ژوورەوە. کاتێ ئەمیش بەدوایدا پێی نایەوە ناو ژوور، سەیری کرد.

وا ئەو پاڵتۆکەی بۆ بەدەستەوە گرتووە و بیۆرتە و جووڵە ڕاوەستاوە. زوو لێی تێگەیشت، خۆی بۆ وەرچەرخاند و هەردوو قۆڵی کرد بە هەردوو باڵی پاڵتۆکەدا و چەسپاندییە بەری خۆی، ئینجا بەرەوڕووی وەرگەڕایەوە. دەستی کردە ملی و بەوپەڕی سۆزەوە ماچی کرد، کە دەستی لێ بەردا، وتی:

– لەوە دەچوو نزیکبووبنەوە. چاکتر وایە بچمە ویژەیان.

کە وەرچەرخا بچێتەوە دەرەوە، ئایش بە دەنگێکی پڕ لە بەتەنگەوەهاتنەوە، وتی:

– بارام گیان... وریابە... چاک ئاگاداری خۆت بە.

بارام بەدەم چوونە دەرەوەیـەوە، تەنیا بزەیەکی گەشی بە ڕوودا دا و بە قسە هیچ وەرامێکی نەدایەوە. کاتێ وەک جاری پێشوو خۆی مەڵاسدایەوە، سەری سوڕما کە هیچ تارماییەکی لە دوور، یا لە نزیک، بەدی نەکرد و تەنیا دەیبینی بازە جێ بە خۆی ناگرێ و بەردەوامیش بە کپی دەمرێنێ، پەیتا پەیتاش سەیری ئەم دەکا و بێئارامیی خۆی نیشان دەدا. جارناجارێک سووکە تەکانێک بەرەوپێش دەدا و دەکشێتەوە. ئەم گومانێکی لە دڵدا لا پەیدابوو، هاتە سەر ئەوەی زیاتر گوێ هەڵبخا، وەک لە ئاڕاستەکردنی بینایی چاو. گوێهەڵخستن سووکە خرمەخرمێکی ڕۆیشتنی سەر بەفری لە سەربانەوە لەلا ئاشکرا کرد. لە تەنیشتی لای چەپیشییەوە کە بارستایی بەفری ماڵراوی سەربان بەرچاوی دەگرت، هەمان سووکە خرمەی کەوتە بەرگوێ، ئینجا کە بەلای ڕاستدا لەودیو تەیمانەکەی حەوشەوە لمۆزی گورگێکی بەدی کرد، کە سات ناساتێک دەردەکـەوێ و ون دەبێتەوە، خێرا تێگەیشت باس چ باسە و لە دڵدا وتی:

(کەوابێ ئەمە ئەو حاڵەتە بوو کە لێی دەترسام و زەفەرم پێ نەدەبرد. چی بکەم باشە؟ نیاز و بڕیاریان ئاشکرایە. سەیرە... دەڵێت لەشکرێکی ڕێکوپێکن و هێرش بۆ سـەر سەنگەرێکی دوژمنەکەیان دەبەن... چی بکەم باشە؟).

ساتێکی زۆر سەخت و ستەم بوو. نەیدەزانی چی بکا. لە سەربان و لە تەنیشتی لای چەپەوە، خرمەخرمەکە تا دەهات

زیادی دەکرد و نزیک دەبۆوە. لمۆزەکەی لای ڕاست دەبووە دووان و سیان و پێنج و بەیناوبەین خێراتر دەردەکەوتن. بازە تا دەهات زیاتر سرەوتی لەبەر دەبڕا و تەنگەتاو دەبوو. تا وای لێهات ئەمیش لەلای خۆیەوە، لەوە زیاتر ئۆقرەی نەگرت. لەناکاوێکدا بڕیاری خۆی دا و ئانوسات بردییە سەر. پەلەپیتکەی لە دەمانچە هێنایەوە یەک و ڕووەو لمۆزەکان تەقاندی، بەڵام ئەوەی دەمودەست لە بازەی ڕوودا، وای لەم کرد لە جێگەی خۆی تەواو بحەپەسێ و واقی وڕبمێنێ، بازە دەستوبرد لەگەڵ تەقەکەدا وەک دوای چاوەڕوانکردنێکی زۆری ئازاربەخش، ببیەوێ بەپەلە بچێ داخی دڵی بڕێژێ، کوێرانە بەرەو لای تەیمان هەڵمەتی برد. هەر هێندەی گەیشتە ناو حەوشە، گەلەگورگ لە سەربان و لە تەنیشتی لای چەپەوە، وەک گەردەلوولێک خۆیانیان پێدادا و زەق بە بەرچاوی ئەمەوە، تەیمانیان شەقوپەق کرد و بەرەو خوار ڕایانماڵی. ئەم بۆ ماوەی چەند ساتێک وەها واقی وڕمابوو، کە لە جێی خۆی وشک هەڵات. وەختێکیش تین و توانای بە بەردا هاتەوە و بەرەوپێش تەکانی دا، سەیری کرد وا گێژەڵووکەکە گەیشتۆتە قەدپاڵی گردۆڵکەکەی بەرامبەریان. لەو ساتەدا بە چاوی ناخ بازەی دەبینی کە هەزار و یەک جار کەڵبە لە جەستەی چەقیوە و هەزار و یەک دەلاقەیان تێکردووە، لەگەڵیدا وای هەست دەکرد، کە هەزار و یەک دەلاقە کراونەتە جەستەی خۆی، تەوژمی ئازارێکی دەروونیی سەخت زۆری بۆ هێنا. بەبێ ئاگا بەدەم هاواری کرد:

– با... زە...

بە دەمییەوە بێئەوەی بزانێ چی دەکا، هەرچی گوللەیەک لە دەمانچەکەیدا بوو، ڕووەو گێژەڵووکەکە تەقاندنی و بەدوایدا گێژەڵووکە داخزایە ئەودیو گردۆڵکەکەوە و لە چاو بزر بوو. ئایشیش دیسان لە ژوورەوە خۆی پێ ڕانەگیرا، بە تایبەتی کە بەدوای هاوارەکەی بارام و تەقەکاندا، هەستی بە خامۆشییەکی سامناک کرد. کەمێ خۆی پێچایەوە و دەرپەڕییە دەرەوە بۆ هەیوان، ڕاوەستا و گوێی هەڵخست هیچ ورتە و جووڵەیەکی نەبیست. بانگی کردە بارام و وەرام نەبوو، کە جاری دووەم بانگی لێکردەوە و وەرام هەر نەبوو، دڵی داخورپا. شێتانە هەڵمەتی بردە دەرەوەی هەیوان و بارامی بینی لە بەفرەکەدا بەچۆکدا هاتووە و سەری بەسەر سنگیدا شۆڕبۆتەوە. خۆی گەیاندێ و باوەشی پێداکرد. ئەوسا بارام سەری هەڵبڕییەوە و کەوتە سەرپێ، بە بێدەنگ بەرەو هەیوان هەنگاوی نا. لەودیو دەرگای نایلۆنبەندەکەوە چاوەڕوانی کرد تا ئایش بەدوایدا بەژوورکەوت و بەبێدەنگیش دەرگاکەی قایم کردەوە. ئینجا خۆی بەژووردا کردەوە و ئایشیش بەدوایەوە.

## مۆتەکە

بارام چی بوو؟ بۆم باس بکە... چی ڕوویدا؟

بارام هێشتا هەر حەپەسابوو، سەرنجێکی گێژ و وێژی دایە و هیچ وەرامێکی نەدایەوە، هێشتا دیمەنی بازە و گێژەڵووکەکە و ئاوابوونی بەودیو گردۆڵکەکەدا، سەراپای بیر و هۆشی داگیر

کردبوو. لێی بووبووە مۆتەکەیەک و بەرۆکی بیر و هۆشی بەر نەدەدا، بگرە تا زیاتر گەرمی دەبۆوە و جێگەی گاز و نوقورچی بە تەوژمی زریانەکەی لێ خۆشدەبوونەوە، پتر شانی بۆ مۆتەکەکە شل دەبوو: (... زۆری پێ ناچێ دێنەوە، کە هاتنەوە ئەمجارە من لوول دەدەن و وەک بازەم لێدەکەن. جاری دواتر ئایش دواتریش دێنە کونی ژوورەوە بۆ ئالاّ و بالاّ. یانی ئەمشەو... یانی... گورگ... گورگی چوارپێ... یانی... گوایە...).

لەناکاوێکدا هەڵسایە سەرپێ. شێتانە کەوتە هەڵڕوانین بە دەوری خۆیدا. بینایی لەسەر هیچ شتێکی ناو ژوورەکە ڕاگیر نەدەبوو. ڕووخساریشی وەهای دەنواند، کە ئازارێکی کاریگەر دەروونی هەژاندبێ. ئایش سەری لێی سوڕما. لەگەڵ ئەوەشدا باوەشی پێداکرد و دایمرکاندەوە، کە لە خۆی بەئاگاهاتەوە، وەک چاوی بۆ ماوەیەک لە بینین کەوتبێ و لەپڕێکدا بەری ڕوونبووبێتەوە، ئاوەها بە پەشۆکاوییەوە سەرنجێکی خێرای دایە ئایش و ئینجا منداڵەکان کە لێیان دڵنیابوو، تەواو هێمن بۆوە. لە جێی خۆی دانیشتەوە و خامۆشییەکی قووڵ دایگرت. ئایش دەستی لە شانی گیرکرد. یەک دووجار ڕایوەشاند و وتی:

- بارام... بارام گیان... بۆ وا دەکەیت؟ چیت دەوێ؟ چیت بەسەرهات؟ بۆ قسە ناکەیت؟

ئەوسا لای کردەوە بە لایدا و سەرنجێکی وشیارانەی دایە، لەو وەختەوەی هاتبوونە ژوورەوە، یەکەمجار بوو تەوژمی شالاّوی مۆتەکەکە یەخەی بەردەدا و دەیتوانی ڕووخساری بخوێنێتەوە

و بزانیٚ له چ حاڵێکدایه، ڕەنگی بووبوو به لیمۆی زەرد، لێوی دەلەرزین و بەر بینی قوڵپی دەدا، ترس و سامێکی تێکەڵ له حەپەسان و ڕامان له چاویدا قەتیسمابوون، ئەو دیمەنە وریای کردەوە که تا چ ڕادەیەک ورەی بەرداوە و چۆن ئایشیشی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کردووە، له سەرەتادا له خۆی تەریقبۆوە. وەک لەپڕ تایەکی قورس دایبگریٚ، سەرتاپای لەشی نیشتە سەر ئارەقێکی گەرم و هەستی کرد هەردوو لاجانگی گڕیان لێدەبێتەوە، بەتووندیی کەوتە سەرزەنشتکردنی خۆی، وتی: (شوورەیی ناکەیت؟ له ترسنۆکییەوەیە، یا له چی؟ وەرەوە سەرخۆت بڕوانە ئایش و بزانە له چ حاڵێکدایە... خێراکە... خێرا...).

ئیتر وەک هێزێکی تەلیسماویی دەستی دابێتە بنباڵی قیت بۆوە و بزەیەکی گەش کەوتە سەرلێوی، ڕووخساری ڕوون بووە و چاوانی بریسکەیان تێکەوتەوە. دەست و مەچەکی بزواند، سەری ئایشی گرتە ناو هەردوو لەپ و کەوتە ماچکردنی دەم و ڕوومەت و ناوچەوانی، به نەرمە پێکەنینێکەوە وتی: هیچم نییە... هیچم نییە. ئایش گیان کارەساتەکە کەمیٚ گێژ و وێژی کردم، چونکە بەلامەوە ستەم بوو، گویٚ بگرە با بۆتی بگێڕمەوە...

بۆی گێڕایەوە. که لێبۆوە، ئایش وتی:

– شتێکی سەیرە، ئەمە یانی چی؟

بگرە حاڵەتێکی سەیرە... منیش سەرم سووڕماوە. حاڵەتێکە و ناچێتە ئەقڵەوە و کەچی ئەوەتا ڕوویدا.

ئێستا چی بکەین باشە؟ دیارە لە کۆڵمان نابنەوە و دێنەوە وێزەمان، گومانم لەوە نەماوە کە دێنەوە ئەوەیان، هیچ حاڵەتێکی لەڕادەبەدەر سەیرە و بەهیچ کاوجێ ڕێی تێنا چێ و لە چارەمان نووسراوە ئێمە تووشی ببین.

– ئێ باشە بۆچی ئێمە؟

تێناگەم... نازانم بۆچی ئێمە؟

– ئەی چار... چارمان چییە؟

بارام بێدەنگ بوو، جگەرەیەکی ئاگردا و کەوتە مژلێدانی، کەمێ بیری کردەوە. کێشەکەی لە مێشکیدا هێنا و برد. لای ڕوون بوو کە گەلەگورگ وەک هێزێکی نهێنی هەڵیانسووڕێنێ، یا بگرە وەک خۆیان بریتیین لەو هێزە نهێنییە، وەها بەرامبەر بەو و مەملەکەتەکەی کردار دەکەن. هەروەکو لەلای ئاشکرا بووبوو، کە گەلەگورگ لە ئاستی ئەمدا، بڕیاری جەنگێکی مەغلووبەیان داوە و تا کۆتایی لەگەڵیدا دەیبەنەسەر. بۆیە ئەمیش خێرا بڕیاری خۆی دا، ڕوانییە سەعاتەکەی، زۆر لەسەرخۆ باری دانیشتنەکەی گۆڕی و ڕووی بۆ ئایش وەرگێڕا. دەستی ئەوی خستە ناو دەستییەوە و وتی:

گوێم لێبگرە ئایش گیان، ئێستا وا سەعات نزیکی دووە. دەبێ زیاتر لە چوار سەعاتی تر بەم حاڵەوە بەسەربەرین، تا شەبەق دەدا و لەم مۆتەکەیە دەخەلەسێین. تێم دەگەیت دەڵێم چی؟ چوار سەعاتی تر و دەشێ چوار جاری تر هێرشمان بێننەوە سەر. گوێم لێبگرە بزانە چیم بڕیار داوە و حەزیش دەکەم بزانم تۆ چی

دەڵێیت؟ ئایش ئەو ساتە ئاسایی بووبۆوە، ترس و سامەکە لە چاویدا ڕەویبۆوە. لە وەرامدا وتی:

– تۆ چۆن بڕیار دەدەیت، من وا دەکەم.

بارام خۆی خستە سەر پێ و وتی:

– کەوابێ هەڵسە و دەستوبردکە. نوێنەکان و ئەم هەندە دارەی ژوورەوە نەبێ، ئیتر هەرچیمان کەلوپەل هەیە، با بیبەین و بەری هەیوانەکەی بەمدیو نایلۆنبەندەکەدا پێ بتەنین. چیشمان دار لە هەیوانەکەدا و داروپەردوو لە ژوورەکەی ئەوبەردا هەیە، هەر دەیدەینە پاڵی و دەیانکەینە دیوارێک لە ڕوویاندا. دەمێنێتەوە دوو پەنجەرەکە و کڵاوڕۆژنەکە. پەنجەرەی ژوورەکەی خۆمان وەها دەتەنم، کە قوش نەتوانێ خۆی پێدا بکا. پەنجەرەی ژوورەکەی ئەولاش، خۆی لە خۆیدا هی ئەوە نییە لە توتکەسەگێکی زیاتر پێوەبچێ و لەگەڵ ئەوەشدا هەر چاک چاک دەیئاخنم. ئێ خۆ کڵاوڕۆژنەکەش هەم شووشەبەندە و هەم ئێستا تا ئەژنۆیەک بەفری لەسەر کەڵەکە بووە. زانیت چی دەڵێم؟

– باش، باش... ئەوسا ئیتر با تا بەیانی، بە دەوری قەڵاکەماندا بسووڕێنەوە و بلووریێن.

– ئا بەڵێ... با هەر کەڵبەشمان لێ تیژ بکەنەوە.

ناکرێ... دەنا حەزم دەکرد لە کونێکەوە بیانبینم و بزانم کەڵبەیان چۆن تیژ دەکەن.

بارام بێدەنگ بوو. قسەکەی ئایشی لە مێشکیدا دەجۆوە. دیمەنی لوولدان و ڕافڕاندنەکەی بازەی هاتەوە پێش چاو، ڕووخساری گرژبۆوە. کە کەوتەوە قسە وتی:

– من دەیکەم... من دەیانبینم، ئەمجارە من دەزانم چۆن تۆڵەی بازەیان لێدەکەمەوە.

ئایش ئەم قسەیەی لێخۆش نەهات. ڕەنگ و ڕووی تاڵ بۆوە. لێی پرسی:

– نیازی چیت هەیە؟

– تەنیا جێگەدەستێک بۆ خۆم دەهێڵمەوە، کە بتوانم لوولەی دەمانچەکەی لێوە ئاڕاستەی دەرەوە بکەم. چەندم گوللە ماوە، دەبێ هێندەیان لێبکوژم، بارام من وای بە چاک دەزانم خۆتیان لێ بێدەنگ بکەیت. چاکتر وایە هەردوو دەرگای ژوورەکانیش قایم بکەین و وازیان لێ بێنین تا ڕۆژ دەبێتەوە.

– مەترسە... خۆ دێوودرنج نین شاڵاوم بۆ بێنن و هەرەس بەو هەموو کەلوپەلە بێنن.

هەردووکیان بێدەنگ بوون. بارام لەپڕ وریابۆوە و وتی:

– خێراکە... با دەستوبرد بکەین، نەوەکو زوو بێنەوە.

وایان کرد و کەوتنە خۆیان، ئایش کەلوپەلەکانی دەگەیاندە ئاستی نایلۆنبەندەکە و بارام بە دەستوورێکی تایبەتی توووند و تۆڵ کەڵەکەی دەکردن. لە ئەنجامدا دیوارێکی کونبڕیان لێ پێکهێنان و تەنیا دەلاقەیەکی بچووکیان بە بەرزەوە، بە پاڵ دیواری هەیوانەکەوە تێدا هێشتەوە. ئەوسا خۆیان بە ژووردا کردەوە و چوونە وێزەی پەنجەرەکە، ئەویشیان توووند تەنی و چاک لێی دڵنیابوون، لەوەدا بوون ڕووبکەنە ژوورەکەی تر و لوورەی گەلەگورگیان لە دوور بەر گوێ کەوتەوە. ڕاوەستان

و ڕوانییانە یەکتر. بارام خێرا بزەیەکی خستە سەرلێوی و وتی:

– با ئەوەندە بلوورێنن تا قوڕگیان دەتەقێ، خۆیان دەبیننەوە.

ئیتر ئـەو لەسەرخۆ بـەرەوژوورەکـەی تر هەنگاوی نـاو، ئایشیش بە چراکەوە بەدوایدا. بزنەکان و کەرەدێزە، لە هەموو ئەم کەینوبەینە بێ ئاگابوون. تەنانەت کاتێ ئەمان بە چراکەوە چوونە ژوورەوە و کردیانە تەقە و ڕەقە، ئەوان تەنیا سەرێکیان لێ بەرزکردنەوە و کەمێ تێیان ڕوانین و کەوتنەوە سەر باری خـۆیـان. کـە لێبوونەوە، بـە دڵنیاییەوە گـەڕانـەوە ژوورەکـەی خۆیان، بارام پاڵی دایەوە و قاچی لێ ڕاکێشا. ئایش چوو بەلای منداڵەکانییەوە و کەوتە دەستهێنان بە سەر و ڕووخسارياندا. لە شیرینخەوێکی خۆشدا بوون، وازی لەوان هێنا و گەڕایەوە لای بارام و لە تەنیشتییەوە دانیشت.

ئێستا دەبێ چایەکە دەمی کێشابێ...

بـەبیری هـاتـەوە، ڕوانـیـیـە سـەر زۆپـاکـە. کترییە ئاوەکە دەیلووشکاند، بەڵام قۆرێکە هێشتا کەمێ دوور لەبەر دەرگای زۆپاکەدا دانرابوو. ڕاچەنی و چوو بەلایانەوە.

## دێوودرنج

گەلەگورگ زۆری پێ نەچوو پەیدابوونەوە. بە ئاشکرا هەستیان پێدەکرا کە تـەواو نزیکبوونەتەوە و دەور و خولی خانووەکە دەدەن. بارام شانی دادابووە سەر سەرینێک و پاڵی لێ دابۆوە. ئایش وتی:

- لەوە دەچێ هاتبنە حەوشەکەوە.

ئەو بە پێکەنینەوە لە وەرامیدا وتی:

- دیارە دەزانن بازە و بارام لەوێ نین و بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن دەکەن، بەڵام خۆیان دەبیننەوە، با کەمێکی تر بێنە پێشەوە و دڵنیاببن... با بێنە بەر هەیوانەکەوە، ئینجا دەچمەوە ویژەیان.

- من هەر ئەوە بە چاکتر دەزانم، کە دەرگاکەش باش قایم بکەین و وازیان لێ بێنین چی دەکەن بیکەن. بارام... ئەمانە لەوە ناچێ گورگ بن. ئەگەر گورگ بوونایە بە گۆشتی هاوەڵەکەی خۆیان و بازە تێریان دەخوارد و لەکۆڵمان دەبوونەوە، یا تەقەکان چاوترسێنی دەکردن و لەم دەوروبەرە نەدەمان.

ئەو کەمێ لە قسەکەی ڕاما. وەک جۆرە ڕاستییەکی تێدا هەست پێ بکا، بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

- ئەی دەبێ چی بن؟

دەبێ دێوودرنج بن و خۆیان خستبێتە پێستی گورگەوە.

- بە ڕاستتە، یا بە گاڵتە؟

- وەڵڵا بە ڕاستمە.

ئەوسا بە قسەکەی پێکەنی. لەگەڵ ئەوەشدا نەیهێشت بچێتە قالبی گاڵتەپێکردنەوە، وتی:

- خۆ تۆ باوەڕت بەم بابەتە قسانە نەمابوو، کەچی دەڵێیت گەڕاویتەوە سەر باوەڕپێکردنیان!

ئایش خۆیشی پێکەنی، وتی:

ئەی دەنازانم بڵێم چی... ئەمانە چۆن گورگێکن؟

– هیچ بەهەڵە مەچۆ. گورگی زۆر ئاساییین و بەڵام هێجگار برسین و بۆتێرکردنی ورگیان، پەلامار دەدەن و سڵ لە هیچ شتێک ناکەنەوە، گوایە گورگی دوو پێش هەر وەها ناکا؟

– هەمدیسان باتدایەوە سەر بەزمەکەی خۆت؟ فەرموو بزانە بە چ حاڵێکی گەیاندووین. تۆ ئەگەر ئەو خەیاڵە نەیدایە لە کەللەت، بۆ ئاوەها تووش دەبووین؟

ئەم قسەیە بۆ بارام زۆر لەناکاو بوو، چاوەڕێی نەدەکرد شتی وەهای لێ ببیسێ. لەبەرئەوە نەیدەزانی چ وەرامێکی بداتەوە. تا ئایش لەلای خۆیەوە، زوو هەستی کرد کە قسەکەی لە جێی خۆیدا نەبوو، بە تایبەتی لە وەختێکی وەها سەخت و ستەمدا. بۆیە خێرا پەشیمانیی خۆی نیشان دا و وتی:

– بارام گیان... لێمی بە دڵەوە مەگرە. ئەگەر ڕاستت دەوێ من ترسم لێ نیشتووە، من هەناوی ئەو دووانەم کەوتووە. گەلەگورگێکی دڕ و برسی و لەودیو دیواری ژوورەکەمەوە... بە بەردەمی هەیوانەکەمدا بێن و بچن و کەڵبە لە منداڵەکانم تیژ بکەن، چۆن نەترسم؟

ئەو دوای ئەم قسانە، تانووتلێدانەکەی تەواو فەرامۆش کرد و کەوتە هەڵپەی دڵدانەوە و دڵنیاکردنی و وتی:

– ئێ ئاخر ئەوەتا دەبینیت ژوور و هەیوان کونبڕ کراون. ئەوەش من و چەکم پێیە و بۆیان لەسەر پێم. واتە ئەگەر دە گەلەگورگیش بن، هیچیان پێ ناکرێ و هەر دەبێ تا بەیانی بە دەوری خانووەکەدا سەرەخوولێیان بێ. ئیتر بۆچی ترست لێ نیشتووە؟

دەزانم... دەزانم... بەڵام بە دەست خۆم نییە. دیواری پۆڵاشمان لەبەیندا بووایە، ئەو ترسەم هەر لێدەنیشت.

– باشە قەیناکە... تێدەگەم... خۆ تۆ...

لەو ساتەدا تەقەی بەربوونەوەی یەکێک لە کەلوپەلەکانیان هاتە بەرگوێ، ئایش وەک کێچ ڕاپەڕی و بە قەڵەمبازدێک خۆی گەیاندە پاڵ منداڵەکان. وەک لە ناخدا، ترسی شالاوێکی لەناکاوی گەلەگورگی ڕاستەوخۆ بۆ ناو ژوور لێنیشتبێ و مەبەستیشیان دوو کورپەکەی بێ، ئاوەها باڵی بەسەردا درێژکردن و چاویشی بڕییە دەرگاکە. بارام نەگەیشت دیمەنەکەی ئەو ببینێ قسەکەی خۆی قووت دایەوە و ئەویش هەر لەگەڵ بیستنی تەقەکەدا دەستی دایە دەمانچەکەی و ڕاچەنییە سەر پێ. بەپەلە پێڵاوی لەپێ کرد و دەرپەڕییە دەرەوە. بەرلەوەی بچێتە دەرەوە، لەبەر دەرگاکەدا سەرنجێکی دایە کەلوپەلەکان، زوو بۆی دەرکەوت کە لەودیوەوە پاڵیان پێوە دەنرێ، لەوە زیاتر لێی ڕانەما، دەمانچەکەی خستە سەرپێ و خۆی گەیاندە ئاستی جێدەستەکە. ئەو دیمەنەی کەوتە بەرچاوی، هێجگار سەرسامی کرد و بگرە خورپەیەکی تیژیشی لە دڵی دا. گەلەگورگ ژمارەیان هێندە زۆر بووبوو، کە بۆی نەدەهاتنە ژماردن. تەنانەت لە بینایی خۆی کەوتە گومانەوە، زۆربەیان لەحەوشەکەدا دەهاتن و دەچوون و تەنیا پێنج شەشێکیان هاتبوونە بەرهەیوانەکەوە و بەیناوبەین سەر و لمۆزیان پێدا دەدا. دەستوبرد بڕیاری دا. لە دڵدا وتی: (چاکتروایە یەکێک لەوانەی حەوشەکە بپێکم، نەک ئەمانەی ناو هەیوانەکە،

تا هەرا و ئاژاوەی خواردنەکەی دووربکەوێتەوە. لەبەر ئایش و منداڵەکان وا چاکترە...).

نیشانی گرتەوە و پەلەپیتکەی هێنایەوە یەک. گورگ دایە قروسکە و گلا، کەچی هەڵسایەوە و شانبەشانی ئەوانی تر هەڵات. زۆر لە تەیمانەکە دوورنەکەوتەوە و بەلادا هات. چاوی تێوەبوو دوو سێ جار لنگەفرتێی کرد و خپ بوو. لە دڵدا وای بڕیاردا، چاوەڕێ بکا تا ئەوانی تر دەگەڕێنەوە سەری بۆ خواردنی و فرسەتی تەقەلێکردنیان بە کۆمەڵ لێبێنێتەوە، بەڵام دەنگی گریانی بەکوڵی ئایش، وازی لەو بڕیارە پێهێنا و بەپرتا و گەڕایەوە ژوورەوە. سەیری کرد بە دیار منداڵەکانەوە بە کوڵ دەگری. لە یەکەم ساتدا بە بینینی دیمەنەکە شڵەژا و دڵی ختوورەی کرد. بە پەشۆکاوییەوە چووە تەنیشتییەوە و لێی پرسی:

– چی بووە؟... خێریانە؟

کە بۆی دەرکەوت ئەوان هێشتا لە شیرینخەوی خۆیاندان و مەسەلە بریتییە لە تەنیا ترس و سامەکەی ئایش خۆی و بەو گریانە دەیرەوێنێتەوە، کەوتە تەقەللادانی هێمنکردنەوەی، باوەشی پێداکرد و بە نیازی دڵدانەوەی، بۆی گێڕایەوە، کە چۆن یەکێکی تری لێ کوشتوون و ئەوانی تر هەڵاتوون، ئیتر هەر هێندەی ئەوی هێمن کردەوە، هەڵسا و چووە دەرەوە، کە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بە پەرۆشەوە بۆ شوێنی کەوتنی گورگی کوژراو هەڵیڕوانی، سەرسام بوو. وای هاتە بەرچاو کە لەوێ نەماوە. سەرەتا لە دڵدا وتی: (ڕەنگە داخزابێتە ناو بەفرەکەوە و نەبینرێ)،

بەڵام کە باشتر وردبۆوە و هیچی نەدی وتی: (خۆش دەبارێ، ڕەنگە لەم ماوەیەدا هێندەی بەفر لەسەر کەڵەکەبووبێ، کە دایپۆشیبێ). ئینجا کە زیاتر وردیکردەوە، وتی: (نا... لەوە دەچێ لە ماوەی چوونە ژوورەوەکەی مندا، تینی دابێتە بەر خۆی و هەڵاتبێ لە دوورتر کەوتبێ).

کێشەکەی وەها شکاندەوە، کە پتر ئەم بۆچوونەی لەلا بەجێ بێ، بەڵام پەیدابوونەوەی گەلەگورگ لەو دەمەدا و بێدەنگییان، سەری لێ تێکدا. لەو وەختەدا دەبوو هیچ نەبێ نیشتبنە گیانی گورگی کوژراو، چونکە نەدەچووە ئەقڵییەوە لە هەڵاتنەکەیدا، لە چنگیان دەرباز بووبێ. سەرلێتێکچوونەکە بۆ ماوەی ساتەوەختێک بیر و هۆشی شڵەژاند، لە دڵدا وتی: (سەیرە... تۆ بڵێیت قسەکەی ئایش ڕاست بێ؟ دەشێ ئەمانە دێوودرنج بن؟). خێرا وتی (نا... دیارە دەبێ هێشتا لەو شوێنەدابێ و داخزابێتە ناو بەفرەکەوە. ئا... لەوە زیاتر نییە). بڕیاری دا چاوەڕێ بکا تا دەگەنە ئاستی و باسەکەی تەواو بۆ ڕوون دەبێتەوە، زۆری نەبرد بە خۆی زانی، کە پاڵتۆکەی لەبەردا نییە و سەری قۆتییە و سەرما تەزاندوویێتی. بەناچاریی گەڕایەوە ژوورەوە.

ئایش هێشتا لە پاڵ منداڵەکاندا خامۆش دانیشتبوو. لەگەڵ چوونە ژوورەوەی ئەمدا، تەنیا سەرێکی بەرزکردەوە و سەیرێکی کرد و هیچی نەوت. ئەم بەپەلە پاڵتۆکەی لەبەرکرد و جامانەکەی لە سەر و ملییەوە پێچا و بەدەرکەوتەوە، کە گەیشتەوە شوێنی خۆی، ڕوانی وا گەلەگورگ بەڕیز و بەڵام هەریەکەیان دوور

لەوی تەنیشتی، بە سێ چوار هەنگاو، دەهاتن و گەیشتبوونە نزیک شوێنی لاشەی گورگی کوژراو. ئەمجاریش سەری سوڕما. لەوە کەوتەوە گومانەوە، کە ئەو جۆرە هاتنەیان وا بگەیەنێ لاشەکە لە جێی خۆیدا نەمابێ. سەرلەنوێ بیر و هۆشی شڵەژا، بە تایبەتی کە سەیری کرد وا گەیشتنە شوێنەکە و لێی تێپەڕین و هیچ ڕووینەدا، چەندە لێکیدایەوە و هێنای و بردی، سەری لێ دەرنەکرد، هێجگار تەنگەتاو بوو. نەیدەزانی چی بکا و چ بڕیارێک بدا. وای هەست دەکرد کە مێشکی لەکارکەوتووە. تا لەناکاو وەک لە قووڵایی ناخدا بڕیارێکی دابێ و هێشتا لەلای ڕوون نەبووبێتەوە چییە، دەمانچەکەی بەرزکردەوە و بێ نیشانگرتنەوە، گوللەیەکی تەقاند. سەرلەنوێ ڕیزی گەلەگورگ ڕەوییەوە و پەرتوبڵاو بەرەو دواوە هەڵاتن و لەبەرچاوی ون بوونەوە. ئەمیش وەک ئەوە بە فرسەتێک بزانێ و بییەوێ بچێ پشوویەک بدا و بیرێکی قووڵی لێ بکاتەوە، ڕاستەوخۆ وەرچەرخا و کشایەوە ژوورەوە.

## تەناف

لە ژوورەوە بێئەوەی بڕوانێتە ئایش و منداڵەکان، هەر بە پێوە بۆ خۆگەرمکردنەوە پشتی کردە زۆپاکە و چاوی بڕییە دەرگای ژوورەکە. دیاربوو کە سەراپای بیر و هۆشی، ئاڵاندۆتە گەڕان بە دوای چارەسەرێکی بەپەلەدا. ئەنجامیش هەر وەها کەوتەوە چاوی لە دەرگاکە لادا و بە خێرایی بە ژوورەکەیدا گێڕا. تەنافی جلهەڵخستنەکە سەرنجی ڕاکێشا، دەتوت کلیلی شکاندنی

تەلیسمێکی ستەمی بینیوەتەوە. پەلاماری دایە و لە هەردوو سنگی دیواری ئەمبەر و ئەوبەری ژوورەکەی کردەوە. لە مشتیدا گرمۆڵەی کرد و دەرپەڕییەوە ناو هەیوان.

ئایش کە بە بێدەنگ تێی دەڕوانی، لێی سەرسام بوو، خۆی پێ ڕانەگیرا و بەدوایدا چووە دەرەوە، ویستی بپرسێ کە ئاخۆ چی دەکا و ئەو بواری نەدا. وەک فەرمانێکی زۆر پەلەی پێ بکا، وتی:

- بچۆ قەڵەمبڕەکەم بۆبێنە... خێراکە...

لێی نەپرسی بۆ چییەتی بە فڕکانێک چوو هێنای و دایە دەستی. زیاتر سەرسام بوو کە بینی، وا بە نووکەکەی بەربۆتە ناوەڕاستی دەرگاکە و هەڵیدەکۆڵێ!... بەپەرۆشەوە لێی پرسی:

- ئەوەچی دەکەیت؟

لە وەرامیدا تەنیا وتی:

- دوایی دەزانیت با لێببمەوە، بۆتی باس دەکەم.

زۆری نەبرد کونێکی بچکۆلەی تێکرد، سەرێکی تەنافەکەی پێدا ڕەتکردە ژوورەوە و وتی:

- با بچینەوە ژوورەوە.

لەوێ دەستی دایە بڕەدارێک و وتی:

- بڕوانە... سەری ئەولای تەنافەکەم تووند بەستووە بە دەلقەی بنەوەی ئەڵقەڕێزی دەرگای ئەوبەرەوە. ئەمسەریشی ئەئاوەها لە ناوقەدی ئەم بڕەدارە گرێدەدەم و لە دەرگاکەی توونددەکەم. ئەوسا ئیتر ئەگەر هەموو گورگی دنیا سەر و لمۆز لەم دەرگا، یا لەویان گیر بکەن و بیانەوێ بە پشتیاندا بخەن، هیچیان بو ناکرێ،

چونکە پاڵ بەویانەوە بنێن، ئەمیان ڕاگیری دەکا و بەمیانییەوە بنێن، ئەویان ڕاگیری دەکا، ئیتر سا مەگەر تەنافەکە بپچڕێ و تەنافیش خۆت دەزانیت چەندە قایمە. ئێستا بۆت ڕوونبۆوە چیم کرد؟

ئایش وەک گوڵ گەشایەوە. دەتوت ئەو ئایشەی چەند ساتێک لەوەبەر نییە، کە ڕووناکی لە ڕووخساریدا نەمابوو. بەدەم بزەیەکی گەشەوە وتی:

– دەستخۆش هەرچەندە دڵم هەر دەگوشرێ. ئەوە بێنمە بەرچاوم، کە هاتبنەوە ناو هەیوان و سەر و لمۆزی خۆیان بە دەرگاکەدا بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەی کردت، زۆر دڵنیام دەکا.

پڕیشکی گەشانەوەکە ئەویشی گرتەوە. ئەویش ڕووخساری ڕوونبۆوە و وتی:

– ئەمە دواچارەسەرمان دەبێ بۆ خۆپاراستن لە شاڵاویان، دەزانیت خەریکم باوەڕ بە قسەکەت بێنم، کە ئەمانە گورگ نین و دێوودرنجن؟

– چاوت لێیە؟... ئەی خۆ من لە خۆڕایی ئەو قسەیەم نەکرد.

– لەسەرمی مەکە بە ماڵ. وتم خەریکم باوەڕ بێنم، نەک باوەڕم هێناوە.

– دەی خوا بکەم من بەهەڵە چووبم و قەت وا نەبێ.

– تۆ واز لەوە بێنە... من دەمەوێ بزانم ئاخۆ...

قسەکەی تەواو نەکرد و دیسان، تەقەی بەربوونەوەی کەلوپەلیان هاتەوە بەرگوێ، دیسان بەپەلە خۆی گورج کردەوە،

دەستی دایەوە دەمانچەکەی و قەڵەمبازدی دایە دەرەوە. بە پرتاو خۆی گەیاندە شوێن ڕوانگەکەی، بەڵام ئانوسات وەک دەرزییەک بە بنی نینۆکیدا کرابێ، ئاوەها ڕاچەنی و سڵەمییەوە، دیمەنەکە هێجگار سەرسوڕهێنەر و سامناک بوو. سەیری کرد گەلەگورگ هەموو لە بەردەمی هەیواندا، لەودیو نایلۆنبەندەکەوە بێ هیچ ترس و سڵکردنەوەیەک، گردبوونەتەوە و بەیەکدادێن. بەتایبەتی کە بینی وا هەندێکیان بە ئەنقەست ڕووەو ئەم لمۆز هەڵدەبڕن و کەڵبە جیڕ دەکەنەوە و بە ئاشکرا دەیانەوێ پێی بڵێن: (بۆ کوێ دەچیت؟ ئەمشەو بە هیچ کلۆجێک گیان لە چنگمان دەرناکەیت!). ئەو هەستە تەواو زۆری بۆ هێنا. لەوەدا بوو بە دەستووری جارەکەی تر کەللەیی ببێ. چی گوللە لە شانەی دەمانچەکەیدا ماوە، تیایاندا بەتاڵی بکاتەوە و دانی بەخۆیدا گرت و نەیکرد، بەڵکو نیشانەی لە یەکێک لەوانە گرتەوە کە ڕووەو ئەم لمۆزیان هەڵبڕیبوو. پەنجەی پێدانا و گورگە لە شوێنی خۆی بەلادا هات و کەوت. ئەم لەلای خۆیەوە چاوەڕێی بوو گەلەگورگ، بنیشنە گیانی و ونجڕ ونجڕی بکەن و بیخۆن، کەچی هیچ شتێک لەم بابەتە ڕووی نەدا. تەنیا کردیان بەژێر دەستوپێوە و زۆر ئاسایی لەسەر شاڵاوهێنانەکەیان بۆ ناو هەیوان، بەردەوام بوون. ئەم هەر ئەوەبوو ئەقڵی تێکنەچێ! لەبەر خۆیەوە وتی: (نابێ... قەت نابێ... قەت شتی وا نابێ!). لەوەدابوو دەنگ هەڵبڕێ و بیکاتە هاتوهاوار. زوو لە خۆی بەئاگاهات و تەنیا وتی: (ئایش ڕاست دەکا... گورگ نین... ئەمانە گورگ نین!).

لەو ساتەوە، ئیتر گەلەگورگی لێبوونە گەلەدێوودرنجێک، کە لە هیچ شتێک کۆنەکەنەوە، تەقەیەکی تری لێکردن و یەکێکی تری لێخستن، ئەویش وەک ئەوەکەی پێشوو کەوتە ژێر دەست و پێوە، بگرە سەیری کرد بەدوایدا، شێتگیربوون و وەک گەردەلوولێک کەوتنە تەکاندان بە نایلونبەندەکە، لە ئەنجامیدا کەلوپەلەکان لەقەلەقیان پێکەوت و ئەوانەی سەرەوە هەندێکیان لێ بەربوونەوە، گەرای ترسێک لە ناخیدا سەری هەڵدا، وای هێنایە پێش چاو کە ها ئێستا... ها ساتێکی تر هەرەس بە کەلوپەلەکان دێنن. نایلۆنبەند شڕو وڕ دەکەن و شاڵاو دێننە هەیوانەوە، کە ئەوسا ئیتر کارلەکار دەترازێ. فریا ناکەوێ خۆی بگەیەنێتە ژوورەوە و دەرگاکە قایم بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا وای بەبیردا هات، کە لە بەردانەوەی کەلوپەلەکان و کەڵەکەکردنەوەیاندا، لەگەڵیاندا بکەوێتە زۆرانبازیی، بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە ئەوە کارێکی بێهوودەیە و دەرەقەتیان نایەت.

لەم کەینوبەینەدا بوو، کە ئایشیش لەلای خۆیەوە، تاقوتۆقی بەربوونەوەی کەلوپەلەکانی کەوتبووە بەرگوێ و سەری لە دەرگاوە کێشابووە دەرەوە. کە بە ڕوانینێکی خێرا بۆی دەرکەوت چی ڕوو دەدا، هەڵمەتی برد و خۆی گەیاندێ. پڕی کرد بە قۆڵیدا و بە ڕاکێشان ڕایفڕاندە ژوورەوە. ئەم وەک ساتی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی پێشووی، تەواو نزیکبووبێتەوە، خۆی بۆ ڕاکێشانەکەی شل کرد. هەر هێندەی ئاودیوی دەرگا بوون، پڕی بە بڕدارەکەدا کرد. سەری تەنافەکەی چاک ئاڵاندە ناوەڕاستی و لە دەرگاکەی

چەسپاند و تووند گرێی دا، کە باش لێی دڵنیابوو، دووقۆڵی چوونەوە بەر زۆپاکە و هەر بەپێوە، کەوتنە خۆگەرمکردنەوە، هیچیان قسەیان نەکرد. هەردووکیان لە دڵدا لەگەڵ خۆدا دەدوان. ئایش دوای کەمێ چووە تەنیشت منداڵەکانی و خامۆش دانیشت. بارامیش باری ڕاوەستانەکەی گۆڕی. پشتی کردە زۆپاکە و بینایی بەسەر دەرگاکەدا ڕوا.

## شاڵاوی گورگ

(... کات... تێپەڕبوونی کات تاکە چارەسەرە! هەر کە شەبەقی دا، ئیتر وەل دەبن و لە کۆڵمان دەبنەوە، مەگەر بەوە ئەم بەسەرهاتەمان کۆتایی پێ بێ. دەنا هیچ چارەسەرێکی ترمان لەبەردەمدا نییە. ئەی ئاخۆ سەعاتمان بە چەند گەیاندبێ؟). بینایی لە دەرگاکە هەڵپچڕی و ڕوانییە سەعاتەکەی، کات خۆی دابوو لە چوار چارەکێک کەم. وەک بییەوێ مژدەیەکی خۆش بە ئایش ڕابگەیەنێ، لای کردەوە بەلایدا و وتی:

– چوار چارەکێک کەمە... هێندەمان نەماوە.

ئایش لەوەدا بوو دەم هەڵبێنێتەوە و تاقوتۆقی هەرەسهێنانی کەلوپەلەکان، زمانی بەست و ورتە و جووڵەی لێ بڕی، بارامیش کە هێشتا لە بەر زۆپاکەدا ڕاوەستابوو، خۆی قیت کردەوە و گوێ قوڵاغ بوو. کە بۆی دەرکەوت وا گەلەگورگ، کەڵبە و چنگ و نینۆک لە نایلۆنبەندەکە گیر دەکەن و دەیدڕێنن، گومانی نەما کە ها ئێستا... هاساتێکی تر، شاڵاو دێننە هەیوانەوە، لەگەڵیدا شانبەشانی

ئەو بێگومانییە، گومانێکیش لە قووڵایی بیر و هۆشییەوە سەری هەڵدا. گومانەکە وەک کێچ هەڵیبڵووقاندەوە و ڕایفڕاندە ئاستی دەرگاکە، بەپەلەپرووزێ دەستی لە بـڕەدار و پێچی تەناف و توندوتۆڵیی گرێگانی کوتا. کە چاک لێی دڵنیابوو، وازی لێهێنا و گەڕایەوە تەنیشت زۆپاکە.

زۆری پێ نەچوو گەلەگورگ ڕژانە هەیوانەوە و بەپێچەوانەی جارانی پێشوویانەوە کە پتر بەبێدەنگ هێرشیان دەهێنا، کردیانە مرمڕ و غڵبەغەڵبب و ئینجا، چنگەکرێ و سەر و لمۆزنان بە هـەردوو دەرگـاوە، سەرنجی دا تەگبیرەکەی پڕ بەپێست جێی خۆی گرتووە. دەرگا دەڕەتێنرێ و لەقەلەقی پێدەخرێ و تەناف و بڕدار توند ڕاگیری دەکەن. لایکردەوە بەلای ئایشدا ئاگاداری بکا. سەیری کرد خۆی بەسەر منداڵەکاندا نووشتاندۆتەوە و دەکڕووزێتەوە، دیمەنەکە چەندە دڵتەنگی کرد، هێندەش وریای کردەوە، کە ڕوانییەوە دەرگاکە لە دڵدا وتی: (ئەی ئەگەر تەنافەکە پچڕاو دەرگایان بەمدیودا دارماند؟ ئەی ئەگەر شاڵاویان هێنایە ژوورەوە؟ یـانـی...). قسەکەی تـەواو نـەکرد، بێ چـاولادان لە دەرگاکە، وەک لەبەر خۆوە بدوێ وتی:

– ئایش... چاکتر وایە بیتەنین. ئەویش باش بتەنین و وەک پەنجەرەکەی لێ بکەین. بەدوایدا چاوێکی بەژوورەکەدا گێڕاو بێ چاوەڕوانکردنی وەرام، چوو بەلای بڕەدارەکانەوە. دەستی کردە هاویشتنیان بۆ لای دەرگاکە. کە لێبۆوە، خۆشی چوو بەرامبەری ڕاوەستا. بەچاو نا، بە بیر و هۆش گەلەگورگی دەبینی چۆن

لە هەیوانەکەدا بەیەکدا دێن و بگرە چۆن پاڵەپەستۆی سەر و لمۆزکێشان، بەم دەرگا، یا بەویاندا دەکەن. کە بە چاوی بیرەهۆش ئەم دیمەنەی دەبینی، بە سەرێک دڵی دەکەوتە لەرزە و بە سەرێکیش، تەنینی دەرگاکەی لێ دەبووە کارێکی پێویستی زۆر بەپەلە.

بەڵام چی بکا و چۆنی بتەنێ؟ (بڕەدارەکان؟ دەبێ سوودیان چی بێ و چۆنیان بەکاربێنم؟) ئەو ساتەی چوو گواستنییەوە بۆ بەردەرگاکە، هیچی لەم بارەیەوە بڕیار نەدابوو. بیری لێکردەوە و نەگەیشتە ئەنجام... (کورتن... لەمبەر و لەوبەر گیر نابن! سوودیان نییە). ئەوەی وازلێهێنا. (چیی ترمان کەلوپەل لە ژوورەکەدا ماوە؟). چاوی گێڕایەوە. (هیچ... ڕاخەرەکان و نوێنەکان و هەندێ قاپوقاجاغ، کتری و قۆری و پیاڵەکانیش. باشە چییان لێ بکەم؟).

گەلەگورگ دوو سێ تەکانی تریان بە دەرگاکە دا، ئەمیش دوو سێ جار دڵی خورپەی کرد. خورپەکان دەروونیان هێنایە ژەنگوزار... (... کە دەرگا بەمدیودا داڕما، هورووژم دێننە ژوورەوە! کە هورووژمیان هێنایە...).

ئەگەرچی قسەکەی تەواو نەکرد، بەڵام ئەو ساتە جستەی وەک بینی ئاو دەلەرزێ و سەر و ڕووخساری ئاگریان لێ دەبۆوە. وەک بڵێیت لە غەیبەوە پێی ڕاگەیەنرابێ، ڕاستەوخۆ بیری بۆ هێزی شان و باهووی چوو... (... دەرگاکەش تەختەدارگوێزێکی ئەوتۆیە کە چنگ و کەڵبە کاری تێ ناکەن). سێ و دووی لێ نەکرد و هەڵمەتی بردە ناو دەرگاوە، هەر چوارپەلی لەمبەر و

لەوبەری دیوار گیرکرد و پشتی پێوەنا، دەرگای تووند چەسپاندە چوارچێوەوە و جووڵەی لێ بڕی، کە بەدوایدا یەکەم تەکانی سەر و لمۆز بە پشتیدا درا و هەستی کرد لە ئاستیدا زاڵە، گەلێ پێی خۆشحاڵ بوو.

لە دڵدا وتی: (چی لە منە؟ تا ڕۆژ دەبێتەوە، لەسەر ئەم بارە دەوەستم و فزەی بۆ ناکەم).

ئایش کە تا ئەو ساتە تەنیا خۆی ئاخنیبووە پاڵ منداڵەکانەوە و چاوێکیشی هەر لەلای بارام بوو، لەپڕ پەنجەرەکە سەرنجی ڕاکێشا و یەکەمجار لە دڵدا وتی: دەرگاکە وەها... ئەی پەنجەرەکە؟...)، ئەوسا دەنگی هەڵبڕی و بە شڵەژاوییەوە وتی:

– بارام ئەی پەنجەرەکە؟... ئەی ئەگەر لەوێوە!

قسەکەی بۆ تەواو نەکراو، بینایی بەسەر پەنجەرەکەدا ئەبڵەق بوو. بارامیش لەلای خۆیەوە، وەک لەناکاو لە مەترسییەکی زۆر زەق ئاگادار بکرێ، چاوی بەسەریدا ڕوا و لە دڵدا وتی: (بەڕاست یانی چی من تا ئێستا لێی بێ ئاگابووم؟! زۆر ڕاستە... دەزانم کە بەفر لەودیوەوە بەری گرتووە و لەگەڵ گوێسوانەکەدا لەیەکیان داوە، بەڵام خۆ بۆشاییەک لەنێوان دیوار و بارستایی بەفرەکەدا ماوەتەوە و لەسەری لای هەیوانەکەوە شەبەقێکی تێدایە، کە بوار بۆ ناو بۆشاییەکە و ئینجا بەر پەنجەرەکە دەدا. من ئەوە دڵنیام. ویستم بۆ ڕووناکی بەری پەنجەرەکە بەرەڵڵا بکەم و لەوێشەوە دەست پێ بکەم، کەچی وازم لێهێنا. وتم وا چاکترە و سەرما دەگێڕێتەوە. کەواتە دەتوانن لەوێوە بێنە بەر پەنجەرەکە.

دەبێ فریا بکەوم پەنجەرەکە بەو وەزعەیەوە، لە ئاستیاندا خۆی ڕاناگرێ، چی بکەم باشە؟).

نەیدەزانی چی بکا، چاوی لێ لادا و ڕوانییە ئایش. ئەویش هێشتا چاوی بەسەریدا ڕوابوو، ئەم بیری بۆ ئەوە چوو داوای لێ بکا بچێ وەکو ئەم بکا و زوو لێی پەشیمان بۆوە. لە دڵدا وتی (شووشەیە و دەیشکێنن. کە شووشەیان شکاند، ونجڕکردن و دەرکێشانی کەلوپەلەکانیش بۆ دەرەوە بۆیان ئاسانە).

بەخێرایی کەوتە چاوگێڕان بە ژوورەکەدا، بە ئاواتەوە بوو شتێک لەوانەی تێدامابن. یا تەنانەت دیوارەکان و بنمیچەکەش بە فریای بکەون و چارەسەری گرفتە نەگریسەکەی بۆ بکەن، تا لەناکاوێکدا سەرنجی لەسەر زۆپاکە و بە تایبەتی لوولەکانی ڕاگیرکرد. لەسەری ڕانەوەستا و بانگی کرد:

- ئایش... هەڵسە خێراکە... زۆپاکە بکوژێنەرەوە.

ئایش سەرسام بوو، وتی:

- بۆچی؟

- تۆ هەڵسە... دوایی... خێرا سەرە بزووتکەکانی لێ دەربێنە و بیانکوژێنەرەوە.

ئایش دەستوبرد چۆنی پێ وترا، وەهای کرد.

- چاوەڕێی ساردبوونەوەی مەکە. بە پەڕۆیەک پارچەکانی لوولوکەی لێدابگرە و ئاویان پێدا بکە. لوولەکان سێ پارچە بوون. بارام حسابی بۆ درێژییەکەیان کردبوو. بڕیاریشی دابوو کە چییان لێ دەکاو وتی:

– وەرە جێگای من... دەتوانیت؟

– دەتوانم.

– ترست نەبێ و لە چنگەکڕێیان سڵ مەکەرەوە. تۆ وا هەست دەکەیت لەوەدایە لە پشتتی گیر بکەن، بەڵام وا نییە. مەترسە و بەرگە بگرە. داری گوێزە و هیچیان لە ئاستیدا پێ ناکرێ... ئێ؟

– ئێ.

جێگەیان گۆڕییەوە. بارام چوو پڕی بە پارچە لوولەکاندا کرد و ڕایفراندنە لای پەنجەرەکە. حسابەکەی ڕاست دەرچوو. بەپەلە کەلوپەلەکانی لە پەنجەرەکە دەرکێشایەوە. بە زۆر لوولەکانی وەک سێ تووڵ لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە پەنجەرەکە چەسپاندن. سەرنجێکی وردی بەپەلەی دانێ، دڵی پێیان حەوایەوە، لەگەڵ چوارچێوەی پەنجەرەکەدا، بووبوونە تەیمانێکی توندوتۆڵ. ئینجا کەلوپەلەکانی تێئاخنییەوە و بۆ تاقیکردنەوە، دانیشتە سەر قەراغی پەنجەرەکە و پشتی پێوەنا.

ئەوسا بە ئایشی وت:

– بینیت؟... ئەمەش پەنجەرەکە هیچی تر ماوە؟ مەگەر دیوار ڕووخێن بن، دەنا ژوورەکە لە دیوار بەولاوە، هیچی تری تێدا نییە.

دوای قسەکەی، پشتی لە پەنجەرە بەردا، چۆوە بەلای دەرگاکەوە و وتی:

لاچۆ بۆ من...

کە پشتی بە دەرگاوە نایەوە، بە هێمنییەوە وتی:

– گوێ بگرە... ئێستا چیت پێدەڵێم وەها بکە. یەکەمجار بچۆ منداڵەکان زۆر باش دابپۆشە، ئینجا هەرچی ڕاخەرێک لە ژوورەکەدایە، جگەلەوەی ژێر منداڵەکان، بۆمیان بهێنە لە پاڵ دەرگاکەدا کەڵەکەیان دەکەم و لەسەریان دائەنیشم. دواجار تۆش لێفەکە چاک لە خۆتەوە بپێچە و بچۆ وەک من پشت بە پەنجەرەکەوە بنێ و دابنیشە.

ئایش هەستی بە دڵنیایی کرد و زۆری پێ خۆشبوو. گورج ئامۆژگارییەکانی جێبەجێکردن، بەڵام پێش خۆپێچانەوە و دانیشتنی، ویستی زۆپاکە لە بارام نزیک بکاتەوە، تا بە پشکۆکانی گەرمی ببێتەوە و بارام نەیهێشت، وتی:

– بیبەرە نزیکی خۆتەوە. تۆ پێویستیت زیاتر پێیەتی.

دوای کەمێ مشتومڕ، قسەی بارام زاڵ بوو.

## لمۆزی گورگ

هەردووکیان ئەگەرچی جۆری دانیشتنەکەیان ماندووی دەکردن و ئازاری دەدان، بەڵام ئەو سرەوت و ئارامەی لە دڵدا هەستیان پێدەکرد، وای لێدەکردن بەئاسانی دان بەخۆیاندا بگرن، بارام سەرەڕای بەردەوام ڕەتاندنی دەرگاکە بە پشتیدا، جگەرەیەکی بە لێوییەوە نابوو، بە دڵنیاییەوە مژی لێدەدا و بەدەمییەوە ئاسایی بۆ ئایش دەدوا.

باسی لە وەزعی خەڵکەکەی ناو ئاوایی بوو، کاتێ ئایش قسەکەی پێ بڕی و هاواری کرد:

– هاتن... ئێرەشیان پێزانی هاتن!

بارامیش وازی لە قسەکەی هێنا و وتی:

– چی دەکەن؟ بۆمی باس بکە.

– هەست دەکەم بە بەرپەنجەرەکەدا دێن و دەچن و جارجارێک یەک دووانێکیان، سەر و لمۆزی پێدا دەدەن.

– هیچ گوێی مەدەرێ هەمان بەزمەکەی دەرگاکەیە! هیچ مەترسە... دەترسیت؟

– نا... ناترسم... لە پەنجەرە و لە دەرگاکەش ناترسم.

– ئەی؟

– نازانم لە شتێک دەترسم کە نازانم چییە!

– ئایش گیان. خۆت مەشلەژێنە... یانی مەبەستم ئەوەیە بڵێم خۆت مەترسێنە. تۆ خۆت دەترسێنیت، تۆ دڵنیایت کە هیچیان بۆ ناکرێ و ناتوانن زەفەرمان پێبەرن. ئیتر بۆچی دەهێڵیت ترس زۆرت بۆبێنێ؟

ئایش هیچ وەرامێکی نەبوو بیداتەوە و خۆی بێدەنگ کرد. ئەو بۆ زیاتر هێمنکردنەوەی وتی:

– کاتمان گەیاندووە بە نزیکی سەعات پێنج، هێندەمان نەماوە هەر هێندەی شەبەقی دا، ڕزگار دەبین. تین بدەرە بەر خۆت و ورە بەرمەدە، ئەوەتا دەبینیت چۆن ژوورەکەمان لێ کونبڕ کردوون. خۆ دیوارەکان کون ناکەن!

ئەو ئەم قسانەی لە ناخی دڵەوە بۆ کرد و خۆیشی ئەمە هیوای هەرەگەورەی بوو، کەچی لەپڕێکدا و بێ هیچ هۆیەکی

ئاشکرا، پرسیارێک لە مێشکیدا بروسکەی دا: (ئەی ئەگەر شەبەقی دا و بەرۆکیان بەرنەداین؟! بگرە!...). لەوەدابوو بدا بەدەمییەوە و کسپەیەک دای لە هەناوی و ئازارێکی وەهای پێگەیاند، کە پتر لە پێچی ئازاری ژانەسک دەچوو، تەنانەت ئایش لەلای خۆیەوە کە لەو ساتەدا، بەدەم وشکە خۆشنوودییەکەوە تێی دەڕوانی، کسپەی ئازارەکەی لە شێواویی ڕووخساریدا خوێندەوە و هاواری کرد:

– بارام... چ خێرتە؟

بارام زوو خۆی ئاساییکردەوە، گەندەبزەیەکی خستە سەر لێوی و وتی:

– هیچ نییە... وا تێدەگەم سەرما کاری تێکردووم. پێچی ژانێکی تیژ بە ناو سکمدا ڕابوورد.

ئایش پشتی لە پەنجەرەکە بەردا و خۆی خستە سەر پێ. بێئەوەی بزانێ دەیەوێ چی بکا، بەرەو ڕووی هەنگاوی نا، ئەو نەیهێشت بگاتە ئاستی و وتی:

– هیچ نییە تەنیا پاکەت و شقارتەکەم بگەیەنەرێ و خێرا بگەڕێوە جێی خۆت. کە گەڕایەوە و دانیشتەوە، وای هەست کرد ئەودیو پەنجەرەکە خامۆشە، ماوەیەک چاوەڕوانی کرد و هیچی نەوت، نەیدەویست تا تەواو دڵنیا دەبێ، بیدرکێنێ، کە هەر گوێی هەڵخست و هیچ ورتە و جووڵەیەکی نەبیست، ئەوسا بە دەنگێکی تێکەڵ لە گەشکەداری و سەرسوڕمانەوە وتی:

بارام... جموجووڵیان نەما... ئەودیو پەنجەرەکە تەواو خامۆشە!

– منیش، لای منیشەوە وەهایە! سەیرە!...

بارام بە پەرۆشەوە ئەم وەرامەی دایەوە و بەدوایدا، بەخێرایی دەستی چەپی بەرزکردەوە و ڕوانییە سەعاتەکەی، لەو کارە زۆر سەرسام بوو. لە دڵدا وتی: (سەعات پێنج و شەش حەوت دەقیقەیە، گوایە دەبێ شەبەقی دابێ؟ نەخێر نابێ... قەت نابێ، من ئەگەرچی لە ئایش و لە خۆشم دەکرد بە سەعات شەش، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ لە دەوروبەری شەش و چارەکدا شەبەق دەدا).

– تۆبڵێیت شەبەقی دابێ؟

ئایش بەم پرسیارە وریای کردەوە. ئەو بێ وەرامدانەوەی، پشتی لە دەرگا بەردا و هەڵسا ڕووی بۆ وەرگێڕا، ویستی زوو بۆی ڕوون ببێتەوە، چاوی چەپی نووقاند و چاوی ڕاستی نا، بەو کونەوەی تەنافەکەی لێوە ڕەتکردبووە ژوورەوە، بۆی دەرکەوت کە هێشتا تاریکستانی ئەموستەچاوە. ئەوە گومانێکی گەورەی لە دڵدا خولقاند. ئیتر وەک بڵێیت گەلەگورگ نەک بیانەوێ تەنیا لە دەرگا و پەنجەرەوە، بەڵکو لە دیوار و لە ژێر زەوی و لە بنمیچی ژوورەکەشەوە شاڵاو بێننە ژوورەوە، ئاوەها دانیشتەوە و پشتی لە دەرگا تووند کردەوە. بە دەنگێکی پڕ لە شڵەژانیشەوە، وتی:

ئایش پیلانە!... پیلانە و هیچی تر! باوەڕ بەو بێدەنگییەیان مەکە. پشت لە پەنجەرەکە تووند بکە و بە هیچ کلۆجێ بەری مەدە. من دەزانم...

ویستی لەسەری بڕوا و باش بیسەلمێنێ کە پیلانە، بەڵام کە سەیری کرد ئایش بە قسەکانی دەپەشۆکێ، خێرا زمانی خۆی گرت و باسەکەی گۆڕی، وتی:

– من ئەگەرچی دەزانم کە هێشتا نزیکی سەعاتەوەختێکی ماوە شەبەق بدا، بەڵام ڕەنگە بێزاربووبن و ڕۆیشتبن. ئەمەشیان دەبێ و خوابکەم وابێ.

ئایش هێشتا قسەکانی پێشووی لە مێشکیدا دەجۆوە و لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– خوابکەم...

ئینجا ئەو هەر بۆ سڕینەوەی شوێنەواری قسەکانی پێشووی، باسەکەی گۆڕی و بە لەرەی دەنگێکی پڕ لە سۆز و بەزەییەوە وتی:

– باری دانیشتنەکەت ماندووی نەکردوویت؟ ئەگەر دەزانیت ناڕەحەتە، با چارەسەرێکی بکەم.

– نا... پێویست ناکا... باشە، بەڵام قاچم سڕ بووە.

– تۆزێ بیانجووڵێنە... یا بەنۆرە قورساییان بخەرە سەر.

– ژوورەکەش خەریکە تەواو سارد دەبێتەوە.

– ئەگەر سەرماتە، با پاڵتۆکەمت بدەمێ لەبەری بکە.

– خەمی خۆمم نییە... منداڵەکان!

– خەمی ئەوانیشت نەبێ گەرم داپۆشراون و لە شیرینخەوی خۆیاندان. من تەنیا خەمی ئەوەمە خەبەریان ببێتەوە.

– ڕاست دەکەیت... ئەگەر خەبەریان بۆوە، چی بکەین؟

– نازانم... خوا بکەم خەبەریان نەبێتەوە.

بۆ ماوەی چەند ساتێک هەردووکیان بێدەنگ بوون، بارام جگەرەیەکی ئاگردا و کەوتە مژلێدانی. تەوژمی ترسەکە لە بیر و

هۆشیدا ڕەویبۆوە. زۆر بە هێمنییەوە مژی لە جگەرەکە دەدا و بە هێواشی دووکەڵەکەی لەنێوان هەردوو لێوییەوە دەردەدایەوە، ئایشیش ئەگەرچی بڕیاری دابوو بە سات پشت لە پەنجەرەکە بەرنەدا، کەچی هێندە هێوربووبۆوە، کە بیری بۆ ئاگری زۆپاکەی بەردەمی بچێ، دەستی بۆ مقاشی سەر زۆپاکە درێژکرد، کە زانی بێ پشتبەردان لە پەنجەرەکە دەستی نایگاتێ، ناچار لیێ بەردا و مقاشی گرتە دەست و لە ئاگرەکەی وەردا. ئاگر ڕوو لەوەبوو ببێتە ژیلەمۆ، لەگەڵ ئەوەشدا شەپۆلێک گەرمای بەڕوویدادا و ئیتر مقاشی نایەوە جێی خۆی و پشتی لە پەنجەرە توندکردەوە. ڕوانییە بارام و سەیری کرد هێشتا هەر بەخۆشنوودییەوە مژ لە جگەرەکەی دەدا.

## پیـــلان

خامۆشییەکە زۆری نەخایاند و بارام چۆنی بۆ چووبوو، وەها دەرچوو، گەلەگورگ کاتێ ڕژانەوە ناو هەیوان و بەرپەنجەرە، وەک شێت و هار بووبن، بە داخلەدڵییەوە و دەستەدەستە، کەوتنەوە سەر و لمۆزکێشان بە دەرگا و پەنجەرەدا و تەنانەت دەتوت لەوە بێباکن کە سەر و لمۆزیانی تێدا شەقوپەق ببێ. هەردووکیان تەوژمی ترس و سامێکی زۆر سەخت لەم شاڵاوەیان، زۆری بۆ هێنان و دڵەکوتێی پێخستن، بگرە ئایش هەموو گیانی کەوتە لەرزین، وای هەست دەکرد کە خەریکە لەشی شل ببێ و بەرببێتەوە سەر زەوی، بارام لەلای خۆیەوە زوو پێی زانی لە چ

حاڵێکدایە و لە ساتی خۆیدا بەفریاکەوت، ڕووی قسەی تێکرد و وتی:

– ئایش... تۆ سەیرم بکە... سەیرێکی من بکە...

ئەو ساتە سەری بەسەر سنگیدا شۆڕبووبۆوە و وەک پەڕی دەم ڕەشەبا دەلەرزی. بە زەحمەت توانی سەر بەرزبکاتەوە و تێی بڕوانێ.

– ئینجا سەیرێکی لای دوو کورپەکەشت بکە! دەیانبینیت چۆن لە شیرینخەوی خۆیاندان؟ دەشزانیت بە پشتی کێ؟

بارام هێندە تین و توانای بەرامبەر بە تەوژمی ترس و سامەکە لە دڵدا مابۆوە، کە جگە لە خۆی، لە وەزعی ئایشیش بەئاگابێ و بزانێ چۆن هانی دەدا و تین و توانای بەرگەگرتنی دەکاتەوە بە بەردا. بە قسەکردن لەوە زیاتری نەوت و بگرە تەنیا هێندەش بەس بوو، چونکە ئایش بەو قسەیە و بە بینینی ئەو و ئینجا منداڵەکانی، وەک لە سەرەمەرگدا بووبێ و لەناکاو هێزێکی نهێنی، گیانی مرۆڤێکی ساغڵەمی بە بەردا کردبێتەوە، ئاوەها قیت و گورج بووە و بەوپەڕی چووستییەوە، جەستەی ئاخنییەوە ناو پەنجەرەکە، تەنانەت بارام هاواری لێکرد:

ئاگاداربە... هێجگار وەها توووند نا. من تەنیا ئەوەم لە تۆ دەوێ، کە هۆشت لە سەرخۆت بێ و بە سات ورە بەرنەدەیت. دەمەوێ بزانیت کە ورەبەردان دەبێتە هۆی بە گورگانخواردووچوونی تۆش و منیش و ئەو دوو کۆرپەیەش، ئینجا حەز دەکەم ئەوەش بزانیت، کە من تەنیا یەک پشتم هەیە و ئەوەتا بە دەرگاکەوەم ناوە.

لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان بە دوو پشت هەیە، کە دووەمەکەیان پشتی تۆیە، تێمدەگەیت دەڵێم چی؟

ئایش گیانێکی تری بە بەردا کرابوو. بێ ئەم قسانەش وەهای چەسپاندبووە مێشکی خۆیەوە، کە لە ناو قەڵایەکی پۆڵاییندایە و گەلەگورگ قەتوقەت ناتوانن زەفەری پێ بەرن، بۆیە لە وەرامیدا وتی:

– تـەواو... بێخەمبە و ترست لێم نەبێ، گوایە بیەڵم کەڵبە و نینۆکی گورگ، بچەقنە لەشی کۆرپەکانم؟ مەگەر پشت و سنگم کون بکەن و لەوێوە، خۆیان بگەیەننە ژوورەوە!

ئێتر ئەویش نەک تەنیا لە ئایش و پەنجەرەکە دڵنیابوو، بەڵکو خۆیشی هێندەی تر ورەی بەرزبۆوە و وتی:

– تەواو... منیش تەواو... نە خەمم لە دڵدا ما و نە ترس.

بەڵام هەر لەو ساتەدا، دوو سێ تۆپەڵە بەفر لە شوێنی کونی لوولەی زۆپاکەوە، لە بنمیچەوە بەربوونەوە بۆ ناو ژوور. بارام وای دانا کە کارێکی ئاساییە و لە دڵدا وتی: (دەبوو کە لوولەکەمان دەرکێشا، شتێکمان تێ بئاخنیایە). تەنیا هێندە و ئێتر سەرنجی لێ لادا. لەکاتێکدا ئایش وەک لە دڵی گەڕابێ، کە ئاسایی نییە، چاوی هەر تێبڕیبوو. تا زۆری نەبرد هاواری بەرزبۆوە و وتی:

– بارام، بڕوانە!...

کە ڕوانییەوە بنمیچەکە، پەنجە و نینۆکی گورگێکی بینی، کە دەتوت ڕەتکراوەتە ناو هێلانەیەکەوە و دەیەوێ لە بێچووە باڵندەیەک گیرببێ! سەرنجێکی خێرای دایە ئایش، کە دڵنیابوو

لەسەرخۆیە و بە بینینی دیمەنەکە تێکنەچووە، سەرێکی ڕەزامەندیی بۆلەقاند. دەستی دایە دەمانچەکەی و وتی:

– خەمت نەبێ... هاتنە ژوورەوەیان لەوێوە ستەمە، ئەگەر سیحربازیش بن و بتوانن خۆیان باریک بکەنەوە و شۆڕ ببنەوە، ئەوا بۆ هاڕینی سەر و لمۆزیان لەسەر پێم.

تەقەللادانە تازەبابەتەکەی گەلەگورگ، زۆری نەخایاند. سێ چوار جار و ئیتر چنگ و نینۆکیان بەدی نەکرایەوە، بەڵام دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، دیسان ئایش هاواری کرد:

– بارام گوێت لێبوو؟

– نا... لەچی؟

– شووشەیەکی پەنجەرەکەیان شکاند.

– من گوێم لە هیچ نەبوو.

– منیش تەنیا قرچەیەکم بیست، گوێم لێ نەبوو پارچەی لێ بکەوێتە خوارەوە.

– باشتر... کە لمۆزی پێدا دەدەنەوە، دەم و قەپۆزیان بریندار دەکا. ئەی هیچ هەست بەوە دەکەیت، دەمیان بگاتە کەلوپەلەکان و ڕایبکێشن؟

– نا.

– دە هیچ گوێ مەدەرێ، شووشە شکاندنەکەش دادیان نادا.

دوای کەمێ بێدەنگی، ئایش لێی پرسی:

– سەعات بووە بە چەند؟

بارام بە پەرۆشەوە ڕوانییە سەعاتەکەی. بە بینینی ڕووخساری گەشایەوە. وتی:

- نزیکی شەشە.

- نزیکی... یانی چەندی دەوێ؟

- دەتەوێ دەقیقە و ساتژمێرەکەشت بۆ بخوێنمەوە؟ چاکە... ئێستا حەوت دەقیقەی دەوێ بۆ شەش... باشە؟

- باشە.

ویستی بۆ زیاتر دڵخۆشکردنی، چەند قسەیەکی تریش بکاو بە پێویستی نەزانی. تەنیا سووکە زەردەیەکی خستە سەر لێوی و بە دڵێکی خۆشەوە جگەرەیەکی ئاگردا و کەوتە مژلێدانی. ئیتر قاچی لێڕاکێشا و بێئەوەی پشت لە دەرگا شل بکا، خۆی خستە سەرباری حەوانەوەوە. ئایشیش وەک ئەوی کرد و چووە سەر باری پاڵدانەوەیەکی ئاسایی بەر پەنجەرەکە.

## کازیــوە

سەرلەنوێ خامۆشییەکی سەرسوڕهێنەر لەناکاوێکدا، باڵی بەسەر هەیوان و پشت پەنجەرەدا کێشایەوە! ئەمان تاقیکردنەوەی جاری پێشوویان هێشتا لەلا گەرماوگەرم بوو. تەنیا خۆیان وریا کردەوە و گوێقوڵاغ بوون. هەوڵیان دا نەک تەنیا ورتە و جووڵە، بەڵکو بتوانن مشەمشی هەناسەدانیشیان ببیسن و ئەویشیان نەدەکەوتە بەرگوێ! ئایش وتی:

- لەوە دەچێ ڕۆیشتبن!

بارام باوەڕی وا نەبوو. وتی:

نابێ... لەپڕ بێدەنگ بوون! بۆچی وا لەپڕ؟!

- دەمانخەڵەتێنن؟

- دەشێ... وەکو جاری پێشوو.

- ئێ ئاخر کات لە سەعات شەش تێپەڕیکردووە، تۆ نەتوت...

- با... بەڵام...

قسەکەی تەواو نەکرد و گەلەگورگ وەک هەموو پێکەوە لە یەک ساتدا دەنگدرابن، کردیانە ڕۆژی حەشر! بە هەرچی تین و توانایەکەوە کە لە قوڕگیاندا هەبوو، کەوتنە لووراندن و قرووسکاندن و بگرە زیقوزاقێکی ئەوتۆ، کە گوێی کەڕی کاس دەکرد! بەڵام وازیان لە سەر و لمۆزکێشان بە دەرگا و پەنجەرەکەدا هێنابوو. ئایش یەکسەر بیری بۆ لای منداڵەکان چوو، وتی:

- بارام... منداڵەکان لەم قاووقیژە خەبەریان ببێتەوە، من چی بکەم؟ خۆ زارەترەک دەبن!

نەگەیشت وەرامی بەرگوێ بکەوێ و هەردووکیان پێکەوە قوت بوونەوە، بۆ ماوەی چەند ساتێک حەپەسان و گوێقوڵاغ بوون. ئایش بۆ دڵنیاکردنیان بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

- پاڵکەونەوە و بنوون بابەگیان... بنوون هێشتا زووە.

ئەو قسەکەی بۆ ئەوە کرد، کە نەیەڵێ قاووقیژەکەیان بەلاوە گران بێ، کەچی ئەوان لە ساتی یەکەمەوە تۆقیبوون و وەک قسەکەیان هەر نەشبیستبێ، پێکەوە دایانە زیرەی گریانێکی

هێجگار بەکوڵ، دایک و باوکە هەریەکە لەلای خۆیەوە، کەوتە تەقەلادانی هێمنکردنەوەیان و چەندە هەوڵیان دا وایان لێ بکەن ئـەوان هەڵسن و بۆ لای ئەمان بێن، بێ سـوود بـوو. لە جێی خۆیان نەبزوان و لەیەکبیناش دەیانزیڕاند. دایکیان ئارامی لەبەر بڕا، پشتی لە پەنجەرەکە بەردا، خۆی خستە سەر پێ و بارام هاواری لێهەڵسا و وتی:

– نەکەیت... تۆ دانیشـەرەوە جێی خۆت. من دەچم بەلایانەوە. دەشێ سەر و لمۆز بەکاربێننەوە.

هاوارەکە وریای کـردەوە. دانیشتەوە و پشتی لە پەنجەرە تووندکردەوە.

– دەچم دەیانهێنم بۆ لای تۆ.

– ئەی دەرگاکە؟

– پشت بە تەنافەکە دەبەستم.

ئیتر لەسەری نەوەستا، چـوو پڕی بە هەردووکیاندا کرد و بەتانییەکیش لەگەڵیاندا. بە فڕکانێک بردنییە لای دایکیان و خستنییە باوەشییەوە. خۆیشی خێرا چۆوە پاڵ دەرگاکە و پشتی پێوەنایەوە، کە دانیشتەوە وتی:

– بەتانییەکەیان باش تێوە بپێچە و تەقەللا بدە، گوێچکەیان بئاخنیت.

ئایش وایکرد و دواییش توونـد نووساندنی بە سنگییەوە. ئەوانیش زۆری پێ نەچوو ژێربوونەوە و لە باوەشیدا مت بوون. قاووقیژی گوێکەڕکەری گەلەگورگ، چۆن لەناکاوێکدا دەستی

پێکرد، ئاوەهاش لەپڕێکدا کپ بوو، هەردووکیان بە سەرسوڕمانەوە ڕوانییانە یەکتر، بۆ ماوەیەک گوێیان هەڵخست و ورتەیان لە دەم نەهاتە دەرەوە، تەنیا هێندەیان لا ڕوون بوو کە خامۆشییەکی تەواو باڵی بەسەر هەیوان و پشت پەنجەرەکەدا کێشاوە، دەنگی هیچ خشپە و جووڵەیەکیان نەدەبیست، کە نیشانەی مانەوە، یا ڕۆیشتنیان بێ. ئەوە زۆر سەرسام و چەواشەی دەکردن. نەیاندەزانی چۆنی لێکبدەنەوە و چی لە بارەیەوە بڵێن. تا ئایش سرەوتی لەبەر هەڵگیرا و وتی:

– دەبێ چی بێ؟... ماون، یا ڕۆیشتوون؟!

نازانم... منیش سەری لێ دەرناکەم، سەیرە!

– ئەی چار چییە؟ چی بکەین؟

با ماوەیەکی تریش چاوەڕێ بکەین، بزانین چی دەبێ.

– ڕەنگە شەبەقی دابێ.

بارام ڕوانییە سەعاتەکەی. نزیکی شەش و نیوی دەخوێندەوە. بڕیاری دا هەڵسێتە سەر پێ و لە کونی تەنافەکەوە، سەیری ناو هەیوانەکە بکاتەوە و ئانوسات، خورپەی پرسیارەکەی لەوەبەر چزەی لە هەناوی هەڵساندەوە... (ئەی ئەگەر نەڕۆیشتبوون؟). ئەمجاریش ڕووخساری گرژبۆوە و ڕەنگی هەڵبزڕکا. ئەمجاریش ئایش لێی بەئاگاهات و وتی:

– بارام بۆ وا تێکچوویت!... چیتە؟

بارام بێ وەرامدانەوەی ڕاچەنییە سەر پێ و بەدەمییەوە لە دڵدا وتی: (ئەگەر نەڕۆیشتبوون، ئەوا کۆتاییمانە و بڕایەوە!). ئیتر

هەر هێندەی چاوی بە کونەکەوە نا، وەک یەکێک بە خۆی و ماڵ و منداڵییەوە، لەبەردەمی سێدارەدا بووبن و مژدەی ژیانێکی نوێیان پێڕاگەیەنرابێ، وەرچەخایەوە و بە گەشکەدارییەکی بێوێنەوە هاواری کرد:

- ئایش... دنیا ڕووناکە و گەلەگورگ نەماون. تەواو... ڕزگارمان بوو... ڕزگارمان بوو... تەواو!

ئایشیش لەلای خۆیەوە هەناسەیەکی قووڵی دڵنیایی هەڵکێشا و وەک گوڵ گەشایەوە. پشتی لە پەنجەرە بەردا و هەڵسایە سەر پێ، منداڵەکانی برد و چوو لەسەر جێگاکەیان دانیشت. ئەوانی لە تەنیشتەوە دانا و خۆشی پاڵی بە دیوارەدا و بۆ حەوانەوە قاچی لێ ڕاکێشا.

لەو ماوەیەدا بارام دەرگای کردبۆوە و بە وریاییەوە سەری کێشابووە دەرەوە. کەمێک لەسەر ئەو بارە هەڵیڕوانی و وردبۆوە، کە باش دڵنیابوو، ئینجا هەنگاوی هەڵهێنایەوە بچێتە دەرەوە. ئایش نەک لە ترسەوە، بەڵکو وەک دەقی بەو قسەیەوە گرتبێ، وتی:

- ئاگاداری خۆت بە!

کە گەڕایەوە ژوورەوە، چووە پاڵیانەوە و دانیشت. منداڵەکانی لەباوەش گرت و ماچی کردن. ئەوسا ڕوانییە دایکیان و بۆی خنایەوە، کەچی ئەو زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ وتی:

- ئێستا وا لەو مۆتەکە سامناکە ڕزگارمان بوو، بەڵام ماوەتەوە سەر پرسیارێک و وەرامەکەی...

بارام سەری لێ نزیکخستەوە و ماچی کرد، وتی:

– پێویست بە کردنی پرسیارەکەت ناکا. جلوبەرگی پێویستی منداڵەکان و خۆم و خۆت، بپێچەرەوە و ئامادەبن. دەچینەوە ناو کۆمەڵگای گورگی دوو پێ!

(١٩٨٢/١/٤)

## چەند تێبینییەک دەربارەی چیرۆکەکە:

١- دارشتنی یەکەمجاری ئەم چیرۆکە، لە ساڵی (١٩٥٧)دا بووە، کاتێ کە سەربازبووم لە (شعیبة).

٢- لە سەرەتای ساڵی (١٩٦٥)دا، دەستنووسەکەیم داوە بە برادەرێکی ئەدەبدۆستم بۆ خوێندنەوەی. ئەویش هەر لەسەر لاپەڕەیەکی سپیی کۆتایی دەستنووسەکە، بە مێژووی (١٥-١٩٦٥/١/١٦) چەند دێڕێکی بۆ نووسیوم و بەپێی چێژبینینی خۆی لە چیرۆکەکە، ئافەرینێکی کردووم.

بەڕای خۆم، لەوە ناچێ ئەو دەستنووسە هەمان دەستنووسەکەی ساڵی (١٩٥٧)بێ، چونکە لە دەفتەرێکی (١٠٠) پەڕەیی قوتابخانەدا نووسراوە، لەکاتێکدا چاک لەبیرمە کە لەوێ (شعیبة) بۆ ئاسانکردنی هەڵگرتن و شاردنەوەی نووسینەکانم، بە زۆری کاغەزی تەنک (ڕایز)م بەکاردەهێنا. بۆیە وای بۆ دەچم کە لە ڕۆژانێکی نێوان ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٦٤)دا جارێکی تر نووسیبێتمەوە و دەستنووسی یەکەمم فەوتاندبێ.

٣- ساڵی (١٩٧٠) جارێکی تر لە دەفتەرێکی پەڕە فولسکابدا نووسیومەتەوە و بە بەراورد لەگەڵ دەستنووسەکەی پێشوودا، بەبێ هیچ گۆڕینێک لە ناوەڕۆکی بەسەرهات و درێژەی کارەساتەکاندا، هەندێ دەستکاریم کردەوە و کەمێ زیاتر درێژەم پێداوە و لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێ (کلافەیەک ژانی تووڕە)دا، داومە

به (ڕەقابە) بۆ بڵاوکردنەوەی و لاپەڕەکانیشی مۆری (ڕەقابە)یان پێوەیە، بەڵام دیارە وەختێ کۆمەڵە چیرۆکەکەم بە چاپ گەیاندووە، لە بڵاوکردنەوەی ئەمیان لەگەڵیاندا پەشیمان بوومەتەوە.

٤- لەو ڕۆژانی دواییەدا ئاسایی بەو نووسینانەمدا چوومەوە، کە هێشتا بڵاوم نەکردوونەتەوە و سەرلەنوێ دەستنووسەکەی ئەم چیرۆکەم کەوتەوە بەرچاو. ئینجا دوای کەمێ تێڕامان، لە دڵی خۆمدا وتم: ئەرێ من بۆچی بیست و شەش ساڵی ڕەبەقە بەری ڕووناکیی بینین لەم بەرهەمەم دەگرم؟! ئیتر ئەوەبوو بڕیاری ڕووناکیی بینینم بۆدا و سا خۆی و بەختی!

٥- نازانم ناوی چیرۆکەکە لە دەستنووسەکەی ساڵی (١٩٥٧) دا چی بووە، بەڵام لە دووەمەکەیدا (شاڵاوی دڵ)ە. دوایی لە سێیەمیدا (١٩٧٠) بووە بە (یادێکی کۆن)، کەچی وا ئێستا لێرەدا دەیکەمەوە بە (شاڵاوی دڵ).

٦- دواجار هەرچۆنێک لە بارەی سەرلەنوێ دەستکاریکردنییەوە سەرم هێنا و سەرم برد، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە چاکتروایە کتومت وەک خۆی بیهێڵمەوە، بەڵام تەنیا بەپێی شارەزایی ئێستام، لە ڕووی ڕێنووس و پووختیی زمانەوە دەستکارییەکی بکەم.

ح. ع

(٢٩-١٩٨٣/٣/٣٠)

# شـــاڵاوی دڵ

هەر مرۆڤێک، بەسەرهاتێکی کاریگەری ڕابوردووی ژیانی بە شێوەیەکی تایبەتی لە قووڵایی بیر و هۆشیدا، بنج دادەکوتێ و لێی دەبێتە یادگارێکی چەسپیوی نەمری ئەو تۆ، کە هەر هێندەی هەلێکی بۆ هەڵکەوت، لێی دێتەوە جۆشوخرۆش و کارەساتەکانی وەک فلیمی سینەما دێنەوە پێش چاوی. هەندێ کەس وەها لاف لێدەدەن، کە گوایە دەتوانن بە ئاسانی ئەو بەسەرهاتە لەبیر خۆیان بەرنەوە و وەهای فەرامۆش بکەن، کە ئیتر قەت بەیادیان نەیەتەوە، بەڵام بەلای منەوە ئەوانە یا دەبێ دڵ و دەروونیان لە پۆڵا بێ، یا دەبێ هەر لە بنچینەدا بێ دڵ و دەروون دروست بووبن، کە ئەمەیان زیاتر بۆ ئاژەڵ دەگونجێ، نەک بۆ ئادەمیزاد! سا من بەشبەحاڵی خۆم لەو مرۆڤە ئاژەڵانە نیم و بە تایبەتیش ئەمڕۆ بۆم دەرکەوت کە لەوانە نیم.

ئەم بەیانییە کیژێکی تەمەن پانزە ساڵی دراوسێمانیان دا بەشوو، بە پیاوێکی شەست ساڵە! کیژە ماوەیەکی زۆر قوڕی ڕەشی پێوا و سەر و قژی خۆی ڕنییەوە، بەڵام بێ سوود بوو... هیچ دادێکی نەدا. دواجار هاواری هێنا بۆ من... بەڵێ بۆ من، کە بە شانازیی نەبێ، بە پیاوی هەرە ڕێز لێگیراوی بەڕا و تەدبیری ناو کۆڵانەکەمان ناسراوم و خۆشەویستی هەمووانم. کیژەی

بەسزمان کەوت بەسەر دەست و پێمدا و بەدەم پاڕانەوەیەکی دڵپڕوێنەوە وتی:

– خاڵە گیان فریامکەوە... ڕزگارم کە! لە هەموو ئەم سەر زەمینەدا لە تۆ بەولاوە کەسێکی تر نییە هاواری بەرمە بەر! مردنم هەزار جار لاخۆشترە وەک لەوەی ببمە ژنی ئەو پیاوەی بە باپیرم دەشێ، بۆ خوا یارمەتیم بدە و ڕزگارم کە.

من ئەوەی پێم کرا بە زیادیشەوە کردم. هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ کەسوکاریدا دا. هەرچی توانا و دەسەڵاتم هەبوو خستمە کار، کە هەر سوودی نەبوو، خۆم پێ ڕانەگیرا و کەوتمە قسە پێوتنیان، بەڵام دیاربوو من لە سنووری خۆم دەرچووبووم، بۆیە ئەوانیش پەتیان لە ڕوومدا پچڕاند و کەوتنە قسەپێوتنم. بە درێژایی بیست ساڵی ژیانی ناو ئەو کولانەم، ئەوە یەکەمجار بوو ئاوا لە ڕوودا قسەم پێ بوترێ.

کیژەی بەسزمان کە ئەوەی دی، فرسەتی هێنا و هات بەڕێز لێگرتنێکی قووڵەوە دەستمی ماچ کرد و وتی:

– خەڵەگیان... تۆ ئەوەی لە تواناتدابوو کردت. بمبەخشە... تووشی دەردیسەرییەکی خۆڕاییم کردیت. سوپاست دەکەم، بەڵام من لەلای خۆمەوە وا بڕیارم دا کە زۆر بە پێخوشحاڵییەوە بچم. بە بەرەو پیری مەرگی خۆمەوە!

کە لای منی جێهێشت و ڕۆیشت، گەلێ هێمن و لەسەرخۆ بوو. بە هیچ شێوەیەک نیشانەی ئەوەی پێوە دیارنەبوو، کە بەڕاستی بڕیاری داوە بچێ بەپیر مەرگی خۆیەوە.

دوای ڕۆیشتنەکەی بە تەنیا سەعاتەوەختێک، قیژە و هاوار و شین و شەپۆڕ لە کەسوکارەکەیەوە بەرزبووەوە. کیژەی بەسزمان هێمنی کردبوونەوە تا هەلی بۆ هەڵکەوتبوو. ئەوسا خۆی دزیبووەوە و چووبوو لە پەنایەکدا تەنەکەیەک نەوتی بە خۆیدا کردبوو. بەدوایدا هاتبووە ناوەڕاستی حەوشەکەوە و ئاگری لە خۆی بەردابوو. ئیتر وەختێک بەفریای کەوتبوون و کوژاندبوویانەوە، ئەو لەشی خۆی بۆ زاوای تەمەن شەست ساڵە کردبووە تۆپەڵە خەڵووزێک.

•••

ئەم کارەساتەی لەمڕۆی ئەو کیژە دراوسێیەمان، کە منیشی لەلای لابەلاوە ڕاپێچ کردە ناو گێژاوی خۆیەوە، دەرفەتی لە بەسەرهاتێکی ڕۆژانی سەرەتای لاویم هێنا، کە دوای خامۆشییەکی سی و پێنج ساڵی، ناخی دڵ و دەروونم بشڵەقێنێ و لێمبێتەوە جۆشوخرۆش.

من نووسەر نیم و بەدرێژایی ژیانی پەنجا ساڵەشم، قەت بیرم بەلای ئەوەدا نەچووە کە خوو بدەمە کارێکی پڕوپووچی وەها، بەڵام ئەوەتا ئێستا ئارەزوویەکی هێجگار بەجۆش هانم دەدا، ئەو بەسەرهاتەم بخەمە سەرکاغەز. خۆ وەنەبێ من ئێستاش ئەمە بەو نیازە بکەم، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم و ئەو بیخوێننەوە. نەخێر... بەڵکو تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکەی خۆمە.

•••

(١)

مانگ و نیوێک بوو خانوویەکی تەنیشتمان چۆڵ بوو. لەو ماوەیەدا زۆر کەس هاتنە سەیرکردنی و ویستیان بێنە ناوی، بەڵام هەندێکیان پێی ڕازی نەدەبوون و هەندێکیشیان لەگەڵ خاوەنەکەیدا لەسەر کرێ ڕێکنەدەکەوتن.

من وەکو دایکم و باوکم گوێم نەدەدایە ئەو خێزانەی دێنە ناوی. من ئاواتی گەورەم ئەوەبوو، کە ئەو خێزانە کوڕێکی لاوی وەک خۆمیان هەبێ و جێگەی هاوەڵە دڵسۆزەکەی پێشوومم بۆ بگرێتەوە، کە گواستنەوەی خێزانەکەیان لەو خانووە و بارکردنیان بۆ شارێکی تر، لە یەکتری دوورخستینەوە. لەبەر ئەوە زۆرم پێ ناخۆش بوو کاتێ خانووەکە گیرا و ئەم ئاواتەم نەهاتە دی.

بەڵام دایکم بە پێچەوانەی منەوە زۆر پێخۆشحاڵ و شادمان بوو. ئەو بۆی باسکردم، کە تەنیا ژن و مێردێک و دوو منداڵی ساوان و وا دەردەکەوێ زۆر خانەدان و بەویڵ و وسووڵن!

لەگەڵ ئەوەشدا من لە دڵی خۆمدا وتم: (کە کەسێکیان نەبێ ببێتە هاوەڵم، بوون و نەبوونیان بۆ من وەک یەکە).

ئەو شەوە دایکم هەمان ستایشی دا بە گوێی باوکیشمدا و هەردووکیان لەم ڕووەوە ڕەزامەندییان نیشان دا. گوێم لێبوو باوکم پێ وت:

– زۆر لەوە دەترسام تووشمان بێ بە تووشی ڕەوە خێزانێکی سەر بە گۆبەندەوە، بەڵام وا خوا کردی ئێمە چۆن بە ئاواتەوە بووین، وەها دەرچوو.

دایکیشم لە وەرامیدا وتی:

– منیش وەک تۆ... بە درێژایی ئەم مانگ و نیوە خەمی ئەوە دایگرتبووم، بەڵام لە خوا بەزیادبێ وا ئەو خەمەم لە دڵ دەرچوو.

هەر بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی، لەسەر کرداری باووباپیران، میوانداریمان کردن بۆ نانخواردن. من ئەو شەوە تەنیا خاڵە (عەول)م دی و ناسی، چونکە ژنەکەی و منداڵەکانی لە خوارەوە لای دایکم بوون، بەڵام بە سەروسیمای شەودا، هەر زوو وێنەیەکم لە خەیاڵی خۆمدا بۆ ژنەکەشی کێشا (دەبێ لە پەنجا، یا چل و پێنج ساڵ کەمتر نەبێ)، کەچی یەکسەر بەدوایدا پرسیارێک پەڕییە مێشکم: (ئەی یانی چی کە تەنیا دوو منداڵی ساوایان هەیە؟).

ئەم پرسیارە هانیدام سەرنجێکی وردتر بدەمە خاڵە عەول. بۆم دەرکەوت کە تەمەنی ئەگەر لە شەست ساڵ زیاتر نەبێ، کەمتر نییە. هەرچەندە هێشتا نیشانەی چست و چالاکی بە لەشولار و شان و باهوویەوە دیاری ئەدا و لەوە نەدەچوو وا زوو کەنەفت و پەککەوتە ببێ، بەڵام تاقە یەک مووی ڕەش لە سەر و سمێڵیدا نەمابوو. چەندین چرچ و لۆچ ڕیزیان بەستبووە ڕوخسار و لامل و ژێر چەنەی. پێڵووەکانی بەسەر یەکتردا داکەوتبوون و چاوەکانی ڕوویان لە کوژانەوە کردبوو. جگەرەی نەدەکێشا، کەچی زوو زوو کۆکەیەکی قرخن زۆری بۆ دەهێنا و هەناسەی سوار دەکرد.

(واتە ئەو ئێستا دەبوو کوڕ و کچی گەنجی هەبووایە و بگرە ڕەوەیەکیش کوڕەزا و کچەزای بخستایەتەوە. یا تۆ بڵێی لەوەپێش ژنی تری هێنابێ و مردبێ، یا تەڵاقی دابێ و وەچەی تری لەو هەبێ و لەم جیابووبنەوە؟!).

لە دڵی خۆمدا باسەکەم وەها ورد دەکردەوە، بێ ئەوەی بگەمە ئەنجام.

باوکم و خاڵە عەول تا درەنگوەختێک بە قسە و باسی هەمەڕەنگەوە کاتیان بەسەربرد. خۆشترین باس بەلایانەوە کە ماوەیەکی زۆریان پێوە بەسەربرد، گێڕانەوەی یادگاریی ڕۆژانی لاویی خۆیان بوو، کە بەدەمییەوە گەلێ لە ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکانی شار و ناوچەکەیان بەسەر دەکردەوە و هێندەی پەیوەندییان بە خۆیانەوە هەبووبێ، لێیان دەدوان. ئەمە وای لە من کرد کە بەدرێژایی دانیشتنەکە تەنیا گوێگربم و هیچ قسەیەکی ئەوتۆ نەبێ بیکەم.

من بە ئاواتەوە بووم خاڵە عەول لەنێوانی قسەکانییەوە شتێک لە دیوی شاراوەی ژیانی تایبەتی خۆی بخاتە ڕوو، وەک نهێنیی دوو منداڵە ساواکەی، بەڵام بێ سوود بوو، بەدرێژایی ئەو هەموو گفتوگۆیەی لەگەڵ باوکمدا، بەلای ئەوەدا نەچوو، بە دوور و بە نزیک لەم ژنهێنانە درەنگوەختەی بدوێت و شتێکی دەربارە بڵێ.

من لەو باوەڕەدا بووم کە باوکیشم لەم بارەیەوە هەروەکو منی بۆ چووە و ئەویش هەمان پرسیار لە مێشکیدا گێژ دەخوا و بە ئاشکراش پێوەی دیاربوو، کە وەک من بە تەمایە خاڵە عەول خۆی لەنێوانی قسەوباسدا ئەمەی بۆ ڕوون بکاتەوە.

بەڵام کە هەر نەیکرد، ئەوسا باوکم وەک پرسیارەکە ئارامی لەبەر بڕی بێ، بەبێ هیچ پێشەکییەک باسی هێنایە سەر ژنهێنانی خۆی و وتی:

لە ڕۆژگــاری لاوێتیی ئێمـەدا کـوڕ هـەر هێندەی بلووق دەبوو، کەسوکاری گورج تەوقی ژن و منداڵیان دەکردە ملی و دەیانبەستەوە.

باوکم قسەکەی تەواو نەکرد و بێدەنگ بوو. من هەر زوو لە مەبەستی تێگەیشتم، کە بۆچی ئەو باسەی کردەوە و بۆچیش قرتاندی و بێدەنگ بوو، بە ئاشکرا دیاربوو کە دەیویست خاڵە عەول ڕابکێشێتە ناو داوی پرسیار و پرسیارکارییەوە و دواجار مافی پرسیارکردن لە خۆیشییەوە سەبارەت بەو، بکاتە قەرزێک بەسەرییەوە! کەچی خاڵە عەول لە تەنیا سەر لەقاندنێک بەولاوە، هیچی تر وەرام و قسەی نەبوو! ئەوسا باوکم بە ناچاریی قسەکەی خۆی تەواوکرد و وتی:

– جگە لەم کوڕەم کە تاقە کوڕمە، سێ کچێشم هەن کە هەموو بە شوون و گەورەکەیان ئێستا منداڵی شەش- حەوت ساڵانی هەیە.

بەڵام ئەمجاریش خاڵە عەول تەنیا وتی:

– خوا تەمەنیان درێژ بکا و دەست بە باڵیانەوە بگرێ!

باوکم، وەک ئەم وەرامـە تەواو ئارامی لەبەر هەڵگرتبێ، بە پرسیارێکی فێڵبازانەوە بەرەنگاری بووەوە و وتی:

– لام وایە منداڵی گەورەترت هەن و ئێستا لای خۆت نین!

خاڵە عەول بە بێزارییەوە سەرنجێکی دایە باوکم و کەمێک بۆ وەرامدانەوە گیری خوارد.

ئینجا کوت و پچڕ وتی:

- نەخێر... تەنیا ئەو دووانەم هەن!

باوکم وازی لێ نەهێنا پرسیارێکی تری بەدوادا کرد و وتی:

- دەبێ لەم دواییەدا ژنت هێنابێ!

ئەوسا وەک بییەوێ ماوەی پرسیاری تر لە باوکم ببڕێ، فراوانتر وەرامی دایەوە و وتی:

- بەڵێ... بەڵێ... تەنیا شەش ساڵە هێناومە. ئەوی ڕاستی بێ من نیازی ژنهێنانم هەر نەمابوو، بەڵام وا ئاخری ئەم ئافرەتەم بوو بە نەسیب.

وەک بۆ قسەیەکی کاریگەر بگەڕێ، باسەکەی کۆتایی پێ بهێنێ، کەمێ بێدەنگ بوو.

ئینجا وتی:

- چارەنووس... خوا چی لە چارەمان نووسی بێ، هەر ئەوەیە.

وەک هەر مرۆڤێکی خواناسی بەباوەڕ، ئەم گفتەی لە ناخی دەروونییەوە دەربڕی. بەدوایدا ئیتر گورج باسەکەی گۆڕی و ڕێگەی پرسیارکردنی تری لە باوکم گرت.

•••

ڕۆژی دوایی کە لە قوتابخانە گەڕامەوەماڵەوە، ئافرەتێکی منداڵکارم لای دایکم دی.

ئاگام لێبوو هەر من خۆم کرد بە ژووردا، ئەو بەپەلە سەرپۆشەکەی پێچا لە سەر و ملییەوە و خۆی گرمۆڵە کرد. منیش لەلای خۆمەوە لە ئاستی ئەم کردەوەیەی ئەودا، پاشەوپاش

کشامە دواوە، کە سەر بکەومە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. لەگەڵ کشانەوەمدا گوێم لێبوو دایکم پێی وت:

– کچێ وای تێمەگە... منالە... شەرمی چی لێدەکەیت؟

من ئەوە یەکەمجار بوو ئەو ئافرەتە لای دایکم ببینم. لە دڵی خۆمدا وتم: (ئاخۆ کێ بێ؟ نە لەو خزمانەیە کە من دەیانناسم و نە لە دراوسێکانە. ئەی ئاخۆ کێ بێ؟ تۆ بڵێی کچی خاڵە عەول بێ؟ خاڵە عەول خۆی وتی کە تەنیا دوو منداڵی ساوای هەن.کەوابێ دوور نییە خزمێکی ئەوان بێ، هی خۆی، یا ژنەکەی، بەڵام یانی چی دایکم دوێنێ هیچ باسێکی ئەوی نەکرد).

زۆری پێ نەچوو ڕۆیشت. هەر کە لە دەرگای حەوشەی ماڵی ئێمە چووە دەرەوە، دەنگی کردنەوە و پێوەدانی دەرگاکەی ماڵی خاڵە عەولیشم هاتە بەرگوێ. بەوەدا گومانم نەما کە ئافرەتەکە لە ماڵی خاڵە عەولدایە، ئیتر سا خزمیان بێ، یا هەرشتێکی تر. بۆیە لە دڵی خۆمدا پێکەنینم بە ئەقڵی دایکم هات و وتم: (دەبێ وای بۆ چوو بێ کە گوایە هەر هێندەی ئەو وتی: کچێکی منداڵکاری جوانیشیان لەگەڵدایە، ئیتر من یەکسەر بە تیری عەشقی گرفتار دەبم و دەدەمە کێو!).

من وەهام لێکدایەوە و بەو نیازەشی گاڵتەی پێ بکەم، وتم:

– خوا هەڵناگرێ ماڵی خاڵە عەول کچێکی جوانیشیان هەیە، کەچی گاڵتەپێکردنەکە ڕووی خۆمی گرتەوە و ئەو دایە قاقای پێکەنینێکی بە کوڵ و وتی:

– نەیخۆیت تاڵە!... ئەو کچە جوانە ژنەکەی خاڵە عەولتە!

لە سەرەتادا حەپەسام و تاس بردمییەوە. دواجار سەرنجێکی پڕ مانام لە ڕوخساری دایکم گیرکرد و وەک باوەڕ بە قسەکەی نەکەم، بەسەر سوڕمانەوە لێم پرسی:

– بەڕاستتە، یا بە گاڵتە؟

هەر بە دەم پێکەنینەوە وتی:

– درۆت لەگەڵ ناکەم.

ئینجا تەوژمی پێکەنینەکەی کپ کردەوە و بەڵام هەر بە دەم گاڵتەوگەپەوە وتی:

– بۆ گوایە هیچ نیازێکت خستبووە دڵی خۆتەوە؟ لە ئاستی پرسیارەکەیدا پەشۆکام و لە وەرامدا وتم:

– من؟... نەء... نەخێر... نیازی چی!

ئینجا زوو لە سەرسوڕمانەکەی خۆم بەئاگا هاتمەوە و وتم:

– بەڵام!... بەڵام چۆن دەگونجێ ئافرەتێکی منداڵکاری وەها، ژنی پیاوێکی پیری وەک خاڵە عەول بێ... چۆن دەگونجێ؟!

– وەک دایکیشم هەر لەسەر ئەو باوەڕەی من بێ، کەمێک مات بوو. دوایی وتی:

– چارەنووس... ڕۆڵە چارەنووس!

منیش بە تەوسێکەوە لە وەرامیدا وتم:

– چارەنووس... بەڵێ چارەنووس!... خاڵە عەول خۆیشی دوێنێ شەو هەر ئەمە بەهانەی بوو. ئەرێ بە ڕاست تێم ناگەیەنیت چارەنووس یانی چی؟

هەر بەدەم ئەو ماتی و مەلوولییەوە لە وەرامدا وتی:

– دەزانیت چارەنووس یانی چی؟ گوێ بگرە بۆتی ڕوون بکەمەوە... گوڵچینی ژنەکەی ئەو خاڵە عەولەت، شەش ساڵ لەمەوبەر کە دایکی دەمرێ، ئیتر لە هەموو ئەم دنیایەدا، نە لە باوکەوە و نە لە دایکەوە هیچ کەسوکارێکی وەهای نابێ کە پەنای بەرێتەبەر و دالدەی بدا، بەڵام خاڵە عەول برادەرێکی گیانی بەگیانیی باوکی بووە و دوای مردنی باوکە، مەردانە هاتبووە دەست و نەیهێشتبوو ژنەکەی و کچەکەی برسی و دەربەدەر ببن و بکەونە سواڵ. بەم جۆرە بە درێژایی پێنج ساڵی ڕەبەق باڵی بەزەییان بەسەردا دەکێشێ و بەخێویان دەکا، تا دایکەش دێتە سەر مردن.

ئەو وەختە گوڵچین تەمەنی پانزە ساڵان دەبێ. دایکە لە سەرەمەرگدا گەلێ لە خاڵە عەول دەپاڕێتەوە، کە گوڵچین مارەبکات و نەیەڵی بێکەس بمێنێتەوە. لە سەرەتادا ڕازی نابێ و بەڵێنی ئەوە بە دایکی دەدا کە بیسپێرێ بە ماڵە خزمێکی نزیکی خۆی، بەڵام دایکەکە هەر لێی دەپاڕێتەوە و زۆری لێدەکا، ئینجا بە ڕەزامەندیی گوڵچین خۆیشی مارەی دەکا و دەیباتە لای خۆی. من مەبەستم لە چارەنووسەکە ئەمە بوو... تێم گەیشتیت؟

لە کاتێکدا کە دایکم زۆر لەسەرخۆ و بە شێنەیی ئەم قسانەی بۆ دەکردم و ئەو کۆمەڵە نهێنییەی بۆ دەخستمە ڕوو، من وەک گوێم بۆ یەکێک لەسەر گوزشتە کاریگەرەکانی ڕایەڵ کردبێ، ئاوەها کڕوکاس بووبووم و وزەم لەبەر بڕابوو. ئەوی ڕاستی بێ، من پێش بیستنی ئەم قسانەی دایکم، هیچ گومانێکم لەوە نەبوو

کە زۆر و جەورێکی گەورە لەو ئافرەتە کراوە و مافێکی پیرۆزی خراوەتە ژێر پێی باوکێک، یا برایەکی چاوچنۆکی زۆرداری بێ مێشکەوە و دواجار ژێر ڕکێفی ئارەزووی چەپەڵی پیرێکی ئاخر شەڕەوە، بەڵام ئەوەی لە دایکم بیست، باسەکەی گەلێک لێ ئاڵۆزاندم.

کەمێک مێشکی خۆم بۆ هەڵلوشی. لە دڵی خۆمدا وتم: (ئەم کارە ئەگەرچی لە سەرێکەوە زۆر و جەورە، بەڵام وەکی تر چارەنووسەکە کاری خۆی کردووە!). کە گەیشتمە ئەم ئەنجامە، ئیتر بە ناچاریی لە وەرامی دایکمدا وتم:

- بەڵێ دایە... تێت گەیشتم.

دایکم ئیتر لەوە زیاتر لە سەری نەڕۆیشت و باسەکەی کپ کرد، بەڵام من زۆری پێ نەچوو پرسیارێکی تر لە مێشکمدا سەری هەڵدا و زۆری بۆ هێنام.

- ئەی ئاخۆ ئەو چارەنووسە وەک چۆن تووشی یەکتری کردوون، ئاوەهاش بەیەکەوە گونجاندوونی؟!

●●●

(٢)

ئافرەتانی ناو کۆڵانەکەمان، هەموو سوێندیان بە سەری دایکم دەخوارد و زۆریان خۆش دەویست، ئەمەش لە خۆیەوە نەهاتبوو، بەڵکو ئەنجامی کردار و ڕەفتاری جوان و بەرزی خۆی بوو، کە بەدرێژایی پانزە ساڵەی ژیانمان لە ناو کۆڵانەکەدا، قەت

ڕووی نەدابوو جارێک لە جاران لەگەڵ هیچ کامیاندا لێی بووبێتە ناخۆشی و دڵیانی ڕەنجاندبێ. تەنانەت کە شتێکیش لەم بابەتە لە ناو ئەواندا ڕووی دەدا، گورج ئەو دەکەوتە نێوانەوە و بەسەر و زمانی شیرینی ئاشتی دەکردنەوە. جگە لەمە هەمیشەش لەسەر پێ بوو بۆ سەرلێدانی نەخۆشیان و بەدەنگەوەچوونیان لە هەر کارەسات و گرفتێکدا کە تووشی دەبوون. بەرامبەر بەم ڕەفتار و کرداره پڕ لە دڵسۆزییەی دایکم، ئەوانیش دەستیان بۆ بە سنگەوە دەگرت و گەلێک ڕێزیان لێدەنا، بۆیە بەردەوام سەریان لێدەدا و زۆربەی کۆڕی قسەوباس و دەمەتەقێیان لای ئەم پێکدەهێنا.

گوڵچین خانی ژنی خاڵە عەولی تازە دراوسێشمان، هەر زوو لەم بارەیەوە چووە ڕیزی ئافرەتانی ناو کولانەکە. بگرە من هەر لە سەرەتاوە هەستم بەوەکرد کە دایکم زیاتر لە هەر یەکێ لە ئافرەتەکانی تری ناو کۆڵانەکە هۆگری گوڵچین خان بووە و بەلایدا دادەشکێنێ. زۆرجار گوێم لێدەبوو کە باسی ئەو و خاڵە عەول دەهاتە ئاراوە، بە باوکمی دەوت:

– من هێشتا ئافرەتی وا ڕەوشت و خوو پاک و ژیر و وریام نەدیوە. فریشتەیەکە لە ئاسمان کەوتۆتە خوارەوە.

بەڵام ئاخۆ هۆی ئەم ستایشکردنەی لەلایەن دایکمەوە چی بێ؟ بۆم ڕوون نەدەبووەوە. تەنیا هێندە نەبێ کە لە دڵی خۆمدا دەموت: (دەبێ یا دایکم بەزەیی بەودا بێتەوە، یاخود ئەو بە سەر و زمانی شیرینی، دایکمی هۆگری خۆی کردبێ!).

من تا ئەو وەختە، جارەهای جار کە سەرم دەکرد بە ماڵەوەدا، یەکێک، یا دووان، یا زیاترم لە کچان و ژنانی ناو کۆڵانەکە لەلای دایکم دەدی و بەڵام قەت خەیاڵ و هۆشم، تەنانەت هەروا بە ئارەزووی ناسینەوەش بێ، بەلای ئەوەدا نەدەچوو سەرنجێکیان بدەمێ و کەمێ چاویان لەسەر ڕاگیر بکەم، بەڵکو هەر کە لە دەرگای حەوشەوە هەستم پێ بکردنایە، یەکسەر بەرەو ژوورەکەی خۆم، کە لەگەڵ هەیوانێکی بەردەمیدا قاتی سەرەوەی خانووەکەمانی پێکدەهێنا، ملم دەنا، کەچی بەرامبەر بە گوڵچین خان لە هەموو لەو جارانەدا کە هەستم دەکرد لەلای دایکمە، هێزێکی ئەفسووناویی پاڵی پێوە دەنام چاوی بۆ بگێڕم و سەرنجێکی خێرای بدەمێ!

تەنیا سەرنجێکی خێرا و ئینجا ئیتر لەسەر پیشەکەی خۆم، بەرەو ژوورەکەم بڕۆم، بەڵام سەیرتر لەمە ئەوەبوو کە لەوێ، لە ژوورەکەم وەک جاران بۆ بەسەربردنی کات و چاوەڕوانکردنی چۆڵبوونی لای دایکم، خۆم بە خوێندنەوە و نووسینی دەرسەکانی قوتابخانەمەوە خەریک نەدەکرد، بەڵکو وەک ئەو هێزە ئەفسووناوییە سات لە دوای سات لە ناخی دڵ و دەروونمدا تەشەنە بسێنێ و ڕوو لە تەقینەوە بکا، ئارامی لەبەر هەڵدەگرتم و کردەوەیەکی سەیری پێدەکردم!... کردەوەیەک کە بە درێژایی تەمەنی شانزە ساڵیم ئەوە یەکەمجارم بێ بە خۆمییەوە ببینم!

پەنجەرەی ژوورەکەم دەیڕوانی بەسەر حەوشەکەی خۆمان و هەروەها حەوشەی ماڵی گوڵچین خانیشدا. کە دەگەیشتمە ژوورەکەم، لە سەرەتادا کەمێک خۆم بە کتێب و دەفتەرەکانمەوە

خەریک دەکرد، بەڵام زۆری پێ نەدەچوو هێزە ئەفسووناوییەکە دەیهێنامە جۆشوخرۆش و زۆری بۆ دەهێنام. بە دوایدا وازم لە کتێب و دەفتەرەکان دەهێنا و تاسێک دەیبردمەوە.

دواجار لە ناکاوێکدا ڕادەپەڕیمە سەرپێ و بە قەڵەمبازدێک خۆم دەگایاندە بەر پەنجەرەکە. لەوێدا دەچەقیم. چاوەڕوانم دەکرد تا ئەو، لای دایکمی جێدەهێشت. ئیتر بە درێژایی ئەو ماوەیەی حەوشەی خۆمان و حەوشەکەی خۆیانی دەبڕی و خۆی دەکرد بە یەکێک لە ژوورەکانی ماڵەوەیاندا، من هەر تێمدەڕوانی! بگرە ئەگەر لە حەوشەکەی خۆیاندا بمایەتەوە و بەکار و فرمانێکەوە خەریک بووایە، ئەوا هەر بەر پەنجەرەکەم بەر نەدەدا و هەر سەیریم دەکرد!

دواجار کە ئەوم لەبەرچاو نەدەما و هێزە ئەفسووناوییەکە لەکار دەکەوت و بەرۆکی هەست و هۆشمی بەردەدا، کۆمەڵە پرسیارێکی ڕەق و سەخت و ئازاربەخشم لێ قوت دەبوونەوە.

لە دڵی خۆمدا دەموت: (ئەمە لە پای چی و بۆچی؟ بە چ نیاز و مەبەستێکە؟ من چیمە بەسەر گوڵچین خانەوە و چیم لێی دەوێ؟). دوایی کە تەقەللام دەدا وەرامی پرسیارەکانم بدەمەوە، وەرامی ڕاست و دروستم دەسگیر نەدەبوو، نەمدەزانی چیم دەوێ. تەنیا هێندەم دەزانی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم ئارەزووی سەرنجلێدانەیم لەلا تووندوتیژتر دەبێ!

●●●

هەر دوای ماوەیەکی کورت، نزیکەی مانگ و نیوێک، هەستم بە خۆم کرد، کە وەک چۆن دایکم گوڵچین خانی بە فریشتەیەک دادەنا و لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە، منیش ئاوەها دوو منداڵە ساواکەیم لا بوونەتە دوو فریشتەی نەشمیلە و جوان و هەروەها لە ئاسمان کەوتبنە خـوارەوە. هۆگریی من بۆ ئـەوان، زۆر لە هۆگریی دایکم بۆ دایکیان بەجۆشتربوو. کاتێ هەردووکیانم دەگرتە باوەش و بە زردەخەنە و پێکەنینە فریشتەییەکەیان بۆم دەخنانەوە، هەستم بە بەختیاری و شادمانییەکی هێجگار قووڵ دەکرد. تەمەنیان سێ ساڵان و پێنج ساڵان بوو. خرپن و جوانکەلە و ئێسکسووک. بە چاوە ڕەشە گەشەکانیاندا دیار بوو کە ئەوانیش چەندە هۆگری من بوون و خۆشیان دەویێم. خۆ ئەگەر دایکیشیان نەیهێنانایە، خۆیان بە خنەخن دەهاتن بۆ لام. هەندێ جاریش من دەچووم بە دوایاندا و تەنیا لە دەرگای حەوشەوە بانگم لێدەکردن و ئیتر دەهاتن.

ڕاستە منداڵەکان زۆر ئێسکسووک و زیتەڵە بـوون، بەڵام ئاخۆ تەنیا هەر ئەمە بووبووە هۆی ئەو هۆگرییەم بۆیان؟ بە سەرزاریی ئا... هەروەهایشم لە دایکم و گوڵچین خان دەگەیاند، بەڵام لە ناخی دەروونـدا، لە خۆم دڵنیابووم کە هۆیەکی گەلێ کاریگەرتر هەیە، هۆیەک لە بابەتی ئارەزووکردنی سەرنجلێدان و تێ وردبوونەوەکەی! ئەی ئەگینا هەردوو خوشکەکەی خۆم، ئەمیان سیان و ئەویان دوو منداڵی تا بڵێی جوان و نەشمیلە و زرت و زیتیان هەبوون، کەچی بەرامبەریان تەنیا خاڵێکی ئاساییان

بووم و خۆشەویستیم بۆیان قەت لە ڕادەی ئەم هۆگرییەمدا بۆ ئەمان نەبوو.

ئـەوی ڕاستی بێ، من لە ناخی دڵـی خۆمدا هـەر زوو ئەم هۆیە نهێنییەم دەسنیشان کرد. لەبەرئەوە جارەها زۆرم لە خۆم دەکرد، بە تایبەتی شەوان، کە خەو لە چاومدا دەشکایەوە و تا درەنگوەختێک لە جێگاکەمدا گینگڵم دەدا، بەبێ پێچ و پەنا وەرامی ڕاست و دروستی ئەو پرسیارە بدەمەوە، کە ئاخۆ بۆچی مێشکی خۆمم بە گوڵچین خانەوە خەریک کردەوە و لە پای چی وەها هەست و هۆشی خۆمم پێوە هێناوەتە ژەنگ و ژار؟ کەچی لە هیچ جارێکدا وەرامی ڕاست و دروستم نەدەدایە دەست خۆم. هەردەم پێچ و پەنام تێدەخست و تەقەللای هەڵخەڵەتانی خۆمم دەدا. هەر بۆ ئەم مەبەستەش باسەکەم بە زۆر باردا لێکدەدایەوە و دەموت: من لەوە دڵنیا نیم کە چارەنووس دەبێ پیرێکی وەک خاڵە عەول بکا بە هاوبەشی ژیانی ئافرەتێکی لاوی وەک گوڵچین خان. بەم پێیە لەوەش دڵنیا نیم کە ئەو گوڵچین خانە ئێستا بەختیارە و لەو ژیانەی خۆی ڕازییە، بەڵکو من گومانم لەوە نییە کە زۆر کەساس و دڵ پڕ لە ئەندێشە و ئازارە. سا کە وابێ من بۆیە مێشکی خۆم پێوە خەریک کردووە و سەرنجی دەدەمێ، تا بزانم ئاخۆ ئەو کەساسی و ئەندێشە و ئازارەی پێوە دیارە، یان نا! یا ئاخۆ هیچ ناڕەزایی لە ڕووخساریدا دەردەکەوێ، یان نا! ئینجا هەر خۆیشم وەرامی خۆمم دەدایەوە و دەموت:

ئا... پێوەی دیارە و خەم و خەفەت و پەژارە بە ئاشکرا لە ڕووخساریدا دەخوێنرێتەوە، بەڵام فێڵبازە... بە زەردەخەنەیەکی دروستکراوی هەمیشەیی سەر لێوەکانی، بە خەڵکەکەی دەشارێتەوە و وایان تێدەگەیەنێ کە ئاسوودە و شادمانە.

وەختێکیش دەگەیشتمە ئەم ئەنجامە، هەر لە دڵی خۆمدا دەموت: گوڵچین خان زۆرلێکراوە، بەشخوراوە، پێویستی بە بەزەیی هەیە، پێویستی بە دڵنەواییکردن و یارمەتیدان هەیە بۆ سووککردنی باری ئەو زۆر و جەورەی لە ژێریدا دەناڵێنێ. من بەزەییم پیایدا دێتەوە. من دڵم پێی دەسووتێ!

بەم شێوەیە سووک و ئاسان باسەکەم لەگەڵ خۆمدا بە باری بەزەیی پیاهاتنەوەدا دەشکاندەوە و ئەمجاریش لە دڵی خۆمدا دەموت: دەبێ بیدوێنم... دەبێ لەگەڵیدا بکەومە قسە و گفتوگۆ، بەڵکو بتوانم کەمێک لە ئازار و ئەندێشەی کەم بکەمەوە. ئای چەند حەز دەکەم بیدوێنم.

دواجار پێش ئەوەی خەو زەفەرم پێ بێنێ و بسرەوم، بڕیارێکی ببڕای ببڕم دەدا کە لە بەیانییەوە تەقەللای دواندنی بدەم.

شەوەهای شەوم بەم جۆرە بەسەر دەبرد. تا درەنگوەختێک ئاوەها لە گێژاوی باسەکەدا دەخولامەوە و مێشکمی تێوەدەئالا، تا تەواو ماندوو دەبوو، ئینجا ئەوسا خەو بەسەر ئەو بڕیارەدا خپی دەکردم، کەچی کە ڕۆژم لێ دەبووەوە و ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەبوومەوە، دەتوت ڕێگەی جێبەجێکردنی فەرمانێک دەگرمەبەر کە ڕێی هات و نەهات بێ!... یا چاکتر وایە

بڵێم ڕێگەی ڕووسووربوون، یا ڕووڕەشبوون بێ!

من دەمزانی کە خاڵە عەول هەر لە بەرەبەیانێکی زووەوە لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، یەکەمجار بۆ مزگەوت و ئینجا لەوێوە بۆ دووکانەکەی. بۆیە دەموت:

لەگەڵ چوونە دەرەوەمـدا بۆ قوتابخانە، دەچـم بە بیانووی منداڵەکانەوە سەرێک دەکێشمە ژوورەوە و دەیدوێنم، بەڵام کە دەهاتمە سـەر جێبەجێکردن، ماوەیەکی زۆر لەبەر دەرگاکەی خۆماندا ڕادەوەستام، لێکمدەدایەوە و لە دڵی خۆمدا دەموت: چوونم بەم بەیانییە زووە بەهانەیەکی پووچە. بەدوایدا ڕێگەی قوتابخانەم دەگرتەبەر. لە ڕێگە مێشکم هەر بە باسەکەوە خەریک دەبوو. دەموت: نیوەڕۆ کە گەڕامەوە، ئەگەر لای دایکم بوو، بەخێرهاتنێکی گەرمی لێدەکەم و ئەوسا لادەدەمـە ژوورەکـەی خۆم. بەدرێژایی ئەو ڕۆژەی قوتابخانەم ئەمە بڕیارم دەبوو، کەچی کە دەگەڕامەوە، ئەگەرچی زۆر لەلای دایکم ڕێکەوتیم دەکرد، بەڵام هەروەک جاری جاران ڕاستەوخۆ بەرەو ژوورەکەم ملم دەنا. لەوێش هێشتا هەر دەموت: ئێستا بە بیانووی شتێکەوە دەچمە خوارەوە بۆ لای دایکم و بڕیارەکەم جێبەجێ دەکـەم، کەچی کات تێدەپڕی و ئەو لای دایکمی جێدەهێشت و دەڕۆیشتەوە ماڵەوە، بێ ئەوەی من لە جێی خۆم بجووڵێم. دواجـار دەمـوت: چی دەبێ ئەگەر هەر لێرەوە، لە پەنجەرەکەوە، دەستێکی بۆ هەڵتەکێنم و سەرنجی ڕابکێشم؟ بەڵام هەر زوو لەمیشیان پەشیمان دەبوومەوە و دەمـوت: ئەمە کردەوەیەکی گەلێ ناشیرین و نالەبارە و قەت نابێ لێمی بوەشێتەوە.

بەم پێیە شەو کۆتایی دەهات و شەو دادەهاتەوە. دەنگی دایکم و باوکم لە خوارەوە کپ دەبوو. لەولایشەوە چرای ژوورەکەی گوڵچین خان و خاڵە عەول دەکوژایەوە و وردە وردە تاریکی و خامۆشی باڵی بەسەر گشت کۆڵانەکەدا دەکێشا، بەڵام من کە لەلای دایکم و باوکم و گشت دانیشتووانی کۆڵانەکە وا دەزانرا گوایە سەرم بەسەر کتێب و دەفتەردا شۆڕکردۆتەوە و خەریکی کۆششکردنم، لەسەر گازی پشت پاڵ دەکەوتم و باسەکەم بۆ جاری هەزار جارە تاووتوێ دەکردەوە و مێشکی خۆمم لەگەڵیدا دەکرۆشت، تا دەیخستمە گینگڵدان و تەپاوتلکردن. ئینجا بڕیاری بێ کۆتایی و بە دوایدا خۆبەدەستەوەدانی هێزە ئەفسووناوییەکەی خەو.

•••

بەهەرحاڵ، لە ئەنجامدا بە ئاواتەکەم هەر گەیشتم و دواندم... ئا گوڵچین خانم دواند! چۆن؟ دیارە هەر بە هۆی منداڵەکانەوە کە وەک بۆم دەرکەوت، ئەویش لەلای خۆیەوە هەر هەمان هۆی بۆ خۆی دەستنیشان کردبوو.

من لەسەر پیشەی خۆم چووم بە دوایاندا، کە لەباوەشیان بگرم و بیانهێنم بۆ ماڵی خۆمان، کەچی لەباتی ئەوان، لووتم بوو بە لووتی دایکیانەوە، کە درزێکی کردە دەرگاکەوە بە دەنگێکی نزم و بە لەرەیەکی ئەوتۆوە کە لە هەموو سەرزەمیندا مەگەر تەنیا من لە مانا و نهێنییەکەی تێگەیشتبم، وتی:

- نوستوون... ئەگەر حەزدەکەیت با خەبەریان بکەمەوە؟ ئەمە یەکەمجاربوو ئاوەها لە نزیکەوە ڕووبەڕووی یەکتر دەبووینەوە و چاومان بەر چاوی یەکتر دەکەوت. من لەو ساتانەدا پڕ بەدڵ حەزم دەکرد سەرنجێکی زۆر قووڵی بدەمێ و چاو لەسەر ڕووخساری لانەدەم، بەڵام حەزکردن شتێکە و بەدیهێنانی شتێکی تر. بۆیە هەر زوو چاوم کەنار خست و وتم:

- نەء... نەء... وازیان لێ بێنە با بنوون.

من ڕووم وەرگێڕا بکشێمە دواوە، بەڵام ئەو کەوتەوە قسە و وتی:

- کە هەڵسان دەیانهێنم بۆ لات.

لە وەرامدا تەنیا وتم:

- باشە.

ئیتر جێم هێشت و چوومەوە ماڵەوە و خۆم گەیاندە ژوورەکەم. لەوێ گلەییەکی زۆرم لە خۆم کرد، کە بۆچی ئەو هەلەم لەدەست داو وا زوو کشامە دواوە! لە دڵی خۆمدا دەمـوت: خۆ من بۆ هەلێکی وەها ئارامم لەبەر هەڵگیرابوو، کەچی کە ئاوەها سووک و ئاسان بۆم هەڵکەوت، زۆر بەبێ فەڕی لەدەست خۆمم دا. ئای کە بوودەڵە و بێ دەسەڵاتم!

ئینجا هیچم بۆ نەمایەوە، کەوتمە چاوەڕوانکردن. ها ئێستا، ها ساتێکی تر منداڵەکان دێنێ و دێت، بەردەوامیش یا لە ژوورەوە لەلای دایکم، یا لە حەوشەکەدا خۆم خەریک دەکرد و بەتایبەتیش لە دالانەکەدا، بەو نیازەی کە هات لەوێدا تووشی ببم و دوور لە

چاوی دایکم، دوو قسەی لەگەڵدا بکەم. چاوەڕوانکردنەکەم زۆر درێژەی کێشا، بەڵام لە ئەنجامدا پەیدابوو.

ئەو ساتە من لە سووچێکی حەوشەکەدا خۆم بە ئینجانەیەکی گوڵەوە خەریک کردبوو. زۆر بە پەرۆشەوە سەرم بەرزکردەوە و بۆم ڕوانی، وام هاتە پێش چاو کە زەردەخەنەیەکی پڕمانای بەسەر لێوەوەیە و بەتایبەتی ئاڕاستەی منی دەکا. ئەوە ئان و سات تەزوویەکی بە ناخی دەروونمدا بروسکە پێ دا و شڵەژاندمی. ئیتر ئەویش وەک هەستی کردبێ، هەر خێرا زەردەخەنەکەی لەسەر لێوی خۆی کوژاندەوە و دەنگە ناسکەکەی وەک ئاوازێکی هێجگار بەسۆز گەیاندە بەر گوێم، کە وتی

– وا هێنامن.

من هیچم نەوت. تەنیا چووم بەپیریانەوە. ئەو بە ئەنقەست بەدەمییەوە وتی:

– خۆیان هەڵنەسان، من خەبەرم کردنەوە!

لە ناخی دڵەوە دەمویست و حەزم دەکرد، بە قسەیەکی بە مەغزای لە بابەتی ئەوەکەی ئەو وەرامی بدەمەوە، کەچی دەمم چووە کلیلە و هیچم بۆ نەوترا. من منداڵەکانم لەباوەش گرتن و ئەویش ڕووی کردە ژێرخانەکە بۆ لای دایکم.

•••

**(٣)**

ئیتر لەو کاتەوە زۆر شت لە گوڵچین خاندا ڕووی لە گۆڕان کرد. زۆر نیشانەی لەوەبەری پێوە ون بوون و زۆری تازەیشی تێدا دەرکەوتن. هەستم بەوە کرد کە وەک جاران خۆیم لێ ناپارێزێ و سڵم لێ ناکاتەوە. جاران کە لەماڵی خۆمان ڕێکەوتیم دەکرد، گورج سەر پۆشەکەی لە خۆیەوە دەپێچا و پشتی تێدەکردم، کەچی لەو وەختەوە، سەیرم دەکرد هیچ خۆی تێکنادا و هەر لەسەر ئەو باری دانیشتنەی خۆی دەمێنێتەوە. بگرە وردە وردە وایلێهات کە ئەگەر پشتیشی لێم بووایە، هەوڵی دەدا ڕووم تێ بکا. منیش کە ئەمانەم لێ دەدی، واملێهات تا بێ پتر تین بدەمە بەر خۆم و لەو قاوغی شەرمنی و سڵکردنەوەیە بچمە دەرەوە. کە دەهاتە ماڵمان بەخێرهاتنم لێدەکرد و کە هەلیشم بۆ هەڵدەکەوت و لە هەر شوێنێکدا بە تەنیا بمدیایە، بە گەرمەوە چاک و چۆنیم لەگەڵ دەکرد و تەقەللام دەدا درێژە بە قسەکردن بدەم لەگەڵیدا.

زۆری پێ نەچوو لەوە بەولاتریشەوە چووین. سەر و ڕوومان وەها لەگەڵ یەکتردا کرایەوە، کە زۆر ئاسایی و بەبێ شەرمکردن پێکەوە دەدواین و بگرە جارەهاش، کاتێ قسەیەکی خۆش بهاتایە ئاراوە، دەماندایە قاقای پێکەنین. تەنانەت جارێکیان وا ڕێکەوت کە من بە پرتاو خومم کرد بە ژووردا و ئەویش هەر لەو ساتەدا دەهاتە دەرەوە، ئەگەرچی هەریەکەمان تەقەللای دا لەوی تر کەنار بکەوێ، بەڵام بە ناچاری بەیەکماندا دا! ئەوی ڕاستی بێ، من زۆر تەریق بوومەوە و پەشۆکام. ئەویش هەرچەندە لە سەرەتادا

کەمێک حەپەسا، بەڵام لە پڕێکدا دایە قاقای پێکەنینێکی بە کوڵ و بەدەم توانجێکی تێکەڵ لە گاڵتەوگەپەوە وتی:

- ئای چەند فێڵبازیت؟

من بەم قسەیەی هێندەی تر تەریق بوومەوە و زیاتر شڵەژام. بێ ئەوەی هاوبەشیی بکەم لە پێکەنینەکەیدا، یا هیچ وەرامێکی بدەمەوە، بەخێرایی دالان و حەوشەکەم بڕی و خۆم گەیاندە ژوورەکەم. بەدەمییەوە دەنگی دایکم هاتە بەرگوێ، کە وتی:

- چییە ئەوە!... ڕاونراویت؟

ئیتر کە گەیشتمە ژوورەکەم و کەمێ هێوربوومەوە، چەندە سەرم هێنا و سەرم برد، نەگەیشتمە ئەنجام، کە ئاخۆ دایکم ئاگای لەو کەین و بەینە بووە، یان نا؟

وەکی تر، سەیرم کرد بەنهێنیش گەلێ کردەوەی ئەوتۆی لێدەوەشێتەوە، کە سەرسامم دەکا. هەستم کرد کە هەر هێندەی فرسەت بێنێ، بە دزییەوە سەرنجم لێ گیر دەکاو بە وردیی تێمدەڕوانێ. ئینجا کە منیش سەرنجم دەدایە ئەو و چاومان یەکانگیر دەبوونەوە، دەشڵەژا، گورج چاوی لێ کەنار دەخستم و بە دوایدا تاسێکی قووڵ دەیبردەوە و پەردەیەکی خەفەتباریی بە ڕووخساریدا دادەکێشا. من لە سەرەتادا گوێم نەدەدایە و بەڕێکەوتم دادەنا و لە دڵی خۆمدا دەموت: (گوایە چەند کەسێک لە ژوورێکدا دانیشتبن، ئەگەر سەیری یەکتر نەکەن، ئەی چی بکەن! دەشێ هەموو سەر دابخەن، یا چاو ببڕنە بنمیچەکە و بەو شێوەیە لەگەڵ یەکتر بدوێن؟) ئا... لە سەرەتادا وەهام لێکدەدایەوە! بەڵام

هەر زوو ئەوەم لا ڕوون بووەوە کە هەموو سەیرکردنێک وەک یەک نییە و هەستیش بۆ مرۆڤ دروستکراوە، کە ئەم جۆرە باس و خوازە وردانەی پێ لە یەکتر جیا بکاتەوە. بەڵێ... سەرنجەکانی ئەو گەلێک لەوەکانی دایکم جیاوازن و ئەو تاسبردنەوە قووڵە پڕ ئەندێشەیەشی، بابەتێکی تایبەتییە و مەغزای خۆی دەبەخشێ.

کە باسەکەم ئاوەها و ورد دەکردەوە، دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە نهێنییەک لەئارادایە و زەفەری پێ نابەم! نهێنییەکی دوو سەرەی ئەوتۆ کە چەندی لە دەروونی گوڵچین خاندا لێ حەشاردراوە، هێندەشی لە ناخی دەروونی مندا شاراوە و بزرە! شەوەهام لە خولیای دەسنیشانکردنی ئەو نهێنییەدا لە ناو جێگەدا بە دەم گینگڵدانەوە ڕۆژ دەکردەوە، بێ ئەوەی بگەمە دوا ئەنجام.

•••

هاتوچۆکردنی بۆ لای دایکم، تا دەهات پەرەی دەسەند، تاڕادەیەکی ئەوتۆ کە وادەبوو لە ڕۆژێکدا سێ جار و چوار جار دەهاتە لای. ئەمە بە سەرزاریی شتێکی سەیر نەبوو. دایکم لە من زیاتر منداڵی تری لای خۆی نەمابوو. بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵەکەدا بە تەنیا بوو، مەگەر خوشکەکانم و منداڵەکانیان بەیناوبەین سەریان لێ بدایە. لەبەرئەوە زۆری لێ خۆش دەهات، کە هەردەم هاودەمێکی وەک گوڵچین خانی هەبێ و کاتی لەگەڵدا بەسەر بەرێ. تەنانەت جارەها گوێم لێ دەبوو کە ئەم پێخۆشحاڵییەی خۆی بۆ باوکم باس دەکرد و سوپاس و ستایشی خودای دەکرد

که ئەو هاودەمەی بۆ ڕەخساندووە. ئا... بە سەرزاریی وەهابوو، بەڵام بەلای منەوە بە جۆرێکی تر بوو. بەلای منەوە نهێنییەک لەئارادا بوو. (ئەگەر نهێنییەک لەئارادا نەبێ، ئەی یانی چی کە هەر هێندەی من دەکەومە ماڵەوە، ئەویش گورج لای دایکم قوت دەبێتەوە). لە دڵی خۆمدا وەهای بۆ دەچووم و هەستم بەوە کردبوو کە ئەو نهێنییەی من وێڵی دەستنیشانکردنی بووم، ئا لێرەدا بوو، بەڵام باوەڕم بە دڵی خۆم نەدەکرد. یا وەکی تری بڵێین: نەمدەویست باوەڕی پێ بکەم و زاتم نەدەکرد دانی پێدا بنێم، تا دایکم لەلای خۆیەوە زۆر لە ڕوو درکاندی و بەدەم پێکەنینێکی لە گاڵتەوگەپەوە وتی:

– وای لێدێ شەویش بێتە لای ئێمە و لە ژوورەکەی لای تۆ بنوێ!

ئەو قسەکەی وەها ئاسایی و بێ مەبەست کرد، کە گوایە من هیچ حسابێکی بۆ نەکەم و تەنیا وەک گاڵتەیەکی وەربگرم، بەڵام من لەلای خۆمەوە بۆ ماوەی چەند ساتێک حەپەسام و تاس بردمییەوە. من هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کە تا ئەم ڕادەیە وردبین و بەئاگابێ. بۆیە قسەکەی بەلامەوە چەندە چاوەڕواننەکراو و لەناکاو بوو، هێندەش ڕاست و ڕاست ڕایگەیاند کە تاچ ڕادەیەک ئاگاداری سەراپای کردار و ڕەفتاری گوڵچین خانە بەرامبەر بە من و دیارە دەبێ ئاگاداری ئەوەکانی منیش بێ بەرامبەر بەو. هەرچۆنێک بێ هەوڵم دا نەیەڵم بشڵەژێم و لە کانگای دڵەوە لە وەرامیدا وتم:

– قەت خوا نەکا دایە شتی وەهام لێ بوەشێتەوە. منێک شیری تۆم خواردبێ، چۆن کردەوەی وا ناپەسند دەگرمە خۆم؟

ئیتر ئەویش کە ئەم وەرامەی لێ بیستم، زوو پەشیمان بووەوە و هەر بەدەم پێکەنینەوە، وتی:

– چەند خۆشبڕوایت!... گاڵتەت لەگەڵ دەکەم. من دڵنیابووم کە ئەو گاڵتەم لەگەڵ دەکا، بەڵام ئەی خۆم؟ ئاخۆ لەو وەرامەدا کە دامەوە ڕاستگۆبووم؟ ئەوی ڕاستی بێ لە خۆم دڵنیا نەبووم و گومانم هەبوو، ئەگەرچی وەرامەکەشم لە ناخی دڵەوە بوو!

●●●

(٤)

ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمجار هاتە ژوورەکەم بۆ لام. وەها خۆی ڕازاندبووەوە، کە دەتوت بووکێکە و بۆ زاوا دەکرێتە پەردە! کراسێکی برنجۆکی وەک چوڕی شیر لەبەردا و بە ژێریدا ئاوەڵکراسێکی خامەکی ئاڵ وەک خوێن. ئینجا بە سەریدا سوخمەیەکی گووروونیی گوڵ هۆقە، کە دوگمەی هەرە خوارەوەی هێندە توند داخستبوو، لەشی لە ناوقەددا کردبوو بە دوو کەرتەوە. من قسەی خۆمان بێ، هەر لە یەکەم ساتەوە کەرتی سەرەوەی تەواو سەرنجی ڕاکێشام و چاوم بە سەریدا ڕوا. من لە گفتوگۆی هاوەڵەکانمدا و بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە من بەرەوژوورتر بوو، زۆرم دەربارەی کوڵمی ئاڵ و چاوی ڕەش و نیگای گەش و زۆریشم دەربارەی گەردنی ساف و سنگ و مەمانی قوت و ناوقەدی باریک بیستبوو.

هەروەها کەمێکیش لە ناوقەد بەرەوخوار، کەچی ئەوەتا ئێستا گشت ئەو شتانە بە چاوی خۆم و زۆر لە نزیکەوە دەبینم. بەڵێ...

ئەو ڕۆژە کە بۆ یەکەمجار هاتە ژوورەکـەم بۆ لام، ئاوەها هات و ئاوەها لە نزیکەوە خۆی نیشاندام و وەک لە خەوی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە بەخەبەرم بێنێ، لە ماوەی چەند ساتێکدا لە قۆناغێکی تەمەنەوە گواستمییەوە بۆ قوناغێکی تر! لە منداڵێکەوە کردمی بە پیاوێک! ئەو شتانەی لەوەپێش بە بیستن دەمبیستن و بەلامەوە بریتی بوون لە تەنیا کۆمەڵێک وتەی بێ سەروشوێن و هیچیان لێ حاڵی نـەدەبووم و وەک تووتییەک دەموتنەوە، ئێستا ئەوەتا لە نزیکەوە... زۆر لە نزیکەوە دەیانبینم و هەستیان پێدەکەم و بگرە تەزوویەکی گەلێ خۆشیش بە لەشمدا دێنن و بەشێوەیەکی سەیر مەستم دەکەن، ئەگەرچی ناشزانم ئەمە بۆچی و چۆن ڕوو دەدا!

من ئاگام لە خۆم بڕابوو. بێ ئـەوەی هەست بە خۆم بکەم زۆر بە پەرۆشەوە چاوم بە سەرتاپای لەشیدا دەگێڕا و تێی ورد دەبوومەوە. لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە، کە نەمدەزانی چەند جارم دووپات کردۆتەوە و چەندی خایاندووە! بەڵام ئەو لە لای خۆیەوە ڕایچەناندم و وریای کردمەوە کە بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕماناوە وتی:

– بەسە!... چاوت ڕوا!... بۆ وا تێم دەڕوانیت؟ خۆ جنۆکە نیم!

بە دوایـدا هەستم کرد خوێن هـورووژمـی هێنا بۆ سـەر و ڕووخسارم و گەرم داهات. لە تەریقیدا دەمم بەیەکداهات و زمانم

لاڵ بوو. نەمدەزانی چ وەرامێکی بدەمەوە. تەنیا ئەوەندەم پێکرا بڵێم:

- تیتلە و بیبیلەکان کوان؟

منداڵەکانیم وەها ناودەبردن. وتی:

- لە خوارەوەن... لای دایکتن.

من بێدەنگ بووم، ئەگەرچی بەدوای باسێکدا دەگەڕام بیکەمە جەمسەری گفتوگۆ لەنێوانماندا، کەچی ئەو لەناکاو لێی پرسیم:

- خۆزگە دەمزانی تۆ ئەو منداڵانەت بۆچی هێندە خۆش دەوێ؟

لە وەرامیدا وتم:

- چونکە زۆر جوانکەلە و ئێسکسووکن.

بەڵام بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە نازەوە وتی:

وەکو دایکیان؟

بە دوایدا سەرنجی بەسەر ڕووخسارمدا ڕواند، لەگەڵ بەردەوامیی زەردەخەنەکەی سەر لێوی. پێوەی دیاربوو کە بۆ وەرگرتنی وەرام زۆر بە پەرۆشە، کەچی من وەرامم هەر نەدایەوە، چونکە لە ڕاستیدا نەمدەزانی چۆنی وەرام بدەمەوە... ئایا نەء؟ نەمدەزانی. ئیتر کە هەر چاوەڕوانی کرد و وەرام نەبوو، وازی هێنا و چوو خۆی بە کتێبەکانمەوە خەریک کرد. ئینجا چاوێکی بە دیوارەکانی ژوورەکەدا گێڕا، کە چەند وێنەیەکم پێوە هەڵواسیبوون و زۆربەیان دیمەنی جوانی سروشت بوون، لەگەڵیاندا وێنەی ئافرەتێک بوو کە لە گۆڤارێکی ڕەنگاوڕەنگم دەرهێنابوو، کە چاوی پێی کەوت، لێی نزیکبووەوە. ماوەیەک

پیایدا هەڵڕوانی و بەدەمییەوە پەیتا پەیتا دەیوت:

– خوا هەڵناگرێ جوانە.

تا لەپڕ ڕووی بەلامدا وەرگێڕاو وتی:

– توخوا کاممان جوانترین، من، یا ئەو؟

دووبـارە تەنگەتاوی کـردمـەوە. ئەمجارە پێم نا بە جەرگی خۆمدا و تینم دایە بەر خۆم.

بە پەرۆشەوە وتم:

– تۆ!

هەستم کرد وەرامەکەم گەشکەیەکی وەهای پێ بەخشی، کە دەتوت خۆشترین مژدەی لە ژیانیدا دراوەتێ. ساتێک لێم ڕاما و بزەیەکی گەشتری خستە سەر لێوی خۆی و لە وەرامی ئەو وەرامەمدا وتی:

– دە کەوابێ وێنەیەکی من هەڵواسە لەباتی ئەو. لەوکاتەدا لە خـوارەوە دەنگی (نەسرین)ی دراوسێمان هاتە بەرگوێ، کە لەگەڵ دایکمدا دەدوا. نەسرین منداڵترین کچی ناو کۆڵانەکەمان بوو. لە تەمەندا بە دوو ساڵ لە خۆم منداڵتر بوو. ئەویش یەکێک بوو لەوانەی کە زۆر هاتوچۆی لای دایکمی دەکرد و بگرە لە ئیشوکاری ناو ماڵیشدا زۆر یاریدەی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا لە چاک و چۆنیی سەرپێیی بەولاوە، دەم و دوومان لەگەڵ یەکتردا نەبوو. گوڵچین خان هەر کە دەنگی ئەوی بیست، یەکسەر گەشکەکەی ڕووخساری کوژایەوە و پەردەیەکی پەژارەواریی پێدا داکشا. بە دەنگێکی نزم وەک لەبەر خۆیەوە بدوێ، وتی:

– نەسرین هاتوچۆتان زۆر دەکا.

من نەمدەزانی لە کوێوە قسە دەکا، ساوێلکانە لە وەرامیدا وتم:

– دایکمی زۆر خۆش دەوێ.

کەچی ئەو بە تەوسێکەوە وتی:

دایکت، یا تۆ؟

ئەوەندەی وت و بەدوایدا بەخێرایی لە ژوورەکەم چووە دەرەوە و بەجێی هێشتم.

●●●

ئەو شەوە تا درەنگوەختێک خەو نەچووە چاوم و لە ناو جێگەکەمدا هەر تەپاوتلم بوو. بیر و هەست و هۆشم ئالابووە کلافەیەک باس و خوازی ئەوتۆوە، کە هەرچەندم دەکرد لێیان دەرباز نەدەبووم. جارەهای جار بە قسەکانی ئەو ڕۆژەی گوڵچین خاندا چوومەوە و لە دڵی خۆمدا وتمنەوە: (خۆزگە دەمزانی تۆ ئەو مندالانەت بۆ هێندە خۆشدەوێ؟... وەکو دایکیان؟... کاممان جوانترین؟... وێنەیەکی من هەڵواسە... دایکت، یا تۆ؟).

ئەم دوایین قسەیەیم وردکردەوە. ئاخو ئەو چۆنی تێدەگا؟ بێگومان وەهای تێدەگا کە نەسرین حەزی لێکردووم و ئەو زۆر هاتوچۆکردنەی لەبەر منە. سەیریش ئەوەیە کە ئەم کارەی لێ خۆش نایەت! شێوەی قسەکردن و پەژارەی سەر ڕووخساری وەهای دەنواند، بەلام بۆچی؟ تۆ بڵێی گوڵچین خان هێندە شێت و شەیدام بووبێ، کە نەسرین بە دوژمنێکی خۆی بزانێ؟ ئا...

گومانی تێدا نییە وایە. من تا ئەمڕۆش ئەگەرچی جار جارێک لە دڵی خۆمدا شتێکم لەم بابەتە دەوت، بەڵام لێی دوودڵ دەبووم، کەچی وا قسەکانی ئەمڕۆی هیچ گومانێکی لە دڵمدا نەهێشت. گوایە من ئەوەندە گێژ و حۆلم هەست بەوە نەکەم کە ئەو قسانەی ئەمڕۆی چی دەگەیەنن و چ مەبەستێک بە دەستەوە دەدەن؟

دیارە... زۆر بە ئاشکرا دیارە کە حەزی لێکردووم و شێت و شەیدام بووە.

کە گەیشتمە ئەم ئەنجامە، هەستم کرد شەماڵێکی ئەفسووناویی سەیر ختووکەی دڵ و دەروونم دەدا و وەک باڵندەیەک بە ئاسماندا هەڵمدەفڕێنێ. (حەزی لێکردووم شێت و شەیدام بووە!). وتەکەم بە تام و کام دووبارە و سێبارە و سەدبارە لە دڵی خۆمدا دەوت و دەوتەوە.

ئەوسا جڵەوم شلکرد بۆ خەیاڵ. (گوڵچین خۆی لە تەل داوە، کتومت وەک ئەمڕۆی. بە لەنجەولار و بەدەم زەردەخەنەیەکی دڵفڕێنەوە لێم نزیک دەبێتەوە... زیاتر لێم نزیک دەبێتەوە، تا تەواو ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستین. دەست دەکاتە ملم. دەم دەنێ بە دەممەوە. ماچم دەکا. منیش باڵم درێژ دەکەم و دەیانئاڵێنمە ناوقەدی و دەینووسێنم بە خۆمەوە. منیش ماچی دەکەم. ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو بارە دەمێنینەوە و ئیتر دەست و دەم و لێو لە یەکتر بەردەدەینەوە!).

خەیاڵەکەم تەنیا هێندە بڕی دەکرد. ئەوسا ئیتر بەئاگا دەهاتمەوە و لە ناو جێگەکەمدا بۆ سەر بارێکی تر تلم دەدا.

لە گەرمەی تەوژمی خەیاڵێکی ئاوەها خۆشدا بووم، کاتێ لە ناکاو خورپەیەکی تیژ وەک بروسکە دای لە هەناوم و دڵمی گوشی! (ئەی گوڵچین خان ئافرەتێکی بەشووە؟!)

ئەی خۆ مێردی هەیە و دوو منداڵیش؟ ئەمە تەواو دڵتەنگی کردم و بوو بە ئازارێکی دەروونیی کوشندە. بە تایبەتی کە هەر زووش ئەو گفتوگۆیەی هێنایەوە بیرم، کە سێ چوار شەو لەوەبەر لەنێوان باوکم و خاڵە عەولدا ڕوویدا و کە من لەولاوە بە دڵێکی ساف و هەست و بیر و هۆشێکی بێگەردەوە لە لاپەڕەیەکی سپیی نوێی مێشکمدا تۆمارم دەکرد و بڕیارم وابوو وەک دەروێشێک کرداری پێ بکەم و لێی لانەدەم.

قسەیان لەسەر پیاوی ڕەوشت خراپ و داوێنپیس بوو. هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە سەر و پۆتەڵاکی مرۆڤی داوێنپیسی دەکوتایەوە و بەلێشاو تف و لەعنەت و جنێویان بەسەردا هەڵدەڕشت. بڕوایان وابوو کە ئەو جۆرە مرۆڤە نەک تەنیا مۆریانەی گیانی خۆیانن، بەڵکو گیانی دەیەهای تریش دەکرۆژن و ژیانیان لێ دەکەنە دۆزەخ. هەروەکو بڕواشیان وابوو کە گوناهی داوێنپیسی بەهیچ جۆرە ئاوێک ناشۆردرێتەوە و هیچ سزایەک بە تۆڵەیدا ناگا. بەم شێوەیە لە باسەکە دەدوان و زۆر بە پەرۆشەوە یەک بە دوای یەکدا بیروڕای خۆیان لەسەر دەردەبڕی. تا هاتە سەر ئەوەی کە لە کۆتاییدا خاڵە عەول سووکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و من وا هاتە پێش چاوم کە لە نیوەیدا قرتاندی و وتی

– میرزا... ئەوەش بزانە کە داوێنپیسی قەت بۆی ناچێتە سەر.

ئەگەر ساڵەهاش لە باوەشی نەرمونۆڵی ئەو داوێنپیسییەیدا بە خۆشی و دڵنیاییەوە بەسەربەرێ، ساڵەهاش بتوانێ چاو لەو گوناهە گەورەیەی خۆی بخەفێنێ و خۆی لێ هەڵە بکا، لە ئەنجامدا لووتی هەر دەجزێ بە ساجی ئاگرینی ئەو داوێنپیسییەیدا. ئینجا ئەوسا بە درێژایی ژیانی پەنجەی پەشیمانی دەکرۆژێ و داد دەباتە بەر خودا و سوژدەی تۆبەکردن دەیپڕووکێنێ. ئەوسا تا مردن ئەندێشەی ئەو ڕابوردووە چڵکنە و ژەهراوی ئەو داوێنپیسییەی دەنۆشێ.

ئەو شەوە ئەم قسانە کارێکی قووڵیان لێکردم و بۆم بوونە مشتێکی تر لە پەند و ئامۆژگاری و چووە سەر ئەو پەند و ئامۆژگارییانەی کە هەر لە منداڵیمەوە لەلایەن دایکم و باوکمەوە بە نیازی پاراستن و دوورخستنەوەم لە خراپەکاریی، بەردەوام دەدران بە گوێمدا و دەچەسپێنرانە مێشکمەوە. لەبەرئەوە هەر کە گفتوگۆکەی ئەو شەوەم هاتەوە یاد و قسەکانی خاڵە عەولم بیرکەوتنەوە، لە دڵی خۆمدا بەراوردێکی گەلێ سامناکم خستە پێش چاوی خۆم و وتم: ئاخۆ بەستنی پەیوەندییەک لەو بابەتەی کە بە سەرزاریی خۆمی لێ دەپارێزم و بەڵام لە ناخی دڵ و دەروونمدا حەزی پێدەکەم و ئەوەتا شەوگارێکی دوورودرێژ خۆمی پێوە خەریک دەکەم و بیروهۆشی خۆمی بۆ هەڵدەوشم، ئاخۆ ئەوە ئەو داوێنپیسی و بەدڕەوشتییە نییە کە ئەوان لێی دەدوان و تف و لەعنەتیان دەکرد؟!

ماوەیەکی زۆر گیرم خوارد، پێش ئەوەی بتوانم وەرامی ئەم پرسیارە سەخت و ستەمە بدەمەوە. ئەوی ڕاستی بێ هۆی

گیرخواردنەکەم لەوەوە هاتبوو، کە زاتم نەدەکرد وەرام بدەمەوە و خۆمم لێ دەدزییەوە، چونکە کە جڵەوی حەز و ئارەزووەکەی ناو ناخی دڵمم لە دەست بەڕەڵڵا دەبوو، مەیلم بەلای ئەوەدا کز دەبوو کە لە وەرامدا بڵێم: "با!"، بەڵام کە ئەوەشم دەهێنایە پێش چاوی خۆم، چۆن ئاشکرا دەبین و پێمان دەزانرێ و چۆن باسەکە وەک ئاگر و پووشوو لە ناو کۆڵانەکەدا و دواجار لە سەرتاپای گەڕەک و بگرە شارەکەشدا بڵاو دەبێتەوە، چۆن خاڵە عەول و دایکم و باوکیشم هەریەکە لەلای خۆیانەوە شێت و هار دەبن و دەمدەنە بەر لێشاوی قسەی ناشیرین و جنێو و فەزیعەت و بگرە دەشێ باوکم لە ماڵ دەرم بکا و دەربەدەر ببم و ببمە بنێشتەخۆشەی ژێر دانی دۆست و برادەر و ناسیاوان، کە گشت ئەمانەم دەهێنایە پێش چاوی خۆم، ترس و سامێکی دڵپڕوێن دایدەگرتم و ئازارێکی تیژی وەک دەمی گوێزان جەرگمی پارە دەکرد. بەدوایدا هەموو گیانم دەنیشتە سەر ئارەقێکی گەرم و بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو بارەم سست دەبووم. ئینجا ئەوسا لە کانگای دڵەوە لە وەرامدا دەموت: (بەڵێ... ئا... داوێنپیسییە... بەدڕەوشتییە... بگرە کار و کردەی ئاژەڵە، نەک ئادەمیزاد).

ئەو کاتەی گەیشتمە ئەم ئەنجامە، ڕووەو پەنجەرەی ژوورەکەم ڕاکشابووم. سەرنجم دا سپێدەی داوە. خۆم خستە سەر پێ و چوومە بەر پەنجەرەکە. ڕووبەڕووی شاخی (گۆیژە) بوومەوە، کە ئاسۆ بەودیویدا سپی باو دەینوواند.

هەر لەو ساتەدا دەنگی بانگ و سەڵای مەلای مزگەوتەکەی نزیکمانم هاتە بەر گوێ، کە بێئەوەی بە خۆم بزانم، ئارام و

سرەوتێکی ئەفسووناویی بە هەست و بیر و هۆشم بەخشی!

بە دوایدا کە گەڕامەوە سەر جێگەکەم و ڕاکشامەوە، هەر خێرا خپ بووم و چوومە باوەشی شیرینخەوێکی خۆشەوە.

•••

(٥)

تاریکیی شەو هێشتا بە تەواویی نەڕەویبووەوە و ورتە و جووڵە لە هیچ کوچەیەکی شارەوە نەدەبیسترا، کاتێ ناو کۆڵانەکەی ئێمە ورووژا و لەو ناوەختەدا هەراو ئاژاوەی تێکەوت.

هەموو ساڵێک کردبوومانە پیشە، کە گشت دانیشتووانی کۆڵانەکە لە ناوەڕاستی بەهاردا سەیرانێکی بەکۆمەڵمان دەکرد و ئەو ڕۆژەمان دەبووە زەماوەندێکی ئەوتۆ، کە تا ساڵی داهاتوو تام و لەزەتەکەی لە ژێر دانماندا بمێنێتەوە. ئیتر سەیرانێک بێ و ماوەی ساڵێکی ڕەبەق چاوەڕوانی بکرێ، دەبێ چۆن سەیرانێک بێ!... هەر مەپرسن!

ئەو ڕۆژە وەک ساڵانی پێشوو، گەورە و بچووکی ناو کوڵانەکە بەو ناوەختە کەوتبووینە هەلەکەسەما و فڕکان فڕکان. هەر خێزانەو لەلای خۆیەوە بە پەلەپڕووزێ کەلوپەلی خۆی ئامادە دەکرد و دەیپێچایەوە. ئیتر لە ماوەی تەنیا نیو سەعاتدا هەموو کەوتنە سەر پێ و زۆری پێ نەچوو بەرەو سەیرانگاکەمان کەوتینە ڕێ.

هەموو شت کامەرانیی لێدەباری و بە ناخی دڵدا دەتکایە خـــوارەوە. ئـەو ڕۆژە گـەشـەی تـازە لـە دەم کـەلـەوە سـەری

دەردەهێنا و پڕشنگە زێڕینەکانی بە گشت لایەکدا پەرش دەکرد. ئەو شاخ و کێوە بڵندانەی کە بەفری زیوینی لوتکەکانیان لە ژێر تیشکی ڕۆژەکەدا دەبریسکایەوە. ئەو کانی و جۆگەلە ئاوانەی بە قەدپاڵەکاندا بەرەوخوار دەبوونەوە و ورشەی قەڵبەزەیان لەگەڵ پرشنگی ڕۆژدا بەربەرەکانێی دەکرد.

دار و درەخت و دەغڵودان و گژوگیای سەوز... پەڵە گوڵزاری هەمەڕەنگەی پانایی دەشت و وەردەکان... سەرباری ئەمانە هەموو، شەماڵێکی ناسکی هێمن کە دەبووە هەناسەی بۆنخۆشی سروشتە ڕەنگینە دڵگیرەکە. بەڵێ... هەموو شت کامەرانی و شادمانیی لێ دەتکا و بە ناخی دڵدا دەچووە خوارەوە، بە تایبەتی ئەو دڵانەی چووبوون ڕۆژێک لە تەمەن لە باوەشی نەرمونۆڵ و بە سۆزی ئەو سروشتە ڕەنگینەدا بە بەختیاری و ئاسوودەگی بەسەربەرن.

خۆ نەک تەنیا سروشت، پرشنگی کامەرانیی دەهاویشتە ناو ناخی دڵی سەیرانکەرانەوە، بەڵکو ئەوانیش لە بەرگی ئاڵوواڵایاندا، لە هەڵسان و دانیشتن و قاقای پێکەنینیاندا، لە چاوی ڕەش و گۆنای گەش و لێوی ئاڵیاندا و لە هەر جووڵە و ورتەیەکیاندا، ئەوپەڕی ئاسوودەییان دەنواند و شەپۆلی شادمانییان تێکەڵ بەو سروشتە ڕەنگینە دەبوو.

ئەمە تاقە ڕۆژێک بوو لە ساڵدا کە گرژیی و مۆنی و پەژارەواری لە ڕووخساری هیچ کام لەوانەدا بەدی نەدەکرا. هەموو ئەگەر تەنیا بۆ ئەو تاقە ڕۆژەش بووبێ، خەم و خەفەت و

دەردەسەریی ژیانیان دەخستە لاوە و زۆر بە جۆشوخرۆشەوە ڕووە و سەیرانگا دەچوون و بە ئاواتەوە دەبوون ساتێک زووتر بگەنە جێ و کۆڕی شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ گەرم بکەن.

دڵی منیش وەکو هەموو ئەو دڵانە، سواری باڵی کەمەرانی بووبوو. بە بینینی ئەو سروشتە ڕەنگینە گەشکە دەیگرت و بەدەم خۆشی و شادمانیی ئەو دڵانەی دەورو پشتییەوە دەخنایەوە و شانبەشانی قاقا و تریقەی پێکەنینی ئەوان، دەتریقایەوە، چونکە کتومت وەک ئەوان، لەو نەختە ئەرک و خەفەتەی تەمەنی شانزە ساڵەی خۆی خستبووە لاوە و فەرامۆشی کردبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا دڵی من لەو ڕۆژە تا سەر ئەمەی بۆ نەچووە سەر، بەڵکو هەرزوو ڕووبەڕووی نەختە ئەرک و خەفەتەکەی لەو تەمەنەی بووەوە و زۆر زەق و تیژ و کاریگەر، لە دووریی تەنیا چەند بستێکەوە بەدیی کردەوە!

لە ڕێگا، لە ئاستی کانیاو و مێرگوزارێکی گەلێک دڵگیر و جواندا ڕاوەستاین و لەسەر داخوازیی هەمووان، بۆ کورتە حەسانەوەیەک لاماندا. هەندێک هەر لەگەڵ دابەزینماندا ئارەزووی ژەمێک هەڵپەڕکێ دایگرتن و ماوەیەکی کورتیان بە وشکی پێوە بەسەربرد. ئینجا سەرکەوتینەوە بۆ ناو ئۆتومبێلەکە، تا بەرەو سەیرانگاکەمان بکەوینەوە ڕێ، بەڵام چیم دی؟ گوڵچین خان!... ئا گوڵچین خان، هات و یەکسەر خۆی کوتایە تەنیشتمەوە. وەهاش بە دڵنیاییەوە لەو شوێنەدا دانیشت، کە هێز نەبێ بتوانێ لەوێی هەڵبکەنێ! من لەلای خۆمەوە هێشتا سووربووم

لەسەر بڕیارەکەی ئەو شەوەی لەوەبەرم. بۆیە هەر کە بینیم تەقەللام دا چارەسەرێکی خێرای ئەم گرفتە بکەم و دەرفەت بۆ خۆ لێ ڕزگارکردنی بدۆزمەوە. تەقەللام دا... ئا بەڵێ، زۆر بە دڵسۆزییەوە تەقەللام دا، بەڵام بێ سوود بوو. هەر کەسە و بەپێی حەز و ئارەزووی خۆی جێگەی خۆی گرتبوو. خۆ نەشدەکرا بە ئاشکرا هاوار بکەم و بڵێم: خەڵکینە بە فریام بکەون... من نامەوێ لەم جێگەیەدا دابنیشم! نامەوێ لەم گوڵچین خانە ئاوەها لە تەنیشتمەوە دابنیشێ و ڕان بنێ بە ڕانمەوە!... خەڵکینە بۆ خوا فریام بکەون!

ئۆتومبێل کەوتەوە ڕێ و کەوتەوە هەڵتەکاندن و بەیەکدادانمان، بەڵام هەر زوو هەستم کرد کە ئۆتومبێل گوڵچین خان لە هەر یەکێکی تر زیاتر هەڵدەتەکێنێ و بەتووندی جەستەی دەهێنێ و دەبا و بە زۆریش هەر بەلای منداى دەهێنێ و دەبا! لەو ساتانەدا هێشتا بڕیارەکە لە بیروهۆش و هەست و نەستمدا لێی کەل نەبووبوو. هێشتا هەر بە توندیی لە دەرگای مێشکی خۆم دەدا و دەموت: داوێنپیسی و خراپەکارییە، ئا داوێنپیسی و خراپەکارییە! بۆیە چەندە ئەو خۆی بە لامدا دەشکاندەوە و شان و ڕان و پووزی لە شان و ڕان و پووزی من گیر دەکرد، منیش هێندە خۆم بەودیوی تردا دەشکاندەوە و جەستەمم لە جەستەی بەدوور دەگرت.

هەستم کرد وەک هەندێ جار بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئاسنی سارد دەکوتێ، بۆ ماوەیەک سارد دەبووەوە و خامۆش دەبوو! بەڵام زۆری پێ نەدەچوو بە پەرۆشتر و بە جۆشوخرۆشترەوە

دەستی پێدەکردەوە، کە ئەمە وردە وردە وای لێکردم ئینجا یەخەی هەست و نەست و بیر و هۆشی خۆم بگرم و بەلای ئەوەدا دابشکێنم، کە تۆمەتی دڵڕەقییان بدەمە پاڵ، بە تایبەتی کاتێ کە خێرا خێرا دیمەنی باجی ئامین و بەهێ خان و نازدار خانم دەکەوتە بەرچاو و دەمدی هەریەکەیان مێردێکی گەنجی شۆخی لە تەنیشتەوەیە و هەموو دەم بەزەردە و پێکەنینن. دیمەنی ئەوان هانی دەدام هەستی بەزەییم لە دڵدا ببزوێ و تەوژمێکی داخ و خەفەت لە دەروونمدا بورووژێ.

لە سەیرانەکەدا، لە پیاوانی ناو کولانەکە، تەنیا باوکم و خاڵە عەول هاوبەشییان نەکردبوو. ئەوان وایان دانابوو کە گوایە لە تەمەنی سەیرانکردندا نەماون. لەبەرئەوە لە ئافرەتە بەشووەکانی ناو کۆلانەکە، تەنیا دایکم و گوڵچین خان مێردیان لە تەکدا نەبوو، کە دیارە بۆ ئەم، ئەگەر بهاتایە و مێردەکەی لە تەکدا بووایە، خراپتر بۆی دەبووە مایەی بزواندنی هەستی بەزەیی و داخ و خەفەت لە دڵی یەکێکی وەکو مندا!

لە ڕێگا، لەوە بەولاوە کە لە کاتی تاسە و هەڵتەکاندندا قاچی لە قاچم توووند دەکرد و هەر زووش، وەک بڵێی بە ئەنقەستی نەبووە، دەیکشاندەوە دواوە، ئیتر هیچ کردەوەیەکی ترم پێوە هەست پێ نەکرد کە شتێک بگەیەنێ، بەڵام وەکی تر دەمدی بەیناو بەینێک بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، بە تیلەی چاو سەرنجێکی خێرا دەداتە دایکم، تا بزانێ ئاخۆ تێمان دەڕوانێ، یان نا!

•••

هەر کە گەیشتینە شوێن سەیرانەکەمان، بێ ئەوەی هیچ پشوویەک بۆ حەسانەوە بدرێ، یەکسەر کۆڕی زەماوەند و هەڵپەڕکێ گەرمکرا. ئافرەتەکان دەسپێشکەرییان کرد و هەروەکو بیانەوێ هەرچی جۆشوخرۆشێکی پەستێوتراوی ناو دڵ و دەروونیان هەیە لەو ڕۆژەدا بە یەک ژەم دەرببڕن، ئاوەها کەوتنە هەڵپەڕین. هەمووش بە دەم هەڵپەڕینەوە دەتریقانەوە و بەئاشکرا پێیانەوە دیاربوو، کە هێجگار بەختیار و شادمانن و لەوپەڕی گەشکەداریدان. لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو کرا بە ڕەشبەڵەک. ژن و پیاو شانبەشانی یەکەوە و دەست لە ناو دەستی یەکتردا دەشەکانەوە. منیش ئەو دیمەنە دڵگیرە کاری خۆی تێکردم و وەک ئەوان خۆم هاویشتە کۆڕەوە، بەڵام من وەکو کوڕانی ترم پێ نەکرا کە جوانترین کچ هەڵبژێرم بچمە دەستییەوە... چەندە تینم دایە بەر خۆم لەوەم پێ نەکرا، بەڵکو چووم دایکم خستە دەستی ڕاستمەوە و پیاوێکیش کەوتە دەستی چەپمەوە. ئیتر بە جۆشوخرۆشەوە کەوتمە هەڵپەڕین. زۆری پێ نەچوو یەکێک لە پشتەوە خۆی دا بە بەینی دەستی لای چەپمدا. کە ئاوڕمدایەوە و بینیم، تەزوویەک وەک بروسکە بە سەرتاپای لەشما ڕابوورد. لەگەڵیدا بێ ئەوەی بەخۆم بزانم، ئاوڕێکی خێرام بەلای دایکمدا دایەوە. شێوەی ڕووخساری هیچی وەهای نەدەگەیاند کە لەو کارەساتە گرنگەی لای تەنیشتی چەپم بەئاگا بێ. ئاسایی ڕووم وەرگێڕایەوە بەلای کارەساتە گرنگەکەدا... گوڵچین خان بە پشتبەستن بە یاسای (ڕەشبەڵەک)، جێگەی خۆی کردبووەوە...

دەستی خستبووە ناو دەستمەوە و شانی نووساندبوو بە شانمەوە. بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە شادمانی و گەشکەداریشەوە، بە تیلەی چاو سەرنجی دەدامێ و دواجار بەترووکەیەکی خێرا، چاوی ڕاستی گەلێک بەنازەوە لێ داگرتم و ئیتر بەدڵنیایی بەوە خۆی خستەسەر هەوای هەڵپەڕینێکی بەجۆش.

من بەدەم هەڵپەڕینەکەمەوە تاسێکی قووڵ بردمییەوە، تا ئەو وەختە ئەوەی لەنێوانماندا بوو تەنیا دوور بەدوور بوو. سەرنج لە یەکتردان و گفتوگۆیەکی سەرپێ بێ و جارجارێکیش لە ناو جێگەدا خەیاڵ، کەچی ئەوەتا کار بەوە گەیشتووە کە بەر یەکتر بکەوین و دەستمان لە ناو دەستی یەکتر و شانمان بە شانی یەکەوەبێ! بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی چاوەڕێم لێدەکرد کە لە ئان و ساتدا بێ! شتێکی لێ بوەشێتەوە، هەر زوو هەستم کرد کە زۆر بە هێواشی دەستم دەگوشێ و قۆڵ لە قۆڵم گیر دەکا و شان لە شانم دەسوێ. منیش ئەگەرچی بەو کردەوەیەی تەنگەتاو دەبووم و بە سەرزاریی پێی وەڕس دەبووم، بەڵام لە دڵدا حەزم بۆی دەبزوا و دەمویست خۆمی بۆ شل بکەم، ئەو چەند جارێک ئەمەی لێ دووبارەکردمەوە، بەڵام کە من هەر بۆم نەکرا جڵەو بۆ حەزەکەی ناو دڵم بەربدەم، ئیتر ئەو لە لای خۆیەوە بۆ دواجار بە هەموو هێزێکییەوە دەستمی گوشی و بەتووڕەییەوە شان و قۆڵی لە شان و قۆڵم گیرکرد و بگرە نوقوڕچێکی ژنانەی ئازاربەخشیشی لە لاڕانم گرت و دەستی لە دەستم بەردا و ڕیزی هەڵپەڕکێی جێهێشت. هەروەها منیش بەو کردەوەیەی زۆر پەشۆکام، هەر

خێرا دەستم بەردا و کشامە دواوە. بێ ئەوەی بە خۆم بزانم چی دەکەم، چاوم بۆ گێڕا. بینیم وا چووە لە کەنارێکەوە منداڵەکانی لە باوەشی خۆی ئاخنیوە و کزوڵە و خەمبار دانیشتووە. دیمەنی ئەو دانیشتنەی وا بە کەساسی و پەژارەواری، کسپەی لە دڵم هەڵساند و هەستکردنێکی بەگوناهباریشی لە دڵمدا بزواند. خۆم زۆر بەدڵڕەق و بێبەزەیی هاتە پێش چاو. لەبەرئەوە وەک زۆر حەز بکەم کە خۆم بەرامبەر بەو کردەوەیەم گوناهبار بکەم، خۆم وا قایل کرد کە ئەوەی کردم، کارێکی زۆر چەوت و ناپەسند بوو.

ئینجا کە لە خۆمم پرسی: باشە ئێستا چی بکەم باشە؟ بچم داوای لێبووردنی لێ بکەم و ئاشتی بکەمەوە؟ سەیرم کرد هێزێکی ئەفسووناویی لە ناخمدا پاڵم پێوەدەنێ لە وەرامدا بڵێم: (ئا بچۆ... ئا... بچۆ!).

هەر کە گەیشتمە ئەم ئەنجامە، ئیتر هیچ سێ و دووم لێ نەکرد. بەرەوڕووی چووم و لێی نزیکبوومەوە. بەدەممدا نەهات ڕاست و ڕاست هەستی خۆمی بۆ دەرببڕم. پێچ و پەنام تێخست و وتم:

– ئەوە بۆچی وا کەنارت گرتووە و خۆت دوورخستۆتەوە؟

ئەو تەنیا سەرێکی هەڵبڕی و خێسەیەکی پڕ لە گلەیی و تووڕەیی لێ کردم و بێ ئەوەی هیچ وەرامێکم بداتەوە، بە کەساسییەکەوە سەری داخستەوە و خۆی بە منداڵەکانییەوە خەریک کرد. ئەم ڕەفتارەی ئارەزووی مەرایی بۆکردن و ئاشتکردنەوەی زیاتر لەلا جۆش پێدام. دووبارە وتم:

خۆ نەهاتوویت بۆ پرسە... بۆ ناچیت هەڵپەڕیت؟ قسەکەم بەسەرزاریی بۆ دڵخوشیدانەوەی بوو، بەڵام لە دڵدا مەبەستم بوو بڵێم: بچۆ هەڵپەڕە و ئەمجارە دڵت ناشکێنم، کەچی ئەو وەک ڕقێکی هێندە ئەستوورم لە دڵیدا تەقاندبێتەوە، ئەم قسانە لە وزەیاندا نەبێ دایبمرکێننەوە، ئەمجارە بێ ئەوەی سەرم بۆ هەڵبڕێ، بە دەنگێکی ژاکاوی پڕ لە ژەنگوژار و بە قوڕگێکی پڕ لە هەنسکی گریانەوە، وتی:

– هەڵپەڕین بۆ من نەهاتووە... بەشی من لە ژیاندا دەبێ هەر دەرد و سزا بێ!

بەم قسانەی شەپۆلێکی پەژارە و خەفەت دایگرتم، وشەکانی دەتوت تنۆکی قوڕقوشمی تواوەن و دەڕژێنە ناو دەروونمەوە. لەو ساتانەدا زۆرم ڕق لە خۆم بووەوە... زۆریش پەشیمانبوومەوە. لە دڵی خۆمدا وتم: (با چەندی حەز پێدەکرد دەستمی بگوشیایە... با تا لە پەلوپۆ دەکەوت شان و قۆڵی تێ هەڵسوومایە... چ زەرەرێکی بە من دەبەخشی؟). لە گەرمەی ئەم شاڵاوی پەشیمانییەمدا، بەوەشەوە نەوەستام و لە دڵی خۆمدا وتم: (بۆ دەبێ بەر لە خۆشەویستی بگیرێ؟ بۆ دەبێ کۆت و زنجیر بکرێ و لەو جۆرە کۆسپانەی بخرێتە بەردەم؟ ڕەوشت و خووی پاک و پیس... کرداری چاک و خراپ... داوێنپاکی و داوێنپیسی... کێ ئەم وتە پڕوپووچانەی دروستکردووە؟ کێ ئاوەها سنووری بۆ دانان و لە پۆلا دایڕشتن؟ گوایە کە گوڵچین خان منی خۆشدەوێ، ئەمە داوێنپیسییە و کە منیش ئەو خۆشەویستییەی پێشێل دەکەم، دەبێ

داوێنپاکیی بێ؟! سەیرە!... بۆ بۆ وەهایە و بۆ دەبێ وەهابێ؟).

ئیتر نەمتوانی لەوە زیاتر بە دیارییەوە ڕاوەستم و بیدوێنم. لێی کشامە دواوە و خۆم لەبەر چاوی ونکرد. من لەلای خۆمەوە تا سەیران کۆتایی هات و گەڕاینەوە ماڵەوە، بەردەوام ئەو جۆرە پرسیارانەم لە خۆم دەکرد و هەست و بیر و هۆشی خۆمم ئاڵاندبووە وەرامدانەوەیان. ئەویش بە درێژایی ئەو ڕۆژە ئیتر نەمدی هەڵپەڕێ... نەمدی وەک ئەوانی تر بچێ بۆ گەڕان و گەشتی ناو ئەو سروشتە ڕەنگینە... تەنانەت هێندەی من ئاگام لێی بووبێ، نەمبیست ورتەشی لە دەم بێتە دەرەوە.

●●●

**(٦)**

هەر دوای سەیرانەکە بە دوو ڕۆژ، دایکم بەدەم قسەوباسەوە پێی وتم:

– کەی بێ بەو ڕۆژە شاد ببم کە خوێندنەکەت تەواو بکەیت و کیژۆڵەیەکی جوان و نەشمیلەی وەک نەسرینیشت بکەمە باخەڵ؟

ئەمە یەکەمجاری بوو ئەم قسەیەی ئاوەها بە زەق لێ ببیسم. ڕاستە لەوەبەر بەدەم گاڵتەوگەپەوە لەم بابەتە قسانەی لەگەڵدا دەکردم، بەڵام لەمەی ئەمجارەیم وەها هاتە زەینەوە، کە لە کانگای دڵییەوە دەریدەبڕێ و لە گاڵتەوگەپ بەدوورە، جگەلەوەی کە کیژۆڵە نەشمیلەکەشی بۆ دەسنیشان کردووم!

ئەمە چی دەگەیەنێ؟ هەر زوو ئەم پرسیارەم لە خۆم کرد، بەڵام من وەرامی پرسیارەکەی خۆمم پشتگوێخست و لە وەرامی

پرسیارەکەی ئەودا وتم:

– یەکەم، بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم هێشتا زۆرم ماوە. دووەمیش بۆ کیژۆڵە جوان و نەشمیلەکەش، هێشتا بە خەیاڵمدا نەهاتووە و بیر و هۆشم بەلایدا نەچووە.

کەچی ئەو دایە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ و پەنجەی نزیککردەوە لە دەمم و وتی:

– گەزە گـەزە!... ئەها کوڕەکەم هێشتا دانی دەرنـەکـردووە! ئەرێ تەمەنت چەندە؟... دەزانیت؟

ئاسایی وتم:

– ئا... شانزە ساڵ.

ئەو بە تەوسێکەوە وتی:

شانزە ساڵ و چوار مانگ... کۆن باووباپیرانمان لەم تەمەنەدا ژنیشیان دەهێنا و دەشبوونە خاوەنی ماڵ و منداڵ، کەمێک بێدەنگ بوو، کەمێکیش تیم وردبووەوە. ئینجا وتی:

– حەز دەکەم ڕاستم پێ بڵێیت... خەیاڵت بەلای ئافرەتدا ناچێ؟ یا بابڵێین: قەت خەیاڵت بـەلای نەسریندا نەچووە و بیرت لێ نەکردۆتەوە؟

لە دڵم چەسپی کە ئەم لێکۆڵینەوە و پرسیار و وەرامەی بێ مەلامەت نییە. هەستم کرد لە کوێوە قسە دەکا و مەبەس و نیازی چییە. دەیەوێ بزانێ ئاخۆ خاتوو شەیتان هاتۆتە دیدەنیم، یان نا!... هاتنەکەشی چۆنە و لە چ شێوەیەکدایە! دەشمزانی ئەمەی لە دڵسۆزیی و خۆشەویستییە هێجگار قووڵەکەیەوەیەتی بەرامبەر بە

من، کوڕی تاقانەیم و دەیەوێ بە هەموو شتێکم بزانێ و لە هیچ شتێکم غافڵ نەبێ. بۆیە پڕ بەدڵ حەزم دەکرد وەرامی ڕاستی بدەمە دەست و بڵێم: (ئا... ئا خاتوو شەیتان هاتۆتە دیدەنیم!... کتومت لە شێوەی گوڵچین خانیشدا، نەک نەسرین!... بیریش لەو دەکەمەوە، نەک نەسرین!).

بەڵام لەبەرئەوەی لە هەمان کاتدا گومانم لە دڵدا پەیدا بووبوو، کە ئەویش لە ناخی دڵی خۆیدا، با بە ئاستەمێکیش بێ، هەر بەلای ئەم وەرامـەدا دادەشکێنێ، نەک جۆرە وەرامێکی تر، بڕیارم دا خۆمی لێ گێل بکەم و وتم:

– من لەم قسانەت تێناگەم... نازانم مەبەستت چییە؟ ئیتر وەک ئان و سات گومانی لە بۆچوونەکەی خۆی لەلا پەیدابووبێ و خۆی وا ببینێ کە چاکتر وایە پاشەکشەی لێ بکا، گورج باسەکەی خستە قاڵبێکی ترەوە و لەگەڵمدا کەوتە پێکەنین و گاڵتەوگەپ و وەک هێشتا منداڵێکی ساوابم، سەرمی خستە ناو هەردوو لەپی دەستییەوە و بە پەرۆشەوە کەوتە ماچکردنی سەر و ڕووخسارم. دواجار بە دەنگێکی پڕ لە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە سەرلەنوێ وتی:

– کوڕە شیرینەکەم، بەعەیبی تێمەگە... من دایکتم و تۆش تاقەکوڕمیت. من هەر تۆم هەیت و ناچارم وەک گلێنەی چاوم بتپارێزم و گیانم بکەمە فیدای بەختیاری و شادمانی تۆ. هەر ساتێک لە ئاسوودەگیی ژیانی تۆ، تەمەنێکی پڕ لە شادمانی بە من دەبەخشێ.

کەمێک بێدەنگ بوو. بێدەنگییەکی پڕوچڕ لە کۆششی بیرکردنەوە و وردبوونەوەی بتپەرستێک لە بتەکەی. ئینجا ڕووی قسەی تێکردمەوە و وتی:

– خۆ من هیچی خراپم نەوتووە... تەنیا ئەوە نەبێ کە دەمەوێ بڵێم... بڵێم... هەستم کرد دوودڵە لە دەربڕینی ئەوەی دەیەوێ بیڵێ. من هانمدا. وتم:

– بیڵێ دایەگیان. فەرموو بیڵێ... دڵم لە لاتە.

– هەستم بەوەش کرد کە قسەکەی بە بارێکی تردا دەربڕی و وتی:

– گوایە تۆ تا ئێستا هیچت لە نەسریندا هەست پێ نەکردووە؟ وتم:

– وەکو چی؟

– وەک ئـەوەی کـە زۆر هـاتوچـۆی لای مـن دەکـا و بە دەوروپشتمدا دێ و تەنانەت لە ئیشوکاردا گەلێکیش یارمەتیم دەدا؟

– با ئاگام لێبیە... چی تریش؟

– زۆرجاریش باسی تۆم لێ دەپرسێ و کە تۆ لە ماڵ نابیت ژوورەکەت بۆ ڕێک دەخا. ئەوی ڕاستی بێ ئەرکی ژوورەکەی تۆ بەسەر شانی ئەوەوەیە.

من بێدەنگ بووم و حەپەسام. ئەو لە سەری ڕۆیشت و وتی:

– نەسرین تۆی زۆر خۆشدەوێ، دیارە منیشی هەر بەهۆی تۆوە خۆشدەوێ. خێزانەکەشیان زۆر خانەدانن و چەند ساڵێکە

دەیانناسین و دەزانین چەندە باشن. خۆ مرۆڤی خانەدانیش حەز بە خزمایەتیی خانەدان دەکا.

قسەکانی هێجگار بە سۆز و کاریگەر بوون. هەستم بەو داوە نەکرد کە تێیکەوتم کاتێ وتم:

– ئەو هێشتا منداڵە!

بە پێکەنینەوە لە وەراممدا وتی:

– منداڵە؟!... منداڵی چییە؟ تەنیا دوو ساڵ لە تۆ بچووکترە!

ئیتر من هیچی ترم بۆ نەوترا و ئەویش درێژەی نەدایە و باسەکەی گۆڕی.

•••

ئەم قسانەی دایکم بۆیان ئاشکراکردم کە تەقەللا دەدا زۆر زوو نەسرین بخاتە سەر ڕێگام. لەوەپێش هەستم بەوە کردبوو کە پەیوەندییە تووندەکەی نێوانیان، هۆیەکەی تەنیا لەبەر دراوسێییەتییەکە نییە، دایکم باسی خۆی بۆ گێڕابوومەوە، کە چۆن هێشتا تەمەنی یانزە ساڵان بووە داخوازییان کردووە بۆ باوکم، کە ئەمیش لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بووە. ئینجا ئیتر هەر هێندەی کەوتۆتە سەر و عوزر شتن، خێرا کراونەتە باخەڵی یەکتر. بۆیە وام هاتە پێش چاو کە ئەویش من و نەسرین بەهەمان ڕێگەدا دەبا.

(بەڵام ئاخۆ بۆچی بە تایبەتی لەم ڕۆژانەدا لەو کاری خێرییە بەپەلەیە؟ تۆ بڵێی بۆنی شتێکی کردبێ و ئاگادار بێ لەوەی

لەنێوانی من و گوڵچین خاندا ڕوو دەدا و ئەمە هانی بدا بۆ پەلەکردن؟! ئا... لەوە دەچێ ئاگاداربێ و بییەوێ بە تیرێک دوو نیشان بشکێنێ!... کە زۆرم بیر لە قسەکانی دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا لێی دەکۆڵیمەوە، دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە لێمان ئاگادارە و دەیەوێ بە نەسرین، لە داوی گوڵچین خان بمپارێزێ، بەڵام لەبەرئەوەی گەیشتن بەم ئەنجامە پەست و بێزاری دەکردم، هەر زوو خۆمم لێ پاشگەز دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا دەموت: (من بۆچی لە خۆڕایی خۆم بتوقێنم؟ کەی ئەو تا ئێستا قسەیەکی وەهای کردووە بۆنی ئەمەی لێ بێ؟ ئەو تەنیا نەسرینی مەبەستە و بیکاتە باخەڵم و هیچی تر).

بیر و هۆشم بەم بارەیاندا سرەوتی دەدا و دڵم دەحەوایەوە، زەردەخەنەیەکی گاڵتەپێهاتنیش بە ئەقڵی ساویلکەی دایکم دەکەوتە سەر لێوم و ئیتر باسەکەم فەرامۆش دەکرد... بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت.

لەملاوە وەها... لەو لای تریشەوە گوڵچین خان خراپ خۆی لێ زویرکردبووم. ڕۆژی دوای سەیرانەکە لە هیچ کونێکەوە دیاری نەبوو، نە لەلای دایکم، نە لە ناو کۆڵانەکە و نە لەبەر دەرگای خۆیان، تەنانەت نە لە حەوشە و هەیوانەکەی خۆیشیاندا، کە لە ژوورەکەی خۆمەوە چاوم بۆ گێڕا و هەر نەمبینی!

بەڵام لە دەمەدەمی عەسردا ئاگام لێبوو دایکم چوو بۆ لای. من لە لای خومەوە لە ژوورەکەمدا ئارامم لەبەر بڕاو کەوتمە سەرەتاتکێکردن بۆ ناو حەوشە و هەیوانەکەیان. ماوەی

سەعاتەوەختێکی ڕەبەق من بەسەرپێوە بووم و ئەوە پیشەم بوو، تا لە ئەنجامدا دایکم بەدیکرد لە دەرگای ژووری نووستنەکەیان هاتە دەرەوە و گەڕایەوە ماڵەوە، بەڵام زۆر سەرم سوڕما کە گوڵچین خانم نەدی لەگەڵیدا بێتە دەرەوە و بە ڕێی بکا. لە دڵم چەسپی کە دەبێ نەخۆش بێ و لە جێگەدا کەوتبێ. هەستی خۆ بەگوناهبار زانینەکەی ڕۆژی پێشووم، شاڵاوی بۆ هێنامەوە و تەوژمی پەژارە و خەفەتەکە دایگرتمەوە، خۆم پێ ڕانەگیرا. چوومە خوارەوە بۆ لای دایکم. ماوەیەکی زۆر خۆم خەریک کرد و هاتم و چووم، بەو نیازەی شتێکی لێ ببیسم، کەچی هیچی هەر نەوت، بەڵام کاتێ ڕووەو پیلکانە چووم و ویستم سەرکەومەوە سەرەوە بۆ ژوورەکەم. بە کەمتەرخەمییەکەوە ڕووی قسەی تێکردم و وتی:

– تۆ دەزانیت گوڵچین خان نەخۆشە و لە جێگەدا کەوتووە؟

بێ ئەوەی هۆشم بەخۆمەوەبێ، لەسەر پیلکانەی یەکەم ڕەق ڕاوەستام، بە خێرایی ئاوڕم دایەوە بە لایدا و پرسیم:

– بۆچی؟... چییەتی؟

– لە وەرامدا، بێ ئەوەی بە هیچ کلۆجێ شێوەی دەم و دووی خۆی بگۆڕێ، وتی:

سەرمای بووە... دوێنێ لە سەیرانەکە سەرمای بووە! دووبارە بێئەوەی لە خۆم بە ئاگابم، لێم پرسی:

– ئەی ئێستا چۆنە؟

ئەمجارەیان سەرێکی بۆ بەرزکردمەوە و سەرنجێکی خێرای دامێ و بەڵام دیسان بە کەمتەرخەمییەوە، وتی:

- تایەکی قورس دایگرتووە و سەری زۆر دێشێ.

بە دوایدا ئیتر لە سەری نەڕۆیشتم. وەک بڵێی لە ناخدا هەستم کردبێ کە زیاد ڕۆیشتووم، پشتم تێکرد و سەرکەوتمە سەرەوە بۆ ژوورەکەم. لەوێ کە پێدا چوومەوە، بەخۆم زانی کە کارم لە کار ترازاندووە و بەشێکی زۆرم لە هەست و نەستی خۆم بەرامبەر بەو نەخۆشکەوتنەی گوڵچین بۆ دایکم دەربڕیوە.

بەهەرحاڵ لەو نەخۆشکەوتنەی زۆری نەخایاند و هەر بۆ ڕۆژی دوایی کەوتەوە سەرپێ و دەستی کردەوە بە هاتوچۆکردنەکەی جارانی بۆ لای دایکم و بەڵام تەنیا بۆ لای دایکم!

لە کاتێکدا دەمدی بە دەستووری ڕۆژانی یەکەمی هاتنیان، تەواو من پشتگوێ دەخا و وەها خۆی نیشاندەدا کە لە بوون و نەبوونم بێ ئاگابێ! نە سەری دەدا لە ژوورەکەم، نە دەیدواندم، نە سەرنجی دەدامێ، تەنیا هێندە نەبێ کە وەک شتەکە ناچاریی بێ، لە پێش چاوی دایکم خۆش و چۆنییەکی ساردی لەگەڵدا دەکردم و هیچی تر!

لەو ڕۆژانـەدا کە لە دڵی خۆمدا لەم بـارە نوێیەی باسەکە دەدوام، هەست و نەستی خۆمم بە تەواوی بۆ یەکالا نەدەکرایەوە، نەمدەزانی ئایا ئەم گۆڕانەم لە گوڵچین خاندا پێ خۆش بێ، یان نا؟! یا ئایا منیش وەک ئەو ڕەفتار بکەم، یاخود بە پێچەوانەوە؟

لەو ڕۆژانـەدا کە بە چاوی ترس و سام و پاشەڕۆژی ڕەش دەمڕوانییە ئەو پەیوەندییەی نێوانمان، ئەو وەزعەیم لێ خۆشدەهات و بڕیارم دەدا منیش وەک ئەو بکەم، بەڵام وەکی تر کە بە چاوی حەز و ئارەزووم و خەیاڵی بەتام و کام تێمدەڕوانی، ئەوا بە پێچەوانەوە زۆر پەست و خەفەتبار دەبووم و بەلای ئەوەدا دامدەشکاند کە من خۆمی تێهەڵسووم. ئینجا لەبەرئەوەی هەرچەندە تینم دەدایە بەر خۆم و لەم ڕووەوە هیچ هەنگاوێکی کاریگەرم بۆ نەدەنرا، باسەکە وەک خۆی دەمایەوە کە بریتی بێ لە زویربوون لە لای گوڵچین خانەوە و ئەندێشە و تازارچەشتنیش لە لای منەوە.

سەرباری هەموو ئەمانە، ترسیش لە دایکم دڵمی تەنیبوو. لەو کاتەوەی ئەو قسانەی بۆ کردم، ئیتر دەبوو بەوردیی ئاگاداری لای ئەویش بم و وریابم. لەگەڵ ئەوەشدا هەر بێ سوود بوو.

ئەو گۆڕانەی گوڵچین و هەر لە هەمان کاتدا ئەو پەژارەوارییەی منیش، لەوە نەبوو هەروا بە ئاسانی لە مرۆڤێکی وردبینی وەک دایکم بشاردرێتەوە. ڕۆژێکیان زۆر لەڕوو نایە مشتمەوە و وتی:

– ئـەم ڕۆژانـە زۆر خەفەتبار و بێ تاقەت دەتبینم!... خۆ خوانەخواستە ناساغ نیت؟ گورج لێی هاتمە وەرام و وتم:

– نەخێر... زۆر سەعی دەکەم، تەنیا مانگ و نیوێکمان ماوە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ و دەمەوێ چاک خۆمی بۆ ئامادە بکەم.

بـەڵام ئـەو لـەوە نـەدەچوو بـەم دووعـایـە بڵێ ئامین! لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

زۆر خۆت ماندوو مەکە... کە نەخۆشکەوتیت سمێڵیشی دەنێیتە بان!

بە دوایدا کەمێ بێدەنگ بوو. دیاربوو گەلێ قسەی تری پێیەو بەڵام دەیەوێ پێش دەربڕینیان هەڵیانبسەنگێنێ. بۆیە کە کەوتەوە قسە، زۆر هێمنانە و بێ ئەوەی سەیرم بکا، وتی:

– بەینتان لەگەڵ گوڵچین خاندا وەک جاران خۆش نییە!

ئەو قسەکەی وەها کرد کە زۆر سادە و ساکار بێ، بەڵام من وەهام وەرگرت کە کوتەکێک بێ بسرەوێنرێتە گزگلاگەی گوێم. قسەکەی زۆری دەگەیاند و لە بنی هەمانەکەی دەدا. لە دڵی خۆمدا وتم: (من بزانم زویربوونەکەی شتەکەی زیاتر لە لا ڕوونکردۆتەوە). لەبەرئەوە لەو ساتەدا ڕقم زۆر لە گوڵچین خان هەڵسا. هەر لە دڵی خۆمدا وتم: (خەتاکە لەوەوەیە). ئیتر هەر بە دەم تەوژمی ڕق و کینەکەی ناو دەروونمەوە، بە نیمچە تووڕەبوونێکەوە لە وەرامیدا وتم:

– من تێناگەم تۆ بۆچی ئەوەندە لە بارەی گوڵچین خانەوە دەمدوێنی؟

بەخۆم نەزانی کە بەم وەرامە خۆم خستە چ هەڵەیەکی گەورەوە. ئەو لە لای خۆیەوە، سەرێکی پڕ لە سەرسوڕمانی لێ بەرزکردمەوە و کەمێک تیم وردبووەوە. ئینجا وتی:

– کەی من دەربارەی گوڵچین خان تۆم دواندووە؟! ئەوەشی ئێستا وتم، پرسیارێکی بێبایەخ بوو کردم، یا نەمکرد!

خەریک بوو لە داخ و لە پەشیمانیدا پەنجەی خۆم بگەزم.

دایکم ڕاستی دەکرد، من سەرم لێ شێوابوو. من وەها چەسپیبووە مێشکم کە لەوەبەر هەرچەند دواندوومی، هەر دەربارەی گوڵچین خان بووە. دڵی خۆم بە ترس و سامێکی وەها قانگ دابوو، کە هەر هێندەی ئەو ناوی گوڵچین خان بێنێ، یا تەنانەت ناوی ژنهێنان و شووکردن و ئافرەتیشم لا بهێنێ، ئیتر من وەهای تێبگەم کە دەیەوێ پەنجە بکا بە چاومدا و بڵێ: (نەکەی!...).

من حەپەسام!... هیچ قسەیەکی ترم پێ نەکراو کڕوکاس بووم. زۆریش پەشۆکام و شڵەژام بۆیە ئەو لەسەر پیشەی خۆی، باوەشی کرد بە سەرمدا و بە پەرۆشەوە کەوتە ماچکردنم. تا بە دەم نەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– ماوەیەکە دڵت زۆر ناسک بووە!... زوو تووڕە دەبیت و هەڵدەچیت!

ئیتر وەختێک بە تەنیا مامەوە، کەوتمە پێداچوونەوەی ئەوەی وترا و ڕوویدا. جارێک و دووان و سیان پێداچوومەوە و لە هەموو جارێکدا دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هەڵەیەکی گەورەم کرد و بەڵگەیەکی گەورەم دا بە دەستەوە.

●●●

هەر لەو ڕۆژانەدا، نەسرین بەشێوەیەکی سەبر پەتی پچڕی و کەوتە جموجووڵ! بە ئاسانی هەستم دەکرد کە دایکم هانی دەدا و ڕێگای بۆ خۆش دەکا. لەسەرەوە لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم و خەریکی سەعیکردن بووم، کاتێ بە دەستووری هاتنەکەی گوڵچین خان هات بۆ لام و بۆ یەکەمجار بە تەنیا ڕووبەڕووی

یەکتر بووینەوە. ئەو زۆر شڵەژابوو. لە شەرمدا خوێن هورووژمی بردبووە سەر و ڕووخساری. دەلەرزی و دەمی گۆی نەدەکرد قسە بکا. بۆ ماوەی چەند ساتێک لەودیو دەرگاکەوە لەسەر ئەو بارەی بەبێ ورتە و جووڵە دۆشداما، تا لە ئەنجامدا تینی دایە بەر خۆی و پچڕ پچڕ وتی:

– هاتووم... ژوورەکەت... بۆ پاک بکەمەوە.

ئەو بەم شێوەیە هات و ئەوە حاڵی بوو، بەڵام من کە بە هیچ جۆرێ دەربەسی ئەم هاتنەی ئەو نەبووم و لام مەبەس نەبوو، بەرامبەری ساردوسڕ بووم و هیچ هەست و نەستێکی لە دڵمدا نەبزواند. لەبەرئەوە بە تەوسێکەوە پێم وت

– بچمە خوارەوە تا پاکی دەکەیتەوە؟

من قسەکەم وەها کرد کە گوایە وەرامەکەی بۆ ئەو چ بە (ئا)و چ بە (نەء) کارێکی گەلێ زەحمەت و ستەم دەبێ، کەچی هێجگار سەرم سوڕما لەوەی کە سەرەڕای ئەو وەزعە ناهەموارەشی، وەرامێکی هۆشمەندانەی بۆ خۆی دۆزییەوە و وتی:

– ئارەزووی خۆتە!

بێگومان ئەمە لەگەڵ وەرامی (نەء)دا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە وەرامی ڕاستەوخۆی و (نەء) پێ ڕزگارکرد، لە حاڵەتی وەهادا هەرگیز لە زاری هیچ کیژێک نایەتە دەرەوە.

ئیتر ئەوی ڕاستی بێ من لەو ساتانەدا لە دڵدا سوور نەبووم لەسەر هەڵاتن لە دەستی. بۆچی لێی هەڵبێم؟! چی لە منە!...

کیژۆڵەیەکی نەشمیلەی خڕوخەپانی جوان و بەپێی خۆی هاتۆتە لام. چی تێدایە!... قسەیەکی خۆش، زەردەخەنەیەکی شیرین، سەیرکردنێکی ئارەزوومەندانە، چی تێدایە! ئا... هەروا سووک و ئاسان ڕێگەم بۆ خۆم خۆشکرد و ئەم دەرگایەشم لەسەر خۆم خستەسەر پشت. زۆر بە پەرۆشەوە کەوتمە سەرنجدانی سەرتاپای سەر و ڕووخسار و بەژن و باڵای. وەک ئەمە یەکەمجارم بێ ببینم و وەک کیژێکی هێجگار ناسک و نازدار و شۆخ و شەنگ بکەوێتە بەرچاوم، پەیتا پەیتا لە دڵی خۆمدا دەموت: (ئەم هەموو جوانییەی تا ئێستا لە کوێ لێ شاردبوومەوە؟! ئەم هەموو شۆخ و شەنگییەی چۆن لێ حەشاردابووم؟!).

ئارەزووی دواندنیم لێهاتە جۆش، مێشکی خۆمم زۆر هەڵوشی تا قسەیەکی لەبارم دۆزییەوە و سەردەقم پێ شکاند. لێم پرسی:

- بۆچی نەچوویتە قوتابخانە؟

ئەو کاتە ئەویش هێوربووبۆوە. ئاسایی وتی

- من زۆرم حەز دەکرد... باوکم نەیهێشت. دەیوت کچ نابێ بچێتە قوتابخانە، چونکە حەرامە!

- من لە جێی تۆ بوومایە هەر بەزۆر دەچووم.

- چۆن دەبێ!... یانی تۆ لەجێی من بوویتایە قسەی باوکتت دەشکاند؟

- لەبەرئەوەی بەلایەنی چاکەدایە... ئا...

- تۆ کوڕیت شتی وا بە کوڕ دەکرێ... بەڵام لە دەس کچ نایەت!

کەمێک مات بوو. ئینجا وتی:

– ئەی ئێستا ناتوانم بخوێنم؟

لە وەرامیدا سەرێکم لێ بادا و وتم:

تازە تێپەڕی... ماوەی خوێندنی قوتابخانەت نەماوە، بەڵام ئەگەر مەبەست خوێندەواریی بێ، لە هەر وەختێکدا بێ دەتوانیت فێری ببیت.

گەشکەیەک کەوتە سەر ڕووخساری و هەر خێرا وتی:

– بە مەرجێ یەکێک هەبێ فێرم بکا.

بە سەرزاریی وەهای وت، بەڵام ئاشکرابوو کە لە دڵدا دەیوت: (بە مەرجێ بکەومە لای تۆ فێرم بکەیت!). من لە وەرامیدا دام بە دەمییەوە و وتم:

– ئەگەر خۆت ئارەزوو بکەیت، ئەو یەکە هەر دەبێ. ئەویش گورج زەردەخەنەیەکی فراوانی دا بە ڕوومدا و وتی:

– من پڕبەدڵ حەز دەکەم کە تۆ فێرم بکەیت.

بۆ وەرامدانەوەی گیرم خوارد بڵێم چی!... ئا، یا نەء!... دواجار وتم:

لە ئێستادا نەء... خۆت دەزانیت تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵمان نزیکبۆتەوە و دەبێ سەعی بکەم، بەڵام لە هاویندا ئامادەم.

ئەو ساتە دەمێکبوو لە پاککردنەوەی ژوورەکە بووبووەوە، بەڵام هەر هێندەی گەیشتینە ئەم ئەنجامە، ئیتر وەک هەموو شت ڕابیێتەوە، هیچ نەمابێ پێویست بکا بۆی بمێنێتەوە، جێی هێشتم و چووە خوارەوە، هەر یەکسەریش تریقەی پێکەنینیم لەگەڵ دایکمدا

هاته بەرگوێ. هەستم کرد تریقەی پێکەنینی سەرکەوتنیانە و لە زاریانەوە دەردەپەڕێ و بەرزدەبێتەوە و دەگاتە بەر گوێم.

کە نەسرین ڕۆیشت، دایکم سەرکەوتە سەرەوە بۆ لام و بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕماناوە وتی:

– نەسرین دەڵێ بڕیارت داوە فێری خوێندەواریی بکەیت. ڕاست دەکا؟

وتم:

– ئا بەڵێ... ڕاست دەکا، بەڵام ئێستا نا... لە هاویندا.

– ئینجا هەر بە دەم وەرامەکەمەوە، من لەوم پرسی:

– چاک ناکەم؟!

لە وەرامدا وتی:

– نەک هەر چاک دەکەیت، بەڵکو خێریشت دەگا.

●●●

## (٧)

زویربوونەکەی گوڵچین خان درێژەی کێشا. تەنانەت چوومە سەر ئەو باوەڕەی کە کار لە زویربوونیش تێپەڕی کردووە، چۆتەوە دۆخی جارانی و دەقی ڕۆژانی سەرەتای هاتنیانی گرتۆتەوە. هەرچەند ڕێکەوتیم دەکرد، وەک بتێک دەکەوتە بەرچاوم و هیچ جۆرە هەست و نەستێکم لە ڕووخساریدا نەدەخوێندەوە، هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆیشی نەدەدا بە دەستەوە، کە

تەنیا تروسکاییەکی باسەکەی لەمەڕ خۆمانی تێدا تیشک بداتەوە. بگرە هاتوچۆکردنیشی بۆ لای دایکم هێجگار کەمکردبووەوە و لە سێ چوار ڕۆژدا جارێک سەری لێدەدا و ئەویش هەروا بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک، بەڵام تاقە کرداری کە هێشتا لە ئاستی مندا لەسەری دەڕۆیشت، وشکە خۆش و چۆنییەکی سەرپێیی بوو. کە لەگەڵیدا دەکردم و ئیتر خێرا پشتی تێدەکردم و خۆی لێ لادەدام. ئەمە لەکاتێکدا کە بە ئاشکرا هەستم دەکرد ئەو وشکە خۆش و چۆنییەشم تەنیا لەپێش چاوی دایکم لەگەڵدا دەکا، دەنا کە بە تەنیا دەیدیم، ئەوەشی نەدەکرد.

من لە سەرەتادا لەم هەڵگەڕانەوەیەی و ئا بەم شێوەیە سەرسام بووم و لام ستەم بوو. لە دڵی خۆمدا دەمووت: (تۆ بڵێی بە ڕاستی بێ، یا نەخشەیەکی تایبەتییە و خۆئامادەکردنە بۆ شاڵاوێکی تر؟ یا تۆ بڵێی مەبەستی نازکردن و گرتێبەردانی دڵ و دەروونی من نەبێ؟!). دواجار لە وەرامی خۆمدا دەمووت:

(بەڵێ... گومانم نییە کە ئەمە نەخشەیەکی تایبەتییە... کە ئەمە پیلانە... کە ئەمە نازونووزی خۆشیرینکردنە! کەوابوو بەڕاستی نییە... ئا بەڕاستی نییە...).

بەڵێ... لە سەرەتادا وەهای بۆ دەچووم و وەهام لێکدەدایەوە، بەڵام کە هەر درێژەی کێشا، وردە وردە کەوتمە گومانەوە و لە دڵی خۆمدا دەمپرسی: (بەڵام بۆچی؟!... بۆ ڕاستی نەبێ و بۆ وەها نەگەیەنێ کە هۆشی هاتبێتەوە بەر خۆی و لای ڕوونبووبێتەوە کە یاریی بە ئاگر دەکا؟)، ئیتر وام لێهات کە هەر

کاتێ باسەکەم بەملایەدا دەشکاندەوە، ئارەزووەیەکی بەجۆش لە ناو دەروونمەوە و حەزێکی بێ ئەندازە لە ناخی دڵمەوە دەبزوا، بۆئەوەی کە گوڵچین خان بەڕاستی نەبێ... بۆئەوەی کە ناز و نووزی خۆشیرینکردن بێ... کە هێمنیی پێش شاڵاوێکی تر بێ و بەزووترین کات ڕووبداتەوە، کەچی ڕۆژ هات و ڕۆژ تێپەڕی و گوڵچین خان هیچ بەڵگەیەکی نەدا بە دەستەوە وا بگەیەنێ کە کار بە پێی ئەو حەز و ئارەزووەی من هەڵبسووڕێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، تا دەهات تەوژمی ئەو حەز و ئارەزوومی کز و بێ هێز دەکرد و تا دەهاتیش ئەو باوەڕەی پتر لا پتەو دەکردم، کە کار لە زویربووندا نەماوە و چۆتەوە دۆخی جارانی... دۆخی ڕۆژانی سەرەتای هاتنیان، وەک هیچ ڕووی نەدابێ و هیچ نەقەومابێ!

ئەم کەینوبەینە پتر لە سێ هەفتەی پێچوو. لەو ماوەیەدا من بەردەوام مێشکی خۆمم دەکرۆشت و هەمیشە پرسیارێک وەک دەرزی دەچەقییە بیر و هۆشم، وەک کوتەک دەیدا بە کەللەی سەرمدا... چیم دەوێ لە گوڵچین خان؟ کە بەراوردێکی خۆمم لەگەڵ تەنیا سێ مانگ و نیو لەوەبەرمدا دەکرد، خۆمم بە شێوەیەکی تر دەدی... شێوەیەکی زۆر جیاواز لەو وەختەم. دەتوت تێکدراومەتەوە و مرۆڤێکی نوێم لێ دروستکراوەتەوە. زۆر تەقەللام دەدا پەنجە بخەمە سەر ئەو جیاوازییە و شێوە تازەکەم دەسنیشان بکەم. هەموو جارێکیش ئەم تەقەللادانەم دەیبردمەوە سەر پرسیاری: چیم لە گوڵچین خان دەوێ؟!

من دەزانم، کە ئەگەر وەرامی ڕاست و دروستی پرسیارەکەم لە خۆم حەشار نەدایە، هەر زوو دەگەیشتمە ئەنجام و جیاوازییەکە و شێوە تازەکەی خۆمم بەدی دەکرد، بەڵام گوڵچین خان بەو هەڵگەڕانەوەیەی و بەو بەردەوامییەی لەسەر باری ساردوسڕیی و کەمتەرخەمییەکەی، تا دەهات وەرامە ڕاست و دروستەکەی پرسیارکەی لە ناخی دڵمدا دەپووکاندەوە. تا دەهات ئەو بیروڕایەی لە مێشکمدا کپ دەکرد کە گوایە دەتوانم ئەو جیاوازییە و ئەو شێوە تازەیەم، لە ناو جۆشوخرۆشی هەست و نەستی ئەو و دواجار لەسەر تەختی شانۆی لەشی ئەودا بەدی بکەم.

بەم جۆرە، دوای ئەندێشە و ئازارێکی دەروونیی توونودتیژ، منیش بەناچاریی ملم دا بۆ ئەو ئەنجامەی کە گوڵچین خان چۆتەوە دۆخی جارانی... کە ئەوەی ڕوویدا گڕ و کفێک بوو، کوژایەوە و شوێنەواری نەما! بە دوایدا ئیتر وردە وردە سرەوت و ئارام پەلی هاویشت بۆ ناو دڵ و دەروونم و ئەو تەمومژەی جارانی تێدا ڕەواندەوە. تا وام لێهات لە دڵی خۆمدا دەموت: (ئەوچاتر کە باسەکە بەم بارەدا شکایەوە و وەها کۆتایی هات... کە لە داوێنپیسی و بەدڕەوشتی ڕزگاربووم و بە پاکی و بێگەردییەکەی خۆم مامەوە. بەس نەبوو هەڵنەخلیسکامە ناو ئەو زەلکاوەوە!... بەس نەبوو! من دەبێ زۆریش مەمنوونی گوڵچین خان بم کە زۆر زوو بە فریای خۆیشی و منیش کەوت و نەیهێشت ئەو داوێنپیسییەمان لێ ڕوو بدا).

●●●

هەر لەو ماوەیەدا نەسرین لەسەر پرۆگرامی خۆی بەردەوام بوو. لەوەبەر کە نیازی تەنیا یاریدەدانی دایکم بوو، ژوورەکەمی لە وەختێکدا بۆ ڕێکدەخستم کە من لەوێ نەبم، بەڵام لەو ڕۆژەوەی بۆ یەکەمجار هات و خۆم لەوێ بووم، ئیتر تا من لەوێ نەبوومایە، قەت خۆی لە قەرەی بەجێهێنانی ئەو ئەرکە نەدەدا. ئەوەبوو ئەو ڕۆژە من سەردەقی گفتوگۆکردنم لەگەڵدا شکاند، دەنا ئەو دەمی چووبووە کلیلە، کەچی لەوە بە دواوە هەر هێندەی پێی دەنایە ناو ژوورەکەمەوە، ئیتر بە جۆرێک زمانی لێ بەرەڵڵا دەکردم، نەعوز و بیللا! قسەکانیشی هەموو بێ سەر و شوێن بوون و هیچیان بەسەر هیچیانەوە نەبوون!

من لە سەرەتادا و بە تایبەتی کە هێشتا لەگەڵ گوڵچین خاندا نەگەیشتبوومە ئەو ئەنجامە، نەمدەدا بە دەمییەوە و زۆر خۆم بۆ شل نەدەکرد، ئەگەرچی خۆیشم لێ لا نەدەدا و کارێکی وەهام نەدەکرد لێم تەرە ببێ! بگرە دەتوانم بڵێم کە تا ڕادەیەک ئارەزوویشم بە لایدا دەچوو، جگەلەوەی کە لالووتییەکەی گوڵچین خان لەو ڕۆژانەدا دەبووە هاندەر بۆم، وەک بڵێی بۆ ژیانم بووبێتە بۆشاییەک و نەسرین بۆمی پڕبکاتەوە! زۆر سەیر بوو! کە لەم حاڵەی خۆم ورد دەبوومەوە پێکەنینم بە خۆم دەهات. لە دڵی خۆمدا دەمووت:

(ئای!... گوایە وام لێهاتووە کە بەبێ ئافرەت هەڵنەکەم؟! ئەگەر ئەویان نەبێ، ئەم؟).

بەڵام کە لەگەڵ گوڵچین خاندا گەیشتین بەو ئەنجامەی کە گەیشتین، ئیتر ڕووکردنم لە نەسرین و خۆبەدەستەوەدانم لە ئاستیدا، بووە کارێکی ئاسایی و لە بیر و هۆشمدا جێی خۆی کردەوە. هەروەکو ئەویش لەلای خۆیەوە هێندە چاوی کرایەوە و شارەزایی پەیداکرد کە بتوانێت و بزانێت چۆن سوود لەم هەلە لەبارە وەربگرێت. تەنانەت وای لێهات کە لەنێوانی قسە و باسەکانییەوە، کەمەکێ هەست و نەستی دڵدارانەشم بۆ دەرببڕێ و تەقەللای بزواندنی حەز و ئارەزووە نێرینەییەکەشم بدا، چ بە نازکردن و چ بە نواندنی لەشولاری. ئەمە جگەلەوەی کە هەوڵی دەدا لە کۆڕێکی تریشدا بجەنگێ و لەوێشدا سەرکەوتن بەدی بێنێ! جارێکیان بە دەم قسە و باسەوە هێرشێکی ئاشکرای کردە سەر گوڵچین خان و وتی

– چارەیم لا گرانە!

ئەوی ڕاستی بێ من ئەگەرچی خۆم بەو ئەنجامە گەیاندبوو، کە ئیتر هیچ دەربەسی گوڵچین خان نەیەم، بەڵام لە دڵدا ئەم قسەیەیم گەلێک پێ ناخۆش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دانم بە خۆمدا گرت و لێم پرسی:

– بۆچی؟

بۆ وەرامدانەوەم کەمێک سەری هێنا و برد و ئینجا وتی:

– چونکە ئەو هەر لە خۆڕایی ڕقی لە من هەڵگرتووە!

– چۆن؟.

ئاسایی لە وەرامدا وتی

– بـەوەدا کە لێم لالـووتـە و قسـەم لـەگـەڵدا نـاکا. لـە هەر شوێنێکیشدا منی لێبم، ئەو لێی دانانیشێ، یاخود هەڵدەستێ و دەڕوا.

ئـەم قسانە سەرسامیان کـردم و سـەرلەنوێ خستمیانەوە گێژاوی بیرکردنەوەوە لە گوڵچین خان و لە ڕەفتاری. هەر خێراش پرسیارێکی پڕ لە مەترسی لە مێشکمدا هەڵتۆقی و وتم: (ئایا ئەم ڕەفتارەی بەرامبەر بە نەسرین چی دەگەیەنێ؟!). پرسیارەکەم بە پەرۆشییەکی کوتوپڕەوە لە خۆم کرد، کەچی وەک حەز نەکەم، یا لەلام ستەم بێ، یا چاکتر وابێ کە خەفەبێ، هیچ تەقەللایەکم لەگەڵ خۆمدا بۆ وەرامدانەوەی نەدا و بگرە هەر زوو ڕووی قسەم کردە نەسرین و وتم:

– تۆ وەهای تێدەگەیت... من بڕوا ناکەم وەها بێ. گوڵچین خان ئافرەتێکی دڵپاکە و ڕق لە کەس هەڵناگرێ. ئیتر ئەو وەک بییەوێ لە تەقاندنەوەی ئەم باسە پاشگەزببێتەوە و شوێنەواری بسڕێتەوە، وتی:

– خۆ من هیچ خراپەیەکم بۆی نەبووە و هیچ دوژمنایەتییەکیشم لەگەڵیدا نییە. منیش هیچ ڕقێکم لەو نییە.

دوای ئەوە من هیچی ترم نەوت و لەوێش لەلای خۆیەوە، وەک ئەم بێدەنگییەی منی بۆ بووبێتە هەلێکی لەبار، گورج باسەکەی گۆڕی!

•••

وەختێک دایکم دڵنیابوو کە لەگەڵ نەسریندا بە تەواویی سەر و ڕوومان لەگەڵ یەکتردا کراوەتەوە و پەیوەندیمان ڕوو لە پەرەسەندن و پتەوبوون دەکا، بۆ جاری دووەم باسەکەی هێنایەوەکایە و وتی:

- دەتبینم لەگەڵ نەسریندا ڕێکیت!

من لە وەرامدا بە نیمچە تەوسێکەوە وتم:

- جا حەز ناکەیت؟!

ئەو وەک بە چاکی لە مەبەستم گەیشتبێ، وتی

- حەزی من لە حەزی تۆیە!

بە دوایدا کەمێ بێدەنگ بوو. لەوە دەچوو قسەیەکی ڕاستەوخۆی بێ پێچ و پەنای لە دڵدا بێ و بییەوێ دەری ببڕێ و بەڵام نەزانێ چۆنی بخاتە ڕوو! لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەنجامدا وتی:

- تۆ نەسرینت چۆن دێتە پێش چاو؟ دەمەوێ بڵێم: چۆنی تێدەگەیت! هەر بە ئەنقەست خۆم لە پرسیارەکەی گێل کرد و وتم:

- دراوسێیەکی باشە... دایکمی زۆر خۆشدەوێ...

لەبەر خاتری دایکم، جاروبار دێت دەستێک بە ژوورەکەی منیشدا دێنێ و بۆمی ڕێکدەخا. لەبەرئەوە بە لامەوە کچێکی چاکە و من دەبێ زۆر سوپاسی بکەم!

ئەو دایە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ... پێکەنین بەم وەرامە ساکارەی من و هەر بە دەم کوڵی پێکەنینەکەیەوە وتی:

- من مەبەستم ئەوە نییە.

هیچ خۆم تێک نەدا. هەر بەو ساکارییەوە لێم پرسی:

– ئەی مەبەستت چییە؟

ڕەفتارە ساکارەکەی دوای ئەم پرسیارەم سەرسامی کردم! قەت ئەوە دایکم نەبووە و قەت وەهام پێدا ڕانەدەپەرموو! هات و هەردوو ڕوومەتمی خستە ناو هەردوو لەپی دەستییەوە. بەوپەڕی دڵسۆزیی دایکانەی خۆیەوە، بەدەم زەردخەنەیەکی هێجگار گەشەوە، ناوچەوانم و ئینجا ڕوومەتی لای ڕاستم و ئینجا ڕوومەتی لای چەپمی ماچ کرد و هەروەها بەوپەڕی گەشکەدارییەوە وتی:

– مەبەستم ئەوەیە کە ئاخۆ بەلاتەوە جوانە، یاخود ناشیرینە؟ زیرەک و وریایە، یا تەمەڵ و گێژ و حۆلە؟

بە وێڵ و وسووڵە، یاخود... یاخود... ئیتر ئاوا!... مەبەستم لەم شتانەیە... لەم شتانە!

ئەوی ڕاستی بێ لێرەدا منیش ئیتر خۆم پێ ڕانەگیرا و دامە پێکەنین، پێکەنین بەم شێوە سەیرەی گفتوگۆکەمان. بە دەمیشییەوە وتم:

– کەوابێ، ئا بەڵێ... جوانە... زیرەک و وریایە... بە وێڵ و وسووڵە... ئینجا قسەیەکی خۆیشمم خستە سەر و وتم:

– بەشی خۆیشی فێڵباز و جانانەیە!

دایکم بەم قسەیەم هێندەی تر جۆشی سەند و پەیتا پەیتا دەیوت:

– هەموو هەر وەهان... هەموو وەهان!

ئیتر هەردووکمان بۆ ماوەیەکی کورت کشومات بووین، تا ئەو لە ناکاو کەوتەوە قسە و ڕاستەوخۆ وتی:

– باشه چۆنه بچم خوازبێنیی بکەم بۆت؟

قسەی خۆمان بێ من هەر لە سەرەتای گفتوگۆکەمانەوە گومانم پەیدا کردبوو کە بۆ شتێک لەم بابەتە بچێ، بەڵام چاوەڕوانم نە دەکرد ئاوەها بە زەقی و ڕاستەوخۆ پێمی بڵێ.

ڕاستە من لەو ڕۆژانەدا ڕووم لەوە کردبوو بەلای نەسریندا بشکێمەوە، بەڵام من لەم باس و خوازەدا تازە خەریکبووم باڵەفڕە دەبووم. بۆیە دوای کەمێ بیرکردنەوە وتم:

– دایـە... تۆ پێش مـاوەیـەک جارێکی تریش قسەیەکی لەم بابەتەت کرد و من پێم و تیت کە هێشتا قوتابیم و دەخوێنم و هێشتا زۆریشم ماوە خوێندن تەواو بکەم. تۆ... نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. خێرا وتی:

– من وتم خوازبێنی بکەم، نەموت بۆتی بگوێزمەوە. ئێستا تەنیا نیشانەی دەکەین و دەیبەستینەوە، تا خوێندنەکەت تەواو دەکەیت.

– تۆ دەزانیت چەندم ماوە خوێندن تەواو بکەم؟

– دەزانم.

– جا ئەم بەستنەوەیەمان بۆ ئەو هەموو ساڵانە لەپای چی؟

– ئێ چ زەرەرێکی هەیە؟

– بەڵکو لەو ماوەیەدا یەکێکمان پەشیمان بووەوە.

– ئەو حەدی نییە شتی وای لێبوەشێتەوە. بۆ تۆش... قسەکەم پێ بڕی. وتم:

– بۆ منیش هەر حەدم نییە... وانا؟

من بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، بەرەو توورەبوون چووبووم و دەنگم لێ هەڵبڕیبوو. بۆیە ئەو لە لای خۆیەوە، بەدوای ئەم قسەیەمدا ڕاپەڕییە سەرپێ و بەدەم هەنگاونانەوە بەرەو دەرگاکە وتی:

- ئارەزووی خۆتە کوڕم... ئارەزووی خۆتە.

بەڵام پێش ئەوەی پێ بنێتە دەرەوە، هەڵوێستێکی بۆ کرد و وەک گەیشتبێتە تینی و زۆر تەنگەتاو بووبێ، بە زەلیلییەکی تێکەڵ لە تەوسەوە وتی:

- دوێنی وام لە ژنانی ناو کۆڵانەکە و لە گوڵچین خانیش گەیاند کە ئەمڕۆ دەچینە خوازبێنی نەسرین بۆ جەنابت!... سا وا ئەم درۆیەشم بە خۆم کرد!

ئەو ئیتر جێی هێشتم و چووە خوارەوە و منیش مێشک و بیر و هۆشم ئاڵایە قسەکەی و بە تایبەتی ناوهێنانەکەی گوڵچین خان، بەڵام لەبەرئەوەی لە خۆم دڵنیا بووبووم کە ئەوەی لەنێوان من و گوڵچین خاندا ڕوویدا، شوێنەواری لە دڵمدا نەما و بەسەرچوو، زۆر لەسەر ئەو قسەیەی دایکم نەوەستام و زوو لە مێشکی خۆمم دەرپەڕاندە دەرەوە.

●●●

(٨)

هەر بۆ ڕۆژی دوایی، دەمەدەمی عەسر بوو، دایکم وتی:

سەرێکی ماڵی ئاسکۆڵی خوشکت دەدەم. ئەگەر چووینە دەرەوە کلیلەکەم لای دایکی نەسرین بۆ دابنێ.

بێ ئەوەی سەر لە کتێبەکەی بەردەمم هەڵبڕم، وتم:
– باشە.

ئیتر زۆری پێ نەچوو دەنگی کردنەوە و پێوەدانەوەی دەرگاکەی حەوشەم هاتە بەرگوێ... بەڵام هەر دوای ماوەی جگەرەکێشانێک، سەرلەنوێ دەنگی کردنەوە و پێوەدانەوەی دەرگاکەم هاتەوە بەر گوێ. من وەهام دانا کە دەبێ دایکم بێ شتێکی لەبیر چووبێ و بۆی گەڕابێتەوە. لەبەرئەوە گوێم نەدایە و هەر لەسەر خوێندنەوەی خۆم بەردەوام بووم. تا هەستم بە تەپەی پێی یەکێک کرد کە بەسەر پیلکانەکاندا سەردەکەوێ و ڕوو لە دەرگای ژوورەکەم دەکا!

من لێی گوێ قوڵاغ بووم و هەر زوو لە دڵم چەسپی، کە ئەوە تەپەی پێ و بابەتی سەرکەوتن و هەنگاونانی دایکم نییە! لەبەرئەوە سەرم هەڵبڕی و چاوم ئاڕاستەی دەرگاکە کرد. من لەو ساتەدا یەکسەر بیرم بۆ نەسرین چوو، بەڵام کێم دی؟! گوڵچین خان!... ئا گوڵچین خان، کە بەبێ هیچ ورتە و قسە و باسێک، هات و شانی نا بە دەرگاکەوە و ڕاوەستا. وەک لەو ساتانەدا بەسەر دنیاوە نەمابێ، چاوی بەسەر ڕووخسارمدا ڕوا و بێ ئەوەی هیچ جووڵەیەک بکا، تاسێکی قووڵ بردییەوە. منیش لەلای خۆمەوە بەو بینینە لەناکاوەی خورپەیەکی تیژی ئەوتۆ دای لە دڵم کە وەک کارەبا لێی دابم، سەرتاپای لەشمی ڕاتەکاند و هێنامییە لەرزین. لەگەڵیدا قسەکەی ڕۆژی پێشووی دایکم لە گوێمدا وەک هەزاران زەنگ زرنگایەوە و هێندەی تر پەشۆکاندمی.

ماوەیەکی زۆر ئەو لەسەر ئەو باری کش و ماتییەی خۆی و من لەسەر ئەو باری پەشۆکاوییەی خۆمماینەوە، بێ ئەوەی هیچمان دەسپێشکەرییەکی بۆ کۆتاییهێنان بەو بێدەنگی و کش و ماتییەی لێ بوەشێتەوە! تا لە ئەنجامدا من تینم دایە بەر خۆم و سەردەقم شکاند. هەوڵم دا ڕووم خۆش بێ لە ئاستیدا و وتم:

– دایکم زۆر نییە ڕۆیشت... چوو بۆ ماڵی ئاسکۆڵی خوشکم.

کەچی ئەو ورتەی لە دەم هەر نەهاتە دەرەوە، ترووکە نەکەوتە چاوی و جووڵەشی بۆ نەکردا ئەگەر بریسکەی دوو دڵۆپ فرمێسکم لە هەردوو چاویدا بەدی نەکردایە. ئەگەر قوڵپی گریانێکی خنکاوی ناو قوڕگی سەرنجی ڕانەکێشامایە... ئەگەر لە ڕووخساری ژاکاویدا هەستم بە ئەندێشەیەکی دڵپڕوێن نەکردایە، لەوانە بوو دیمەنی ئەو ڕاوەستانەی بەو شێوەیە، ترس و سامی بخستایەتە دڵمەوە و وام دابنایە کە ڕووبەڕووی شێتێکی بێ ئامانی دەستوەشێن خۆم بەدی دەکەم! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دیمەنەکە هێشتا هەر سەرسامی دەکردم. بۆیە ئەمجارە وتم:

– چیت دەوێ!... فەرموو!

ئەمجاریش لە وەرامدا بە قسە هەر هیچی نەوت، بەڵام بەکردەوە، لە ناکاوێکدا شاڵاوی هێنایە سەرم!... بەشێوەیەکی شێتانەی زۆر سەیر شاڵاوی هێنایە سەرم! وەها باوەشی پێداکردم و هەڵیوشیم بە خۆیەوە، کە دەتوت دەیەوێ لەشی هەردووکمان بکا بە یەک لەش. هەر شوێنێکی سەر و ڕووخسارمی بەردەم بکەوتایە، بە هەموو هێزی دەم و لێوییەوە ماچی دەکرد و

هەڵیدەمژی و دەتوانم بڵێم تارادەیەکیش کە ئازاری پێدەگەیاندم. بە دەم ئەم شاڵاو و پەلامارەشییەوە، بەشێوەیەکی دڵپڕوێنانە هەنسکی هەڵدەدا و دەکڕووزایەوە و سەرتاپای لەشیشی وەک فێ لێهاتوویەک دەلەرزی. بە دەنگ و دەم و پلیش، وەک بییەوێ شتێک بڵێ و قسەیەک بکا، تەنیا بڵمەبڵمێکیم دەهاتە بەرگوێ کە هیچی نەدەگەیاند و هیچی لێ حاڵی نەدەبووم. قوڵپی گریانی خنکاوی ناو قوڕگی، وشەکانیشی لە قوڕگدا دەخنکاند.

ئەوی ڕاستی بێ من لە ئاستی ئەم شاڵاوە لەناکاوەیدا هەر واقم وڕما! من لەوەبەر زۆرجار لە ناو جێگەدا خەیاڵێکی لەم بابەتەم پێوە لێدەدا... پەلاماری یەکتر بدەین... باوەش بە یەکتردا بکەین و دەس لەملان بە تەنیشت یەکترەوە ڕابکشێین. ئینجا بەدەمییەوە ماچ و مووچ و یەکتر بەخۆوەگوشین ئا... درۆ لەگەڵ خۆم ناکەم... من زۆرجار بەم شێوەیە خەیاڵم لێ دەکردەوە. بەڵام ئاوەها بەهەڵمەت و بەشاڵاو؟! ئاوەها توندوتیژ و شێتانە؟!... ئاوەهاش بێ پێشەکی و لەناکاو؟! نەء... هەرگیز نەء... هەرگیز بەم شێوەیەیان بە خەیاڵمدا نەدەهات و نەدەکەوتە بەر چاوم!

ئەوی ڕاستی بێ من لە ئاستی ئەو شاڵاوە بێ ئامانە لەناکاوەیدا هێندە شڵەژام و پەشۆکام، کە دەتوت خۆم لە کۆڕی شەڕێکی ئەوتۆدا دەبینم کە لە هەر چوارلاوە ئابلۆوقە درابم و نەزانم چۆن و بە کوێدا دەرباز ببم. بەڵێ ڕاستە کە من لەوەبەر جارەهای جار بە دەم خەیاڵی ناو جێگاوە، زۆر بە پەرۆشەوە ئاواتم بەم ساتەی ئێستا دەخواست، بەڵام ئێستا ئاواتی بەدیهاتوو لێم بۆتە

دەمی گوێزان و جەرگم پارەپارە دەکا. لێم بۆتە دەرزی و سووژن و دەچەقنە گوڵمی دڵم. لێم بۆتە ئەژدەهایەکی حەوت سەر و لە حەوت لاوە گڕی ئاگرم بەسەردا دەبارێنێ.

لە ئاستی ئەم بارە سەیر و ستەمەدا کە تێیکەوتم، هەست و نەست و بیر و هۆشم بەلای یاخیبووندا لە ئاواتە دێرینەکەم لایاندا و دواجار هەڵشاخان بە ڕووی شاڵاوەکەی گوڵچین خاندا. بۆیە بە ڕقەوە خۆم لە ژێر چنگی دەرکێشا و بەتووڕەییەوە وتم:

– ئەوە چییە!... شێت بوویت؟!

ئەویش لەلای خۆیەوە بۆ ماوەی چەند ساتێک لە ئاستی ئەم کردەوەیە و ئەم قسەیەمدا حەپەسا و چاوی ڕوایەوە بەسەر ڕووخسارمدا. تا لەپڕێکدا دایە پڕمەی گریانێکی بەکوڵی جەرگبڕ و لرفەلرف و هەنسک هەڵدانێکی دڵپڕوێن. بە دەمییەوە هەر لە جێی خۆی بەچۆکدا هات. سەری نایە ناو کۆشییەوە و بینی بەو گریانە بەکوڵەیەوە گرت. من نەمدەزانی چی بکەم و چی بڵێم.

ئەو هەمدیس لەناکاو سەری هەڵبڕی و بە دەنگێکی پڕ لە ئەوپەڕی ڕق و کینە و تووڕەییەوە وتی:

– ئا شێت بووم... ئا شێتیش و هاریش بووم!

تەنیا هێندەی وت و سەری داخستەوە و بینی بە گریانە بەکوڵ و هەنسک هەڵدانە دڵپڕوێنەکەیەوە گرتەوە. ئەوسا من لە ئاستی ئەو دیمەنەیدا، هیچ ڕق و کینەیەکم لە دڵدا نەما و ئەو هەڵچوونەی هەست و نەست و بیر و هۆشم، تەواو ڕەوییەوە و کپ و خامۆش بوو. ئینجا ئەو لەلای خۆیەوە کە منی وەها بە خامۆشی و بێدەنگی دی،

فرسەتی هێنا و یەکەمجار لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەکردن و وتی:

– ئەی خوایە!... خوایە!... بۆ دەبێ بەشی من لە ژیاندا هەر سزاو دەرد و ئازارنۆشین بێ! بۆ دەبێ لە چارەم نووسرابێ کە قەت تامی خۆشیی ژیان نەکەم. بۆچی وەها بێبەشت کردم... گوناهم چی بوو... چی؟

بە دوایدا دووبارە سەری بەرزکردەوە و ئەمجارە چاوی بڕییە چاوم. ماوەیەک تیم وردبووەوە. تا لە ئەنجامدا بە دەنگێکی پڕ لە ژەنگ و ژارەوە وتی:

– ناهەقت ناگرم... تۆ نازانیت من لە ژیانمدا چ ئازارێک دەنۆشم... بە چ دەرد و مەینەتییەکەوە شەو و ڕۆژم بەسەر دەبەم! تۆ نازانیت من لە چ دۆزەخێکدا دەژیم و چ مۆتەکەیەک سواری کۆڵم بووە! ئەمجارەش سەری نایەوە ناو کۆشی و جڵەوی بۆ گریان و هەنسک هەڵدان شلکردەوە.

ئەم جارەش لەبەر خۆیەوە وتی:

بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا تروسکەی بەختیارییەکم لێدەرکەوت و ئاهێکی شادمانی کەوتە دڵم. هیوایەک لە ئاسۆی ژیانمدا گەشایەوە و وتم وا تامێکی خۆشی و کامەرانی دەکەم. لێرەدا قوڵپی گریان و لرفەلرفی هەنسکهەڵدانی خۆی کپ کرد. بە نیمچە ڕقێکەوە سەیرێکی کردم و وتی:

– تۆ بوویت... ئەو تروسکەیە... ئەو ئاهە... ئەو هیوایە تۆ بوویت!... کەچی تۆش!

تەواوی نەکرد... وەک دڵی بەرایی نەدا قسەکەی تەواو بکا، قووتیدایەوە و چاوی بەسەر ڕووخسارمدا ڕوا. منیش بە درێژایی ئەو ماوەیە لەجێی خۆم وشک هەڵاتبووم و چاوم بەسەریدا ئەبڵەق بووبوو. بە سەر و سیما وەها بووم، دەنا لە دڵ و دەروونـدا جۆشم سەندبوو. قسەکانی کارێکی ئەفسووناوییان تێدەکردم و جۆرەها هەست و نەستیان لەلا دەبزواندم. بەزەیی، بەتەنگەوەهاتن، یارمەتیدان، دڵخۆشیدانەوە و لەگەڵیاندا حەز و ئارەزووەکەش!... ئا... حەز و ئارەزووەکە و ئاواتە دێرینەکە!

ئەوەتا وا ئەو هیچی تێدا نەهێشتەوە و هەموو شتێکی بە ئاشکرا و لەڕوو وت. کەوابێ ئیتر من تەنیا هێندەم لەسەرە بڵێم (ئا)و تەواو. بۆچی نەیڵێم؟! ئا دەیڵێم!

من لەم بیرکردنەوەیەدا بووم و ئاگام لەو بڕا. وەختێ بەئاگاهاتمەوە کە ئەو هاتبووە پاڵمەوە و لەوەدا بوو کە دەستی لە ملم دەئاڵاند. دڵم خورپەیەکی کرد و بروسکەیەک بە سەرتاپای لەشمدا ڕابوورد، بەڵام لە جێی خۆم نەجووڵام و هیچیشم نەوت.

ئەو تەواو خۆی ئاخنییە پاڵمەوە و سەری بەسەر شانمدا خەواند. بە دەنگێکی پڕ لە سۆزی فریشتەیی بە چپە وتی:

– گیان و دڵەکەم... جەرگ و هەناوم... بە دەست خۆم نییە خۆم پێ ڕاناگیرێ. دەتپەرستم. ناتوانم لە بیر و هۆشی خۆمت دەربکەم و وازت لێبێنم. تا ئێستا خۆشەویستیم بە خۆمەوە نەدیوە، ئەمە یەکەمجار و یەکەم کەسیت. ئۆخەی خوایە... ئۆخەی نەمردم و تامی خۆشەویستی و دڵداریم کرد!

ئیتر من به هیچ کلۆجێ توانای خۆڕاگرتن و یاخیبوونم له جەستەدا نەمابوو. ڕانەچەنیم و خۆم له ژێر چنگی دەرنەکێشا. تووڕە نەبووم و هەوڵم نەدا له خۆمی دوور بخەمەوە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، ورتە و جووڵەم له خۆم بڕی و تا دەهات زیاتر خۆم بۆ شل دەکرد. بەدەمییەوە هەستم دەکرد کە تەزوویەکی زۆر خۆش بە لەشمدا دێت و تا بێت تەشەنە دەسێنێ. بگرە چەندە ئەو زیاتر خۆی تێ هەڵبسوومایە و توندتر لەشی لەگەڵ لەشمدا جووت بکردایە و دەم و لێوی بنایەتە ناو دەم و لێومەوە، تەزووی خۆشییەکە پتر بەخوێن و گوشت و ئێسقانمدا بڵاودەبووەوە و سستی دەکردم. ئەوسا بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم، دەست و پەلم جموجووڵیان تێکەوت!... کشان بۆ کەمەری!... بۆ ناوقەدی و لە ئاستی پشتیدا هاتنەوە یەک!... توند هاتنەوە یەک و تەقەڵلای بەخۆوەنووساندن بووە دووقۆڵی.

نازانم ئەو خامۆشییە ناخامۆشییەمان چەندی خایاندبوو، بەڵام هێندە دەزانم کە لە ناکاوێکدا زریکەیەک لە ناخی دەروونمەوە بەگرمە و ناڵە سەری هەڵداو ڕایچڵەکاندم و لەو دنیای خامۆشییەی دەرهاویشتمە ناو دنیایەکی پڕ لە هاتوهاوارەوە. زریکەکە پەیتا پەیتا دەیقیژاند.

– دوایێنپیسی... خاڵە عەول... داوێنپیسی... خاڵە عەول!

لەگەڵ ئەوەشدا گوڵچین خان دەسپێشکەری کرد و دەستی لە من بەردا بە سەرسوڕمانەوە کەوتە سەیرکردنم. کاتێ منیش ڕوانیمە

ئەو، نیشانەی پرسیارێکی سەیر و ستەمم بە ڕووخسارییەوە بەدی دەکرد و بە پەرۆشەوە داوای دەکرد وەرامی بدەمەوە. من هەر زوو زانیم کە ئەو هاوارەی ناو دەروونم سەری کردووە بۆ سەر زمانیشم! بۆیە بەناچاریی ڕووی دەمم تێکرد و وتم:

– ئا... ئەوەیە مێشکم دەکرۆژێ و ڕێگای خۆشویستننتم بە دڕک و داڵ لێدەتەنێ! ئەوەیە لە هەموو جارێکدا وەک گەردەلوولێک لێم هەڵدەکا و کڵپە و بڵێسەی خۆشویستننتم لە دڵدا دەکوژێنێتەوە! بڵێم چی... منیش وەک تۆ بە دەست خۆم نییە. کە تۆ بەو جۆرەیت، منیش بەم جۆرەم نازانم چی بکەم... نازانم... نازانم!

وەک بەم قسانەم تەریق ببێتەوە، سوور هەڵگەڕا و پەشۆکا. کە من بە دوایاندا بێدەنگ بووم و بۆ چاوەڕوانکردنی وەرام چاوم بڕییە چاوی، سەری داخست و تاسێکی قووڵ بردییەوە. کە چاک لێی وردبوومەوە، سەیرم کرد وەک گڕی ئاگرێک ناخی دڵ و دەروونـی هەڵقرچێنێ، لێوی خۆی دەکـرۆژێ و چنگ و نینۆک لە لەشی خۆی گیر دەکا. کاتێکیش سەری هەڵبڕییەوە، ڕوانیم فرمێسک چۆڕاوگەی بەستۆتە چاوی. ماوەیەکی زۆر تێم وردبووەوە، تا بە دەنگێکی پڕ لە داخ و خەفەتەوە وتی:

– ئا بەڵێ... ڕاست دەکەیت... من وەهام و تۆش وەها! بەڵێ... خاڵە عەول مێشکت دەکرۆژێ و ڕێگای حەزلێکردنی منت بەدڕک و داڵ لێدەتەنێ و وەک گەردەلوول، کڵپە و بڵێسەی خۆشەویستیی منت لە دڵدا دەکوژێنێتەوە!... بەڵام...

وەک دوودڵ بێ. کەمێ گیری خوارد... کەمێکیش لێوی خۆی کرۆشت و خۆی خـواردەوە! ئینجا وەک دوا بڕیاری دابێ کە ئەوەی لە دڵیدایە دەری ببڕێ، کەوتەوە قسە و وتی:

– تۆ تاقە کەسێکیت ئەم نهێنییە پڕ لە مەخسەرە و کڵۆڵی و دەرد و مەینەتییەی ژیانی خۆمت لا ئاشکرا دەکەم. هێشتا لای هیچ مرۆڤێک باسم نەکردووە و لە تۆ بەولاوە لای هیچ کەسێکی تریش باسی ناکەم. بەڵێ هیچ کەسێ پێی نازانێ، تەنیا خۆم و ئەو خاڵە عەولەت نەبێ کە تۆ هێندە بەتەنگییەوەیت و خەمی بۆ دەخۆیت... کە تۆ وای لێکدەدەیتەوە دوایێپیسی، لە ئاستیدا دەکەویت و لەم ڕووەوە مێشکی خۆتی بۆ دەکرۆژیت!... حەزیش دەکەم دڵنیابیت و سوێندت بۆ دەخۆم بە چیت بڕوایە کە هەر بە ئاستەمیش نیازی چاوەشەکردن و لەخشتەبردنتم نییە. هەروەکو مەبەستیشم بزواندنی ڕق و کینە نییە لە دڵتدا بەرامبەری.

من ئەو خاڵە عەولەیە دڕکی بنی نینۆکم و سات بەساتی ژیانمی پڕکردووە لە ئازار و ئەشکەنجە. وای تێمەگە من ڕق ئەوەم لێیەتی کە ئەو پیرێکی پەککەوتەیە و من لە هەڕەتی گەنجیدام. نەء... ئەگەر هەر ئەوە بووایە بەسەربردنی ژیانم لەگەڵیدا ئاسایی دەبوو، بەڵام باوەڕم پێ بکە ئەوەی بۆتی باس دەکەم ڕاست و دروستە و کەمی دەگێڕمەوە و زۆری هەر لە دڵی خۆمدا حەشار دەدەم.

ئەو خاڵە عەولە خواناسەت، من هێشتا منداڵ بووم، دەستی لەگەڵ دایکمدا تێکەڵ کرد. باوکم هی ئەوەنە بوو وا زوو بمرێ لە

هەڕەتی گەنجێتیدا بوو. دایکم و ئەو خاڵە عەولەت کوشتیان. دوای دەس تێکەڵاوکردنەکەیان بە دوو ساڵ مرد!

من ئەو وەختە تەمەنم شەش حەوت ساڵان بوو. لە دڵدا هەستم بە کەین و بەینەکەیان دەکرد، بەڵام منداڵ بووم و هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو. ناتوانم هەموو شتێکت بە دوورودرێژیی بۆ بگێڕمەوە. دوای مردنی باوکم ئەوان بۆ ماوەی نۆ ساڵی ڕەبەقی، ئەمە پیشەیان بوو. من تەواو فامم کردەوە و چاک ئاگاداری ئەم ڕەفتارەیان بووم، بەڵام هەر ئەوەندەم بۆ دەکرا پێوەی بتلێمەوە و ئازاری پێوە بچێژم. نەشیدەکرد مارەی بکات و کارەکە بەجۆرێکی تر بکەوێتەوە. نەمدەزانی بۆچی!

دوای نۆ ساڵە دایکیشم نەخۆشکەوت و هاتە سەر مردن. ئەو شەوەی بەسەریدا مرد، بانگی کردمە لای خۆیەوە و ماوەیەکی زۆر لەگەڵمدا خەریک بوو کە دوای مردنی ئەو، من لە ژیاندا هیچ چارەیەکم نامێنێ شووکردن نەبێ بە خاڵە عەول. بەڵێ... ئەو وەختە منیش وەک تۆ بە خاڵە عەول ناوم دەبرد!

پێشی ڕاگەیاندم کە لەگەڵ ئەویشدا وەها ڕێککەوتووە. ئیتر تا گیانی دەرچوو هەر دەیدایەوە بە گوێمدا و دەیوت: (با سەرگەردان و دەربەدەر نەبیت... دوای من هەر ئەوە چارەتە!). منیش مەینەتییە هەرە گەورەکەم لەوەدا بوو کە نە لە باوک و نە لە دایکەوە، کەسێکی وەهام نەبوو هاواری ببەمە بەر و ڕزگارم بکات.

ئیتر هەر دوای مردنی دایکم بە دوو سێ هەفتە، مارەی کردم، کە ئەو وەختە تەمەنم پانزە شانزە ساڵان بوو. سا ئەوەتا حەوت

ساڵی ڕەبەقە من لە باخەڵی ئەو ئەژدیهایەدا دەنووم و شەو ڕۆژ دەکەمەوە! حەوت ساڵە لە ژێر کەڵبەی ئەو گورگەدام و گیرۆدەی چنگ و نینۆکیم! کەچی تۆش خەمی ئەوە دایگرتوویت کە لە ئاستیدا داوێنپیسی دەکەیت!

من لەوەبەر لەم بابەتە قسەو باس و بەسەرهاتانەم بیستبوو، بەڵام یا بە سەرگوزەشتەیەک، کە دایکم بۆی دەگێڕامەوە، یا لە چیرۆکێکدا کە دەمخوێندەوە. وەهایشم دادەنا کە ئەوانە تەنیا هەڵبەستی خەیاڵن و لە ڕاستییەوە دوورن.

کەچی ئەوەتا گوڵچین خان بەسەرهاتێکم بۆ دەگێڕێتەوە، کە لەو بابەتەیە و بەسەر خۆیشی هاتووە! چۆن گوایە دەشێ شتی وەها ڕوویدا؟! ئەی خۆ خاڵە عەول خۆی هێرشی دەبردە سەر داوێنپیسان و بە لەعنەتی دەکردن؟ کەوابێ ئەو قسانەی هەموو درۆ و دەلەسە و چاوبەستن بوون و داوێنپیسییەکەی خۆی پێ دەشاردنەوە!

بە دەست خۆم نەبوو، بە بیستنی ئەو قسانەی گوڵچین خان و بە وردکردنەوەکەی خۆم، تەوژمی ڕقێکی توندوتیژ بەرامبەر بە خاڵە عەول دایگرتم. منیش لێم بووە ئەژدیهایەک... لێم بووە گورگێک و بەرگی ئادەمیزادی پۆشیبێ. شانبەشانی ئەو ڕقەم، بەزەیی و سۆزێکی بەجۆش بەرامبەر بە گوڵچین خان لە دەروونمدا بزوا و سەری کرد، کە ئەوە سەرلەنوێ ڕێگەی بۆ حەز و ئارەزووەکە خۆشکردەوە تاو بسێنێ و کۆسپەکەی لە ڕێگەدا تەخت بکا. لەو ساتانەدا هاتمە سەر ئەوەی ئەمجارەیا من

شالاو بەرم... من دەست بکەمە ملی و بە خۆمییەوە هەڵگوشم و بکەومە ماچکردنی! بەڵام نەء!... ئەمجاریش وەها نەکەوتەوە! ئەمجاریش هەر ئەو، وەک چاک هەستی کردبێ و زانیبێتی کە ئەوە ساتە هەرە لەبارەکەیە، شالاوەکەی هێنایەوە!

شالاوەکەی ئەمجارەی ئەو هێمنانە بوو... ئەوەکەی من شێتانە بوو!... ئەوەکەی من کارێکی وای کرد ئاگامان لە خۆمان ببڕێ و بەسەر دنیاوە نەمێنین!

●●●

- گوڵچین خان ئاخری قەومانت؟... ئاخری قەومانت؟

دەنگی دایکم بوو وەک گوللەیەک تێسکەی کردە ناو گوێم و کسپەی لە جەرگم هەڵساند!

کە بەپەلە دەستمان لە یەکتر بەردا و ڕاپەڕینە سەر پێ و چاومان ئاڕاستەی دەرگای ژوورەکە کرد، ئەو وەک جەللادێکی زۆر سامناک دەستی نابووە کەمەری و پڕ بەپڕی ناو دەرگاکەی داگیرکردبوو. دیم زۆر بە ڕق و تووڕەییەوە لێوی خۆی دەکرۆژێ و دان لە یەکتر دەسوێ. دیم گڕوکڵپەی ئاگر لە چاوەکانی دەردەپەڕێ و ئاڕاستەی ئێمەی دەکا. بیستم دووبارە قورقوشمەتواوەکە دەڕژێنێتەوە ناو گوێم و دەڵێ:

- گوڵچین خان من هەر دەمزانی ئەمەت لە ژێر سەردایە!... دەمزانی و کوێر و گەوج و گەلحۆ نەبووم!

گوڵچین خان ورتەی لە دەم بۆ نەهاتە دەرەوە. تەنیا دایە پڕمەی گریانێکی هێجگار بەکوڵ و بە بەردەمی دایکمدا بەپڕتاو

خۆی کوتایە دەرەوە و بۆی دەرچوو. ئەوسا دایکم ڕووبەڕووی من بووەوە و هەرچی لێشاوی قسەی سووک و ناشیرین و جنێوی لە لابوو، بەسەر منیدا داباراند. بەدەمییەوە لێم هاتە پێشەوە و هەر ئەوەبوو هەردوو پەنجەی نەدەچەقاندە چاوم و وتی:

– من چەند جار بە مانا ئاگادارم کردیت کە خۆت لەو ئافرەتە بێ حەیا و ناموسە لادەیت!... من پشتم زۆر پێت ئەستوور بوو!... دەموت کوڕێک شیری منی خواردبێ دوورە شتی وەهای لێ بوەشێتەوە! کەچی ئائەمە ئەنجامت بوو هەی بێ ئابڕوو... هەی نەگریسی چەپەڵی بێ شەرم!

هەریەکێ لە قسەکانی وەک سووژنێک دەچەقییە دڵم. وەک شیشێکی سوورەوەکراو دەچزا بە جەرگمدا بەدەمیانەوە تاسێکی قووڵی تەریقبوونەوەی جەرگبڕ لە ڕوویدا سستی کردم و لە ورتە و جووڵەی خستم. نەمدەزانی چی بکەم و چی بڵێم.

تا لە ئەنجامدا تینم دایە بەر خۆم بە ڕاکردنێکی شێتانە بەرەو دەرەوە شاڵاوم برد. هەر بەڕاکردن بە پیلکانەکاندا ڕۆچوومە خوارەوە و بە قەڵەمبازد ماوەی حەوشەم کۆتایی پێ هێنا. ئیتر تا لە دەرگای حەوشەش خۆم ئاودیوی کۆڵان کرد، دەنگی ئەو هەر دەهاتە بەرگوێم کە دەیوت:

– نەیەیتەوە بەم ماڵەدا، هەی بێ ئابڕوو... تۆ گڵاویت... تۆ کوڕی من نیت... کوڕی من نیت!

•••

(٩)

تا تاریکیی شەو پەردەی ڕەشی بەسەر گشت لایەکدا کێشاو تروسکەی لە ڕووناکیی ڕۆژ بڕی، من بە دەشتودەر و گردو یاڵەکانی قەراغ شاردا سووڕامەوە. دەتوت بەدەم خەوێکی سامناکەوە بەبێ هۆش و بەبێ ئاگا مل دەنێم. تەقەی دەرگاکەی حەوشە و قسە و باسەکانی گوڵچین خان و گریان و کڕووزانەوە و هەنسکهەڵدانی، دیمەنە تۆقێنەرەکەی دایکم و قسە جەرگبڕەکانی و هاوارە دڵپڕوێنەکەی دوا ساتی کە جێم هێشت، ئەمانە هەموو وەک هاژەی ڕووبـاری نـاو دۆڵێکی سەخت، وەک گرمە و ناڵەی زنجیرە هەورە تریشقەیەک بەردەوام لە گوێمدا دەنگیان دەدایەوە و لە بیر و هۆشمدا دەتەقییەوە. تەنانەت هێندێ جار وەها زۆری بۆ دەهێنام کە لە تاوا گوێچکەی خۆمم دەئاخنی و بەشێوەیەک خۆم دەدا بە زەویدا وەک بمەوێ سەرم بچەقێنمە ناو زەوییەکەوە. ماوەیەک بەو جۆرە دەتلامەوە و پەلەقاژەم دەکرد، تا وام لێدەهات لە جێی خۆم شل دەبووم و لە پەلوپۆ دەکەوتم. ئەوسا وەک بوورابێتمەوە، ورتە و جووڵەم لەبەر دەبڕا و لە جێی خۆم خپ دەبووم.

کە تاریکییەکە داهات، سەرباری ئەو ئازارە کوشندەیەی ناو دەروونم، ترس و سامی تاریکیی و چۆڵەوانییەکەش زۆری بۆ هێنام و هێندەی تر پەشۆکاندمی. بە درێژایی ژیانم ئەوە یەکەمجارم بوو ئاوەها خۆم بە تەنیا لە چۆڵەوانی و تاریکیدا ببینم. بۆیە لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا و ملی ڕێگای ناو شارم گرتەوەبەر. ئینجا

لە ناو شاریشدا هەتا نزیکی نیوەشەو بەسەر شەقام و ناوکۆڵانە چۆڵەکاندا سووڕامەوە. بەلای ماڵی گەلێ لە خزم و کەسوکاراندا ڕابووردم. ماڵی زۆر لە هاوەڵەکانی قوتابخانەمم کەوتە سەر ڕێ. زۆرجاریش بەسەرمدا دەهات لە دەرگای یەکێکیان بدەم و پەنای ببەمە بەر، بەڵام کە دەهاتمە سەر وردکردنەوەی باسی ئەو پرسیار و وەرامانەی لێمی دەکەن، مووچڕکەیەک بە لەشمدا دەهات و سامم لێدەنیشت، تا وام لێدەهات تەنانەت خۆشم لە نزیککەوتنەوەی ئەو جۆرە ماڵانە بپارێزم، نەوەکو لەناکاو تووشی یەکێکیان ببم و بکەومە داوەوە.

بەهەرحاڵ لە نیوەشەودا ئیتر ماوەی ئەوەشم لێبڕا کە بتوانم بە سەربەستی بە شەقام و کۆڵانەکاندا بسووڕێمەوە. وای لێهات حەسحەسەکان بەگیریان دەهێنام بە سەرسامییەوە دەکەوتنە پرسیار لێکردنم، کە ئاخۆ دەبێ چیم لێقەومابێ وا بەو نیوەشەوە بەدەرەوەم!

لە سەرەتادا بۆ هەریەکەیان بەهانەیەکم دەهێنایەوە و خۆم پێ ڕزگار دەکرد، بەڵام ئەوانەی دووبارە تووشیان دەبوومەوە، لە ئاستیاندا دەمم دەچووە کلیلە و هیچ وەرامێکم بۆ نەدەدرایەوە. ئیتر بەوەی باش بوو کە بە سەر و سیما و پەشۆکاویی و خەمناکیمدا دەیانزانی کە دەبێ لە ماڵ دەرکرابم، یا خۆم تۆرابم و هەڵاتبم. لەبەرئەوە بە زۆریی دڵسۆزانە دڵیان دەدامەوە و ئامۆژگارییان دەکردم کە چاکتر وایە بگەڕێمەوە ماڵەوە. منیش هەر بۆ خۆ ڕزگارکردنم، بەڵێنی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە دەدانێ و بەخێرایی لەو ناوچەیە دوور دەکەوتمەوە.

لێرەدا ئیتر هیچ چارێکم نەما بڕیارم دا بە هەرجۆرێک بێ پەنا بەرمە بەر ماڵی هاوەڵێکم. یەکێکیشم هەڵبژارد کە لەگەڵ ماڵی خۆماندا هیچ جۆرە ناسیاوییەکیان نەبێ. ئیتر کاتێ ڕووم تێکرد، بیرم لەوەش کردبۆوە، کە ئەگەر پرسیارم لێکرا، چ بەهانەیەک بدەم بەدەستەوە. بۆیە هەر هێندەی ئەو ڕووی پرسیارەکەی بە سەرسامییەوە تێکردم:

– چ خێرتە... چیت لێ قەوماوە؟!

یەکسەر وەک لەبەر نووسینێکی بۆ بخوێنمەوە وتم:

– خۆت دەزانیت دایکم و باوکم پەست و بێزاریان کردووم. نایەڵن لە پێستی خۆمدا بجووڵێمەوە و ماوەم نادەن بە هیچ لایەکدا بچم. هەر هێندەی دوو سێ سەعاتێک لەبەر چاویان ون دەبم، دنیام بە دوادا تەی دەکەن. ژیانیان لێ تاڵ کردووم. ئیتر ئەوەتا دەبینیت کە بڕیارم داوە گەڕێکیان پێ بکەم و بۆ ماوەی یەک دوو شەو خۆمیان لێ ون بکەم، بەڵکو بتوانم ئەو تەوقە بشکێنم و خۆمی لێ ئازاد بکەم!

برادەرەکەم درێژەی نەدایە و هیچ پرسیارێکی تری نەکرد، بگرە بەگەرمەوە پشتگیریی لێکردم و وتی:

ئۆباڵ بەگەردنم چاک دەکەیت. کوڕە خۆ ئەو تەوقە ملی منیشی دابڕیوەتەوە. بڕیار بێ منیش لە فرسەتێکدا ئەم ڕێگەیەی تۆ بگرمەبەر!

●●●

ئەو شەوە و شەوی دواییشم لە ماڵی ئەو هاوەڵەم بردەسەر، بەڵام لە شەوی سێیەمدا خەریک بووین دەنووستین، کاتێک لە دەرگای حەوشە درا! من هەر زوو دەنگی دایکم ناسییەوە، کە زۆر بەپەرۆشەوە پەیتا پەیتا دەیوت:

– کوا... بەقوربانتان بم کوا؟ نیشانمی بدەن... کوا؟

ئیتر هەر هێندەی چاوی پێم کەوت، بە جۆرێک شاڵاوی بۆ هێنام و کەوتە ماچکردن و هەڵلوشینم، کە دەتوت ساڵەهایە لێی دوورکەوتوومەتەوە، نەک تەنیا دوو شەو. منیش لەلای خۆمەوە شەپۆلێکی تەریقی دایگرتمەوە و ڕووم نەدەهات سەیری بکەم.

بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ دایکی هاوەڵەکەمدا پێکەوە دانیشتن و کەوتنە سکاڵاکردن بۆ یەکتر دەربارەی ئەرکی دایکێتی، تا باسیان هێنایە سەر من. من تا ئەو ساتە سەرم سوڕمابوو کە دایکم چۆن شوێنەکەمی پێزانیوە! بەڵام گوێم لێبوو دایکی هاوەڵەکەم پێی وت:

– لێم مەگرە کە درەنگ ئاگادارم کردیت، کوڕە شەیتانەکەم چاوەشەی کردم و لێمی دەشاردەوە کە تۆراوە، بەڵام کە ئەم ئێوارەیە نهێنییەکەم لێدەرهێنا، بە باوکیم وت: دەڕۆیت نایەیتەوە تا ماڵەکەیان دەدۆزیتەوە و دایکی لەگەڵ خۆتدا دەهێنیت.

بەدوای قسەکەیدا دایکم سەرنجێکی پڕ ماناى دامێ و بە دەم زەردەخەنەیەکەوە، وتی:

– بەڵێ... جەنابی لەبەر ئەوە لێمان تۆراوە کە وتوومانە شەو مەچۆرە دەرەوە!

لەو ساتەدا هەستێکی خۆشەویستیی گەلێ قووڵتر لە جاران بەرامبەر بە دایکم، لە ناخی دەروونمدا وەک کانییەک تەقی و هەژاندمی. حەزم دەکرد خۆم بهاوێژمە باوەشییەوە و وەک بووبێتمەوە بە منداڵێکی ساوا، لەو باوەشەیدا ئۆقرە بگرم!

کە گەڕاینەوە ماڵەوە، ماڵ جمەی دەهات!... خوشکەکانم و مێردەکانیان و چەندانێکیش لە خزم و کەسوکاری نزیک دەوری باوکمیان تەنیبوو. تینم دایە خۆم ڕووبکەمە لای ئەوان، بەڵام نەمتوانی. لە شەرم و تەریقیدا، لە دایکم جیابوومەوە و یەکسەر سەرکەوتمە سەرەوە بۆ ژوورەکەم. دەنگەدەنگی خوارەوەم وەک غەڵبەغەڵبێک دەهاتە بەر گوێ کە هیچی لێ تێنەدەگەیشتم. تا هەستم کرد غەڵبەغەڵبەکە وردە وردە دەڕەوێنەوە و ڕوو لە کپبوون دەکا. کاتێ تەواو کپ بوو، هەستم کرد یەکێک بە پیلکانەکاندا سەر دەکەوێتە سەرەوە بۆ لام. زوو زانیم تەپە تەپی پێی باوکمە. دڵم بە توندی کەوتە لێدان و ترسی ئەوەم لێ نیشت کە لێشاوێک قسەی سووک و جنێوم بەسەردا داببارێنێ. نەمدەزانی چی بکەم و چۆن و لە کوێدا خۆم حەشار بدەم، بەڵام کە پێی نایە ناو ژوورەکەمەوە، دوای کەمێ بێدەنگی و ڕامان، بە سەر و زمانێکی ئاساییەوە، وەک بییەوێ وەهام پێ ڕابگەیەنێ کە هیچ نەبووە و هیچ نەقەوماوە، وتی:

– ئەو دوو ڕۆژە سەعیت دەکرد؟

من لە وەرامدا (نەء)ێکی پڕ لە کەساسی و پەشیمانیم بەزۆر لە دەمی خۆم دەرپەڕاند. ئەویش ئیتر درێژەی نەدایە و چۆن هاتبوو وەها کشایەوە دواوە. تەنیا بەدەمییەوە وتی:

– حەز ناکەم خوێندنەکەت فەرامۆش بکەیت.

ئەم کردەوەیەی باوکم لەگەڵمدا، هێندە دڵمی حەواندەوە و هێندە بیر و هۆشی ماندوومی سرەوت پێدا و هێندە هەست و نەستی هەژاومی هێورکردەوە، کە هەر دوای ماوەیەکی کورت چوومە باوەشی شیرین خەوێکەوە و ئاگام لە خۆم و لە چەرمەسەرێی ئەو بەسەرهاتە سامناکە بڕا!

•••

دوای ئەوە بە ماوەیەک، وەختێ باسەکە ئەو گەرموگوڕییەی نەما و کۆن بوو، دایکم خۆی ئاسایی پاشماوەی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە و وتی:

– ئەو ئێوارەیە هەر کە باوکت هاتەوە، کارەساتەکەم لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە. ئەویش دوای تووڕەبوون و هەڕەشەیەکی زۆر لە تۆ و پێداهەڵشاخان و فەزیعەتێکی زۆر بە من، چوو بە دوای خاڵە عەولدا و هێنایە ماڵی خۆمان. ئەویش باسەکەی وەها لەو گەیاند کە گوایە تۆ خووت داوەتە گوڵچین و هەراسانت کردووە و گوایە ئێمە تۆمان لەسەر ئەوە زۆر ئازار داوە و ڕیسوا و شەرمەزارمان کردوویت و لە ئەنجامیدا تۆراویت و سەری خۆت هەڵگرتووە و ونیت.

دواجار وەهای بە گوێیدادا کە چاکتر وایە ئەوان بگوێزنەوە بۆ گەڕەکێکی تر و گرفتەکە بەوە چارەسەر بکرێ. ئیتر دیاربوو خاڵە عەول هەر زوو لە فیکەی خۆی تێگەیشت و بۆ ڕۆژی دوایی گواستییەوە، بێ ئەوەی کەس بزانێ بۆ چ لایەک و چ گەڕەکێک!

بەڵام لە کاتی گواستنەوەکەیاندا، هەر مەگەر خوا بزانێ ئەو ئافرەتە چی کردووە! تا دوا پرزۆڵی کەلوپەلیان بارکرد، پێیەکی لە ماڵ بوو پێیەکی لە کۆڵان! ئەو نەیزانیبوو کە جەنابت تۆراویت و بەلەسە بوویت. هەر چاوەچاوی تۆی بوو بتبینێ پێش ئەوەی بۆ دواجار کۆڵانەکە جێبهێڵێ.

ئەوی ڕاستی بێ، ئەو ساتەی بە نائومێدیی ملی ڕێگەی گرتەبەر و ڕۆیشت، تا بڵێی بەزەییم پیایدا دەهاتەوە و دڵم بۆی دەسووتا. من لە دالانەکەدا دانیشتبووم و چاو و گوێی خۆم لێ خەفاندبوو، نەمدەویست خواحافیزیی لێ بکەم. ئەو هاتە ژوورەوە بۆ لام و بەدەم قوڵپی گریانەوە دەستمی ماچ کرد، وتی:

– دڵم ڕەنجاندیت... گەردنم ئازادکە!

ئەوسا منیش ئیتر خۆم پێ ڕانەگیرا، ئەملاو ئەولایم ماچ کرد و خواحافیزیم لێکرد، بگرە هەردوو چاویشم بۆی پڕبوون لە فرمێسک و بۆی گریام!

ئیتر ئاگام لێبوو بۆ دواجار چاوێکی بەناو ماڵەکەدا گێڕا! دەمزانی و دڵنیابووم کە چاو بۆ تۆ دەگێڕێ. نەیدەزانی کە جەنابت لە ماڵ نیت و هەڵاتوویت. کە هەر چاوی گێڕاو نەیبینیت، بە کەساسی و دڵشکاوییەوە چووە دەرەوە. گوێم لێبوو یەکە یەکە ماڵئاوایی لە دراوسێکانی تریش کرد، بەڵام وەختێ من تەکانم دایە بەر خۆم و چوومە بەر دەرگای حەوشە، ئەو لەچاو ون بووبوو!

• • •

## حسەین عارف... سەرەتایەکی درەوشاوە

حسەین عارف لە نووسەرە بەتواناکانی چیرۆکی هونەرییە، لەو سەردەمە سەرەتاییەی ئەودا (سالآنی پەنجای سەدەی ڕابووردوو) کۆمەڵێک نووسەری کورتە چیرۆک سەریان هەڵدا تاڕادەیەک شێوازیی کۆنی نووسینی ئەم جۆرە ئەدەبەیان بەزاند. ئەمەیش لەژێر کاریگەریی ڕووناکبیرییەکی سەردەمانەوە کە شەپۆلەکەی لە ئەوروپاوە هاتبوو، تا گەیشتبووە زۆربەی وڵاتانی عەرەب و عێراقییش. هەندێک چیرۆکنووسی عەرەبی عێراقی سوودیان لەو تەکنیکە تازەیە وەرگرتبوو کە لە ئەوروپادا بووبوو بە مۆدێل، پشتیان لە پەیڕەوییکردنی ڕابووردووی چیرۆکنووسیی (کە زیاتر پشتی بە گێڕانەوەیەکی حیکایەتئامێز و ڕووداوی تەواو واقیعی و نووزەدرێژی و چەقبەستنی کات و شوێن دەبەست) کردبوو. دیارترینی ئەو نووسەرانەی عێراق (فواد تەکرلی و زەنوون ئەیوب) و چەند نووسەرێکی تر بوون. جگەلەوەی کە لە وڵاتانی تری عەرەبدا، بەتایبەتی لە میسر و لوبناندا شەپۆلی ئەو تازەگەرییە تەواو پەرەی سەندبوو.

حسەین عارفییش چ لەسەر ئاستی عەشق و توانای خۆی و چ وەک گەڕیدەیەک بۆ پەی بردن بەو شەپۆلە تازەیە، کەوتبووە سووسەکردن و دۆزینەوەی ئەو شێوازە. بێگومان دەیزانی ئەوە چارەنووسی ئەدەبێکە کە هەر خودی خۆی لە ئەورووپاوە هاتوە و ناتوانیت لەو بزافە داببڕێیت. باشترین نموونەیشی کە دەستپێکیەتی چیرۆکی (چای شیرین)ە، کە ساڵی ١٩٥٧ لە شوعەیبە نووسیویەتی. بەم چیرۆکەدا دەردەکەوێت کە حسەین ئاگاداری دۆخە ڕووناکبیرییەکە بووە. بۆ ئەم چیرۆکە ڕەنگە بەتایبەتیی شێوازیی کورتە چیرۆکنووسینی (ئەنتۆن چیخۆف)ی ڕووسی لا پەسەند بووبێت، کە زیاد لەوانەی پێشتری خۆی (دی موباسان و ئەدگار ئالان پۆ) توانیویەتی کێشە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگای خۆی بکاتە کەرەسەی بەرهەمەکانی. چیخۆف بەدوای ڕووداوی سەیر و ترسناکدا نەگەڕاوە و مرۆڤی قارەمان (بە مانا واقیعییەکەی) و تەوسنی نەکردۆتە پاڵەوانی چیرۆک، بەڵکو بەدوای مرۆڤە پەراوێزخراوەکاندا گەڕاوە و ئەو ڕووداوانەیشی قۆستۆتەوە کە بە ڕواڵەت و لە واقیعدا بچووک و ئاسایی خۆ دەنوێنن، بەڵام لەڕاستیا گەورە و تەنانەت تراژیدیشن. چاوی دۆزینەوەی ئەو جۆرە کەس و بەسەرهاتانە خەسڵەتی زۆر تایبەتیی چیخۆفن.

حسەین عارف لە چیرۆکی (چای شیرین)دا باس لە خێزانێکی زۆر ئاسایی دەکات، کە بریتین لە ژن و مێردێک و تەنیا کچێک (ئافتاو) کوڕێکی تەمەن نۆزدە ساڵیش (مەحموود) شاگردە و لای

پیاوەکە کاردەکات. ئەم کوڕە لە دڵەوە حەز لە ئافتاو دەکات، بەڵام ئاسایی وەک هەر گەنجێکی ئەو سەردەمە شەرمنە و ناتوانێت ڕازەکەی بدرکێنێت. بەڵام کچەکە لێزانە و شارەزای پەرلەکانی خۆشەویستیە. بۆیە بەردەوام لەکاتی چا خواردنەوەدا چای زۆر شیرین بۆ مەحموود تێ دەکات (بۆ ئەوسا چای زۆر شیرین بە مانای خۆشویستنە)، کەچی کوڕەکە بەم نهێنییە نازانێت و ئەم کارە بەوە دەداتە قەڵەم کە کچەکە خۆشیناوێت و تەنانەت ڕقی لێیەتی. تا لەدواییدا کوڕەکە لە ڕێگای دایکی و خوشکەکەیەوە لە نهێنییەکە دەگات و بۆ دواجار بە پەنامەکی هەر لە ڕێگای ئەو چا شیرینەوە ڕازی خۆشەویستییەکەی بۆ ئافتاو دەدرکێنێت و پێدەچێت (وەک خوشکی مەحموود دەڵێت) ببن بە ژن و مێردیش.

چیرۆکەکە بە زمانێکی ڕەوان و کوردییەکی خۆش و پوخت نووسراوە. دیالۆگەکان پڕبەپڕی کەسایەتییەکانن و ئەندازەی هۆشیاری و تێگەیشتنیان لە داب و نەریتە سوننەتییەکان دەردەخەن.

ئەوەی لەم چیرۆکەدا لە لایەنی هونەرییەوە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە: یەکەم نووسەر ویستوویەتی بچێتە ناو هۆشمەندیی ناوەوەی کەسەکانیەوە، لە خەون و خەیاڵ و بیرکردنەوە و هەستیان بگات و تەنیا لە ڕوخسار و دیدی دەرەوەیان نەڕوانێت. بە مانایەکی دی ئەمە سەرەتایەکە بۆ خوێندنەوەی سایکۆلۆژییەتی کاراکتەرەکان کە پێشتر زۆربەی چیرۆکنووسان تەنیا ڕووی دەرەوەی ڕەفتار و هەڵوێستی کەسایەتییەکانیان

دیوە و خوێندوویاننەتەوە. دوەم بەکارهێنانی تەکنیکی (مەنەلۆگ) کە یەکێکە لە سیما سەرەکیەکانی ئەوسای ئەو مۆدێلە تازەیە و بە هۆیەوە دەتوانرێت کات و شوێنەکان بگۆڕێن و ڕووداوی لاوەکیش بێنە ئاراوە، کە زیان بە ڕووداوی سەرەکی نەگەیەنن. بۆ نموونە ئەمە ئەو تاقە مەنەلۆگەیە کە کوڕەکە بەرانبەر بە ڕەفتاری کچەکە لە ناوەوەی خۆیدا دەیهێنێت و دەیبات: "قەت ناشێ؟ ئافتاو حەزی لێ کردووم؟ ئەی لەو فێڵبازی و زۆرزانییە؟ کەوابێت ئەو چا شیرینانە بێ مەلامەت نەبوون، نا، ئێستا تێگەیشتم، ئێستا زانیم لەکوێوە قسەی دەکرد. دەی قەیناکا ئافتاو، خۆ من وامدەزانی هێندەت قین لێمە چاوت پیامدا هەڵنایەت، تومەز من لە گوێی گادا نووستبووم، دە ڕاوەستە بۆم، من و تۆ و سبەینێ.

لەم سەرەتایەوە حسەین عارف پەرەی بە توانا و بەهرەی چیرۆکنووسینی خۆی دا، تا وەک ئەنجام کۆمەڵێک چیرۆکی دانسقەی خستە ناو مێژووی ئەدەبیی کوردیمانەوە، بۆیە بێ نکووڵی لێکردن حسەین دەبێتە پێشەنگێکی هەرە دیاری ئەم بوارە.

رەئوف بێگەرد

# چای شیرین[1]

سەرم لە خۆم سوڕماوە! ئەمڕۆ بەپێچەوانەی هەموو ڕۆژانی ترەوە، سەماوەرە تێکقوپاوەکەی جارانم لێبۆتە کەمانێکی نەشمیلە و خۆشترین ئاواز دەڕژێنێتە دەروونمەوە، قۆریێ گەڕە لە تەلگیراوەکە، کە جاران قێزم لێدەکردەوە، ئێستا زۆر خنجیلە و خاوێن دێتە پێش چاوم، بگرە پیاڵە پۆرخزەکان و جامە ژەنگاوییەکە و شەکردانە ڕەزاقورسەکەش، دەڵێیت ئەمڕۆ خۆیان لە ئاوی جوانی هەڵکێشاوە و بەدەم منەوە دەخنێنەوە. دامودەزگای چالێنانەکە هەموو، نازانم بڵێم من بۆ ئەوان، یا ئەوان بۆ من پێدەکەنن و گەشکە دەیانگرێ؟ هەرچۆنێک بێ ئەمڕۆ وا هەست دەکەم، کە هێزێکی ئەفسووناویی لە ناخی دڵ و دەروونمدا ڕەگی داکوتاوە و ئارامی لەبەر بڕیوم.

ئەی ئەگەر وا نییە، بۆچی تا دوێنێش ئەم چوار قۆڵی چاخواردنەوەیە (من و وەستام و وەستاژنم و لەگەڵماندا ئافتاوی کچیان)، هێندە دڵتەنگ و پەستی دەکردم؟ دەتوت بە کوتەکەوە

---

[1] چاپی یەکەمی کتێبی گەلەگورگ لەم چوار چیرۆکە پێکهاتووە: (سەفەرێکی ئەفسووناویی، تەتەر، گەلەگورگ، شاڵاوی دڵ)، پێمان باش بوو بۆ ئەم چاپەی کتێبی گەلەگورگ چیرۆکی (چای شیرین)یشی بۆ زیاد بکەین.

بەسەرمەوە ڕاوەستاون و ناچاری ئەم چاخواردنەوەیەم دەکەن، کەچی ئەوەتا ئەمڕۆ، هەموو جووڵە و تەقەوڕەقەیەکی، ختووکەی هەستونەستم دەدەن! هەتا دوێنێ لە شەرم و تەریقیدا، ئارامم لەبەر دەبڕا و جێگەم بەخۆم نەدەگرت، کەچی بێئارامیی ئەمڕۆم، ئەنجامی ئەو هێزە ئەفسووناوییەیە، کە گیان و هۆشمی هێناوەتە جۆشوخرۆش.

ئا... لەکاتێکدا کە من هەر لە سووچەکەی جارانمدا، مات و مەلوول دانیشتبووم و بەمجۆرە لەگەڵ خۆمدا دەدوام، ئافتاو و دایکی وەک هەموو ڕۆژانی تر، تەدارەکی چالێنانەکەیان دامەزراندبۆوە. کڵۆ خەڵووزەکانی ناو تەنووری سەماوەرەکە، کەوتبوونە نێڵەنیڵ و کڵپەیان لێهەڵدەستا. ئاوەکەی مێرووولەی دەکرد و زیلەیەکی بە چەشنی ئاوازێکی ناسکی پێکدەهێنا. ئیتر لەوەدا بوو ها ئێستا، ها ساتێکی تر بکەوێتە کفەکف و... جۆشوخرۆش، بێئەوەی بەخۆم بزانم، تاسێکی قووڵ بردمییەوە. کارەساتەکەی دوێنێ، بۆ جاریجارەها سەرنجی ڕاکێشامەوە...

بەڵێ دوێنێ، هەر ئەم کاتە بوو کە هەمان چوارقۆڵی بە دەوری پیرەسەماوەردا کۆمەڵەمان بەستبۆوە. هێشتا فەرمانەکەی وەستاژنم لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە بە ئافتاوی وت:

– دەی چایەکەیان بۆ تێکە.

ئافتاویش وەک هەموو ڕۆژانی تر، پیاڵەکانی ئامادەکرد، بەڵام بۆچی بەتایبەتی یەکێکیانی لەوانی تر باشتر دەشت؟ بگرە شەکریشی دوو ئەوەندەی ئەوانی تر تێدەتەپاند؟ ئای چەند

حەپۆلکە بووم! هەموو ڕۆژێ ئەم کردەوەیەم لە ئافتاو دەدی، کەچی جارێک سەرنجم بۆ ئەوە نەچوو لە خۆم بپرسم: ئەرێ ئەمە بۆچی و یانی چی؟

چا دابەشکرا. پیاڵە تایبەتییەکە وەک هەموو ڕۆژان بەر من کەوت. ئەو کردەوەکەی خۆی لێ سەدبارە کردمەوە. منیش ئەوەکەی خۆمم لێ سەدبارە کردەوە. چایەکەم دایەوە دواوە و وتم:

– چایەکەم هەمدیسان زۆر شیرینە. کەمێکی تاڵم بۆ بەسەریدا بکە.

کەچی ئافتاوم ئافتاو، خێسەیەکی پڕ لە ڕق و کینەی لێکردم لچێکی لێهەڵقورتاندم و بە نیمچە تووڕەییەکەوە لێی وەرگرتمەوە. دیاربوو تەقینەوەکەی، ئەنجامی پیشخواردنەوەیەکی دوورودرێژ بووە. چاوم تێوە بوو، لەباتی ئەوەی تەنیا پیاڵەکەم بۆ پڕبکاتەوە لە چای تاڵ، هێندەی تێقڵپاند تا ژێرپیاڵەکەشی پڕکرد. بێگومان ئەمجارەیان لە تاڵیدا نەدەخورایەوە، بۆیە منیش شەپۆلێکی ڕق و کینە، زۆری بۆ هێنام و لە دڵی خۆمدا وتم: "توخوا دەوەرە چۆن تووشی ئەم چەتیوە دەعەجانییە بووم؟!". ئیتر وەها پیشم لێخواردەوە کە ئەگەر شوورەیی نەبووایە، چایەکەم دەکرد بە چرِوچاوی نەگریسیدا و کارێکم پێدەکرد، با بە دەواری شرِی نەکردبێ، بەڵام وەستاژنم وەک هەستی بە کەتنەکە کردبێ، بە دڵسۆزییەوە لێی پرسیم:

– دەترسم چایەکەت تاڵ بووبێ؟

لەگەڵیدا سەرنجم دا، ئافتاو چاوێکی لە دایکی مۆڕکردەوە. وەک ئەوەی بڵێ:

- چاکم کرد... دەستم خۆش بێ... خەتای ئەوە!

منیش لە شەرمنیی خۆمەوە، ناچار لە وەرامدا وتم:

- نەء، ئێستا زۆر باشە.

ئیتر بێئەوەی بتوانم نقە بکەم، دوو چای تری لەو بابەتەم کرد بە گەروومدا. لەگەڵ هەر یەکێکیشیاندا کە بۆی تێدەکردم، دەمبینی وەستاژن بە تیلەی چاو، خێسەیەکی لێدەکا و ئەویش بە لالووتێکەوە ڕووی لێوەردەگێڕێ. ئەم کەینوبەینە هەمووی ڕووی دەدا و وەستام لەولاوە، وەک لە دەریای بیرکردنەوەی خۆیدا مەلە بکا، پەیتا پەیتا چای بەدوای چادا هەڵدەقوڕاند.

بە درێژایی ڕۆژی دوێنێ، ئەم کارەساتە لە دڵمدا پەنگی خواردەوە. ئارامی لەبەر دەبڕیم و لێم بوو بە مەراق، بە خۆمم دەوت: "باشە ئەم کچە بۆ وا دەکا؟ چ ڕقێکی لێهەڵگرتووم؟ ئایا هیچ خراپەیەکم بۆی هەبووە؟ بەشیم خواردووە؟ ئەی چی؟!"، بەڵام ئەوەی دوێنێ ئێوارە لە دایکمم بیست "خوا سەرفرازی بکا"، ئەو مەراقەی لە دڵمدا ڕەواندەوە و هەموو شتێکی بۆ یەکالاکردمەوە.

هەردووکمان و نەسرینی خوشکیشم لەگەڵماندا دانیشتبووین و باس هاتە سەر باسی ژنهێنان و شووکردن، ئەمانیش بێ قەزاوبەلا بن، خۆ خوا نەکا لە گفتوگۆیاندا جگە لەم باسوخوازە، بزانن لە باسێکی تر بدوێن! وا چوونە خوازبێنیی فلان و فیسار، وا گوێزرایەوە. ئیتر باس بەسەر باسدا هات و منیش خۆم پێ ڕانەگیرا. ئەوەکەی خۆمم درکاند و لە نووکەوە بۆم گێڕانەوە،

کەچی هێندەم نەزانی، دایانە قاقای پێکەنین و یەک بەسەر یەکتریدا دەکەوتن! من لەلای خۆمەوە واقم وڕما و لە تەریقیدا لەشم داگیرسا. بە حەپەساوییەوە لێم پرسین:

– ئەوە بۆچی پێدەکەنن؟!

ئەوان لەتاو پێکەنین وەرامیان بۆ نەدەدرایەوە. من وەختابوو لە داخاندا شەق بەرم و لە دڵدا وتم: "تۆبڵێیت شتێکی ناشیرینم لێوەشابێتەوە؟!". ئیتر لەبارمدا نەما. ڕووی دەمم لە نەسرین کرد و ویستم، لێشاوی تووڕەییم بەسەر ئەودا بڕێژم و وتم:

– ئەرێ تۆ شەرم ناکەیت؟... بۆچی وەها پێم پێدەکەنیت؟!

کەچی ئەو بە دەم قاقای پێکەنینەکەیەوە، وەرامی دامەوە و وتی:

– بە چایە شیرینەکانی ئافتاوی براژنم پێدەکەنم.

من هەر بە تووڕەییەوە وتم:

– وڕێنە دەکەیت؟... ئافتاوی براژنتی چی؟

ئەوسا دایکم کە زانیی زۆر پەست و دڵگرانم، لە پێکەنین کەوت و وتی:

– بەخێر نۆزدە ساڵت تەمەنە و هێشتا بەوەت نەزانیوە کە چای شیرین مانای خۆشەویستییە؟!

کە بە سەرسامییەوە لێم پرسی:

– خۆشەویستی؟!... مەبەستت چییە؟

ئەمجارە بە بێزارییەوە وتی:

– ئۆی! بە ڕاستتە، یا خۆتم لێ گێل دەکەیت؟ بە کورتییەکەی ئافتاو حەزی لێکردوویت. ئێستا تێگەیشتیت؟

(قەت ناشێ؟!... ئافتاو حەزی لێکردووم؟ ئای لەو فێڵبازیی و زۆرزانییە؟ کەوابێ ئەو چایە شیرینانە، بێمەلامەت نەبوون! ئا... ئێستا تێگەیشتم. ئێستا زانیم لە کوێوە قسەی دەکرد. دەی قەیناکا ئافتاو... خۆ من وامدەزانی هێندەت قین لێمە، کە چاوت پیامدا هەڵنایەت! تومەز من لە گوێی گادا نوستبووم! دەڕاوەستە بۆم... من و تۆو سبەینێ...).

کاتێ دایکم ئەو مژدە خۆشەی دامێ، من لەگەڵ خۆمدا ئاوەها دەدوام. بەمجۆرەش دوێنێ شەو تا درەنگ خەو نەچووە چاوم، چونکە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەم سبەینێیەم دەکرد کە چی بکەم، چۆن ئەو ئافتاوە جانانەیە تێبگەیەنم کە من مەتەڵەکەیم هەڵهێناوە و ئەویش دەبێ پاداشتەکەیم بداتێ...

– ڕۆڵە مەحموو... ئەوە بۆ وا کشوماتیت؟

وەستاژنم وەک لە دڵی گەڕابێ، کە بیر لە باسەکەی لە مەڕ خۆم و ئافتاو دەکەمەوە، لە گەرمەی ئەم بیرکردنەوەیەمدا و لەکاتێکدا کە دیمەنەکانی کارەساتەکەی دوێنێ بە بیر و هۆشمدا ڕادەبووردن، ئەو پرسیارەی بە تەنگەمدا دا. منیش زمانم بەیەکدا هات و نەمزانی چ وەرامێکی بدەمەوە. تەنیا لەبەرخۆمەوە بڵمەبڵمێکم کرد و خۆشم نەمزانی چیم وت. ئەویش ئیتر بە زەردەخەنەیەکی پڕ مانا و سەرلەقاندنێک، وازی لێهێنام.

که چاوێکم بەملاوبەولادا گێڕا، سەیرم کرد وا چایەکە دەمی کێشاوە. ئافتاویش ئامادەی تێکردنێتی و زەردەخەنەیەکی تێکەڵ لە گلەیی، لەنێوان لێوەکانییەوە سەرەتاتکێم لێدەکا. من تا دوێنێ بە درێژایی ماوەی چاخواردنەوەکە، ڕووم نەدەهات تەنانەت کورتە سەرنجێکیشی بدەمێ، کەچی نەمڕۆ ئارەزوویەکی بەجۆش پاڵی پێوەدەنام تێی وردببمەوە. هەر هەلێکم بۆ هەڵبکەوتایە، تێرتێر سەرنجم دەدایە. بەدوایدا وام بەبیردا دەهات، کە ئیتر لە سەیرکردنی تێربووم، کەچی هەر هێندەی ڕووم لێوەردەگێڕا، ئەو ئارەزووەم زیاتر جۆشی دەسەند و بێئەوەی هەست بە خۆم بکەم، سەرنجم لێ گیردەکردەوە. ئا لەم کاتەدا لە دەرگا درا. وەستاژنم ڕاپەڕی و چوو بە پیر دەنگەکەوە. زۆری پێنەچوو بانگی کردە وەستام و وتی:

باوکی ئافتاو وەرە داوات دەکەن.

هەر کە ئەوان ژوورەکەیان چوڵ کرد و من خۆم لەگەڵ ئافتاودا بە تەنیا بینی، لە هیچی نەبوو دڵم کەوتە کوتەکوت و لەشم داگیرسا. ئارەقێکی گەرم دڵۆپ دڵۆپ نیشتە سەر ڕوخسارم. هەناسەم سواربوو دەتوت بە شاخێکی سەختدا هەلزناوم. لە دڵدا دەموت: ئای کە هەلێکی لەبارە، دەبێ لە دەستی نەدەم و ئەوەی لە دڵمدایە بیدرکێنم. هاکا هاتنەوە... درەنگە. درەنگە. لەلایەکەوە ترسی هاتنەوەی ئەوان و لەدەستچوونی ئەم هەلە بەنرخە دڵمی دەکرماند، لەلایەکی تریشەوە شەرمنیی دەمکوتی دەکردم و زمانمی دەبردە کلیلە. خۆ دەروونیشم جۆشێکی وەهای سەندبوو،

کە دەتوت ئاگری نەورۆزی تێدا کراوەتەوە. لە ئەنجامدا بڕیارم دا پێ بنێم بە جەرگمدا، چونکە ئەو هەستەی زۆری بۆ هێنابووم، ترس و سام و شەرموشۆ نەیاندەتوانی بەری لێ بگرن و کۆڵی پێ بدەن. دەمم هەڵهێنایەوە چیم لە دڵدایە دەری ببڕم و وتم:

– ئافتاو!...

کەچی لەوە زیاترم بۆ نەوترا. تەنیا ئەو وشەیە و ئەوانی تر، لە گەروومدا گیریان خوارد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەنیا وشەیە، بەس بوو بۆئەوەی ئافتاو لەوپەڕی مەبەستم تێبگا. لەگەڵ وتنیدا لێشاوی ئەو هەستە بەجۆشەم لە ناخی دەروونمەوە هورووژمی هێنایە دەرەوە. لە دووتوێیدا ئەوپەڕی سۆز و خۆشەویستیم ڕوون دەبۆوە. بۆ ئەویش هەر کە سەری هەڵبڕی و سەرنجی دامێ، ڕوومەتەکانی هێندەی تر سوور هەڵگەڕان، چاوەکانی کەوتنە بریسکە بریسک و گەشکەیەکی بەختیاریی پرژایە سەر سیمای، ئیتر کە لە وەرامدا وتی:

– بەڵێ.

دەتوت ساڵەهایە چاوەڕوانە من بڵێم: ئافتاو و ئەو بڵێ: بەڵێ. دوایی بێدەنگییەکی دڵپروێن باڵی بەسەرماندا کێشا، بێگومان ئەو چاوەڕوانی من بوو دەم هەڵبێنمەوە و قسەکەم تەواو بکەم، منیش چاوەڕوانی وتەیەکی کاریگەری تەڕوبڕ بووم، کە بۆم پێک بێت و ئەو لێشاوی هەست و نەستەمی پێ دەرببڕم، کەچی دوای ئەو ماوەی بێدەنگییەی کە بە چەرخێک دەچوو، تەنیا هێندەم بە دەمدا هات کە پچڕپچڕ وتم:

- ئافتاو گیان... من... من تۆم خۆش دەوێ.

ئەوی ڕاستی بێ، دەتوت وتەکان بە نەشتەر لە قوڕگم هەڵدەپچڕن، چونکە یەکەمجارم بوو بە گوێی کچێکمدا هەڵدەدان. ئینجا ئەویش لەلای خۆیەوە سەرنجێکی قوڵی دامێ و چاوێکی ناز و ڕازی بۆ ترووکاندم و زەردەخەنەیەکی شادمانییش کەوتە سەر لێوانی. ئیتر من پێویستم بەوە نەبوو، ئەو بە دەم و زمان وەرامم بداتەوە، بەڵکو چاوە ڕەشە گەشەکانی، بە ئاشکرا پێیان دەوتم:

- منیش تۆم زیاتر خۆش دەوێ.

ئەوسا زمانم بەربوو. بە گاڵتەوگەپێکەوە وتم:

- ئاخۆ چایەکانی ئەمڕۆشم، وەک ڕۆژانی تر شیرین دەبن؟!

ئەو بەدەم بزە و نازێکی دڵڕفێنەوە وتی:

- ئا... ئەگەر وەک جاران ڕەتیان نەکەیتەوە.

کە دەمم هەڵهێنایەوە وەرام بدەمەوە، تەپەتەپی پێی وەستاژنم دەمکوتی کردم.

زۆری پێ نەچوو خۆیان بەژووردا کرد. ئیتر چوارقۆڵی وەک هەموو ڕۆژانی تر، کەوتینە چا خواردنەوە. من زۆر بەتاموکام و بێ هیچ بێزاربوونێک، سێ پیاڵەم لە چایە شیرینەکانی جاران هەڵقوڕاند. بگرە ئاواتەخوازبووم کە ئەم کۆمەڵی چاخواردنەوەیەمان، هەرگیز دوایی نەیەت و چایە شیرینە تامدارەکانی ئافتاویش، قەت لە بن نەیەن.

(بەسرە - شوعەیبە – ١٩٥٧)

## بیبلۆگرافیای ژیانی حسێن عارف

ناوی تەواوی حسێن عارف مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغایە.

- لە (٢١)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٣٦)دا لە شاری سلێمانی لەدایکبووە.

- ساڵی (١٩٤١) پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە شاری هەڵەبجە تەواو دەکات.

بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خێزانەکەیانەوە چەندین شاری عێراق و کوردستان بەماڵەوە گەڕاوە. لەوانەش: (بەغدا، کەرکوک، پێنجوێن، خانەقین، هەڵەبجە و هەولێر) و چەندین شوێنی تر.

- بە هاندانی مامۆستا عەبدوڵڵا گۆران ساڵی (١٩٥٤) یەکەمین بەرهەمی خۆی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو دەکاتەوە، کە پەخشانەشیعرێکە بە ناوی (بۆیە ئەمەوێت بژیم).

- ساڵی (١٩٥٨) ماوەی سەربازی تەواو دەکات و ساڵی (١٩٦١) لە ڕۆژنامەی ئازادی وەک ڕۆژنامەنووس کار دەکات.

- ساڵی (١٩٦٤ بۆ ١٩٦٥) خوێندن تەواو دەکات و هەر لەو

ساڵەشدا لەگەڵ (خانم محەمەد)دا ژیانی هاوسەریی پێکدەهێنێت.

- کادری پێشکەوتووی حزبی (شیوعی) بووە و چەندینجار لەسەر کاری حزبایەتی دەستگیرکراوە و زیندانی کراوە.

- لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٩)دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی (یەکێتی نووسەرانی کورد) دروست دەکەن و لە (١٠/ ١٩٧٠/٢) مۆڵەتی ڕەسمیی بۆ وەردەگرن.

- لە (١٩٧٠/٤/٢٥)دا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی بانگەوازی (ڕوانگە) بڵاو دەکەنەوە.

- لە ساڵی (١٩٨٩)دا خانەنشین کراوە و ماوەیەک پارێزەر بووە.

- لە (١٩٩٤/٦/٤)دا لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

- ساڵی (١٩٩٨) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دادەمەزرێنێت.

-خاوەنی چەندین بەرهەمی چاپکراوی ئەدەبی و وەرگێڕانە و چەندین خەڵاتی گرنگی لەسەر بەرهەمەکانی پێبەخشراوە.

**بەشێک لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر:**

- کۆمەڵەچیرۆک:

١- لە کۆڕی خەباتا ١٩٥٩.

٢- کڵافەیەک ژانی تووڕە١٩٧١.

٣- توێشووی سەفەرێکی سەخت ١٩٧٥.

٤- گەلەگورگ ١٩٨٣.

٥- شار، بەرگی یەکەم: ١٩٨٦، بەرگی دووەم: ٢٠٠١؛ سلێمانی.

٦- چای شیرین: سەرجەم چیرۆکە کورتەکان.

٧- بیبلیۆگرافیای دوو ساڵەی تەمەنی کاروان ١٩٨٤-١٩٨٢

٨- ئەندێشەی مرۆڤێک.

٩- ساڵێک لە تەمەن: بیرەوەری حسێن عارف، بەرگی یەکەم و دووەم.

١٠- شانۆگەری جەنابی جانەوەر.

١١- قوتابخانەی شیعری تازە.

١٢- هێلانە.

- لێکۆڵینەوە:

١٣- کامەران و هۆنراوەی نوێ ١٩٥٨

به ناوی (محەمەد سدیق عارف)ەوە.

١٤- چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥- ١٩٦٠)، ١٩٧٧.

- وەرگێڕان بۆ کوردی:

١٥- سەرنجێکی مارکسی لینینی، دەربارەی چینەکان و تێکۆشانی چینایەتی- نووسینی: ستالین- لەگەڵ جەلال میرزا کەریم، ١٩٥٩،

١٦- لە بنچینەکانی لەنینیەت- نووسینی ستالین-١٩٥٩،

١٧- میر- نووسینی مەکیاڤیللی، ١٩٨٢.

-وەرگێڕان بۆ عەرەبی:

١٨- فتاة نغدة- قصائد لكامران ١٩٦٠.

## زنجیرە چاپکراوەکانی خەڵاتی کارۆ

١- زەمانی بزربوو، شیعر، فاتیح عیزەدین، ساڵی ٢٠١٩.

٢-خەونە بێسەروبەرەکان، کۆمەڵە چیرۆک، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ساڵی ٢٠٢٠.

٣- کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە، ڕۆمان، محەمەد عبدولحەلیم عبدوڵڵا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عبدولکەریم شێخانی، ساڵی ٢٠٢١.

٤- نالی لە ڕوانگەیەکی ترەوە، لێکۆڵینەوە، حەکیم مەلا ساڵح، ساڵی ٢٠٢٢.

٥- گەلە گورگ، کۆمەڵە چیرۆک، حسێن عارف، ساڵی ٢٠٢٣.